# چەند بابەتێکی ئێتنۆ - کۆمەڵایەتی

د. ڕەشاد میران

# چەند بابەتێکی ئێتنۆ - کۆمەڵایەتی

**وتار**

**توێژینەوە**

**وەرگێڕان**

**بەرگی یەکەم**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **چەند بابەتێکی ئێتنۆ - کۆمەڵایەتی**
- نووسینی: د. ڕەشاد میران
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال ڕواندزی
- بەرگ: مەریوان زەندی
- چاپی یەکەم - بەرگی یەکەم ٢٠١٠
- ژمارەی سپاردن: ٩٣٤
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٤٩٩)

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# ناوەڕۆك


پێشەكی ........ ٧
مێژوو چییە و مێژووكرد چۆن دەبێ؟ ........ ٩
جارێكیتریش دەربارەی مێژوو و مێژووكرد! پرۆسەی وەرچەرخان لە ........ ١٦
پرۆسەی وەرچەرخان لە كۆمەڵگای كوردیدا ........ ٢٦
پەروەردەی سیاسی لە كوردستاندا ........ ٢٩
هەرێمی كوردستان لە نێوان واقیع و ئەزموووندا ........ ٣١
فیدراڵی، كۆنفیدراڵی، ریفیراندوم و هەڵبژاردن لە كوردستاندا ........ ٣٣
مەعریفە، هوشیاریی كۆمەڵایەتی، هوشیاریی نەتەوەیی! ........ ٣٧
زانكۆ و مەعریفە (كورتە تێز) ........ ٤٥
زانكۆ و مەعریفە و كۆمەڵ ........ ٥٠
زمانی خوێندنی باڵا ( (بەهەر زمانێك قسە بكەیت و بنووسیت........ ٥٤
ئایین و كۆمەڵ و كولتوور ! ........ ٥٧
دەوری ئێتنیكیی ئایین! ........ ٦٠
توخمی نوێ لە كولتووری كوردیدا ! ........ ٦٣
پەروەردە و فێركردن... چەند هەنگاوێكی گرنگ و بەپەلە ! ........ ٦٧
لایەنی نەتەوەییمان پێویستی بە بایەخ و گرنگیدانە! ........ ٧٠
كەسایەتی مرۆڤی كورد و چەند هۆكارێكی كاریگەر ........ ٧٤




**توێژینەوە:**


یەكێتیی ئێتنیكیی كورد (هەندێ سیما و گیروگرفتی) ........ ٧٧
دەور و بایەخی زمانی كوردی لە پرۆسەی ئێتنۆ- كۆمەڵایەتییدا ........ ٨٧
سیماكانی گۆڕانكاری لە كۆمەڵگای كوردیدا ........ ١٠١
دەوری هۆكاری سیاسی لە پڕۆسەی ئێتنیكی لە كوردستانی عێراقدا ........ ١١٥
خوێندنی باڵا لە كوردستاندا: باری ئێستا و پێداویستییەكانی ........ ١٢٧


**وەرگێڕان:**


گەشتێك بە كوردستانی سۆڤیەتدا ........ ١٤٢
كولتوور و سیاسەت ........ ١٦٠
بەهائی و ئایینەكەیان ........ ١٨٢

# پێشەکی

**خوێنەری بەرێز!**

ئەوەی بەردەستان بەشێکە لە کۆی بەرهەمەکانم لە ماوەی بیست ساڵدا؛ لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا هەوڵمداوە هەرەگرنگ و هەنووکەییەکان پێشکەش بکەم، ئەوانەی پەیوەندییان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسیی ئەمڕۆمانەوە هەیە، واتە بوارەکانی ئێتنۆکۆمەڵایەتی؛ هەندێکیشیان، رەنگە، ئێستاش گوزارشت لە بۆچوون و هەڵوێستی زۆرێك لە ئەندامانی نەتەوە و کۆمەڵگەکەمان بکەن — بۆیە بە پێویستم زانی لە کتێبێکدا کۆبکرێنەوە، لەمەشدا بەدەنگەمەوە هاتنی دەزگای موکریانی جێگەی رێز و سوپاسێکی لە رادەبەدەرە.

زۆربەی بابەتەکان پێشتر بڵاوکراونەتەوە، دەزگا و کاتی بڵاوکردنەوەکان دیاریکراون، کەچی هەندێکیشیانم بۆ نەدۆزرانەوە، چونکە هەمیشە هەموو بڵاوکراوەکانم بە دەست نەدەگەیشتن... بۆ ئەمەش داوای لێبووردن دەکەم.

بە هیوای ئەوەی ئەم کتێبە خزمەتێك بێت بە زانست و بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی!

د. رەشاد میران
کوردستان — هەولێر
٢٠١٠

## مێژوو چییە و مێژووکرد چۆن دەبێ؟

لە چرکە سەختەکانی مێژووی میللەتاندا هەمیشە پرسیاری توندوتیژ لەلایەن ئەندامانیانەوە سەبارەت بە نەژاد و کەسایەتیی نەتەوەیی و ترادیسیای نیشتیمانی و ئاستی شارستانییەت و پێشکەوتووییانەوە سەرهەڵدەدەن، گفتوگۆ و دەمەتەقێ لەسەر گەلێ لایەنی تری نەتەوەییانەوە دەکرێ. چونکە ئەوساکە، بەتایبەتی ئەوساکە، ئەو میللەتانە پێویستیی ئەوتۆییان بە رووەوخۆبوونەوە و بەخۆداچوونەوە دەبێت و ئەمەش، خۆی لە خۆیدا، دەبێتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو بارودۆخەی تووشی هاتوون و بەپێی رادەی هوشیاری و زرنگیانەوە دەکەونە رامان و بیرکردنەوە، نەخشەدانان و پێشبینیکردن.

ئێستاکەش بە بۆنەی ئەو هەلومەرجە سەختەی بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە و بزووتنەوەی کوردی، لە هەموو کوردستاندا بە گشتی، لە پاشەکشێ دایە، لە ناو ئێمەشدا هەمان ئەو وردبوونەوەو بەخۆداچوونەوەیە روودەدات و وتارەکەی کاك فازیل کەریم ئەحمەد [*]، هەروەکو ئەم چەند لاپەڕەیە و گەلێ وتارو نووسراویتریش، رەنگدانەوەکەیەتی.

کاك فازیل وتارێکی تێروتەسەلی پڕ بەڵگە و فاکتی لەسەر شێوازی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستاندا نووسیوە و دان بەوەدا دەنێم کە لەگەڵ زۆربەی راوبۆچوونەکانی دام و پشتگیرییان لێدەکەم، بەڵام هەندێ لایەنی وتارەکەی دەمەتەقێ هەڵدەگرن و لە رووی میتۆدییەوە پێویستیان بە شیکردنەوەی قووڵتر هەیە. ئومێدەوارم، بۆ خزمەتی بابەت و ناوەڕۆکی وتارەکەی، نووسەری بەڕێز ئەم سەرنجانەی من بە دڵێکی فراوانەوە وەرگرێ. نووسەر، لە لاپەڕە ٢٤ی وتارەکەیدا، لەگەڵ ئەوەدا نییە کە هەندێ کەس"شۆڕشی" ئەیلوول بە مێژووکرد دەزانن، بەلای ئەمەوە ئەگەر مێژووکرد بووایە"چوارچێوەیەکیتری وەردەگرت". جا دەبێ مێژوو و مێژووکرد لە گۆشەنیگای ئەمەوە چی بێت و ئەو چوارچێوەیەی رووداوە"مێژووی"یەکان دەگرێتەخۆ چۆن بێت؟ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، واتە لێسەندنەوەی مافی مێژوویەتی لە قۆناغێکی گرنگی ژیانی میللەتێك، بەلای کەمەوە، سەرپێیانەیە.

مێژوو، وەکو هەموومان باش دەیزانین، بریتییە لە پڕۆسەی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندن لە گۆمەڵگادا. لەم رووەوە هەموو ئەو دیاردە و هۆکارانەی کاردەکەنە سەر رەوتی گۆڕان و نەشونماکردنی کۆمەڵگا مێژوویین، یان وردتر مێژوویی و کۆمەڵایەتین. هوشیاریی



کۆمەڵایەتی، کە شێوەی زۆری هەیە و خۆناسی و هوشیاریی نەتەوەیی رەنگدانەوەیەکیەتی، یەکێك لەو هۆکارە گرنگانەیە کە دەوری باڵا لە گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا دەبینن. ئەمیش، واتە هوشیاریی کۆمەڵایەتی، خۆی زادە و بەرهەمی پلە و ئاستی دیاریکراوی کۆمەڵگایە و مێژوو و رەوتی دروستبوون و گەشەسەندنی خۆی هەیە. هوشیاریی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك سەر بەبینای سەرەوەی (البناو الفوقی) کۆمەڵگاکەوە دەبێ و بەپێی رادەی پێشکەوتنی بینای سەرەوە پلەی تایبەتی هوشیاریی کۆمەڵایەتی خۆی دەبێت. جا بابزانین هوشیاریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە گشتی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا لە چ ئاستێکدا بوو.

بنەمای کۆمەڵگای کوردی، لە سۆنگەی تایبەتمەندیی رەوتی مێژوویییەوەی، تا رادەیەکی زۆر ئاڵۆز هەڵکەوتبوو. لەگەڵ ئەوەی دەمێك بوو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، بە شێوەیەکی لاواز، تێکەوتبوو (لە رووی زەمەنییەوە مەبەست نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەیە)، بەڵام هێشتا یاساو پەیوەندییەکانی خێڵەتی و دەرەبەگایەتی تیادا زاڵبوون کە ستریۆتیپی چەسپاوی خۆیان هەبوو و رەگەکانیان لە ناو کوردەواریدا قووڵ داکوترابوون و لە جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ژیان و ترادیسیا و هەروەها لە رێبازی خەباتی نەتەوییشدا رەنگی خۆیان دابووەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چینی بۆرژوای کورد، کە نوێنەرەکانی توێژاڵێکی بچووکی رۆشنبیر بوو، درەنگ سەرهەڵبدا و تا ماوەیەکی درێژ، بەڵکو تاکو ئێستاکەش، هەر بە لاوازی بمێنێتەوە. لەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەدا بینای سەرەوەی کوردەواری، لە رۆژگاری مەبەستی ئێمەدا، شێوەیەکی تایبەتی و ئاڵۆزی وەرگرت و ئەوساکە لەم توخمە سەرەکیانەوە پێکهاتبوو: سەرکردەی خێڵ و هۆزەکان، پیاوی ئایینی، رۆشنبیران، رێکخراو و پارتی سیاسی. هەر یەکێکیش لەم توخمانە، بێگومان، بنکە و جەماوەری خۆی هەبوو کە هوشیارییە کۆمەڵایەتییەکە هەموویانی لە یەکێتیەکدا کۆدەکردەوە. لەم شێوە تێکەڵاوەی بینای سەرەوەی کۆمەڵگادا، دیارە بە هەمان جۆر، شێوەیەکی تێکەڵاوی هۆش و هوشیاری نەتەوەیی دروست دەبێ و گەلێ روون و تەمیز نابێت. بنکە و جەماوەری هەر توخمێك لە مانەی بینای سەرەوە هۆش و هەستی خۆناسییان لە ئینتیمایان بۆ سەرکردەکانیانەوە دەردەبڕن و بۆیەش، وەکو هەمیشە لەم حاڵەتانەدا، هەستی نەتەوە و نیشتیمانپەروەری بە پلەی دووەم و سێیەم دێت.

هەریەك لەم توخمانەی بینای سەرەوەی کۆمەڵگا مێژووی دروستبوون و سەرهەڵدانی خۆی هەیە و لە رێڕەوی مێژوودا جێگەی خۆی لە سەرکردایەتی کۆمەڵگادا گرتووە و بووە بە

نوێنەری جەماوەری خۆی و بە ناو و هێزی ئەمانەوە دەوری خۆی، پێش هەموو شتێکیش لە رابەرایەتی بزووتنەوەی نەتەوەییدا، دەبینیٚ. جا ئەگەر ئەمانە بووبن توخمە مێژووییەکانی بینای سەرەوەی کوردەواری، کەواتە هەموو بڕیار و هەڵسوکەوتێك لەمانەوە بێت، بۆ نموونە- وەکو بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشی چەکدار لە ئەیلوولی ١٩٦١دا، مێژوویی و مێژووکرد دەبێت. بێگومان هەموو بڕیار و هەڵسوکەوتێکیشیان، هەروەکو هی هەموو کەسێك و لە هەموو ئاستێکدا، لە ئاستی پێشکەوتنی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خۆیاندا دەبێت. ئینجا بابزانین:

## بۆچی خەباتی چەکدار، نەك شێوازێکی تر؟

رەخنە و گلەیی نووسەری وتاری ناوبراو لەسەر ئەوەیە کە بۆچی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئەیلوول شێوازی خەباتی چەکداری گرتەبەر؟

وەڵامی ئەم پرسیارەش هەر لە شیکردنەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردیدا روون دەبێتەوە. لە سەرەتای شەستەکانی ئەم سەدەیەدا، هەروەکو باسمکرد، لە کوردستاندا یاساو پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی و خێڵەتی هێشتا هەر زاڵبوون و ئاغا و سەرکردەی خێڵەکان توخمێکی گرنگی بینای سەرەوەی کۆمەڵگابوون و بنکە و جەماوەری بەرفراوانیان هەبوو کە پەروەردەی دابونەریتی باوکسالاری (پاتریاریزم)ی ئەم قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بوون، ئەوەش خۆی لە خۆیدا هۆش و لۆژیك و بارێکی دەروونیی وا بۆ ئەندامانی میللەتەکە، بە هەموو چین و توێژاڵێکییەوە، دروست دەکا کە لە چارەسەرکردنی گیروگرفتدا جگە لە بەکارهێنانی هێز و چەك بیر لە شتێکیتر نەکەنەوە. شان بە شانی ئەوەش ژیانی سەخت و دژواری خێڵەتی و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ژیانی چەکداری بەسەر خێڵ و هۆزەکاندا دەچەسپێنیٚ و چەك و چەکداری، تا رادەیەکی زۆر، دەبێتە سیما و خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی زیاتر لەوەی ببیٚ بە نیشانەو ماکێکی عەسکەری- لەگەڵ ناوهێنانی هەر خێڵێکدا، پێش هەموو شتێك، باسی هێزە چەکدارییەکەی دەکرێت. هێز و هێزی چەکداری نیشانە و پێوانەی هێز و شکۆ و دەوڵەمەندیی خێڵەکەیە، بۆیەش، لە ژێر سایەی ئەم یاسا و هەلومەرجانەدا، هەموو مەبەست و ئەرکی سەرکردەی خێڵێك دەبێتە کۆکردنەوە و زیادکردنی چەك و چەکدارەکانی. ئەمە بوو ئەو یاساو دابونەریتانەی لە کوردەواریدا باوبوون و ئەوساکەش، لە سەردەمی مەبەستی ئێمەدا، گۆڕانکارییەکی قووڵ لە بنەمای کۆمەڵگادا رووی نەدابوو تا دۆز و هەڵوێست و شێوازی تازە پەیدا بن و جووڵانەوەو



هەڵسوکەوتی خەڵکەکە بەشێوەیەکیتر بێت. هەرچەندە ئەوکاتە رۆشنبیر پەیدابببوون و حیزبی سیاسی لە ئارادابوون، بەڵام مانای ئەوە نییە کە ئەمانە، لەگەڵ دەور و بایەخیشیاندا، دەیانتوانی رۆڵی سەرەکی و گرنگ ببینن. جگە لەوەش، نەوەی رۆشنبیری تازە دروستبووشی زادەی هەر هەمان قۆناغ بوون و جاریٚ لە نەریتی خێڵەتی و دەرەبەگییەوە زۆر دوور نەکەوتبوونەوە و لەبەر گەلیٚ هۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بە قەولی کاك فازیل خۆی، "پاشکۆی هێزی عەشایەری کورد"بوون (ل٢٧). بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر توخمەکانی بینای سەرەوەی کۆمەڵگای کوردی، کە تەمسیلی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و رادەی هوشیاریی نەتەوەییان دەکرد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان لەگەڵ رژێمی قاسمدا هەمان شێوازی خەباتی چەکداریی کلاسیکی و ترادیسیۆنی جاران بەکاربهێنن و مافی ئەوەمان نییە، لەو هەلومەرجی ئەوساکە، داوای شێوازێکی خەباتی تازەتریان لیٚ بکەین کە سیما و خەسڵەتی قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتووتر بێت وەکو بزووتنەوەی گاندی یان راپەڕینە جەماوەرییەکەی ئێران لە ١٩٧٩دا- ئەوانەی برای نووسەر ئاماژەیان بۆ دەکات.

ئەمەو ئەگەر مەبدەئی مێژوویی Historism پشتگوێ نەخەین و بە چاوی ئەوساکە، نەك بە چاوی ئیمڕۆ، سەیری رووداوەکان بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە خەباتی چەکداری بۆ ئەوکاتە نەك هەر شێوازێکی دواکەوتووانە نەبوو، بەڵکو زۆریش لەباربوو و لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا پەیڕەودەکرا و میللەتان یەك لە دوای یەك لە بەم رێگەیەوە ئامانجەکانی خۆیانیان وەدەستدەهێنا، لە کاتێکدا بۆ شەڕی چەکدار کەم جێگەی لەباری وەك کوردستان بۆ میللەتانیتر رەخسابوو. ئەگەر هۆی ناوەکییتر نەبوانایە وەکو خۆپەرستی و بیرتەسکی و بە قۆناغکردنی شەڕو...هتد (کە هەموو ئەمانەش رەگی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە) خەباتی چەکداری گەلیٚ دەستکەوتی تری وەدەستدەهێنا. بەم جۆرە شێوازی خەباتی چەکداری بزووتنەوەی ئەیلولی ١٩٦١ زادە و بەرهەمی ئەو هەلومەرج و ئاتمۆسفیرە کۆمەڵایەتییەی ئەوساکەی کۆمەڵگای کوردی بوو.

**شەڕی ناوخۆیی:**

سەبارەت بەم دیاردە کۆمەڵایەتییەش کاك فازیل دیسان بڕیارێکی ڕەق و سەرپێیانەی بەسەردا داوە کە دەڵێ:"بێگومان داڕشتنی ئەم شەڕە لە قاڵبی تیۆری زانستیدا دژ بە تیۆری زانستی خۆیەتی" (ل٥١). وەکو بڵێی، بەڕای ئەم، ئاکار و هەڵسوکەوت و بەرژەوەندیی کۆمەڵە کەسێك، یان تەنانەت تاقە کەسێکیش، پەیوەندیی بە باری کۆمەڵایەتی و خودی کۆمەڵگاکەوە نەبێت و بۆیەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستیانە نەبێ!.

لەم جۆرە تەرکیبە ئاڵۆزەی بینای سەرەوەی کۆمەڵگادا، کە لە سەرەوە بە کورتی لێی دواین، گەلێ ئاساییە ئەگەر فیکر و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەڵوێست و بەرژەوەندیی توخمە جیاوازەکانی تەبا نەبن و لە نێوانیاندا ناکۆکی سەرهەڵبدا و بگاتە ڕادەی شەڕی ناوخۆیی چەکدار و قڕکردنی یەکدی. لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەم دیاردەیەش لاوازی هەست و هوشیاری نەتەوەیی جەماوەری خوارەوەی کۆمەڵگایە کە، هەروەکو پێشتر باسکرا، لەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی وەکو کوردەواریدا هوشیاریی نەتەوەیی بە پلەی یەکەم نایەت، بەڵکو سەرۆك خێڵ، ئاغا، شێخ، حیزب، سەرۆکی حیزب، خزم، دۆست... ئەمانە لە پێش هەموو شتێکەوەن. جا ئەگەر دەرەبەگێك دەستبەرداری مەرکەز و دەسەڵاتی زاکۆنی و مێژوویی خۆ نەبێت، حیزبێك لە ڕەوتی مێژوویی دروستبوونییەوە باوەڕێکی وای لەناودا دروستبووبێ کە گوایە حیزبی پێشڕەوە و دەبێ سەرکردایەتی بزووتنەوەکە بکات، ئەگەر سەرۆك حیزبێك ئێرەیی بە سەرکردەیەکی مێژوویی ببات و بیەوێ جێگەی ئەو بگرێتەوە...هتد لەم حاڵەتانەدا جەماوەرەکانیان"دڵسۆزانە" لە پێناو ئەم جۆرە"ئامانجانە"دا خۆبەخت دەکەن.

شەڕی ناوخۆیی کورد کارەساتێکی نەتەوەیی گەورەبوو و زیاتر لە دە ساڵان کۆمەڵگای پێوە دەتلایەوە و هەزاران کەس کۆستیان تیادا کەوت و لە دواییشدا ئاکامێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پاش خۆ بەجێهێشت و نابێ هەروا سەرپێیانە بەسەریدا بڕۆین. من لەو بڕوایەدام، بە پێچەوانەی نووسەری وتاری ناوبراو، کە تەنیا لە ڕێگەی تیۆریی زانستییەوە، بە مەبەستی ئەزموون وەرگرتن و دووبارەنەبوونەوەی، دەتوانین هۆ و هۆکارەکانی ئەم کارەساتە دەربخەین- بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی هەمە لایەنە (مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی)ی بزووتنەوەی کوردی و تیایدا، بەڕای من، ئەم چەند خاڵانە ڕەچاوبکرێن:



١- دانانی ماوەی نێوان ١٩٦١-١٩٨٦ بۆ بزووتنەوەی کوردی وەکو قۆناغێکی مێژوویی نەپچڕ، چونکە هەموو ڕووداو و دیاردە و توخم و ئاکامەکانیان، لەم چارەکە سەدەیەدا، پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.

٢- شیکردنەوەیەکی قووڵی کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە و بەراوردکردنی واقیعی کوردستان، لەو ماوەیەدا، لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریدا.

٣- دیراسەکردنی مێژووی دروستبوون و سەرهەڵدانی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان و باری ئێستایان.

٤- هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ڕێبازی فیکری و سیاسی و ستراتیجی و پەیوەندییەکانی ئەم حیزبانە.

٥- لێکۆڵینەوەی لایەنی جیاوازی کەسانی سەرکردەی ئەم حیزبانە لە ڕووی: ژیان و پێگەیشتنیان، سایکۆلۆژی، مەراڵ، ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا...هتد.

٦- دەستنیشانکردنی ئەو هێز و لایەنە دەرەکییانەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر ڕەوتی بزووتنەوە و دیاریکردنی چەند و چۆنیی بەرژەوەندییەکانی ئەم لایەنانە لە شەڕی براکوژیدا و تواناو شێوازییان بۆ کارکردنەسەر هەڵکردن و درێژەکێشانی ئەم شەڕە.

ئەمە و مەرج نییە هەموو ئەم لایەنانە لە یەك لێکۆڵینەوە و بەرهەمی تاقە کەسێك بێت، بەڵکو ئەمە زیاتر ئەرکێکی کۆمەڵییە.

لە ئەنجامدا دەڵێم ئەگەر ئێمە ڕووداوێك یان دیاردەیەکی واقیعی خۆمانمان بە دڵ نەبوو، یان سەری لێ دەرنەکەین، نابێ و مافی ئەوەشمان نییە خەتێکی بەسەردا بێنین و لە مێژوودا ڕەشی کەینەوە، بەڵکو دەبێ باش ئەوە بزانین کە هەر ڕووداو و دیاردەیەکی لە کۆمەڵگادا کار بکاتە سەر پرۆسیسی کۆمەڵایەتی، ئەوا وەکو چۆن کۆمەڵایەتییە ئاواش مێژووییە و کۆمەڵگای کوردیش، وەکو هەموو کۆمەڵگایەك، لە سایەی زاکۆن و یاسای هەمان قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتیدا بەڕێوەدەچێ و گەشە دەسێنێ. هەروەها ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆری زانستییەوە سەیری کێشە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا نەکەین، ئەوا هەموو هەوڵ و تەقەلایەکمان بۆ ڕوونکردنەوە و چارەسەرکردنیان نابن بە شتێکیتر جگە لە پێداهەڵگوتن و پشتگیریکردنی لایەنێك و تاوانبارکردن و ڕیسواکردنی ئەوانیتر، ئەمەش بە دەوری خۆی جگە لە هەرەسێکیتر و شەڕێکی ناوخۆیتر هیچیتری بەدوادا نابێ.

**پەراوێزەکان:**

* فازیل کەریم ئەحمەد- خەباتی چەکدار لە نێوان ئەفسانە و راستیدا گۆڤاری"یەکگرتن" ژمارە٩، ١٩٨٩-ل ٢١-٦٢.

* بێگومان من ناڵێم سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی تەنیا بەهۆی مەنتیقی مێژوویی خۆیەوە شەڕی چەکداری هەڵکرد، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە ئەم جۆرە توخمە مێژووییانەی سەرکردایەتی کۆمەڵگا لە کاتی هەبوونی کێشەیەکدا هەڵوێستیان هەر بەم جۆرە دەبێ. جگە لەوەش نابێ دۆز و هەڵوێستی عەسکەرییانەی قاسم و جەنەراڵەکانی لە بیر بکەین کە دەورێکی سەرەکی لەمەدا بینی. بەلای ئەمانەوە هێرشێکی سوپایی سەرکەوتوو بەس بوو، بۆ لە ناوبردنی ئەو"یاخی"بووانەی داوای (ماددە٣)ی دەستووریان دەکرد.

* ئەم وتارە لە گۆڤاری ((یەکگرتن)) ژمارە (١١) ساڵی ١٩٩٠ لە دانیمارک بڵاوکراوەتەوە.



## جارێکیتریش دەربارەی مێژوو و مێژووکرد!

لە ژمارە (١٢)ی گۆڤاری"یەکگرتن"دا برای بەڕێز کاك فازیل کەریم ئەحمەد وەڵامی وتارەکەی منی داوەتەوە، ئەوەی تیایدا لەسەر هەندێ سەرنج و بۆچوونەکانی ئەو دوابووم سەبارەت بە خەباتی چەکداری کە لە وتارەکەیدا "خەباتی چەکداری لە نێوان ئەفسانە و راستیدا" دەربڕیبوون و لە ژمارەیەکی پێشووتری هەمان ئەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتە [١]. لەم چەند لاپەڕەیەدا هەوڵدەدەم جەختی بۆچوونەکانی خۆم بکەمەوە و زیاتر لەسەریان بڕۆم، هەروەها هەندێ لایەنی وتاری دووەمی کاك فازیل (یەکگرتن/١٢) شی بکەمەوە. ئەوەش نە لەبەر هیچ، تەنیا بە هیوای زیاتر روونکردنەوەی لایەنێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی گەلەکەمان و ئومێدەوارم، ئەم بابەتە، سەرنج و بایەخی نووسەر و رۆشنبیرانیتریش رابکێشێ و بەشداری لەم دەمەتەقێیەدا بکەن بە مەبەستی ساخکردنەوەی ئەو رووداو و دیاردانەی شایانی هاوکاری و هەرەوەزی زانستیانەی نەوەی ئێمرۆکەن.

دەمەوێ لەوەوە دەست پێبکەم کە کاك فازیل، وەکو بڵێی، لەگەڵ پێناسەکەی مندا نییە بۆ مێژوو کە گوتوومە:"مێژوو بریتییە لە پرۆسێسی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی کۆمەڵگا" [٢]، بۆیە سەرنجی بۆ پێناسەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر راکێشاوین کە دەڵێ:"مێژوو تۆماری هەموو ئاڵوگۆڕێکی سروشت و کۆمەڵە" [٣]. کەچی د. کەمال مەزهەر باسی زانستی مێژوو و لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەکا و ئەوەش هەر لە ناونیشانی کتێبەکەیدا دیارە، جگە لەمەش، د. کەمال لە شوێنێکی کتێبەکەیدا مەبەستی خۆی باش روونکردۆتەوەو دەڵێ:"لەم جۆرە شوێنانەدا مەبەستمان لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زانستی مێژووە نەك مێژوو بە گشتی" [٤]. هەر بەم بۆنەیەشەوە، رەنگبێ بێ سوود نەبێ رای مارکس بێنمەوە دەربارەی مێژوو کە لە"ئایدیۆلۆگیای ئەڵمانی"دا بەم جۆرە دایڕشتووە:"مێژوو شتێکیتر نییە جگە لە بەدوای یەکداهاتنی نەوە یەك لە دوای یەکەکان و هەر نەوەیەکیش ئەو مەتریال و سەرمایە و هێزە بەرهەمهێنەرانە بەکاردەبا کە نەوەی پێشووتر بۆی بەجێهێشتووە؛ ئەم نەوەیە، لەلایەکەوە، لەسەر ئەو چالاکییە بە میرات وەرگیراوەی بەردەوام دەبێ، بەڵام لە هەلومەرجێکی تەواو گۆڕاودا، لەلایەکیتریشەوە هەلومەرجە کۆنەکان دەگۆڕێ بە رێگەی چالاکییە گۆڕاوەکەیەوە" [٥]. ئەم بەداوی یەکدا هاتنی نەوەکان و گۆڕانی چالاکی و هەلومەرجەکان، بێگومان، دەبێ پرۆسەیەك بێت بۆخۆی کە زانستی مێژوو تۆماری دەکاو لێی دەکۆڵێتەوە.

## شۆڕش یان هەڵە!

دەمەتەقێی من لەگەڵ برای نووسەردا هەرگیز لەسەر ئەوە نەبووە کە ئایا بزووتنەوەی ۱۹٦۱ شۆڕش بوو یان نا. لە قەڵەمدانی بزووتنەوەیەك بە شۆڕش پەیوەندیی بە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆگیای نووسەرەکەوە هەیە و ئەم لەوە "ئازادە". بەڕای من ئەم بزووتنەوەیە، لەگەڵ هەندێ ڕواڵەتی نێگەتیڤ و دواکەوتووانەشیدا، لە ناوەڕۆکدا شۆڕش بوو، هەر نەبێ، لەبەر ئەوەی ئەمە شێوازێکی داواکردن و داکۆکیکردنی میللەتێك بوو لە مافە نەتەوەییەکانی خۆی و، با هەموو مافەکانیش نەبووبن و کەموکوڕیش لە شێوازەکەدا هەبووبێ، جەماوەری میللەتیش لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە پشتگیریی دەکرد، بەڵام نووسەر هەرگیز لەوە ئازاد نییە شۆڕشەکە، یان بەڕای ئەو بزووتنەوە هەڵەکە، بە نا مێژوویی و دەستکرد بزانێ. دیارە، بە نامێژوویی زانینی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە بۆ ماوەی دەیان ساڵ بەردەوام بووبێ لە بۆچوونی نووسەرەوە هاتووە دەربارەی مێژوو، ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە؛ دەنا کامە دیاردە دەبێ لەوە مێژووییتر بێت کە ئەگەر یەکێك دژی شۆڕش و خەباتی چەکداری بووایە سەرجەمی میللەتەکە بە"جاش"ی لە قەڵەم دەدا!.

من نووسیومە:"هەموو ئەو دیاردە و هۆکارانەی کاردەکەنە سەر رەوتی گۆڕان و نەشونماکردنی کۆمەڵگا مێژوویین، یان وردتر مێژوویی و کۆمەڵایەتین" [٦]. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم وشانەی سەرەوە دەڵێم- نابێ کاك فازیل گومان لەوە بکات کە هوشیاریی نەتەوەیی بوو، وەکو هۆکارێکی ئێتنیکی و کۆمەڵایەتی و بەرهەمی قۆناغەکانی پێشووتری مێژووی کورد، وایکرد میللەتەکە داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات و بۆی تێبکۆشێ. ئەو خەباتەش بە دەوری خۆی، جارێ گرنگ نییە چ شێوازێکی هەبوو، یەکێك لەو فاکتەرانە بوو کە کاریکردە سەر هوشیاریی نەتەوەیی و بەرەوپێشی برد تا گەیاندییە ئەو پلەیەی کە نەوەکانی ئیمڕۆی کورد بیر لەوە بکەنەوە خەباتە نەتەوەییەکە بۆ ئاستێکی هۆشمەندانەتر و سەردەمانەتر بگوازنەوە و ڕێباز و شێوازی خەباتی جارانیان بەدڵ نەبێت. کەواتە، خەباتی نەتەوەیی کارێکی زۆری کردۆتە سەر پرۆسەی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردی و لەو باوەڕەدانیم کەس گومان لەمە بکات. ئەگەر ئەمە وابێ، کەواتە ئەم خەباتە نەتەوەییە وەکو پرۆسەیەکی مێژوویی- کۆمەڵایەتی- سیاسی بە چ شێوازێکەوە بەڕێوەدەچوو ئەوا ئەویش، واتە شێوازەکەش، هەر کۆمەڵایەتی و مێژوویی و مێژووکرد دەبێ- چونکە هۆکاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و جۆگرافی ئەم شێوازەیان بەسەر خەباتەکەدا سەپاندووە.



## سیستەمی دەرەبەگایەتی و پەروەردەی باوکسالاری:

کاك فازیل لەگەڵ رای مندا نییە دەربارەی ئەوەی لە شەستەکاندا پەیوەندییەکانی خێڵەتی و دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا زاڵبوون، بەڵکو ئەو دڵنیایە کە ئەوساکە گۆڕانێکی قووڵ و فراوان بەسەر کۆمەڵدا هاتبوو. بۆ ئەمەش سەرژمێرێکی دانیشتووانی کوردستانی هێناوەتەوە و تیایدا دەرکەوتووە کە لە ماوەی ۹۰ ساڵدا (۱۸٦۷-۱۹۵۷) ژیانی کۆچەری بە رادەیەکی زۆر کەمبۆتەوە [٧]. کەس دژی ئەوە نییە کە کۆچەری و خێڵایەتی، یان هەر دەرەبەگایەتی بە گشتی، لە کزبوون و کەمبوونەوەدایە، هەرچەندە چەند و چۆنیەتی کەمبوونەوەی کۆچەری دەمەتەقێ هەڵدەگرێ و رەنگە مرۆڤ بتوانێ سەرژمێریتر وەدەست بێنێ؛ هەروەها کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە گۆڕان و بەرەوپێشچوون هەمیشە هەر لە رەوتی خۆیاندا بووین و حەتمین، بەڵام تا چەند ئەو گۆڕان و بەرەوپێشچوونە"قووڵ و فراون" بوون ئەوەش مشتومڕی لەسەر دەکرێ. لێرەدا گرنگ شتێکیترە، ئایا پەیوەندییەکانی خێڵەتی و پەروەردەی باوکسالاری هەر لە لادێ و لای کۆچەرەکان باوبوو؟ من لەو باوەڕەدانیم.

یاساکانی خێڵەتی و دەرەبەگایەتی، لە شەستەکانداو بگرە لە حەفتاکانیش، لە شارەکانیشدا دەوری بالآیان دەبینی، هەرچی لە لادێ و سەر شاخەکانیشە ئەوا هەر زاڵبوون. ئەوەش گەلێ ئاساییە، چونکە کۆمەڵگای کوردی بە گشتی لە سایەی پەیوەندییەکانی خێڵەتی و دەرەبەگایەتیدا بەڕێوەدەچێ و نەوەکانی ئیمڕۆی میللەتەکە هێشتا هەر بە یاساکانی باوکسالاری پەروەردە دەکرێن، ئەوەش تایبەت نییە بە کورد، بەڵکو هەموو میللەتانی ناوچەکە، کەمتر یان زیاتر، دەگرێتەوە. باوکسالاریش بنچینەکانی خۆی لە چەرخی کزبوون و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای رەمەکی (مشاعیەت) سەرەتاییەوە وەردەگرێت و بەردەوام دەمێنێتەوە تا دەگاتە قۆناغە زووەکانی سەرمایەداری [٨]. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نابێت ئەگەر بزانین لە وڵاتێکی ئەوروپایی و سەرمایەداری وەکو ئیتاڵیادا، لە دوورگەکانی سیسیلیا و ساردینیا و خوارووی نیوەدوورگەی ئەپێنین دا، یاساکانی بنەماڵەیی و باوکسالاری هەتا حەفتاکانی ئەم سەدەیەش دەوری خۆیان لە دەست نەدابوو. هەرچی سەبارەت بە وڵاتی شوورەویشە، میللەتانی قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست و سیبیریا، ئەوا دەکرێ زیاتریش بگوترێ. جا بۆیە شتێکی سەیر نابێت ئەگەر بڵێین لە کوردستاندا شارستانییەکانیش هەر بە یاساکانی باوکسالاری پەروەردە دەکران و ئێستەش هەر پەروەردە دەکرێن. کەسانی وا هەن لە کوردستاندا شارستانی بوون و لە هەرزەکارییەوە وڵاتیان بەجێهێشتووە و زۆربەی بەشی ژیانیان لە ئەوروپادا بەسەربردووە، کەچی هێشتاش لە عەشایریەتی خۆیان

رزگاریان نەبووە؛ خۆ نزیکەی هەموو رۆشنبیر و سیاسییەکانی کورد، جاران شارستانی و ئێستە نشیمەنی ئەوروپا، رۆژانە چەند جارێك دەسەلمێنن کە تا بینەقاقەیان عەشایر و باوکسالارین. هەرچی لە دەرەوەی شاریشە، ئەوەش لە کەس شاراوە نییە، خێڵ و عەشرەت وەکو رێکخراو و ئنیستیتووت هەر مابوون و ماون، ئەوەش نەك هەر لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو عێراق و ئێران و تورکیا و ناوچەکەدا بە گشتی. بەم بۆنەیەوە کوردناسی سۆڤیەتی م.س لازاریف دەڵێ:"لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران و عێراقدا بناغەی پەیوەندیی خیلایەتی زۆر بەهێزە، خۆ لە لورستان و لای بەختیارییەکان هێشتا هەر بەرکەماڵەو سەروەریی بە دەستەوەیە"[٩]. بۆیە ناکرێ پشتگیری راکەی کاك فازیل بکەین کە دەڵێ: "سیستەمی دەرەبەگایەتی دەبوایە هەر لە چلەکانەوە کۆتایی پێ بهاتایە، چونکە بنکەی ئابووری خۆی لە دەستدابوو" [١٠]. ئەگەر ئەم سیستەمە بنکەی ئابووریی خۆی لە دەستدا بێ، جارێ شارەکان نە لە رووی ئابووری و نە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەو پێشکەوتنەیان وەدەست نەهێنابوو- بابرای نووسەر دیمەنی شارێکی کوردستان لە شەستەکان، نەك لە چلەکان، بێنێتەوە بەرچاوی خۆی، پاش ئەمەش ئەم سیستەمە هەروا بە پشتگیرییەکی رژێم یان شۆڕش قووت نەدەبووەوە، ئەمەی دواییش، واتە شۆڕش, نەك هەر لەبەر ئەوەی مەراڵ و سایکۆلۆگییەتی سەرجەمی جەماوەر و سەرکردایەتییەکەی سەر بەو سیستەمەوە بوو، بەڵکو خێڵ و عەشرەت وەکو رێکخراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوری گرنگیان، ئەگەر نەڵێم دەوری سەرەکی، تیادا دەبینی. بزووتنەوەی جووتیارانیش، راستە، بەڵگەی بەهێزبوونێکی کاتیی توخمێکی گرنگی دژ بەو سیستەمەیە، بەڵام نەك بەڵگەی کۆتاییهاتنی سیستێمەکە و لە دەستدانی بنکەی ئابووری.

ئاشکرایە، سیستەمی هەموو قۆناغێکی مێژوویی توخمی ناکۆك و دژ بە خۆی لەناودا دەبێ و زۆرانبازییان دەبێتە هێزی بزوێنەری پرۆسەی گۆڕان و بەرەوپێشچوون- راپەڕینی سپارتاکۆس و سەدانی تری پێش و پاش ئەو کۆتاییان بە سیستەمی کۆیلەداری نەهێنا، هەرچەندە نابێ دەوریان لە لاوازبوونیدا لەبیر بکرێ.

عەشیرەتگەریی پێش جەنگی جیهانی یەکەم و هی دوای شەستەکان جیاوازییان"ئاسمان و رێسمان" نییە، وەکو کاك فازیل پێمان رادەگەیێنێ [١١]، جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە ئەمەی دوایی زێتر لەژێر سایەی سەرمایەداریدایە، لە کاتێکدا ئەوەی پێشووتر تازە دەستپێکردبوو ببێ بە"سەرمایەداری". خێڵ لە رووی چۆنایەتییەوە بەسەر دوو تیپ دابەش دەبێ: خێڵی کۆمەڵگای بێ چین - کاتێك خێڵ دەوری ئێتنیکی دەبینێ و یەکەمین"واحیدە"ی ئێتنوسە کە پەرەدەستێنێ و دەبێ بە میللەت؛ خێڵی کۆمەڵگای چیندار- هی قۆناغەکانی کۆیلەداری، فیۆداڵی، سەرمایەداری



و"سۆشیالیزمە" کە دەوری کۆمەڵایەتیی و ئابووری و سیاسی دەبینێ، تەنانەت لە نێو ئەم دوو جۆرە خێڵانەشدا پەیوەندیی گینێتیکی هەر دەمێنێ[١٢]. سەبارەت بە زاراوەی"ترایبالیزم"یش ئەوا لە شەستەکانی ئەم سەدەیەدا پەیدابوو و داهێنەرەکەی Fried.M.H بوو کە چالاکانە بەشداریکرد لەو دەمەتەقییانەی لەسەر ئەم بابەتە دەکرا لە کالیفۆرنیا، بەڵام ئەو مەبەستی ئەو خێڵانە بوو کە لە ئەنجامی کارتێکردنی میللەتانی خاوەن دەوڵەتی هاوسێیاندا دروست دەبوون، زۆرجارانیش ئەم زاراوەیە بۆ تەواوی گروپەیەکی ئێتنیکی بەکاردەهات، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی ئەفریقیا یان هیندەکانی ئەمریکا. پەیڕەوکەرانیFried زیاتریش رۆیشتن کاتێك زاراوەی "نیوترایبالیزم"یان داهێنا، بەمانای ئەو خێڵانەی لەژێر سایە و کارتێکردنی کۆلۆنیالیزمدا دروست دەبن [١٣]. لێرەدا، جگە لەوەی هەمووی زانا و پسپۆران پشتگیریFried و پەیڕەوکەرانی ناکەن، ئەم دوو زاراوەیە بۆ بابەتەکەی ئێمە نابن، چونکە زۆربەی خێڵ و کۆنفدراسیای خێڵەتی کوردستان (بارزان، جاف، هەرکی، شکاك،...) مێژووی چەند سەد ساڵەی خۆیان هەیە.

## ترادیسیای"کورد و چەك و چیا":

لە رۆژگارەکانی کۆندا، ئێستاش لای هەندێ میللەت و گروپە خەڵکی دواکەوتوو، چەك شان بەشانی ئەوەی ئامێرێکی خۆپاراستن و داکۆکی لە خۆکردن بوو، شەقڵ و سیمای نەتەوەیی"ئێتنیکی"شی پێوە دەلکا و دەبوو بە توخمێکی"کەلتووری ماددی"ی میللەتەکە- چەکدارێك بەهۆی چەکەکەیەوە دەزانرا سەر بە چ میللەت یان خێڵێکە. بۆ کوردیش خەنجەر هەمان دەوری بینیوە و بەشێکی تەواوکەری جلوبەرگی پیاوان، بەتایبەتیش پیاوماقوڵان، بووە و بۆیەش زیاتر بە کەلوپەلی رازاندنەوە دادەنرا [١٤]، بەڵام لە رۆژانی ئیمڕۆدا هەرگیز وا نییە، کەس بەهۆی کلاشنیکۆفەکەیەوە بە رووس لە قەڵەم نادرێ. کەچی لە هەلومەرجێکی وەکو ئەوەی کورددا، کە بۆ بوونی نەتەوەیی خۆی پەنای بردۆتە بەر چەك، ئەم چەکەی ئیمڕۆی ئەگەر نەشتوانین بە توخمێکی کەلتووری ماددیی نەتەوەیی کوردی دابنێین، ئەوا بە رای من دەتوانین بڵێین چەك بۆی بووە بە بەشێك لەو کەلتوورەی پێی دەگوترێ کەلتووری ژیان زامینکردن (Subsistence culture)، چونکە چەك لێرەدا ئامێرێکی خۆپاراستن، خۆچەسپاندن و خۆنواندنیەتی. بەڵێ، زێدەڕۆیی نییە، چەك بۆ کورد بووە بە توخمێکی کەلتوور و چەکداریش بووە بە دیاردەیەکی کەلتووری؛ کەلتووریش گومانی لەسەر نییە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە رەوتێکی مێژوویی دوورو درێژدا دروست دەبێ و لەمەدا هۆکاری کۆمەڵایەتی، ئابووری، جۆگرافی و سیاسی دەوری سەرەکی دەبینن. جا لەبەر

ئەوەشە کە کوردناسێك یان لێکۆڵەرەوەیەك نییە باسی کوردی کردبێت بەبێ ناوبردنیترادیسیا سێ کوچکەییەکەی"کوردو چەك و چیا". لە پاڵ ئەمەشدا، گۆڕانی کەلتووری Cultural transformation و وەرگرتنی شێوەی کەلتووری تازەش هەروا لە پڕ نابێت و ئەمیش پێویستی بە هەلومەرجی مێژوویی خۆی هەیە. بەڕای هەندێ زانایان فاکتەرە سەرەکییەکانی کاردەکەنە سەر گۆڕانی کەلتووری ئەمانەن: ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی- ئابووری، رەوشێکی مێژوویی کۆنکرێت، هۆکاری سروشتی و جۆگرافی (ئیکۆلۆجی)و هیتر [١٥].

جا بەم بۆنەیەوە، کاك فازیل دەپرسێ" بۆچی سوودمان لە بزووتنەوەی شێخ مەحموود وەرنەگرت، نەدەتوانرا لە نێوان هەردوو شەشی ئەیلولی ١٩٣٠-١٩٦١دا چەند شەشی ئەیلولێکی تریش هەبێ؟ [١٦] منیش بەبێ ئەوەی هەوڵبدەم داکۆکی لە "ئیدیۆلۆگیای شۆڕش بکەم و بیانوو بۆ تێزە کۆنەکانی رێکخراوە سیاسییەکان بدۆزمەوە" دەپرسم- ئایا هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا روویدا بوو بۆ ئەوەی کورد لە ١٩٦١دا کەلتووری خۆی بگۆڕێ و پەنا نەباتە بەر چەك؟

راستە رۆشنبیر زێترببوون، پارتی سیاسی دامەزرابوون، دەبوایە سوود لە مێژوو وەرگیرێ- بەڵام دەرکەوت پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە وەکو فاکتەر دەوری سەرەکی هەیە لە گۆڕانی کەلتووردا، لەو ئاستەدا نەبوو ئەم کارە ئەنجام بدات. جگە لەوەش، بنکەی کۆمەڵایەتی و ئابووری سیستەمی دەرەبەگایەتی هێشتا ئەوەندە بەهێزبوو کە توانی رۆشنبیران و پارتە سیاسییەکانیش ملکەچی خۆی بکات، کاك فازیل خۆیشی نەیتوانیوە نکۆڵی لەو راستییە بکات [١٧]. ستریۆتیپی"کورد و چەك و چیا" لە ناو کورددا ئەوەندە قایم چەسپی بوو کە تەنانەت ئەوانەی لە ١٩٦٦دا شۆڕشیان بەجێهێشت و گەڕانەوە شار بەچاوی رێزەوە سەیر نەدەکران. خۆ هەر لەو بڕگەیەی کاك فازیل لە بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس هێناوییەتەوە و وای لێ تێگەیشتوە کە چەك هەڵگرتنەکە لە ئەیلولی ١٩٦١دا زیاتر"لە تێوەگلان دەچێ تا پلان دانان" [١٨]، ئاماژەیەکی روون و ئاشکرا هەیە بۆ هەلومەرجی لەبار بۆ چەك هەڵگرتن کاتێك لە بیرەوەرییەکەدا هاتووە".... جەلال تاڵەبانیمان نارد بۆ کوردستان بۆ ئەوەی رێگە لە ئاڵۆزبوونی بارودۆخی کوردستان بگرێ و جەماوەری تووڕە هێمن بکاتەوە و چەك هەڵنەگرن"[١٩]- لێرەدا جەماوەری تووڕە ئەو هەلۆمەرجەیە، چونکە لە کۆمەڵگای بابەتی ئێمەدا، بە حوکمی ئەو فیکر و لۆژیك و ستریۆتیپانەی باو و سەر بە سیستەمی خێڵەتی و دەرەبەگایەتی، ئەگەر جەماوەرێك و ئاپۆرەیەك یان تاقە مرۆڤێکیش تووڕە بوو ئەوا دەست و چەکی یەکە، لە بەرامبەر ئەمەشدا جەنەراڵەکانی رژێمیش لەم



کێشەیەدا هەمان لۆژیك و هەڵوێستی هێز و چەکیان هەبووە؛ بەڕای من ناکۆکی لە ناو سەرکردایەتی (پ.د.ك)دا ئەوەندە لەسەر خەباتی چەکداری نەبووە ئەوەندە لەسەر کاتی دەستپێکردنی ئەم خەباتە بووە.

وابزانم رۆژی رەشی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ خۆی لە راستیدا بووە بە وانەیەك بۆ کورد کە لەناو شارەکاندا جارێکیتر ئەم جۆرە چالاکییانە نەکاتەوە، رووداوەکانی ١٩٨٨و ١٩٩١یش ئەم وانەیەیان دووپاتکردۆتەوە، چونکە نە وڵاتێکی وەکو عێراق هێشتا رژێمێکی ئەوەندە پێشکەوتوو و شارستانی بەخۆوە دیوە کە شارێك بۆردومان و کاول نەکات، نە شارەکانی کوردستانیش ئەوانەن کەی تیایاندا بزووتنەوەی بابەتی تۆپامارۆس یان مارگیلا بەڕێوەبچێ. هۆیەکی دیکەی روونەدانەوەی رۆژێکی رەشی دیکە لە نێوان هەردوو ئەیلولدا (١٩٣٠- ١٩٦١) بەڕای من ئەوەبوو کە لەوساوە سەنتەری کوردایەتی ئیتر پەڕیبووەوە کوردستانی ئێران.

سەبارەت بە بزووتنەوەی"هەقە"ش، تۆ بڵێی مافی ئەوەمان هەبێت بیربکەینەوە کە هەقەکان"ویستوویانە سوود لە بزووتنەوەکەی گاندی وەربگرن"[٢٠]؟ من لەباری خۆم، هەرچەندە هەموو سەرچاوەکانی لەمەڕ ئەو بزووتنەوەیەم لە کارێکمدا بەکارهێناون، نەمتوانیوە بگەمە ئەو ئەنجامە. نەك هەر ئەوە، تەنانەت وێکچوونی هەندێ دۆگما و باوەڕی ئایینی هەقەو مەبدەئەکانی"نێرڤانا" و "سانسارا"ی بودایزمیش[٢١] رێگەی نەداوم بزووتنەوەی هەقە بە هیندوستان و رۆژهەڵاتەوە ببەستمەوە. بە پەیوەندیی بە خەباتی چەکدارییەوە، ئەم بزووتنەوەیە ئەگەر سەری گرتبایەو تۆزێ هێزی بەخۆوە دیتبا، کێ دەڵێ، رەنگبێ لۆژیکی هێز و زۆرەملێ و چەکداری بەسەر ئەمیشدا زاڵ دەبوو.

**دەرئەنجام:**

لە هەموو ئەوەی سەرەوەدا ویستوومە بڵێم: شۆڕشی ١٩٦١ دیاردەیەکی مێژوویی و بەرهەمی قۆناغەکانی پێشتووتری مێژووی کورد بوو، لە رەوتی ئەم مێژووەیدا هۆکاری کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئێتنیکی، جۆگرافی شەقڵ و سیماکانیان دارشتووە کە یەکێکیان شێوازی بەڕێوەچوونیەتی- واتە خەباتی چەکداری. خەباتی چەکداریش کەواتە نەك هەر مێژووییە، بەڵکو بەهۆی کارتێکردنێکی تایبەتییەوەی فاکتەری کۆمەڵایەتی (یاساکانی خێڵەتی- دەرەبەگایەتی و پەروەردەی باوکسالاری)و باری سروشتیی کوردستان، لە ماوەیەکی دوورودرێژدا، بووە بە دیاردەیەکی کەلتووری و نەتەوەی کورد پێیەوە ناسراوە. بۆیە شۆڕشەکە و شێوازەکەی مێژوویی و

مێژووکردبوون و کەسێك یان تاقمە کەسێك دایان نەهێناوە، چونکە کەس و تاقمە کەسی "پێشڕەو" لە پرۆسەی مێژووییدا، مارکس گوتەنی، دەچنە ریزی "رێکەوت-صدفە"کان کە دەوری باش یان خراپ دەبینن و کاتین، بەڵام پرۆسەکە هەردەمێنێ [٢٢].

خەباتی چەکداری کە تاکو ئێستا بەردەوام بووە دیارە هەلومەرجەکانی هەر لە ئارادابووین و رەنگە تا داهاتوویەکیتریش چیاکانمان بێ چەکدار نەبن، بەڵام بە گشتی، لە بارێکی وەکو ئیمڕۆی کوردستانی باشووردا هەلومەرجی تازە بەدی دەکرێن و، بەڕای من، زەمینە رەخساوە بۆ گۆڕانکارییەکی کەلتووری لە مەیدانی خەباتی نەتەوەییدا. ئەم هەلومەرجە تازانەش من لەمانەدا دەبینم: گۆڕان و زێدەبوونی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی و رۆشنبیری بە گشتی وەکو ئەنجامێکی زاکۆنیی ئەو ئەزموونە شۆڕشگێڕییەی بە خەباتی چەکداری بەڕێوەدەچوو؛ دروستبوونی رەوشێکی مێژوویی تازە و روون لە ئەنجامی کارەساتەکانی ساڵانی دوایی- براکوژی، هەڵەبجە، راپەڕینەکەی١٩٩١؛ کەمبوونەوەی رۆڵی فاکتەری سروشتی- جۆگرافی لە بەرامبەر بەهێزبوونی تەکنۆلۆگیادا. جا لە سۆنگەی ئەمانەوە کۆمەڵگاکەمان، لە کوردستانی باشووردا، رووەو وەرچەرخانێك بۆتەوە کە دەشێ تیایدا کەلتوورێکی خەباتی نەتەوەیی هۆشمەندانەتر و سەردەمانەتر وەدەست بێنێ.

بەڵام ئەمە هەر بەندنییە بەکوردەوە، کە گۆڕانکارییەکە لای ئەویش یەکسەر و سەرجەمی نەتەوەکە ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەندیی بە هەڵوێستی لایەنی دیکەشەوە هەیە، مەبەست رژێمی عێراقە. ئەگەر رژێم دەستبەرداری فیکری ناسیۆنال- شۆڤینیستی خۆی نەبێت و لەسەر سیاسەتی زلهێزانەی نەتەوەیی ناوەوەی عێراق، هەروەها لە دەرەوەشی، هەر بەردەوام بێت، ئەوا ئەو رژێمە دەبێتە ئەو تۆخمە "رێکەوتە"ی کە دەوری نێگەتیڤ دەبینێ، هەروەکو هەمیشە بینیویەتی. لێرەشدا گەلێ ساکارانە دەبێ ئەگەر مرۆڤ چاوی لە دیموکراتیزەبوونی عێراق بێت، هەر نەبێ بەم زووانە، چونکە دیموکراتیا هەرگیز شرە جلێك نییە کە لە کاتی پێویست بکرێتەبەر، بەڵکو ئەمیش پێویستی بە زەمینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە تا دەبێت بە ترادیسیایەکی باو.... بە رای من لە رۆژگارێکی وەکو ئەوەی عێراق و کوردستاندا مرۆڤ، لە باشترین حاڵدا، دەتوانێ هەڵوێست و رەفتاری دیموکراتیانەی ببێت، ئەوەش لەسەر حسێبی حاڵەتی دەروونیی خۆی، بەڵام نەوەیەکی دیموکرات، بە فیکر و بە دەروون، هەرگیز بەم زووانە سەرهەڵنادات. ئەوەش رەشبینی و دەست لێ شتن نییە، تەنیا دەستنیشانکردنی واقیعێکی تاڵە.

هاوینی ١٩٩١ سوێد



**پەراوێزەکان:**

١- فازیل کەریم محەمەد: "شۆڕشێکی مێژووکرد یا هەڵەیەکی مێژوویی؟" یەکگرتن ژ١٢/١٩٩٠، ل (٧٠-٨٦).

- رەشاد میران: "مێژوو چییە و مێژووکرد چۆن دەبێ؟"، یەکگرتن ژ١١/١٩٩٠، ل (١٥-٢٢).

- فازیل کەریم ئەحمەد: "خەباتی چەکدار لە نێوان ئەفسانەو راستیدا"، یەکگرتن ژ٩/١٩٨٩، ل (٢١-٦٢).

٢- رەشاد میران، یەکگرتن، ژ١١/١٩٩٠، ل١٦.

٣- فازیل کەریم ئەحمەد، یەکگرتن، ژ١٢/١٩٩٠، ل٨٣.

٤- د. کەمال مەزهەر: "مێژوو. کورتەباسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو" بەغدا ١٩٩٨، ل٥١.

٥- ك. مارکس، ف. ئینگڵس، بەرهەمەکان، مۆسکۆ چاپی دووەم، بەرگی ٣، ل-٤٤-٤٥)، (بە زمانی رووسی).

٦- رەشاد میران، هەمان سەرچاوە.

٧- فازیل کەریم ئەحمەد، یەکگرتن ژ١٢/١٩٩٠، ل (٧٥-٧٦).

٨-"پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی- ئابووری و کەلتووریی سۆسیۆنۆرماتیڤی"، ئەکادیمیای سۆڤیەت و ئەکادیمیای ئەڵمانیای دیموکرات، مۆسکۆ١٩٧٦، ل١٣٢، (بە زمانی رووسی).

٩- م.س لازاریف: "کورد و کوردستان- فاکتەرەکانی پەیدابوون و گەشەسەندنی مەسەلەکە" لە کتێبی: چەند وتارێکی کوردناسی، ئەنوەر قادر محەمەد لە رووسییەوە کردوییەتی بە کوردی و پێشەکی بۆ نووسیوون. لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوێد٩٨٩، ل١١٩.

١٠- فازیل کەریم ئەحمەد، یەکگرتن، ژ١٢/١٩٩٠ل٧٨.

١١- هەمان سەرچاوە، ل ٧٩.

١٢- ئا. ی پێر شیتس: "مەشاعیەت و کۆمەڵگای چیندار"، لە کتێبی: مێژووی کۆمەڵگای مەشاعیەتی سەرەتایی، مۆسکۆ١٩٨٨، ل٥٠٣، بە (زمانی رووسی).

١٣- ف. ئا شنیریلمان: "گیروگرفتی ئێتنۆسی بێ چین و ئێتنۆسی چیندار لە ئێتنۆگرافیای وڵاتانی تردا" لە کتێبی: "ئێتنۆسی کۆمەڵگای بێ چین و کۆمەڵگای چیندار" مۆسکۆ١٩٨٢، ل٢٢٩-٢٣٠، هەروەها بڕوانە سەرچاوەی پەراوێزی (٨) ل١٤٦، بە (زمانی رووسی).

١٤- ت.ف ئاریستۆڤا: "کەلتووری مادیی کوردەکانی سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم"، مۆسکۆ١٩٩٠، ل (١٤٩-١٥٢)، بە (زمانی رووسی).

١٥- س.ئا ئاروتیونۆڤ:"میللەتان و کەلتوور- گەشەسەندن و کار لە یەککردنیان"، مۆسکۆ١٩٨٩، ل١٦٩، بە (زمانی رووسی).

١٦- فازیل کەریم ئەحمەد، یەکگرتن ژ١٢/١٩٩٠، ل (٨١-٨٢).

١٧- فازیل کەریم ئەحمەد، یەکگرتن ژ ١٩٨٩/٩، ل٢٧، ز١٢/١٩٩٠، ل٨٢.

١٨- فازیل کەریم ئەحمەد، یەکگرتن ژ١٢/١٩٩٠، ل٨٠.

١٩- فازیل کەریم ئەحمەد، یەکگرتن ژ١٩٨٩/٩، ل٢٤.

٢٠- فازیل کەریم ئەحمەد، یەکگرتن ژ١٢/١٩٩٠، ل٨١.

٢١- بۆ نموونە بڕوانە: رەشید محەمەد عەلی: مەسەلەیەکی گەورەو هەوڵێکی بچووك"، کاروان، هەولێر ژ١٩٨٣/١٥ل٧٠؛ هەروەها دەربارەی بزووتنەوەی حەقە بڕوانە: مستەفا عەسکەری:"ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی حەقە"، بەغدا ١٩٨٣؛ رەئوف محەمەد زهدی:"بۆ لە حەقە کەوتنە تەقە؟" بەغدا ١٩٨٥.

٢٢- ك. مارکس، ف. ئینگلس، بەرهەمەکان، مۆسکۆ، چاپی دووەم، بەرگی٣٣، ل١٧٥، بە زمانی رووسی.

٢٣- سەبارەت بە زاراوەی:هۆشی کۆمەڵایەتی" کە نووسیومە: هۆشی کۆمەڵایەتی شێوەی زۆری هەیە و هەستی خۆناسی و هوشیاری نەتەوەیی رەنگدانەوەیەکیەتی" (یەکگرتن ژ١١/١٩٩٠ل١٦) و کاك فازیل گوتوویەتی"من نازانم هۆشی کۆمەڵایەتی چییە" (یەکگرتن، ژ١٢/١٩٩٠ل٨٣) من دڵنیام کە کاك فازیل لەگەڵ عەرەبییەکەیدا ئاشنایە"الوعی الاجتماعی"، بەڵام رەنگە راستتر دەبوو ئەگەر گوتبام" هوشیاری کۆمەڵایەتی" کە پێکهاتووە لە هەموو بەرهەمێکی فیکری و رۆحی کۆمەڵگا- زانست، فەلسەفە، ئەدەب، هونەر، ئایین، مەراڵ، ئایدیۆلۆگیا.. هتد. (بڕوانە: زامۆشکین، سۆلۆڤیۆڤ، موند وشیلوڤا"الفلسفة و العملیة الثوریة"مۆسکۆ، دار التقدم ١٩٨٢، ص ٢٦١-٢٦٦).

* گۆڤاری ((یەکگرتن)) گۆڤارێکی رۆشنبیریی تیۆرییە ژمارە (١٣) ساڵی ١٩٩٣ دانیمارك، ل٤٤-٤٩.



## پرۆسەی وەرچەرخان لە کۆمەڵگای کوردیدا

بۆ شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی هەر کۆمەڵگایەك، دەبێ پێش هەموو شتێك، وەکو میتۆدێکی زانستی، دەسنیشانی شوێنی جوگرافی و قۆناغە مێژووییەکەی بکرێت- چونکە کاریگەری و جێپەنجەی ئەم دوو هۆکارە بەسەر کۆمەڵگاوە یەکجار زۆرە. هەر توخمێك و هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایەك بگرێت دەبێ لەوەوە بۆی بچیت کە ئەمە رەگ و ریشاڵی مێژوویی خۆی هەیە و لە هەمانکاتدا رەچاوی کارتێکردنی دەوروبەرە سروشتی و کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلیتیکی و... هتد بکەیت؛ ئەوەش لەم روانگەیەوە کە هیچ دیاردەیەك یان توخمێك، بەتایبەتیش کۆمەڵایەتی، بە تەنیا و دوورەپەرێزانە لە ئارادا بوونی نییە، بەڵکو هەموو دیاردەکان لە نێو قەوارەیەکدا پێکەوە کار دەکەن و کارلەیەکدی دەکەن.

لەم روانگەیەوە، کۆمەڵگای کوردی مێژوویەکی دێرینی لە ناوچەی جێنشینی دیاریکراوی خۆیدا هەیە و هەردووکیان، مێژوو و ناوچە جوگرافییەکە، شەقڵ و سیماکانی خۆیانیان بە کۆمەڵگاکە بەخشیووە و لەسەر بنەماکانی، بەتایبەتی، ئەم دوو هۆکارە سستەمێکی کۆمەڵایەتیی بۆ دامەزراوە و توند چەسپیووە کە دەتوانین بە سستەمی"خێڵەتی- دەرەبەگایەتی"ی لە قەڵەم بدەین. لێرەدا، بەهۆی ئەوەوە کە کۆمەڵگای کوردی توخمێکی ناوچەیەکی مێژوویی- کەلتووری بەرفراوانە، مەبەست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بێگومان مێژوویەکی، بەرادەیەکی زۆر، هاوبەشی هەیە لەگەڵ میللەت و کۆمەڵگاکانیتری ئەم ناوچەیە و هەمان تەگەرە و ئاستەنگە مێژووییەکانی ئەمانی رووبەڕووبوونەتەوە لە پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونیدا- ئەگەرچی بە رێژەی جیاواز، بۆیەش سستەمە کۆمەڵایەتییەکەی نزیکەی هەمان سستەمی کۆمەڵایەتیی ئەمانە، بە رەچاوکردنی، بێگومان، ئەو تایبەتمەندیانەی لە ناوچە جوگرافییەکەی خۆیەوە وەریگرتوون کە بە گشتی ناوچەیەکی چیاییە و توخمە سەرەکییەکانی کەلتووری نەتەوەیی کوردی دارِشتوون، وەکو- جلوبەرگ، خواردەمەنی، خانوو، ئامێرەکانی کارپێکردن...هتد. لەمەشدا دەورو بایەخی نشیمەن (نشتیمان، خاکی هاوبەش) دەردەکەوێ وەکو نیشانە و ماکێکی نەتەوەیی (ئێتنیکی) سەرەکی بۆ ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەك.

بەڵام، وەکو چۆن ئێمە مێژوو بە پرۆسەیەکی دووروودرێژی پڕ قۆناغی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون دەزانین، ئاواش دەبێ ئاگاداری ئەو گۆڕان و گەشەکردنانە بین کە، بەتایبەتی، لە رۆژگاری ئێستاداو لەبەرچاوی خۆماندا بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا دێن. بۆیە دەبێ ئاگاداربین کە ئەو سستەمە کۆمەڵایەتییە مێژووییەی بۆ کورد دروستبووە و ناومانناوە سستەمی خێڵەتی- دەرەبەگایەتی گۆڕانکاریی زۆری بەسەرداهاتووە، بە رادەیەك دەتوانین رۆژگاری ئێستای کۆمەڵگای کوردی بە"رۆژگاری وەرچەرخان" لە قەڵەم بدەین؛ واتە ئەو گۆڕانکارییانەی تاکو ئێستا بەسەر سستەمی کۆمەڵایەتیی کورد داهاتوون و هەنووکەش و لەبەرچاوی ئێمەشدا روودەدەن رێگەمان دەدەن نەك هەر دان بەو گۆڕانکارییانە بنێین، بەڵکو دڵنیابین لەوەی کۆمەڵگەکەمان ئەوا لە سەردەمێکی پەڕینەوە دایە بەرەو قۆناغێکیتری پێشکەوتووتر. رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای کۆمەڵگای کوردی نموونەی زۆری ئەم گۆڕانکارییە دەگرێتەخۆ- سەرۆك خێڵ و ئاغاو دەرەبەگ، ئیمرۆ، لە زۆربەی حاڵەتدا نشیمەنی شارەکانی کوردستانن، بەمەشەوە کۆنترۆڵیان بەسەر ئەرز و جوتیار و ئەندامانی خێڵ کەمبۆتەوە و ئەمانە لە شارەکاندا بووین بە خاوەن موڵك و خانوو و گەلێکیشیان بازرگانییەکی چالاکانە دەکەن یان سیاسەت و حیزبایەتی و هی وا هەن کە، تەنانەت، پەیوەندیی نێودەوڵەتیشیان هەیە؛ کەواتە ئەمانە کار و پیشەیان گۆڕاوە و بۆیەش پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی شێوەیتر لە ژیانی رۆژانەدا پیادە دەکەن. لەلایەکیتریشەوە جوتیار و ئەندامانی خێڵ وەکو جاران ملکەچی فەرمانەکانی ئاغاکانیان نین و هەرکاتێ بیانەوێ گوند و زەوییەکانیان بەجێدێڵن - بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئیمرۆکە دەگمەنن ئەو ئاغا و سەرۆك خێڵانەی تەنیا بەهۆی پلە و مەرکەزی کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە، ئەگەر هۆکارێکیتری سیاسی یان ئایینی لەگەڵدا نەبێ، بتوانن سەدکەسی چەکدار لە پەیرەوکەرانی خۆیان کۆبکەنەوە.

لێرەدا، وەکو هەموو کەس هەستی پێدەکا، رەوشێکی ناجۆر و ئاڵۆز لە کۆمەڵگای کوردیدا دروستبووە کە ئەمە سیمای هەموو قۆناغێکی وەرچەرخانە لە جیهاندا؛ کاتێك توخم و دیاردەی کۆن و نوێ تێکەڵ بە یەکدی دەبن و پێکەوە کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگا و ئەندامەکانییەوە دەبێ؛ چونکە ئەگەر سەرنج بدەین، لە پاڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد کە لە کۆمەڵگای کوردی روویانداوە و هەروەها ئەو دەزگا کۆمەڵایەتی و ئیداری و دەوڵەتیانەی کە لە دوای راپەڕینەوە تاکو ئێستا لە کوردستان دروستبوویین و لە راستیدا دەزگای کۆمەڵگای مەدەنین و کاریگەریی خۆیانیان هەیە لە بەرەوپێشبردن و



پەڕینەوەی کۆمەڵگاکەمان بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر- لە پاڵ ئەمانەشدا توخم و دیاردە و بەها و ستریۆتیپە کۆنەکان هێشتا، بە رادەیەکی زۆر، دەور و کاریگەرییان ماوە و ئەمە، لە زۆر بواردا، بووە بە مایەی سەرهەڵدانی زۆرانبازی، جارجارە توندوتیژیش، لە نێوان ئەم دوو جۆر توخم و دیاردانە- وەکو یاسایەکی حەتمی لە پرۆسەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵات و لای هەر میللەت و نەتەوەیەك، ئەمە جگە لە هەلومەرجی جیۆپۆلیتیکی کە فشارێکی بەهێزی لەسەر رەوشی ئێستای کوردستان دروستکردووە و زۆرجاران ئاسەوار و تەنانەت کاردانەوەی کۆمەڵایەتیشی دەبێ.

لە بارودۆخێکی وادا دەسەڵاتی سیاسی، بێگومان، دەور و بایەخێکی تایبەتیی دەبێ، دەتوانێ دەسکاریی سستەمی کۆمەڵایەتی بکات و دیاردەی کۆن و دواکەوتوو نەهێڵێ، بە رێگەی دەزگا و شێواز و ئامێرەکانییەوە بەها و ستریۆتیپی نوێ لە ناو کۆمەڵگادا بچەسپێنێ - بەتایبەتیش ئەگەر ئەو دەسەڵاتە خاوەن جەماوەرێکی بەرفراوان بێت. دەسەڵاتی سیاسی، دەهەر هەموو دەزگا و رێکخراوە سیاسییەکان، هەمیشە و لە هەموو شتێکدا دەبێ پێشڕەو و دەسپێشخەربن... دەنا پرۆسەی گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوون، کە حەتمییە و هەر روودەدا، ئاساییانە و زۆر لەسەرخۆ بەرێوەدەچێ- لە کاتێکدا ئێمە، وەکو نان و ئاو، پێویستمان بە بازهەڵدانێکی کۆمەڵایەتی هەیە.

## پەروەردەی سیاسی لە کوردستاندا

بەهۆی ئەوەوە کە نەتەوەی کورد، لە بنەڕەتدا، کێشەیەکی نەتەوەیی- سیاسی لەمێژینەی هەیە، دەبینین سەرلەبەری ئەندامانی هەر لە سەرەتاوە، بە ڕێژەی جیاجیا، پەروەردەیەکی سیاسییان وەرگرتووە. لەبەر ئەوەیش کە کێشەی نەتەوەیی بە سروشت جەماوەری و کۆمەڵایەتیشە، بۆیە سەرجەم دەزگا کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان دەوری تایبەتیی خۆیانی تێدا دەبینن. لێرەشدا بێگومان یەکەمین و سەرەکیترین دەزگای کۆمەڵایەتی، کە خێزانە، دەوری سەرباشقەی خۆی لەم بوارەدا دەبینێ- چونکە لە هەلومەرجی خەباتی نەتەوەییدا خێزانێك نابێت، هەرنەبێ بە شێوەیەك، پەیوەندیی بە رەوشکەوە نەبێت و بۆیەش ئاساییانە، تەنانەت ئۆتۆماتیکیانەش، کەشوهەوایەکی سیاسیانە و نەتەوەییانە لە ناو خێزانەکاندا دەرەخسێ و منداڵانیان تیایدا پەروەردە دەبن، ئەمەش لایەنە رەمەکی و عەفەوییەکەی پەروەردەی سیاسییە. بەڵام لە هەمانکاتدا دەزگا و رێکخراوەیتریش دەور لە پڕۆسەکەدا دەبینن، وەکو- حیزبی سیاسی، دەزگاکانی راگەیاندن، دەزگاکانی پەروەردە و زانست، دەزگای ئایینی...و هەر ئەمانیشن پرۆسەی پەروەردەکردنی سیاسی لە عەفەوییەتەکە رزگار دەکەن و دەیگەیێنن بە ئاستێکی بەرزتر و رێکتر.

هەرچی ئاست و پلە و چۆنیەتیی پەروەردەکەیە ئەوا، بێگومان، دەوەستێ لەسەر ئاست و کاریگەریی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکە؛ هوشیاریی کۆمەڵایەتیی بەرزی کۆمەڵ بێگومان دەزگای کۆمەڵایەتی و رێکخراوەی سیاسیی پێشکەوتوو و بەتواناو کاریگەر دادەمەزرێنێ و بۆیەش پرۆسەی پەروەردەکردنەکەی ئاستێکی بەرزی دەبێ.

جیاوازی لە نێوان پەروەردەی سیاسی و پەروەردەی حیزبی لەوەدایە کە ئەوەی یەکەم مەرج نییە هەمان ئەمەی دووەم بێت، لە کاتێکدا پەروەردەی حیزبی هەمیشە پەروەردەکردنێکی سیاسییانە دەبێت؛ ئەگەرچی پەروەردەی سیاسی ئەوکاتە ئاستێکی شیاو و رێکوپێکی دەبێت ئەگەر حیزبێك سەرپەرشتی و ئاراستەی بکات. ئەمەش دیسان دەوەستێت لەسەر پلە و ئاستی پێشکەوتوویی ئەو حیزبە کە تا چەند پەروەردەیەکی شیاو بۆ ئەندامانی دەرەخسێنێ - بۆیە زۆرجاران کەسانی وا دەبن کە ئەگەرچی ئەندامی حیزبێکن، رەنگە ئەندامی کۆنیش، بەڵام ئاستێکی شیاوی رۆشنبیریی سیاسییان نییە، واتە حیزبەکەیان پەروەردەیەکی سیاسییانەی



نەکردوون؛ ئاشکرایە کە ئەمە بەندە بە ئاست و جۆری هوشیاریی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەوە کە دەبێت بە چوارچێوە و ستریۆتیپێك بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوە و رەفتار و هەڵسوکەوتکردنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە- ئاستی نزمی هوشیاریی کۆمەڵایەتی وا دەکات کە دەزگا و رێکخراوەکانی بایەخ بە ژمارە و لایەنەکانی رواڵەتی بدەن و، هەر بەهۆی ئەو جۆرە هوشیارییەشەوە، توانای گۆڕانکاری و بەرەو باشتربردنی ئەو لایەنانەیان نابێت... لەم حاڵەتەشدا چالاکی"دەسکەوت" سیاسی و حیزبییەکانیش نەك هەر روخسارێکی مەدەنی و پێشکەوتووانە بەخۆوە ناگرن، بگرە ئامانجەکانی خۆشیان ناپێکن.

لە کوردستاندا، لەبەر نەزانینی مانا و ناوەڕۆکی تەواوی چەمکەکانی وەکو سیاسەت و حیزبایەتی و پەیوەندیی نێوانیان، هەمیشە ئەم دوو چەمکە تێکەڵ بەیەك دەکرێن، وەکو بڵێی ئەوەی ئەندامی حیزبێك نەبێت نەتوانێ دەور و چالاکیی سیاسی ببینێ؛ لە کاتێکدا چەمکی سیاسەت، وەکو گوتمان، گەلێ فراوانترە لە حیزبایەتی، دەهەر بە حوکمی رەوشی گشتیی کوردستانەوە کە زۆر لە مێژە بە ئاگری کێشەیەکی نەتەوەیی- سیاسی و بزووتنەوەیەکی رزگاریخواز تا گەیشتووە بە ئیمرۆ جۆشدراوە- زێدەڕۆیی نابێ بڵێین لە ناو کورددا کەسێك نییە سیاسی نەبێت- ئیمڕۆکە هەموو ئەو تاکەکەس و خەڵکانەی لە کوردستان دەژین و لە خۆبوردووانە کار و خەبات دەکەن، هەروەها ئەوانەیش کە لێرە دەژین و نارازین، یان ئەو کوردانەی لە دەرەوەی هەرێمدا دەژین و دژایەتیی ئێرە دەکەن، ئەوانەی کۆچیانکردووە یان بەتەمان، ئەوانەی ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ وڵات... هەموو ئەمانە هەڵوێستن، پێش هەموو شتێکیش هەڵوێستی سیاسی و بێگومان هەموو ئەو خەڵکەش حیزبی نین، بۆیە کۆمەڵگای کوردی لە هەلومەرجی ئێستایدا یەکێکە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەی کە پێیاندەگوترێ "کۆمەڵگای سیاسی".

* گۆڤاری ((سەنتەری برایەتی)) ژمارە، ٢٢، ٢٠٠١.

## هەرێمی کوردستان لە نێوان واقیع و ئەزموونددا

هەر دەزگایەکی ئیداری- سیاسی سەر بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت و، لە رووی قۆناغی مێژووییەوە، دیاریکراو دەبێ، جا ئەو دەزگایە هەر شێوە و فۆرمێکی هەبێت- دەوڵەتی سەربەخۆ یان کۆنفیدراڵ، فیدراڵ یان ئۆتۆنۆمی بێت- ئەرك و ئامانجی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنێکی سیاسییانەی کاروبار و پێداویستییەکانی کۆمەڵ و ئەندامانی سستەمەکەیەتی. ئەرك و ئامانجەکانیش، هەمیشە، زادە و بەرهەمی رەوشێکی فیعلی و هەبوو و هەستپێکراوی ژیانی واقیعیی کۆمەڵەکەن... بۆیە دەبێ، لەلایەن بەڕێوەبەرانی دەزگاکەوە، ئەوپەڕی بایەخ و گرنگیان پێ بدرێ و وەکو واقیعێك پیادەبکرێن، دەنا هەرگیز مەبەست ناپێکن.

سەبارەت بەهەرێمی کورستان، کە ئەوا دەساڵی رێکە ئازادە و خاوەن دەزگا و دەسەڵاتێکی ئیداریی- سیاسییە و لە چوارچێوەی سیستەمی فیدرالیزمدا، هەموو ئەو ماوەیە، ژیان و کار و پێداویستییەکانی کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی باشوور بەڕێوەدەبات- ئەوەش لە نێو جەرگەی رەوشێکی سیاسیی نێودەوڵەتیی ئاڵۆز و لە ناوچەیەکی وەکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ کێشە و گرفت و هەڕەشەدا، بە هەندێ کەموکوڕیی خودی و ناوخۆییشەوە، زۆر کارامەییانە خۆی پاراستووە و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەرێمی کوردستان و دەزگا و دەسەڵاتەکەی لە هەلومەرج و واقیعێکی لەم بابەتەدا چالاکی و دەورێکی وای هەیە و بووە بە جێگەی سەرنج و بایەخی دەوڵەتانی زلهێز و ناوچەیی- کەچی ئێمە، بە جەماوەر و سەربژاردەی رۆشنبیر و سیاسییەوە، هێشتا خۆمان بە واقیعێکی چەسپاو نازانین، خۆمان بە (ئەزموون) ناوزەد دەکەین!

وشەی ئەزموون ئەگەر بۆ دوو سێ ساڵیش پاش راپەڕین شیاو بووبێت، بەکارهێنانی لە دواتر هیچ پاساوێك هەڵناگرێ هەرنەبێ لەبەر ئەوەی وشەی"ئەزموون"، لە ناوەڕۆکدا، لایەنی سەرنەگرتن و بە ئەنجام نەگەیشتنیش بەخۆوە دەگرێ- ئەمە جگە لەوەی کە نەتەوەیەکی لە هەموو ماوەی مێژووی دووروودرێژیدا خەباتی کردبێ و بە هەزاران قوربانیی لە پێناو رزگاری و سەربەخۆیی دابێ مخابنە، زۆر مخابن، دەسکەوتە گرانبەهاکەی ئیمڕۆی ناوبنێین (ئەزموون)، کوردستانی ئازاد و کیان و دەسەڵاتەکەی شایانی ناوێکی گەلێ لەبارترە لە"ئەزموون".

کورد، بەو کیان و دەسەڵاتە شەرعییەی لە هەرێمی کوردستان دایمەزراندووە، واقیعێکی کردەنی و دیفاکتۆی داهێناوە کە بۆ چەسپاندن و پەرەپێدانی پێویست بە ئامادەکردنێکی شۆڕشگێڕانە و مەعنەوییانەی جەماوەر دەکات ئەویش، پێش هەموو شتێك، بە وروژاندنی گیانی نەتەوەو نیشتیمانپەروەری، بە زیندووکردنەوەی بەهاو مەراڵ و ئاکاری کوردایەتی کە بەداخەوە ئەمانە لەلای



خەڵکی کوردستان ماوەیەکی درێژە هەر رووەو لێژین. لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا نەوەیەك پێگەیشتووە کە لەگەڵ ئەوەی ئەزموونێکی راستەوخۆی نییە لەگەڵ رژێم و ئاشنای سروشت و جۆر و چۆنیەتیی ئەو رژێمە نییە (بێگومان ئەو ئاشنانەبوونەش لە رووی پەروەردەییەوە هەڵەیەکی گەورەیە)، بەڵام لە هەمانکاتدا نامۆیە بە گەلێ لایەنی نەتەوەیی و بەهاکانی کەلتووری و کوردەواریش- ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەتوانین بڵێین ئەمە نەوەیەکە، بە رادەیەکی زۆر، دوورە لە بەهاو نەریتی شۆڕشگێڕی، سروشت و میزاجێکی کوردانەی"نییە". بێگومان ئۆباڵی ئەمەش لە ئەستۆی کۆمەڵ و سستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی دایە، چونکە پێگەیاندن و پەروەردەکردن ئەرکی سەرەکیی کۆمەڵگا و سستەمەکەیە- ئایا هەرێمی کوردستان لە راستیدا نەوە و ئەندامی لەم بابەتەی گەرەکە؟ یا ئەوەتا ئەمە بەڵگەی بێئاگایی و نەبوونی پلان و سستەمێکی پەروەردەکردنە لە کۆمەڵگاکەماندا!... روونیشە کە هەردوو ئەلتەرناتیڤ دژ و ناکۆکن بە پێداویستییەکانی هەلومەرجی مێژوویی و ناسکی ئیمڕۆی کوردستان.

هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشە و زاراوە بۆ دەربڕینی واقیعی کوردستان کارێکی پڕ بایەخ و گرنگە، بەتایبەتیش لەلایەن سەرکردایەتی و سیاسەتمەدارانەوە، چونکە ئەم وشە و زاراوانە لە دەم ئەمانەوە بڵاو دەبنەوە و دەبن بە پێناسە، دەبن بە رێبازی خەبات و کارکردن و، هەندێ جار، میتۆدی ژیانیش. لەم رووەوە بەکارهێنانی وشەی"ئەزموون" بۆ پێناسەکردنی رەوشی ژیانی نەتەوەی کورد هەرگیز لە جێی خۆی نییە و بگرە زەرەر و زیانیشی زۆرە، چونکە، وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، "ئەزموون" جگە لەوەی لایەنی نێگەتیڤیش بەخۆوە دەگرێ، هەروەها وێنایەکی کاتیش لای خەڵك دروستدەکات بۆ دیاردەکە، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە ماوەی دە ساڵە رۆژانە کاری جیددی دەکەین لە بواری بیناکردن و ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنان، دەزگای گرنگ و چارەنووسسازمان- وەکو پەرلەمان و حکومەتی کوردستان- دامەزراندوون و هەمیشە خەڵك و تاکە کەسان هاندەدەین بۆ زێتر کارکردن و خۆبەختکردن، بۆ گەڕانەوەی ئاوارە و کۆچکردوان لە دەرەوە... هەموو ئەمانە بۆ"ئەزموون"ێکی کاتی و رەنگە سەرنەگرێ- ئەنجام نادرێن!

کەواتە زاراوەی"ئەزموون" هەرگیز دەورێکی پەروەردەیی ئیجابی نابینێ و لە هەمانکاتدا واقیع و هیواو ئامانج و گیانی نیشتیمانپەروەری و نەریتی شۆڕشگێڕیی رۆڵە دڵسۆزەکانی کورد دەرنابڕێ.

- لە سەنتەری برایەتی (٢٠٠١/٢١)دا بڵاوکراوەتەوە.

## فیدڕاڵی، کۆنفیدڕاڵی، ریفڕاندوم و هەڵبژاردن لە کوردستاندا

فیدڕاڵیزم شێوازێکی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فرەنەتەوەییدا؛ ئەم شێوازەش دەبێت دیموکراتیانە بێت، چونکە بنەما سەرەکییەکەی داننانە بە مافەکانی نەتەوە و توخم و رەگەزە جۆراوجۆرەکانی ناو سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە. دەوڵەتی فیدڕاڵی ئەگەرچی سەنتراڵی نییە، بەڵام یەکگرتووشە- حکومەتە ناوچەییە فیدڕاڵییەکان، بە رێگەی چەند دەزگایەکی تایبەتەوە، شێوازێکی گونجاوی پەیوەندیی بە مەرکەزەوە فەراهەم دەکەن. فیدڕالیزم هەرچەندە لەسەر بنەمای دیموکراتییە، واتە دابەشکردنی ئیداری، کەلتووری... بەڵام جۆرە هەرەسەرەکییەکەی لەسەر بنەمای نەتەوەییە، واتە دابەشکردنی وڵاتەکە بۆ چەند ناوچەیەکی جوگرافی- نەتەوەیی و ئەم جۆرە فیدرالیزمەش رێگەچارەیەکە بۆ کێشەی نەتەوەیی لە دەوڵەتێکی دیموکراتدا.

لە دەوڵەتی عێراقی تازەشدا، کە رزگاریبوو لە رژێمی دکتاتۆری، دەبێ شێوازێکی حوکمڕانیی دیموکراتی پیادەبکرێ بە مەبەستی رازیکردنی توخم و رەگەزە سەرەکییەکانی- ئەویش بۆ چارەکردنی کێشەی مانەوەی خۆی وەکو دەوڵەت لە قۆناغی ئێستادا، دەنا فیدڕالیزم هەرگیز چارەسەرییەکی سەرتاسەریی نییە بۆ نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆن کەسی کە خاك و زمان و کەلتووری ئێتنیکیی سنوورە دەوڵەتییەکانی ناوچەکەیان بەزاندبێ- فیدڕالیزم زێتر رێگەچارەیە بۆ عێراق خۆی، وەکو دەوڵەت، نە بۆ کورد؛ بەڵام ئەم دیموکراتیایەش پێویستی بەهێزێکە بۆ پاراستن و داکۆکی لێکردنی، چونکە نە مێژوو و نە کەلتوور و نە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی ئێستای خەڵکی عێراق و عەرەب بە گشتی هەرگیز رەچاوی ئەوەیان لێ ناکرێ بەرزببنەوە بۆ رادەی دامەزراندنی دەوڵەت و حوکمڕانییەکی دیموکرات؛ وەکو یاسایەکی گشتیش نەتەوەی باڵادەست هەرگیز ئامادەنییە بە خۆشی دەسەڵات لەگەڵ نەتەوەکانی ژێر دەستی بەشێتەوە- ئەوەش مێژوو باش سەلماندوویەتی.

بۆ کوردیش فیدڕالیزم ئەگەرچی، وەکو گوتمان، چارەیەکی سەرتاسەریی نییە بۆ کێشە نەتەوەییەکەی، لە هەمانکاتدا ئاماژەیەکیشە بۆ هەنگاوێك بەرەوپێشەوەچوون لە



بواری هوشیاریی سیاسیی کورد لە کوردستانی باشوور، چونکە کورد لەم بەشەی کوردستان لە ماوەیەکی درێژی خەباتی سیاسیی- نەتەوەییدا ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیی لە ئاستێکی گەلێ نزمتردا قورغ کردبوون.

سەبارەت بەمەش، راستە هەلومەرج و هۆکاری بابەتیی کاریگەر زاڵبوون، بەڵام خۆ دەبێ لە هەموو ئەو ماوەی خەباتەدا هۆکاری زاتیش گەشە بکات و تەکانبدات لە پێناو ملکەچکردنی هۆکارەکانیتردا. بەداخێکی زۆرەوە، لە حاڵەتی خەباتی نەتەوەیی کورددا ئەم تەکانەی هۆکاری زاتی وەکو چۆن دواکەوت، ئاواش لە ئاستی پێویستدا نەبوو... هەربۆیەش لەکاتی رووداوێکی وا گەورەی چەشنی داگیرکردنی عێراقدا، فاکتەری کوردی، لەگەڵ دەوری زۆریشی، کەچی لەلایەنی ستراتیجییەوە، بەڕای ئێمە، دیسان کورتی هێنا- فیدڕالیزم، وەکو داواکاریی کورد بۆ مانەوە لە ناو قەوارەی عێراق، لەگەڵ ئاست و گەورەیی ئەو رووداوەدا هەرگیز گونجاو نەبوو.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئاستی پێشکەوتنی عەرەبی بەتایبەتی عێراق لەو رادەیەدا نییە فیدڕالیزم بە کورد رەوابببینێ، چ جای کۆنفدڕالی کە شێوازێکی حوکمڕانیی تەواو سەربەخۆیەو پابەندبوونی بە (مەرکەز)ەوە رواڵەتیانە و پرۆتۆکۆلانە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەشەدا دەبێت؛ هەروەها هۆکاری زاتیی کوردیش، بەو سەنگ و قورساییەی ئێستاکەی کە بەحاڵ دەتوانێ پێ لەسەر فیدڕالیزم دابگرێ، هەرگیز لە توانایدا نییە، دە هەر لە خەیاڵیشدا نییە، ستاتووسی کۆنفدڕالی بۆ خۆی بکاتە ئامانج- ئەوەنەبێ، ئەگەر توندوتیژی و ڤەندالیزمی عەرەبی زێتربڕوا و ئەوان سنوورمان بۆ دروست بکەن... لەو حاڵەتەشدا مەسەلەکە، بەڕای ئێمە، دوورتر لە کۆنفدڕالی دەڕوا.

هەموو ئەو ئامانجە نەتەوەیی و ستراتیجیانە و ئەو ستاتووسانەی وەدەسدێن، دەبێ بەڕای هەموو ئەندامانی نەتەوەکە و بە بەشداری و خەباتی سیاسیی ئەوان بن- ئەمانە پرسی چارەنووسسازن. هیچ رەوانییە حیزبێك یان چەند کەسێك بڕیار لەسەر چارەنووسی نەتەوەیەك بدەن، لە کاتێکیشدا کە خەباتی نەتەوەیی لە ناوەڕۆکدا خەباتێکە لە پێناو دیموکراتیا، دەبێ ئاستی هەرەنزمی دیموکراتیا لە رەوتی ئەم خەباتەدا پیادەبکرێ و هەر نەبێ راپرسییەك لەسەر چارەنووسی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە ئەنجامبدرێ؛ ئەمەش هەرگیز لە دەسەڵات و شەرعییەتی حیزب و سەرکردەکان کەم ناکاتەوە، کە زۆر لەوە

دەترسن، بگرە بەهێزتر و توندتریان دەکات و لە هەمانکاتیشدا بەرپرسیاریی مێژوویيان لەسەر کەمدەکاتەوە- مەسەلەکە تەنیا لەوەدایە کە پرانسیپی دیموکراتیا پیادەبکرێ و رای خەڵکیش رێزی لێ بگیرێ.

کە ئەمە نەکرا، جێگەی خۆیەتی بزاڤی راپرسی (ریفیراندووم) لە کوردستان سەرهەڵبدات و شایانی ئەوەیە لەلایەن جەماوەری کوردەوە ئەوپەڕی پشتگیریی لێ بکرێ، تاکو ئێستاش ئەو جەماوەرە پێشوازییەکی باشی لە بزاڤی راپرسیی کردووە. ئەگەر سەرنج بدەین، ئەو جۆرە پێشوازییەی جەماوەر بۆ ریفراندوم ئاماژەیەکی روونە بۆ تینوویی خەڵك بۆ دیموکراتیا، ئارەزوویان دەردەخات کە دیموکراتیانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، دەنگ و سەنگیان بە هەند وەربگیرێ، مەبەستیانە کە بەشداربن لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی نەتەوەییيان...

هەڵبژاردن یەکەمین و سەرەکیترین پرانسیپی دیموکراتیایە و بۆ بەشدارکردنی جەماوەر لە دەسەڵات و پرۆسەی سیاسی، تاکو ئێستا، گونجاوترین شێوازە- بۆیەش لە کۆمەڵگا هوشیار و پێشکەوتووەکاندا هەڵبژاردن بووە بە میتۆدی ژیان، بەڵام هەڵبژاردن ئەوکاتە بایەخ و کاریگەریی دەبێ کە لەلایەن جەماوەرێکی هوشیار و بەئاگاوە پیادە دەکرێ- ئەوانەی دەتوانن هەڵبژێرن و ئاستێکی هوشیاریی شیاویان هەیە بۆ هەڵبژاردن، ئەگەرنا هەڵبژاردن دەبێتە شانۆگەرییەك گەمەی سیاسی پێدەکرێ و چاوی جەماوەری پێ دەبەسترێ؛ لە گەلێك وڵاتانی جیهانی دواکەوتوو دەوری هەڵبژاردن لەمە زێتر نییە. لە کۆمەڵگای ئێمەشدا کە تاکو ئێستا تاقە هەڵبژاردنێکی لێ رووداوە و ئاکامەکانیشی، لەبەر نزمیی ئاستی هوشیاریی جەماوەر و ئارەزووی لایەنە سیاسییەکان بۆ پاوانکردنی دەسەڵات، کارەسات ئامێزبوون؛ ئەگەرچی لە ماوەی ئەم ١٣ ساڵەی دوای هەڵبژاردن ئاستی هوشیاریی خەڵك، بێگومان، پێشکەوتووە، بەڵام پێدەچێ هێشتاش بە رادەی پێوست نەبێت... بۆیە هەڵبژاردنی وڵاتی ئێمە پێویستی بە زەمینە خۆشکردنە، کارو خەباتی دەوێ بۆ تێگەیاندن و هوشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بە گرنگی و بایەخ و دەورو وەزیفەی هەڵبژاردن، بە پێچەوانەی ئەمە، هەڵبژاردنی دووەمیشمان شتێکی زێتر ناکات جگە لە دووبارەکردنەوەی شانۆگەرییەکەی پێشوو، رەنگە، بە هەندێ جیاوازیی بچووکەوە.



بە گشتیش، هەموو ئەوە پەیوەستە بە ئاست و بوارەکانی (گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی) لە کۆمەڵگای کوردیدا لەم ماوەیەی رابردوودا کە تا چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی ئەندامانی کۆمەڵ- ئەم کاریگەرییەش ئەگەرچی رەنگدانەوەی خۆی هەیە لە ژیانی رۆژانەیاندا و دەکرێ هەر نەبێ تارماییەکەی بەدی بکەین، بەڵام دەبێ رەچاوی تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی سیاسی و رەوشە سیاسییەکەی کوردستان بکەین بە گشتی... بۆیە ئەمجارەش، بەداخەوە، نابێ چاوەڕێی هەڵبژاردنێکی (دیموکراتیانە) بین.

## مەعریفە، هوشیاریی کۆمەڵایەتی، هوشیاریی نەتەوەیی!

مەعریفە بنچینە و بنەمای هەموو جۆرە هوشیارییەکە؛ بۆ ئەوەی مرۆڤێك بە هوشیار لە قەڵەم بدەین، دەبێ ئاستێکی مەعریفی هەبێت و مرۆڤیش بە هوشیاری (الوعی) لە گیانلەبەرەکانی دی جیادەبێتەوە. مەعریفەش، لە روانگەی سۆسیۆلۆژیاوە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەمیشە پابەندی ژیانی کۆمەڵایەتی و بنیادی کۆمەڵایەتی دەبێت؛ بە گوتەیەکی دی، کۆمەڵگا جۆر و ئاستی مەعریفە بۆ ئەندامەکانی دیاریدەکات، بۆیەش مەعریفەی باو لە کۆمەڵگایەکدا هەمیشە لە خزمەت کۆمەڵگا و بۆ پاراستنی بنیادە کۆمەڵایەتییەکەی دەبێت. لێرەشدا، وەکو چۆن مرۆڤی تاك، ئاواش کۆمەڵ ئاستێکی دیاریکراوی هوشیاریی دەبێت و ئەو ئاستە لەسەر ئەو مەعریفەیە دەوەستێت کە لە کۆمەڵگاکەدا باو و باڵادەست دەبێت و ئەو مەعریفەیە شەقڵ و سیماکانی خۆی بەو هوشیارییە دەبەخشێت کە پێی دەگوترێ (هوشیاریی کۆمەڵایەتی).

شایانی ئاماژەپێکردنیشە مەعریفە بەسەر چەند جۆرێك دابەشدەکرێت. لەم رووەشەوە چەند پۆلینکردنێکی جۆرەکانی مەعریفە هەن و نزیکەی هەر زانا و بیرمەندێکی کۆمەڵناس تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ جۆرەکانی مەعریفە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین پۆلینکردنێکی گشتی بۆ جۆرەکانی مەعریفە بخەینەڕوو کە ئەم جۆرە مەعریفانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- مەعریفەی رەمەکی- واتە ئەو مەعریفەیەی کۆمەڵگا بە رێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التشنە الاجتماعیە)یەوە دەیدا بە ئەندامەکانی و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە شارەزایی و ئەزموونی ژیان و پەند و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو مەعریفەیە مرۆڤی تاك دەکات بە کەسێکی کۆمەڵایەتی.

٢- مەعریفەی زانستی- جۆرێکە لە مەعریفە کە پشت بە سەلمێنراوەکانی ژیانی ماددی دەبەستێت و بە رێگەی تاقیکردنەوە و پراکتیك، نهێنییەکانی ژیانی واقیعی و ماددی ئاشکرا دەکات و بەمەشەوە کۆمەڵگا پێش دەخات و گەشەی پێدەکات.



٣- مەعریفەی رۆحی (ئایینی)- ئەوەش جۆرێکی گرنگی مەعریفەیە، کاریگەریی گەورەی لەسەر بیر و ناخ و دەروونی ئەندامانی کۆمەڵ دەبێت و بەشێکی فراوانی ژیانی رۆژانەیان و گەلێ لایەنی ئەو ژیانەیان دیاریدەکات.

٤- مەعریفەی فەلسەفی- ئەوەش مەعریفەیەکە لە هەردوو مەعریفەکانی پێشووتر نزیکە و بە رادەیەکیش ئاوێتەی هەرووکیان دەبێ، چونکە هەموو ئایینێك بۆچوونی فەلسەفیانەی خۆی بۆ راوانین لە ژیان و دنیاو خەلق و کۆتایی و سزاو پاداشت هەیە، واتە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکە بۆ ژیان. لە هەمانکاتیشدا، فەلسەفە ئێستاکە بە یەکێك لە زانستەکان دادەنرێ، ئەگەرچی بابەت و شێوازی گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی لە (زانست) هەندێك جیاوازن. جیا لەوەش هەموو زانستەکان هەریەکە رێچکەی فەلسەفی خۆی هەیە و دەرئەنجامەکانی بۆ دۆزینەوە و رووهەڵماڵینی نهێنییەکانی ژیان و لێکدانەوەیەتی (تەفسیرکردنیەتی)- ئەوەش زانست بۆ باوەشی فەلسەفە دەگەڕێنێتەوە کە هەر خۆشی، واتە فەلسەفە، لە کۆندا باوکی زانستەکان بوو.

لەم گۆشەنیگایەوە، هەریەك لەم جۆرە مەعریفانە لە کۆمەڵگادا باو و باڵادەست بێت، ئەوا، وەکو گوتمان، ئاست و شێوەی هوشیارییە کۆمەڵایەتییەکەی دیاری دەکات هەر بۆیەشە کۆمەڵگاکان بۆ: (کۆمەڵگای تەقلیدی)، (کۆمەڵگای پێشکەوتوو)...هتد پۆلین دەکرێن. کەواتە، دەتوانین لەبەر رۆشنایی ئەوەی گوترا هوشیاریی کۆمەڵایەتی بەم جۆرە پێناسە بکەین: بریتییە لە ئاستێکی دیاریکراوی باری فیکری و هۆشمەندیی کۆمەڵ کە بە گوێرەیەوە رەفتار دەکات، هەڵوێست و چالاکی دەنوێنێ. ئەو (ئاستە دیاریکراوە)ش لەسەر رادەی پێگەیشتوویی توخمەکانی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و دەورو کاریگەرییان دەوەستێت، ئەو توخمانەش وەکو: زانست، فەلسەفە، هونەر، ئەدەب، ئایین، دابونەریت.... واتە سەرچاوەکانی مەعریفە بە گشتی. شایانی جەختکردنەوەشە زاڵبوونی هەریەك لەو توخمانەی هوشیاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا، ئەوا شەقڵ و سیمای تایبەتی خۆی بە هوشیارییەکە بە گشتی دەبەخشێت.

کۆمەڵگا دیاردەیەکی تا بڵێی گەورە و ئاڵۆزە، توخم و لایەنی زۆر و هەمەجۆری هەن، هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە لایەنی جۆراوجۆر و، هەندێ جار، نادیار و شاراوەی هەن و هەستپێکردنیان ئاسان نییە. لەم رووەوە، گرنگترین و کاریگەرترین لایەنی کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی، لایەنی نەتەوەیی (ئێتنیکی)یە، گرنگی و بایەخی ئەم لایەنەش، بەتایبەتی، لەمەدایە کە هیچ کۆمەڵگایەك نییە سیما و ماکی نەتەوەیی نەبێت، بگرە

کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بە لایەنی نەتەوییانەوە لێك جیادەکرێنەوە؛ بۆیە شەقڵ و سیما و نیشانە و ماکە نەتەوەییەکان بە رادەیەك گرنگن کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی پسپۆرانە هەیە.

دیاردەی نەتەوەیی هەرەدیار و بەرچاوی کۆمەڵگانیش هوشیاری نەتەوەیی ئەندامەکانیانە کە ناسنامەی نەتەوەییان دیار دەکات. هوشیاریی نەتەوەییش، بەهەمان جۆری هوشیاریی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی بە باری فیکری و مەعریفیی ئەندامانی کۆمەڵگا و نەتەوەکەوە هەیە، ئەوەش چونکە پێشتر گوتمان مەعریفە بنچینە و بنەمای هەموو جۆرە هوشیارییێکە و هوشیاریی نەتەوەییش تەنیا هەستێك نییە ئینتیمای تاکەکەسان بۆ نەتەوەیەك بسەلمێنێ، بەڵکو هوشیاری هەمیشە زانیاری و مەعریفەی لەگەڵدایە- بۆیە هوشیاریی نەتەوەیی، دەتوانین بڵێین، بریتییە لە مەعریفەی تەکەکەسان دەربارەی زمان، مێژوو، کەلتوور و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی خۆیان. لەم رووەوە، جۆری مەعریفەی باڵادەستی کۆمەڵکای نەتەوەیەك، رادەی کزی و لاوازی یان بەهێزیی هوشیاریی نەتەوەیی ئەندامەکانی دادەرێژێ. بە مانایەکیتر، ئەگەر مەعریفەی زانستی لە کۆمەڵگای کوردیدا زاڵ و بەرقەرار بێت، ئەوا بێگومان هوشیاریی نەتەوەیی ئەندامەکانی پتەو و بەهێز دەبێت، چونکە زانیارییەکانیان دەربارەی، زمان، مێژوو، جوگرافیا، کەلتوورو تایبەتمەندییەکانیان زانستییانە دەبن. بە پێچەوانەشەوە، مەعریفەی رەمەکی، لەگەڵ گرنگیشی، مرۆڤ فێری مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیان دەکات، کە بە پلەی یەکەم ئنتیمای تاکەکەسان بۆ خێزان، بۆ خزمایەتی و خێڵ و بۆ کۆمەڵگا دروست دەکات؛ لەم جۆرە مەعریفەیەدا مرۆڤ، لە جیاتی هوشیاریی نەتەوەیی، خۆناسیی ئێتنیکی بۆ دروست دەبێت (الوعي الذاتي الاثني) ئەم خۆناسییەش پشت بە هەندێ زانیاری دەبەستێت کە لە زۆربەی حاڵەتدا، میتۆلۆژی و ئەفسانەوین، وەکو باوەڕ بە هەبوونی یەك تاقە باپیرە گەورە، خوێنی پاکی ئێتنۆس (میللەت)، یان میللەتی هەڵبژاردەی خودا (شعب الله المختار)...هتد و سەلماندنی ئەم جۆرە بۆچوونانە لە توانادا نابن، بە پێچەوانەی زانیاریی زانستی. هەروەهاش سەبارەت بە دەوری مەعریفەی رۆحی (مەعریفەی ئایینی)، ئەمیش پشت بە زانیاریی میتۆلۆژی و بەدەرئاسا دەبەستێ و بە پلەی یەکەم هوشیاریی ئایینی لای خەڵك دروست دەکات و لایەنی نەتەوەیی بە پلەی دووەم یان سێیەم دێت، یان هەر بایەخی پێ نادات، ئەگەرچی مێژوو و ئەزموونی ژیان بەگشتی بایەخ و گرنگیی پلە یەکەمی لایەنی کۆمەڵایەتی- نەتەوەیی دەرخستووە و لە پێشەوەی



لایەنەکانی دیەوەیە، بەلایەنی ئایینیشەوە. ئەم راستیەش زۆر بە روونی لە پەندێکی کوردیدا رەنگیداوەتەوە کە دەڵێ: (مرۆڤ لە دین دەبێت بەلام لە خێن نابێ). هەر بە پەیوەندیی بەمەشەوە، بیستراوە کە سەرلەبەری نەتەوە و میللەتان ئایینی خۆیان دەگۆڕن و بە کۆمەڵ دەچنە سەر ئایینی دی، بەڵام هەرگیز رووی نەداوە کە خەڵکی، بە کۆمەڵ، ئینتیمای نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن. شایانی ئاماژەپێکردنیشە لایەنی ئایینی لەگەڵ ئەو دەورە باڵایەشیدا و قوتبوونەوەی هەندێ جاران لە بەرامبەر لایەنی نەتەوەییدا، کەچی ئاین خۆی بەشێك یان توخمێکی کەلتووری گیانیی میللەتانە و کەلتووریش، بە هەردوو لایەنییەوە -ماددی و گیانی، هەمیشە نەتەوەییە، بۆیە لێرەدا ئاین و نەتەوە، بە رادەیەکی زۆر، یەکدەگرنەوە و یەکدی تەواو دەکەن- ئەگەرچی هەریەکێکیان تا بۆی بلوێ زێتر بەلای خۆیدا رادەکێشێ؛ هەربۆیەشە لە حاڵەتی زاڵبوونی مەعریفەی رۆحی لە کۆمەڵگایەکدا هوشیاریی ئایینی ئەندامەکانی بەهێز دەبێت و لایەنی نەتەوەییش کز و لاواز، (بەڵام لە حاڵەتی هەبوونی ئایینی نەتەوەیی وەکو جوولەکەیی، ئیزیدی...هتد بارەکەی هەندێك جیاواز دەبێت). لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوەی لە سەرەوە گوترا، هەوڵدەدەین رادە و ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی کورد و دیاردە و پێوەرەکانی بخەینەڕوو.

کورد لە ناوەندی ناوچەیەکی مێژوویی- کەلتووریی بەرفراواندا ژیاوە، کە تیایدا پرۆسە و رووداوی گەورە و کاریگەری مێژوویی-سیاسی، سیاسی-جەنگی و هەروەها ئێتنۆ- کەلتووری روویانداوە و سەر لەبەری ئەو ناوچەیەیان تەنیوە. کوردیش وەکو ئێتنۆسێکی ئەم ناوچەیە لە ناو ئەم رووداوانە هەرگیز بێ دەور نەبووە و ئێستاکە لە رۆژگاری وردەوردە زاڵبوونی مەعریفەی زانستیدا، هەر خوێندنەوەیەکی مێژوویی ئەم ناوچەیە بە پشتگوێ خستنی دەوری کورد، بەلای کەمەوە، نازانستیانە دەبێ. جا ئەو جێگە و رۆڵ و چالاکییەی کورد لە مێژووی ناوچەکەدا بەڵگەی ئاستێکی بەرزی خۆناسیی ئێتنیکییەتی و هەر مانەوەی کورد لە ناوچەکەدا وەکو ئێتنۆسێك لە بەرامبەر ئەو هەموو فشار و شاڵاو و پرۆسە و رووداوە گەورانەدا، تەنیا ئەمە، خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئاستی ئەم خۆناسییە ئێتنیکییەیە. ئێمە دەڵێین خۆناسیی ئێتنیکی، نەك هوشیاریی نەتەوەیی، چونکە دەتوانین لە دەرئەنجامەکانی دەور و چالاکیی مێژوویی کورددا چەند توخم و هۆکارێکیتر بەدی بکەین کە باڵیان بەسەر لایەنە نەتەوەییەکەدا کێشاوە؛ بۆ نموونە، چالاکی و دەور و پێگەی سەلاحەدینی ئەیوبی کە تیایاندا هۆکاری کۆمەڵایەتی- ئایینی جێگەی سەرەکییان گرتووە. سەلاحەدین خۆی و دەوڵەتە

بەرفراون و بەهێزەکەی بەناوی (ئەیوبی)ەوە ناسراوە کە ناوی بنەماڵەکەیتی نەك بەناوی کورد، ئەمەش بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، ئەوساکە ڕێکخراوەی بنەماڵەیی- خێڵەتی دەوری سەرەکی و بنچینەیی هەبووە لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا و لەم جۆرە کۆمەڵگایەشدا، وەکو ئاشکرایە، بەجۆرێکی سەرەکی مەعریفەی ڕەمەکی و ئایینی بەرقەراربووین. شایانی باسە کە ئەمەش نە تەنیا لای کورد وا بووە، بەڵکو ئەمە سیمای قۆناغێکی مێژوویی بەرفراوان بووە کە پێی دەگوترێ (قۆناغی دەرەبەگایەتی- فیۆدالیزم) و هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتبووەوە، هەر بۆیەش هەموو دەوڵەتەکانی پێش و پاش دەوڵەتی ئەیوبی لە ناوچەکەدا بەناوی بنەماڵەی دامەزرێنەرانیانەوە بووین: دەوڵەتی ئەمەوی، دەوڵەتی عەباسی، سەلجوقی، عوسمانی....هتد. لەلایەکیتریشەوە، هەموو ناوبانگ و شوهرەتی سەلاحەدین بەستراونەتەوە بە شەڕەکانییەوە لەگەڵ خاچ هەڵگران و داکۆکیکردن لە خاکی موسڵمانان بەناوی ئایینەوە. بۆیە هۆکاری کۆمەڵایەتی- ئایینی، بەجۆرێکی سەرەکی، ناسنامەی سەلاحەدینیان دیاریکردووە و لایەنی نەتەوەیی بە جارێك بزرە. هەروەهاش سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان میرنشینە کوردییەکان کە لە ماوەی حەوسەد ساڵان، لە سەدەی دوازدەمەوە تا دەگاتە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، هۆکاری بنەماڵەیی و خێڵەتی باڵادەست بووە و بەرژەوەندییەکانی ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە، واتە ڕێکخراوەی بنەماڵەیی- خێڵەتی، چارەنووسی میرنشینەکانیان نەخشەکێشاون؛ هەر بۆ نموونەش پەیوەندیی نێوان میرنشینانی ئەردەلان و بابان کەرستەیەکی باشی ئەم بابەتەی ئێمەیە (بڕوانە: کتێبی ڤاسیلیڤا، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، د. ڕەشاد میران کردوویە بە کوردی، هەولێر ١٩٩٧). جگە لەمە، دواتریش، لە ڕۆژگاری نوێدا نموونەی ئەوەمان زۆرە کە هەموو خێڵ و بنەماڵەکانی کوردستان بەشدارییان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەکردووە- ئەوەش لەبەر بەرژەوەندیی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکەیان کە تیایاندا مەعریفەی ڕەمەکی و ئایینی دەوری سەرەکییان بینیوە.

بەڵام لەگەڵ گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی بنیادی کۆمەڵایەتی نوێ و هاتنە پێشەوەی مەعریفەی زانستی لە کوردستان، هوشیاری نەتەوەیی کوردیش وردەوردە دروست دەبوو و گەڵاڵەی دەکرد. لە ڕاستیی لانادەین گەر بڵێین زانایانی گەورەی سەرەتای سەدەی بیستەم: تۆفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی، ڕەفیق حیلمی، پیرەمێرد، بێکەس... هتد بە بەرهەمە زانستی و ئەدەبیە نایابەکانیانەوە دەورێکی باڵایان لە دروستبوون و



پەرەپێدانی هوشیاریی نەتەوەیی کورد بینیوە- کە دەرئەنجامەکەی پێکهێنانی حیزبی سیاسی- نەتەوەیی، وەکو ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی سەردەمانەی لێکەوتەوە و ئەمەش وایکرد کورد وەکو نەتەوەیەك خۆی بنوێنێ، زانستیانە و ڕوونترو بوێرانەتر وجود و کیان و مافەکانی خۆی دەربڕێ، بەڵام هوشیاریی نەتەوەییش، وەکو هەموو دیاردەکانیتری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، شێوەی پرۆسەیەك وەردەگرێ و پلە و ئاستی جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرێ، لە ئەنجامدا هوشیاریی نەتەوەیی کورد وەکو چۆن بەگڕ و تێن و تاو و گوڕمێکی زۆرەوە دروستبوو، بە هەمان جۆر دواتر پەرەی نەسەند... بۆ ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوریان بینی، بۆیەش کزی و بێهێزی بە هوشیارییە نەتەوەییەکەشەوە دیاربووە. جار جارە هوشیاریی نەتەوەیی کورد هێز و بووژانەوەی باشی بەخۆوە دیوە و دەرئەنجامی گەورەی لێکەوتۆتەوە، وەکو: دامەزراندنی کۆماری مەهاباد ١٩٤٦، بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، بەڵام وەکو گوتمان، دیاردە و ڕووداوی سیاسی- کۆمەڵایەتی ڕێگەیان بە پەرەسەندنی ئەم دەرئەنجامانە نەداوە، وەکو: توانا و دەور و چالاکیی دوژمنانی دەرەوە و گەلەکۆمەکیان لە دژی کورد، ناکۆکی ناوەوە و زۆرانبازیی لەسەر دەسەڵات، شێوازی بیرکردنەوە و جۆری تێڕوانین لە کێشە و لە مەسەلەکان بە گشتی...هتد. ئەگەر سەرنج بدەین، دەور و چالاکیی دوژمنانی دەرەوەی لێ دەرچێ، هۆکارەکانی دی ڕێك هەموویان کۆمەڵایەتین و تیایاندا مەعریفەی باوی کۆمەڵگای کوردی دەوری سەرەکی بینیوە. پەرەسەندنی ڕووداوەکان لە دواتریشدا بە هەمان جۆربوو و هەمان بەربەست و ئاستەنگەکان دەوری خۆیانیان بینییەوە و، وەکو هەموومان دەزانین، شەڕی ناوخۆی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بینە قاقای ئامانجەکانی کوردی گرتبووەوە.

لێرەدا ئێمە، لە هەموو ماوەی پێش ڕاپەڕیندا، نکۆڵی لە هەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی کورد ناکەین و هەروەهاش ناتوانین نکۆڵی لە هەبوونی مەعریفەی زانستی بکەین، بەڵکو ئەوە جەخت دەکەینەوە کە زێدەبوون و پەرەسەندنیان بە ڕادە و لە ئاستی پێویست نەبوون، بۆیەش دەرئەنجامەکان درەنگ و بە ناکامڵی پێدەگەیشتن. ئەو هەلومەرجەی شەڕی کەنداو ساڵ ١٩٩١ بۆ ڕاپەڕینی ڕەخساند، دەبوایە بزووتنەوەی کورد و هوشیارییە نەتەوەییەکەی، بەلای کەمەوە، دە ساڵ پێشتر ئەمەی کردبا، بەڵام نەیتوانی، ئەوەش لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاستی مەعریفی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

نه هەر ئەوە، بەڵکو دوای ڕاپەڕینیش لەگەڵ چەند دیاردە و ڕووداو و دەسکەوتی نەتەوەیی گەورە کە کورد وەدەستی هێنان، هەمان ڕەوتی قەیراناوی بەرسنگی کوردی گرتەوە کە دیاردە هەرە گەورەو کوشندەکەی شەڕی ناوخۆیی بوو؛ کاتێکیش شەڕی ناوخۆ، بە هەر شێوەیەك بێت، کپ کرایەوە و زۆرانبازی لەسەر دەسەڵات شێوازی دی بەخۆوە گرت، ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان جۆرە هێمنی و سەقامگیرییەکی بۆ ڕەخسا، دەتوانین بە ڕوونی گەلێ دیاردە و ڕەفتاری ناکۆك بە هوشیاریی نەتەوەیی و ئاکار و مەراڵی ڕاپەڕین لە ژیانی ڕۆژانەمان بەدی بکەین، کەچی لە بەرامبەریشیاندا ئێمە تا ئەوپەڕی کەمتەرخەم و بێ باکین. دیاردەی هەرە ترسناك هەڵوێستمانە بەرامبەر بە زمانی خۆمان و پشتگوێخستنی لە بوارەکانی ژیاندا، کەچی زمان نیشانە و ماکی هەرە گرنگی نەتەوەییە و، زۆرجاران، مرۆڤ بە زمانەکەیەوە ناسنامەی نەتەوەیی بۆ دیاردەکرێ- ئەوەش لەبەر گەورەیی و گرنگی زمان خۆیەتی کە ئەگەرچی لە کەلتوور جیاناکرێتەوە، بەڵام جێگەی تایبەتی و کەسایەتیی خۆی هەیە، بۆیەش هەمیشە دەگوترێ (زمان و کەلتوور). کەمتەرخەمیمان بەرامبەر بە زمانی کوردی، بەتایبەتی، لەوەدایە کە پاش دە ساڵ لە ڕاپەڕین هێشتاش کەسانی وا زۆرن (کوردی نازانن) و بۆ نووسین و خوێندنەوە بەکاری ناهێنن و گەلێکیش لەمانە، ئێستاکە، وەزیفە و پلەوپایەی گەورەیان پێدراوە- دیاریش نییە ئەوانەی نرخ و بایەخی زمانی نەتەوەیی خۆیان نازانن، دەبێ چی جۆرە مەعریفەیەکیتریان لا هەبێ بۆ ئەوەی پێشکەش بە (نەتەوە)کەیان بکەن!! نەك هەر ئەوە، خەڵکانێکی زۆری نیگەران هەن کە قوتابخانەی عەرەبی لێرەنین بۆ منداڵەکانیان، ئەمانە دڵیان بەوەندە ئاو ناخواتەوە کە زمانی عەرەبی وەکو دەرسێك دەخوێندرێ، بەڵکو لە ناخەوە ئەوەندە ناکوردن، ئەوەندە عاشق و دیل و ئەسیری زمانی عەرەبین، دەیانەوێ منداڵەکانیان وەکو خۆیان (ثقافەی عەرەبی)یان هەبێت، ئینجا زمانی کوردی دەبێ بەهیچ یان نەبێ، بەلای ئەمانەوە قیروسیایە. ئەمە دیاردەیەکە جگە لە مانای (نەبوونی) دڵۆپێکی هوشیاریی نەتەوەیی چیتر ناگەیەنێ. هەر بە پەیوەندیی بە زمانەوە، دیاردەی مانەوە و کارپێکردنی ناوە کۆنە عەرەبییەکانی دەوری ڕژێمە کە بە ئاشکراو بەبێ ئاولێخواردنەوە هێشتا هەر لەسەر زارانن (مستەشفا سەددام، سەبعە نیسان، جیش شعبی...). ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خەڵکی هێشتا هەست بەوە ناکەن ئەوا لە دەورو قۆناغێکی تردا دەژین و بەهاکان گۆڕاون- خۆ ئەم حاڵەتە ئاسایی دەبوو ئەگەر دەوری پێشوو، زەمانی ڕژێم، بۆ ئەم خەڵکە دەور و قۆناخێکی باش و لەبار و گونجاو بوایە و خێریان لێ



بینیبایە- ئەدی هەر ئەو خەڵکە نەبوو ڕاپەڕین و کوردستانیان لەو ڕژێمە پاك کردەوە! دیارە کەموکوڕی لە قۆناغ و دەسەڵاتی نوێیە کە نەیتوانیوە ناو و چەمك و زاراوە و بەها و زمانی خۆی لە ناخی ئەو خەڵکەدا بچەسپێنێ، بۆیەش نەك هەر خەڵکی ئاسایی، بەڵکو جاری وابووە کە بەرپرسێکی سیاسی و ئیدارییی گەورە بە ڕاشکاوییەوە، لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا، هەمان ئەم ناوە کۆنانەی بەکارهێناوە!!! کرۆکی مەسەلەکە لە ئاستی هوشیارییەکەدایە، هوشیاریی کۆمەڵایەتی بەگشتی و هوشیاریی نەتەوەیی بەتایبەتی، کە بنەما و بنچینەی هەردووکیشیان مەعریفەیە، مەعریفەی زاڵ و باڵادەستی کۆمەڵگای کوردیش هێشتا هەر مەعریفەی ڕەمەکی و مەعریفەی ڕۆحییە، کە ئەمانەش زێتر ئینتما بۆ ڕێکخراو و دەزگا و کەلتووری جۆریتر دروست دەکەن، ئینتیما بۆ نەتەوە و دروستبوونی هوشیاریی نەتەوەیی ئاستێکی بەرز کە ئەندامانی نەتەوە هان بدات بۆ پاراستنی ماك و مۆرك و بەها و کەرامەتی نەتەوەکە، تەنیا بە زاڵبوونی مەعریفەی زانستی لە کۆمەڵگادا دەڕەخسێ. کزی و لاوازیی مەعریفەی زانستی لە کۆمەڵگای کوردیدا، لە بەرامبەر هێشتا بەهێزیی جۆرەکانیتری مەعریفەدا، بەداخەوە پاساوێکە بۆ هەبوونی ئەو دیاردە دزێوانە کە ناکۆکن بە هوشیاریی نەتەوەییەوەو لەکەیەکن بەسەر تەوێڵی کەرامەتی نەتەوەییمانەوە- جارێش ڕەنگە هەروا دەمێنێتەوە تا دەستەیەك یان جوامێرێك دەورێکی مێژووییانە دەبینێ و هەنگاوە لەسەرخۆکانی بەرەوپێشەوەچوون ڕووە و وەرچەرخان و بازەهەڵدانێکی کۆمەڵایەتی- نەتەوەیی لە کوردستاندا وەگەڕ دەخا.

* ئێتنۆس- وشەیەکی یۆنانی کۆنە بە مانانی میللەت، لە زانستی ئێتنۆگرافیادا بە مانای کۆمەڵە خەڵکێکی جیاواز و سەربەخۆ و خاوەن نیشانە و مۆرکی تایبەتی بەکاردێت.

* ئەم وتارە لە گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) ١٧/ ٢٠٠٠ بلاوکراوەتەوە.

## زانكۆ و مەعریفە (كورتە تێز)

١- زانكۆ دەزگایەكی زانستی — ئەكادیمییە، لە چوارچێوەی سستەم و واقیعێكی كۆمەڵایەتیی دیاریكراودا كار و ئەركی مەعریفیی خۆی جێبەجێ دەكات؛ لەم رووەوە زانكۆ بەشێكە لەو سستەمەی كە كۆمەڵگا بەڕێوەدەبات، واتە توخمێكی سەرخانی كۆمەڵگایە، بۆیە پابەندە بە یاسا و ڕێسا و كەلتووری ئەو سستەمە كۆمەڵایەتییەوە. لەم روانگەیەوە زانكۆ، ئەگەرچی دەزگایەكی زانستییە، بەڵام ناتوانێ ئەبستراكتانە و دوورەپەرێزانە پەیامی زانستیی خۆی بگەیەنێ، دە زانست خۆشی شتێكی ئەبستراكت نییە تا لە ژیان و چالاكیی خەڵك بەدووری بگریت، بەڵكو زانكۆ ناچارە مامەڵە لەگەڵ ئەو بڕ و جۆرە مەعریفەیە بكات كە سستەمەكە بۆی دابین دەكات : لە كادیری زانستی، كتێب و میتۆدی زانستی، ئیدارە و بودجەی پێویست، ئاستی پەروەردە و فێركردن و رەوشی كۆمەڵایەتی بەگشتی.

لە بارودۆخی ئێستای كۆمەڵگای كوردیدا، زانكۆ خۆی لە رەوشێكی ئاڵۆزدا دەبینێتەوە؛ هۆكارگەلێك هەن كە ئەوپەڕی كاریگەرییان بەسەر زانكۆوە هەیە، وەكو هۆكاری: كۆمەڵایەتی — كەلتووری، سیاسی، ئایینی، ئابووری... هەموو ئەمانە بەڕادەیەكی بەرچاو گرفت و تەگەرە دەخەنە بەردەم ئەرك و پەیامی مەعریفیی زانكۆ. ئەگەر تەنیا، بۆنموونە، هۆكاری یەكەم وەرگرین، دەتوانین سەرنج بدەین كە كادیری زانكۆ، تا ئەوپەڕی، پابەندە بە داب و نەریت و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانەوە: بەشداریكردن لە بۆنە زۆر و جۆراوجۆرەكان : پرسە، ژنهێنان، مێوانداریكردن و سەردانی خزم و كەس و برادەر و دیوەخان و مزگەوت و بارەگاكان - زۆرجاریش ئەمە، بەداخەوە، لەسەر حسێبی ئەركە زانستییەكەی دەبێ — لە كاتێكدا مامۆستای زانكۆ، كە خاوەن پلەیەكی زانستی و كۆمەڵایەتیی بەرزە، نابێ نە كاتی ئەوانە و نە گەلێك باوەڕیشی پێ هەبن، دە هەر كۆمەڵگاش لەم ئەركانەی بووریبووە؛ یان لە شوێنێكی وەكو "دێی زانكۆ" كە جێگەی نیشتەجێبوونی مامۆستایانی زانكۆیە، دەبوایە شوێنێكی نموونەیی بێت، بەڵام پیسی و پۆخڵییەكەی بێ وێنەیە — منداڵان بە ئارەزووی خۆیان پیسایی فڕێدەدەن، ئاوی پیسی



هەندێ لە ماڵەكان گۆماویان لەسەر شەقامەكان دروستكردووە، كەمن ئەو ماڵانەی بەردەرگای خۆیان بە هی خۆیان بزانن ...

كۆمەڵگای كوردی كە تائەوپەڕی سیاسییە، تیایدا هۆكاری سیاسی تابڵێی كاریگەرە — زۆربەی مامۆستایانی زانكۆ ئەندام و كادیری حیزبی سیاسین؛ چونكە ئەگەر وانەبێ، گەلێك لەو شتانەی كە مامۆستا بە مافی خۆیی دەزانی لە دەستی دەچن، یان هەر رەنگە بە رێگەی ئەو حیزبەوە بووبێ بە مامۆستای زانكۆ — لەم حاڵەتەشدا، بۆ ئەم، ئەرك و چالاكیی حیزبی، لە ئەركە زانستییەكە، لە پێشترە.

ئاشكرایە كە لە كۆمەڵگای كوردیدا مەعریفەی ئایینی زاڵ و بەرقەرارە، جێپەنجە و كاریگەریی بەسەر هەموو بوارەكانی ژیاندا دیارە و دەزگای ئایینی، فەرمی و نافەرمی، دەسەڵاتێكی نیمچەڕەهای بەسەر ئەندامانی كۆمەڵگاوە هەیە. جا ئەگەر مامۆستای زانكۆ لە رووی كۆمەڵایەتی — كەلتووری و، هەروەها، سیاسییەوە جیاوازییەكی ئەوتۆی لە خەڵكیتر نەبێ، ئەوا بێگومان ئەمیش، وەكو ئەوان، لە ژێر كاریگەریی ئەو دەسەڵاتە دایە و، لە زۆربەی حاڵەتدا، ئەو مەعریفە ئایینییەی تێكهەڵكێشی مەعریفە " زانستییە" كەی كردووە، بەبێ ئەوەی دەرك بە جیاوازیی نێوان هەردوو جۆر مەعریفە، ئایینی و زانستی، بكات.

ئەمە و نابێ دەور و ئەرك و جێگەی زانكۆ بەدوور بگرین لە رەوشی نالەباری پەروەردە و فێركردن لە كوردستاندا — ساڵ بە ساڵ شاڵاوی قوتابیانی دەرچووی ئامادەیی ئاست نزمتر لە زانكۆكانی كوردستاندا دەپنگێنەوە. ئەمە جگە لە هۆكارگەلێكیتر.

جا، لە رەوش و هەلومەرجێكی وادا رووبەر و مەودای مەعریفەی زانستی لە دەزگایەكی زانستی- ئەكادیمیی وەكو زانكۆدا تابڵێی بەرتەسك دەبێتەوە.

٢- مەعریفە خۆی دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە، بەو مانایەی كە واقیعی كۆمەڵایەتی بڕ و جۆرەكانی مەعریفە بۆ ئەندامانی كۆمەڵگا دەڕەخسێنێ. تاكەكەس بەتەنیا نابێت بە خاوەنی مەعریفە، بەڵكو لە چوارچێوەی ئەو كەش و دۆخەی كە تیایدا دەژی بڕ و جۆری مەعریفەكەی بەدەسدێنێ — ماركس یان ئەینشتاین ئەگەر ئەندامی كۆمەڵگای كوردی بوونایە هەرگیز نەدەبوون بەم دووكەسە جیهانییەناسراوانە، لە رووی توانا و بەهرەی هزرییەوە رەنگە كەسانی لەو بابەتە لە كۆمەڵگای ئێمەشدا هەبن، كەچی رەوشە كۆمەڵایەتییەكەی ئێرە ئەو دەرفەتەیان بۆ فەراهەم ناكات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ

که ئەم دوو کەسە، مارکس و ئاینشتاین، بە ئاسانی و بێ گرفت بوون بە زانا و فەیلەسووف.

سەبارەت بە "مەعریفە و دەسەڵات"، بێگومان مەعریفە دەسەڵات بەخشە بۆیەش ئەم دوو چەمکە تەواوکەری یەکدین و، دیسان، بڕ و جۆری مەعریفە رادە و ئاستی دەسەڵات دیاریدەکات. هەر بۆ روونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە، دەتوانین سەرنجی نموونەیەکی سادەی رۆژانە بدەین: لە کۆڕێك، کۆبوونەوەیەك یان مەجلیسێکدا کەسی خاوەن مەعریفە دیار و بەرچاو دەبێ، ئەوەش جۆرێکە لە دەسەڵات، لە هەموو بوارەکانیتری ژیانیش بەهەمان جۆر — لە سیاسەت، لە دەزگای ئایینی، ئابووری ... بێگومان لە زانکۆش: مامۆستای مەعریفەدار، ئەوە کە سەرکەوتوو دەبێ و دەناسرێ، قوتابیی پڕمەعریفە پێشدەکەوێ و سەرکەوتوو دەبێ. لێرەدا دەبێ ئەوەش بزانین کە دەسەڵاتی مەعریفە، ئەگەرچی واقیعی و بابەتییە، بەڵام بە پلەی یەکەم مەعنەوییە و هەر واش دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی مەرج و پێداویستییتری بۆ دەرەخسێ ئینجا دەبێتە "دەسەڵات "ێکی فیعلی بە هەموو مانای وشەوە، بۆیەش ئاساییە کە دەبینین کەڵە زانای گەورە فەرامۆش و پەراوێز دەکرێن یان هەر لە نێویش دەبرێن.

لەم روانگەیەشەوە، زانکۆ کە دەزگایەکی مەعریفییە، بەپێی رادە و ئاستی ئەو مەعریفەیەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بێگومان دەسەڵاتی شیاوی خۆی هەیە و ئەوەش لە واقیعدا هەستی پێدەکرێ — لەگەڵ ئەو کەموکوڕی و بارودۆخە سەختەشیدا، زانکۆی کوردی دەسەڵاتی مەعنەویی خۆی هەیە و ئەو دەسەڵاتەشی گونجاوە لەگەڵ ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵگای کوردیدا.

٣- شار بەرهەمی مۆدێرنیزم نییە، شار لە مێژووی کۆنی مرۆڤایەتیشدا هەبووە — بەڵکو پێچەوانەکەی راستە؛ راستتریش دەبێ ئەگەر بڵێین هەر شارستانییەتێك جۆری شاری خۆی دەبێ و ئەو شارانەش لەرەوتی بەدوای یەکداهاتنی قۆناغە مێژووییەکان دەگۆڕێن، گەورە یان بچووك دەبن یان لە نێودەچن — لە هەمووشی گرنگتر جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو شارەکاندا، بەپێی قۆناغەکان، دەگۆڕێن. بەڕای من، پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکانی ئەوروپی بە قۆناغی مێژوویی جۆراوجۆر و دیاریکراو تێپەڕیووە کە، رەنگە، دەکرێ سیماکانی هەر قۆناغێك، لە شارێکدا،



دەسنیشان بکرێن؛ بەپێچەوانەی مێژووی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی کە، زێدەڕوویی نابێ بڵێین، بریتییە لە پرۆسەیەکی یەك پارچەی تێکەڵاو لە دیاردە و سیما و توخم و رەگەزەکانی تێکڕای پرۆسە مێژووییەکە و هەست بە وێستگە و قۆناغی مێژوویی ناکرێ، بۆیەش لە شارێکی رۆژهەڵاتی هەمووشتێك دەدۆزیتەوە، هەرە دێرین و هەرە "تازە "؛ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بە هەمان جۆر - لە شارەکانی ئێمەدا، لە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکدا، هەندێکجار هەستدەکەیت لە چاخی بەردینی دەژیت و لە هەمانکاتیشدا دیاردەکانی جیهانی پێشکەوتووش دەبینی.

یەکێکیش لە دیاردەکانی جیهانی پێشکەوتوو " زانکۆ "یە؛ ئەم رەوشە مێژوویی-کۆمەڵایەتییە تێکەڵاوەی ناو شارەکانی کوردستان، بێگومان، تارماییی خۆی بەسەر زانکۆکانمانەوە بە زەقی دیارە لە: پەیوەندییەکان — مامۆستا و مامۆستا، مامۆستا و قوتابی، قوتابی و قوتابی، کوڕ و کچ، زانکۆ و کۆمەڵگا، میتۆدی زانستی، شێوازی وانەگوتنەوە، ئیدارە ...

جا، من ناڵێم شارمان نییە، بەڵکو شاری رۆژهەڵاتیمان هەیە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم شارەش باڵی کێشاوە بەسەر زانکۆدا، لەپاڵ ئەوەی دەتوانین سەرنجی هەندێ دیاردەی پێشکەوتوو بدەین لە زانکۆ و لە شاریشدا.

٤- پرسیارکردن لە چییەتی مەعریفە هەمیشە پێویستە و ئەمە، بەتایبەتی، ئەرکی زانکۆیە، چونکە "مەعریفە " چەمکێکی کلیلە، بە تێگەیشتنێکی راستی ئەم چەمکە دەتوانین لە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتی — مێژووییەکانیتر بگەین. ئێمە دەبێ دەرك بەوە بکەین کە مەعریفە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی — مێژووییە و کۆمەڵگا، بەگوێرەی قۆناغ و رووداو و بەسەرهات و دەرفەتەکان، بۆ ئەندامانی خۆی دابینی دەکات و بەرپرسە لە بڕ و جۆری ئەو مەعریفەیە؛ کەواتە واقیعی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنەری مەعریفەیە بەهەموو جۆرەکانییەوە: رەمەکی، ئایینی، زانستی، فەلسەفی کە هەموویان پێکەوە ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵگا دیاریدەکەن؛ لێرەدا ئەرکی هەرەگرنگی زانکۆ، وەکو دەزگایەکی زانستیی ئەکادیمی، ئەوەیە کە سنووری نێوان ئەم جۆرە مەعریفانە دیاریبکات و مەعریفەی زانستی بکات بە میتۆد و بنەمای سەرەکی بۆ ئەرك و چالاکییەکانی.

لە هەمانکات ئێمە دەبێ، هایدیگەر گوتەنی، بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفە؛ یان وردتر، چونکە ئێمە تاکو ئێستاش ئاشنای مەعریفەی فەلسەفی نین، کاتی ئەوە هاتووە هەوڵبدەین بۆ وەدەسهێنانی ئەم مەعریفەیە؛ ئەوەش هەرنەبێ لەبەر ئەوەی هەر یەك لەو زانستانەی لە زانکۆی کوردیدا دەخوێندرێن بنچینە و بنەمای فەلسەفیی خۆی هەیە، بەبێ قووڵبوونەوە لە فەلسەفەی زانستەکان باسکردن لە هەر پسپۆڕییەك بێ مانایە — لە زانکۆکانی کوردستان بڕوانامەی Ph.D، واتە دکتۆرای فەلسەفەی زانست دەبەخشرێ، کەچی هەڵگری ئەو بڕوانامەیە، بەداخەوە، ئاشنایەتیی ئەوتۆی لەگەڵ فەلسەفەدا نییە — ئەمەش نەنگییەکی گەورەیە بۆ زانکۆ نەك هەر لە بواری فەلسەفەدا، بگرە لە بواری زانستیش بەگشتی. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە، جگەلەو بەشە کۆرپەیەی شاری رانیە کە سەربە زانکۆی کۆیەیە، لە هیچ زانکۆکانیتری کوردستان بەشێکی زانستی بۆ فەلسەفە نییە. نەبوونی مەعریفەی فەلسەفی لە کۆمەڵگای کوردیدا هۆکاری سەرەکیی کزی و لاوازیی پسپۆڕییەکانمانە، ئەوەش نەك هەر پسپۆڕییە زانستییەکان، بەڵکو لەسەر ئاستی بەهرە و شارەزایی لە بوارەکانیتریشدا، بۆنموونە، وەکو سیاسەت — مرۆڤی سیاسەتمەدار دەبێ بیرمەند بێ و بۆچوونەکانی بنەمای فەلسەفییان هەبێت.

لەم گۆشەنیگایەوە، ئەگەرچی شتێك لە ئارادا نییە بەناوی "فەلسەفەی نەتەوەیی"، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤی کوردیش قسە لە فەلسەفە بکات؛ لەمەشدا نەك هەر زانکۆ، بگرە تێکڕای سستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی بەرپرسە لە رەخساندنی رەوشێکی کۆمەڵایەتیی گونجاو بۆ وەدەسهێنانی مەعریفەی فەلسەفی — کە بەبێ ئەمە مەعریفەی زانستیش پێشناکەوێ و هەر ملکەچی جۆرەکانیتری مەعریفە دەبێ.

هەولێر

٢٠٠٧



## زانکۆ و مەعریفە و کۆمەڵ

زانکۆ دەزگایەکی زانستیی — ئەکادیمییە، چونکە مەعریفە دەبەخشێ لە چوارچێوەی سستەمێکدا، واتە بابەتەکانی ئەو مەعریفە زانستییەی زانکۆ پێشکەشیان دەکات بەڕێکی بەیەکەوە بەستراوەن و یەکدی تەواودەکەن — هەرهەمووشیان پێکەوە سستەمێکی مەعریفی بۆ کۆمەڵگا دەڕەخسێنن بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەندامانی کۆمەڵ.

لێرەشدا، گرنگە هەوڵبدەین سروشت و سەرچاوەکانی مەعریفەی زانستی بزانین. لە روانگەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە، مەعریفەی زانستی جۆرێکە لە جۆرەکانی مەعریفە کە شانبەشانی مەعریفەکانیتر (مەعریفەی رەمەکی، مەعریفەی ئایینی، مەعریفەی فەلسەفی) سستەمی مەعریفیی کۆمەڵگا، بەتایبەتیش کۆمەڵگای رۆژگاری ئێستا، پێکدێنن؛ بەڵام هەرزووش دەبێ ئەوە بڵێین کە مەعریفەی زانستی لە رووی توخم و پێکهاتە و سەرچاوەکانی و هەروەها مەبەست و ئامانجەکانییەوە تەواو لە جۆرەکانی تری مەعریفەوە جیاوازە. پێش هەموو شتێك، مەعریفەی زانستی بە شێوەیەکی رەها مامەڵە لەگەڵ واقیعی ماددی دەکات و هەوڵدەدات ئەم واقیعە شیبکاتەوە و لێکدانەوەیەکی زانستیانە بۆ دیاردەکانی فەراهەم بکات، دەسکەوت و بەرهەمەکانیشی هەر لەم واقیعەدا پیادە و پڕاکتیزە بکات؛ لەمەشدا پشت دەبەستێت بەو کەرستە و زانیارییانەی لەم واقیعە بەدەسیان دێنێ — کەواتە واقیعی ماددی، بەلایەنی سروشتی و کۆمەڵایەتی و هزرییەوە، سەرچاوەکانی ئەم مەعریفەیە پێکدێنێ. بۆیەش ئەو دەزگایەی خۆی بە خاوەنی ئەم مەعریفەیە دەزانێ، دەبێ تەواو جیابێ لە دەزگاکانیتری کۆمەڵگا، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم دەزگایە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا نییە — ئەمە دەزگایەکی سەرەکیی کۆمەڵگای جۆری تایبەتە کە پێی دەگوترێ کۆمەڵگای مەدەنی.

ئەرکی سەرەکیی هەر کۆمەڵگایەك بریتییە لە دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزاری بۆ سستەم و ئەندامانی — هەر ئەم ئەرك و ئامانجەشە لە رەوتێکی مێژوویی دوور و درێژدا کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتییان گەیاندووە بە ئاستی ئیمڕۆکەیان... لەم رووەوە، هەر کۆمەڵگایەکی رۆژگاری ئێستاکە ئاستی مەدەنییەتی، واتە ئاستی پێشکەوتنی خۆی هەیە، بەڵام پێوەریش بۆ ئەم ئاستی مەدەنییەت و پێشکەوتنە سستەمی دابینکردن و خزمەتگوزارییە — لێرەدا، کۆمەڵگای مەدەنی ئەو جۆرە کۆمەڵگا هاوچەرخەیە کە بە شیاوترین و گونجاوترین شێوە پێداویستییەکان، لە رێگای دامودەزگای

پێشکەوتووەوە، دابیندەکات... یەکێکیش لەم دەزگایانە، وەکو گوتمان، زانکۆیە کە دەوری باڵای هەیە لە دابینکردنی دووجۆر لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا: پێداویستیی کۆمەڵایەتی و پێداویستیی هزری و مەعنەوی. جا، لەمەشەوە دەوری کۆمەڵایەتیی زانکۆ دەردەکەوێ، وەکو چۆن لە دابینکردنی پێداویستیی کۆمەڵایەتی — لەڕووی پێشکەشکردنی بەرهەم و دەسکەوتی زانستی و رۆڵی ئەمانە لە پێشخستنی سستەمی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان...، ئاواش لەبواری پێداویستییە هزری و مەعنەوییەکان — لە رووی رەخساندنی مەعریفەی نوێ و پێویست بۆ ئەندامانی کۆمەڵ بە مەبەستی تێرکردنی ئارەزوویەکی سروشتییان و بەمەشەوە، هەڵبەتە، گۆڕینی هزر و شێوازی بیرکردنەوەیان. بەم جۆرە دەبینین کە زانکۆ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی — زانستییە و لە کاتێکدا خۆی زادە و بەرهەمی پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، لەهەمانکاتیشدا دەبێتە هۆکار و هاندەرێکی کاریگەر بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

لەم گۆشەنیگایەوە ئایا لە کۆمەڵگای ئێمەدا زانکۆ هەمان ئەو سەنگ و بایەخ، دەور و ئەرکەی هەیە؟ لە کۆمەڵگای ئێمەشدا، بێگومان، زانکۆ دەزگایەکی زانستیی — ئەکادیمییە، یان وردتر تاقە دەزگای لەم بابەتەیە، هەروەهاش پێوەرە بۆ ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی؛ نەهەر ئەوە، بگرە دەوری خۆی، کەم تا زۆر، بینیووە لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا — بەڵام لێرە قسە لەسەر ئاست و رادەیە، واتە تاچەند ئەو دەورەی بینیووە و ئایا ئەو بڕە مەعریفە زانستییەی پێشکەشی دەکات بەگوێرەی پێویستە؟ ئەوەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە ئەم پرسیارە بەڵگەی جۆریك یان ئاستێکی شیاوی هوشیارییە سەبارەت بە کەموکوڕییەکانی زانکۆ، ئەو هوشیارییەش لە ئەنجامی بڕێکی باشی مەعریفەدا دروستبووە، چونکە هوشیاری و مەعریفە بەبێ یەکدی نابن. جێگەی ئاماژەبۆکردنە کە ئەم پرسیارگەلە تەنیا ئاراستەی زانکۆ نەکراوون، بەڵکو بەرەوڕووی هەموو دەزگاکانی کۆمەڵگاکەمان بوونەتەوە — کەواتە سەرلەبەری سستەمی کۆمەڵایەتیمان لە قەیران دایە، جێگەی خۆشییەتی کە زانکۆ یەکەمین دەزگا بێت هەست بەم قەیرانە بکات و خەڵکیش مافی خۆیانە رووی تێبکەن یان تەنانەت پەنجەی تۆمەتیشی بۆ درێژ بکەن.

ئێمە لە حاڵەتێك داین، بە زمانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، پێدەگوترێ "گرفتی مەعریفی" — ئەوەش واتە ئەو بڕە مەعریفەیەی لە کۆمەڵگادا هەیە چیتر پێداویستیەکانی ئەندامانی جێبەجێ ناکات، یان وردتر، ئەو حاڵەتەیە تیایدا مەعریفە و واقیع لەگەڵ یەکدا ناگونجێن — جا لە رووی بڕی مەعریفەکەوە بێت یاخود جۆرەکەیەوە؛ مەعریفەی رەمەکیی کۆمەڵگای ئێمە تابڵێی تێر و تەسەلە، پێ بە پێ لەگەڵ کۆمەڵگاکە دروستبووە و هەموو کونج و لایەنەکانی کۆمەڵگای ئێمەی گرتۆتەخۆ؛ مەعریفەی ئایینیمان تائەوپەڕی چڕ و پڕە و شەقڵێکی ئایینی بە کۆمەڵگاکەمان بەخشیووە؛ بەڵام



چیتر ئەو دووجۆر مەعریفەیە بەتەنیا دادمان نادەن؛ مەعریفەی زانستیمان! گرفت ئا لێرەدایە و ئەو گرفتەش، بەڕای ئێمە، سەرچاوەی لە جۆرەکەیتری مەعریفەوە هەڵگرتووە کە "مەعریفەی فەلسەفی" یە. لای هەمووومان روونە کە کورد بە گشتی تاکو ئێستا لە بواری فەلسەفەدا هەنگاوێکی نەناوە و، کەواتە، پاشخانێکی فەلسەفی نییە تا بۆی ببێ بە پێگەیەکی پتەو بۆ چوونە ناو دنیای فیکر و کەلتوور و زانست و شارستانییەتەوە — جێگەی داخێکی گەورەیە کە ئێمە هەژارییەکی فەلسەفیی زۆر پێمانەوە دیارە و ئەمەش رەنگیداوەتەوە لە شێوازی بیرکردنەوە و زمان و زانست و سیاسەت و پەروەردەمان و...هتد. دێینەوە سەر مەعریفەی زانستی کە بەپلەی یەکەم زانکۆ لێی بەرپرسە؛ ئێمە چونکە لە بواری فەلسەفەدا کورتمان هێناوە و لەبەر گەلێ هۆیتریش، نەمانتوانیووە سەرپشك بین لە هەڵبژاردنی ئەو میتۆدە زانستیانەی کە بەکەلکمان دێن — وەکو ئاشکرایە هەر زانستێك بگریت چەندین میتۆد و رێبازی هەیە و دەتوانین بڵێین هەریەك لەو میتۆدانە سەرچاوەی لە فەلسەفەیەکەوە هەڵگرتووە، بۆیە زۆر گرنگە بزانیت کام میتۆدی زانستی هەڵبژێریت — بۆ ئەمەش مەعریفەیەکی فەلسەفیی شیاو گەرەکە؛ بۆ نموونە، ئێمە نازانین لە روانگەی چ میتۆدێکی زانستییەوە باشترە تۆژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە لەسەر کۆمەڵگای خۆمان ئەنجام بدەین : میتۆدی وەزیفی، مێژوویی، بونیادگەری (یان خوانەخواستە مارکسی— چونکە هەمووومان تا بینەقاقامان ئیمانداریین!...) لە باشترین حاڵدا، لە یەك تۆژینەوەدا، زۆرجاران هەرهەموویان بەکاردەبەین و بەمەشەوە هەڵەیەکی میتۆدۆلۆژیی گەورە دەکەین. رەنگە ئەمە سەبارەت بە زانستەکانی تریش راست بێ.

ئەگەر سەرنج بدەین، جگەلەوەی کە ئێمە مەعریفەی فەلسەفیمان کز یان هەر نییە، هەروەهاش دەبینین دووجۆر مەعریفە لای ئێمە تێکهەڵکێشی یەکدی بووین: مەعریفەی ئایینی و مەعریفەی زانستی — ئەمەش تێکەڵاوی و لێڵییەکی بەرچاوی دروستکردووە لە بۆچوون و تێڕوانینەکانمان بەگشتی. روونترین نموونەش بۆ ئەمە — "میتۆد"ی پەروەردە و فێرکردنە لە قوتابخانەکانماندا کە لە کاتێکدا شێوازی پەروەردەکە تەواو باوکسالارانەیە هەروەهاش لەیەك کاتدا دوو مەعریفەی لێك جیاوازیش فێری قوتابیان دەکەین — مەعریفەی ئایینی کە پڕە لە زانیاریی میفۆلۆژی و میسالی و بەزمانێکی تەواو نامۆ رووداوەکانی پێش زیاتر لە هەزارساڵی کۆمەڵگایەکی جیاواز دەگێڕێتەوە و رەچەڵەکی مرۆڤ بۆ ئادەم و حەوا دەباتەوە، مەعریفەی زانستیش کە باسی مرۆڤی نیاندرتاڵ و جاوا دەکات و بۆ روونکردنەوە و لێکدانەوەی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان پەنا دەباتە بەر زانیاری و سەرچاوەی ماددی و واقیعی؛ جا قوتابی، دە هەر مامۆستاش، لە نێوان ئادەم و نیاندرتاڵدا چۆن سەری لێ نەشێوێ!... ئەدی هەر رەوشێکی لەم جۆرە نییە وایکردووە مامۆستایەك لە وانەی فیزیك دا بڵێ ((کە سارد و گەرم بەیەك دەکەون گلۆپەکە، بە ئەمری خوای، دادەگیرسێ!)). ئەم نەریتە لە

زانکۆشدا هەر بەردەوامە و سنوورێك لە نێوان ئەم دوو جۆر مەعریفەیە دانەنراوە؛ نەهەر ئەوە، ئێستاکە لە زانکۆ ئەوا دیاردە و بابەتەکانی ئایین لێکدانەوەی "زانستیانە" یان بۆ دەکرێ، لێکدانەوە نەك شیکردنەوە، لەمەشدا ناوەڕۆك و سروشتی مەعریفەی زانستی، بێگومان، پشتگوێ دەخرێ — دەنا ئایین هەرگیز بە دەرئەنجامەکانی زانست رازی نییە، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو دەرئەنجامانە دەربارەی توخم و بنچینە و بنەماکانی خۆی بن.

ئەم رەوشەی ئێستاکەی ئێمە راست لەوەی ئەوروپای پێش سەدەی نۆزدەم دەچێ کە ئەو کاتە زانست تەواو ملکەچی فیکر و بۆچوونەکانی ئایینی مەسیحی بوو. لەوێ رەوشەکە لەگەڵ داهێنانە زانستییەکان وردە وردە گۆڕانی بە سەرداهات و زانستیش سەربەخۆیی خۆی راگەیاند؛ یەکەمین بوار کە دەرئەنجامی جیاواز لە فیکری ئایینی وەدەسهێنا فەلەکناسی (ئاسترۆنۆمیا) بوو، ئەویش لەسەر بنچینەی تیۆریاکانی کانت (١٧٥٥) و لاپلاس (١٧٩٦) دەربارەی دروستبوونی گەردوون (کۆسمۆگۆنیا) و گۆڕان و گەشەکردنی و دەوری یاساکانی فیزیك لە راگرتنی ئەو سستەمە... ئەوەش واتە ئەم سستەمە لە پڕێکدا دروستنەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی پڕۆسەیەکی دورودرێژی گەشەکردندا بەم شێوەیە سەقامگیر بووە. هەمان ئەم بیرۆکەی گەشەکردنە ساڵی ١٨٣٠ لەسەر دەستی چارلس لایل هاتە نێو جیۆلۆجیاوە و بۆ یەکەمین جار سەلماندی کە رووی زەمین بەرەبەرە و لەسەرخۆ گۆڕاوە و دەگۆڕێ بە کاریگەریی هێزەکانی سروشتی: هەوا، گەرمایی، تەڕایی... ئینجا لە ئەنجامی سەرکەوتن لە بواری گۆڕینی شێوەکانی وزەدا بیرۆکەی گەشەکردن لە فیزیکیشدا جێگەی خۆی کردەوە، هەروەها لە کیمیاش بە رێگەی وەدەسهێنانی گیراوەی کیمیاویی وا کە پێشتر تەنیا لە جەستە زیندووەکاندا بەدی دەکران — تا کار گەیشتە ئەوەی زانایانی بایۆلۆژیی وەکو لامارك (١٨٠٩) و داروین (١٨٥٠) بیرۆکەی گەشەکردن سەبارەت بە سەرەتای ژیان و گیانلەبەر و درەختیش بکەن بە رێبازی زانستیی خۆیان و بەمەشەوە شۆڕشێك لە بواری زانست بەرپابکەن و لەوێشەوە ئەم شۆڕشە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانیشی گرتەوە... لە هەموو ئەو ماوەیەدا وەنەبێ فیکر و دەزگای ئایینی بێ ئاگا و بێ دەنگ بووبێ، بەپێچەوانەوە بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی تیۆریای گەشەکردن و داهێنانە زانستییەکانی دەکرد و هەوڵیدەدا بەرپەرچیان بداتەوە، زۆرجارانیش تەنانەت کار دەگەیشتە دەسوەشاندن و تیرۆرکردنیش — زانستیش لە رەوتی دروستبوون و گەشەکردنیدا بای خۆی قوربانیی داوە و گۆمەڵگای ئێمەش لەم قوربانیانە بێ بەش نەبووە.

زانکۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەزگایەکی فەرمییە، واتە بەشێکە یان توخمێکی سستەمی کۆمەڵایەتی — ئیدارییە؛ بۆیە ئاستی مەعریفی و دەور و چالاکییەکانیشی لە هەموو رووێکەوە رەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی ئەو سستەمەیە...

هەولێر ٢٠٠٥



## زمانی خوێندنی باڵا

### ((بەهەر زمانێك قسە بکەیت و بنووسیت، خزمەتی ئەو زمانە دەکەیت!))

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، واتە تایبەتە بە کۆمەڵ نە تاکەکەس؛ لەهەمانکات مەرج و مۆرکێکی نەتەوەییە، واتە زمان مەرجێکی گرنگە بۆ هەر کۆمەڵەیەك تا بە نەتەوە لە قەڵەم بدرێ. زمانێکی هاوبەش بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵەیەك یەکجار پێویستە بۆ تێکەڵ بەیەکبوون و پتەوبوونی پەیوەندیی نێوانیان و یەکخستنیان — بەبێ ئەمە، نەتەوە هەرگیز دروست نابێ؛ لەبەر ئەو دەورە باڵایەی زمان و، هەروەها، لەبەر ئەوەش کە دیاردەیەکی دیار و هەستپێکراوە، زمان بووە بە ماك و مۆرکێکی نەتەوەیی و کۆمەڵەکان لێك جیادەکاتەوە... زمان ناسنامەیە، لایەنی نەتەوەیی خەڵك دیاریدەکات، لە گەلێ وڵات زمانی ئاخافتن، لە بەڵگەنامە رەسمییەکاندا، کراوە بە پێوەر بۆ ئینتیمای نەتەوەیی دانیشتووان، بۆیە زمان دەوری ناسنامەی نەتەوەیی دەبینێ.

نەتەوە گەورەترین، کامڵترین و پێشکەوتووترین شێوەی ئێتنۆسە، نیشانەی هەرە گرنگ و بەرچاوی ئەو ئاستەشی، بێگومان، زمانە کە ئەویش دەبێ بەهەمان شێوە کامڵ و پێشکەوتوو بێت، دەنا شایستەی ئەوە نابێت بە <u>زمانی "نەتەوە"</u> لە قەڵەم بدرێ؛ هەڵبەتە مەبەست لێرە تەنیا زمانی ئاخافتن نییە، بەڵکو زمانی نووسینیش — پێوەری پێشکەوتنی هەر زمانێکیش، ئاشکرایە، توانای دەربڕینییەتی بە نووسین، واتە ئەو زمانە تاچەند دەتوانی پێداویستییەکانی فیکری و مەعنەوی و زانستیی ئەندامانی ئەم نەتەوەیە بەرجەستەبکات.

لێرەدا پرسیارێکی گەورە خۆی دەسەپێنێ و پەیوەندیی بە ناسنامەی ئێمەوە هەیە وەکو نەتەوە؛ ئایا زمانی کوردی کە تائێستا بە فەرمی نەبووە بە زمانی خوێندنی باڵا، لەباریدا نییە ئەو دەورە ببینێ چونکە هێشتا زمانێکی پێگەیشتوو و کامڵ نییە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەڵێین، بەپێچەوانەوە، زمانی کوردی لەبواری نووسیندا مێژوویەکی هەزارساڵەی هەیە و شاکارەکانی شیعری کلاسیکیی کوردی، هەر لە شاکارەکانی باباتاهیر و مەلای جزیری و خانی-یەوە بگرە تا دەگاتە گۆران و شیعری نوێ و سەردەم، بەڵگەیەکی زیندووی ئەم مێژووەن؛ مێژووی پەخشانی کوردیش کورت نییە، یەکەمین

پەخشانەکان بە زمانی کوردی لەسەر دەستی کەڵە زانایانی وەکو مەولانا خالید و شێخ حوسێنی قازی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا نووسراون و ئەو پرۆسەیە تاکو ئێستا نەپساوەتەوە — لەم رەوتەیدا، پەخشانی کوردی، هەموو بوارەکانی فیکری و رۆحی و ئەدەبی و هونەری و زانستیی، بە رادەیەکی باش، بەرجەستەکردووە... زمانی کوردی ئەوەی باش سەلماندووە کە توانای دەربڕینی لە هەموو بوارەکاندا هەیە، تەنانەت ئەو ستریۆتیپەشی پەڕاند کە گوایە لەباریدا نییە خۆی لە قەرەی زمانی قورئان بدات — تاکو ئێستا دوو وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز هەیە بەزمانی کوردی.

جگە لە بوارەکانی هونەر و ئەدەب، هەروەها مێژوو، کە تیایاندا زمانی کوردی دەستێکی باڵای هەیە؛ لە بواری زانستەکانی تریشدا درێغی نەکردووە: ماتماتیك، فیزیك، کیمیا،زیندەوەرزانی... لە قوتابخانەکان زمانی خوێندن و نووسینی هەموو ئەم بابەتانە کوردییە. هەر لەدوای راپەڕینیش، وەکو دەرئەنجامێکی سروشتی و ئاسایی رەوشی ئازادی و سەربەخۆیی کورد، زمانی خوێندنی گەلێك لە پسپۆرییەکانی خوێندنی باڵا، بەتایبەتیش زانستە مرۆییەکان، بوو بە کوردی بەبێ ئەوەی پێویست بە فەرمانێکی رەسمی بکات — تاکو ئێستا چەندین نامەی ماستەر لە بوارەکانی مێژوو و کۆمەڵناسی نووسراون و بڕوانامەکانیش دانپێدانراون؛ ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەگەر کەمتەرخەمیی زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆ نەبوایە، کە بەداخەوە قەدر و بایەخی زمانی دایکیان بەهەند وەرنەگرت و دڵسۆزمانەوە بۆ ئەو رێچکەیەی بەزۆر بەسەریان سەپێندرابوو و بەردەوامبوون لە خزمەتکردنی زمانی عەرەبی - ئەگەر ئەم هەڵوێستەی ئەوان نەبووایە، ئەوا زمانی کوردی لە بوارەکانی خوێندنی باڵا هەنگاوی گەورەی بەرەوپێشەوە نابوو... لە کاتێکدا هوشیاریی نەتەوەیی، بەتایبەتی لای مامۆستای زانکۆ، دەبوایە لە ئاستێکی شیاوی وا بووایە کە هەر لەگەڵ راپەڕین ئەمان دەسکاری میتۆد و شێوازی وانەگوتنەوەیان کردبا و، تاکو ئێستا، پرۆسەی بەکوردیکردنی پرۆگرامی خوێندنی باڵا لەسەر دەستی ئەوان تاو و گوژمێکی زۆری وەردەگرت و ئەوەش دەبووە مایەی شانازییەکی گەورە بۆ مامۆستای زانکۆ؛ " هەر لێرەشەوەیە دەوری زانکۆ لە کۆمەڵگادا، واتە زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ تا چەند ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێکردووە لە کێشە هەرە سەرەکییەکەی کۆمەڵگای خۆیاندا کە ئەویش کێشە نەتەوەییەکەیە و دەوری ئەوان، بەتایبەتی، لە بواری زمانی نەتەوەیی بەدەردەکەوێ...!



زۆرجاران پاساوی ئەوە دێنینەوە کە سەرچاوەی بابەتەکان بە زمانیترن — عەرەبی و ئینگلیزی، بەڵام قوتابی هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە ئەم دوو زمانە دەخوێنێ؛ لەپاڵ ئەو وانەیەی بە کوردی وەریدەگری قوتابی زانکۆ بای ئەوەندە ئەم زمانانەیتر دەزانی کە سوود لەم سەرچاوانە وەرگرێ... لەوەدەچێ مەسەلەکە ئەوەندە قوتابی نەبێ، بەڵکو زێتر مامۆستایە — ئەمەی دوایی لە وانەگوتنەوەیدا تەواو پشت بە کتێبی مەنهەجی دەبەستی کە بە زمانی عەرەبییە و خۆی سەخڵەت ناکات وانەکە بکات بە کوردی یان، دوای پازدە ساڵ، هێشتا کوردی نازانێ و ئامادەیە پازدەساڵێتریش بەم جۆرە بەردەوام بێت و حەقی بەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوەوە و دەرەوەدا نییە و بۆیەش، کەواتە، لە کۆمەڵ و دەوروبەری خۆی پچڕاوە. ئەمە، لەکاتێکدا زانکۆ دەبێ پێشەنگ بێت و دەوری باڵای هەبێت لە گۆڕانکارییەکان!.

لێرەدا، ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆیە، بە فەرمان و رێنمایی، رێکخستنەوەی پەیوەندیی مامۆستای زانکۆ بە کۆمەڵ ئەنجام بدات و ئەکتیڤ کردنی دەور و چالاکییەکانیان و بەستنەوەیان بە رەوش و بار و رووداوەکانی ناو کۆمەڵ تاو و گوژمێك دەدات بە پرۆسەی کۆمەڵایەتی — ئابووری لە کوردستاندا. دەوری سەرەکی و هەنووکەیی مامۆستای زانکۆ و خوێندنی باڵا، بەتایبەتی، لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە زمانی نەتەوەیی لە بواری زانستەکان بەکاربەرێ و خزمەتی ئەو زمانە بکات و پەرەی پێبدات، بەمەش بەشداریدەکات لە بەجێگەیاندنی ئامانجێکی پیرۆز کە بریتییە لە هاندان و بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی کامڵبوونی نەتەوەیی کورد.

هەولێر

٢٠٠٦

## ئایین و کۆمەڵ و کەلتوور!

ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی - مێژووییە، هەمیشە لەناو خەڵك و بۆ خەڵك دروست دەبێ — نەبیستراوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان، ئایینی تاکەکەسێك هەبووبێ. ئایین، وەکو پێداویستییەکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتیی لە رادە بەدەری مرۆڤ، هەر لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئەویش سەری هەڵداوە، چونکە ئایین لەپاڵ دەورە کۆمەڵایەتیەکەی (ڕێکخستنەوەی پەیوەندی و بەهاکۆمەڵایەتییەکان لەنێو کۆمەڵگادا)، لە هەمانکات دەورێکی مەعریفیی گەورەش دەبینێ بەوەی کە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی هەیە بۆ نەژاد و ڕەچەڵەکی مرۆڤ و دروستبوونی دنیا و دەسپێکی ژیان بەگشتی — وەکو پسپۆر و شارەزایان دەڵێن : ئایین یەکەمین فەلسەفەی مرۆڤە!. جا، ئایین سستەمی بەها ئایینییەکانی لەسەر بنچینەی ئەو مەعریفەیە دادەڕێژێ و ئەوەش ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر سستەمە کۆمەڵایەتییەکە — ئایین تەنیا ئەوکاتە دەبێ بە ئایین کاتێك سستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا ملکەچی خۆی دەکا، دەنا خەڵك پەیڕەوی ڕێسا و بنەماکانی ناکەن. لێرەشەوەیە کە ئایین دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە سستەمی کۆمەڵایەتی بریتی نییە تەنیا لە ئایین، یاخود ئایین لەناو سستەمی کۆمەڵایەتیدا هەمووشتێك نییە، بەڵکو دەبێتە یەکێك لە توخمەکانی کەلتووری کۆمەڵگا — ئەگەرچی توخمێکی هەرەگرنگ. بۆ زێتر ڕوونکردنەوە، ئەگەر سەرنج بدەین، لەبەر ئەوەی کۆمەڵ ئایین دادێنێ، بۆیە بەهاکانی ئەو ئایینە لەبەها و بنەماکانی سستەمی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگایەوە وەردەگیرێن و بۆ پەرژەوەندیی ئەو سستەمە دەبن — ئێستاش بەچاوخشاندنێك بە ئایینە باوەکانی ئەم سەردەمە بەها و بنەمای ئەو سستەمە کۆمەڵایەتیانەیان تیادا بەدی دەکرێن کە ئەو ئایینانەیان لەناودا دروستبووین.

کەواتە، ئایین کەلتوورە و بەشێکە لە سستەمی کۆمەڵایەتی؛ کەلتووریش، بەتایبەتی بەشە ئایینییەکەی، ئەگەرچی، لە کۆمەڵگای داخراودا، بەسەر سستەمەکەوە زاڵە و جێپەنجەی بەسەر، نزیکەی، هەموو دیاردە و ڕەفتار و هەڵوێست و ڕووداوەکانەوە دیارە، بەڵام سستەمی کۆمەڵایەتی گەلێ فراوانتر و بەهێزتریشە لە ئایین، بگرە سستەمی کۆمەڵایەتی ئایین وەکو ئامێرێك بۆ "کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی" بەکاردێنێ. هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە، پەندێکی کوردی دەڵێ: (مرۆڤ



لەدین دەبێ، بەڵام لەخوێن نابێ) — خوێن، واتە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە بنچینەی سەرەکیی سستەمی کۆمەڵایەتییە.

لەم ڕووەشەوە کە ئایین، وەکو سستەمێکی بیروباوەڕ، دیاردەیەکی مێژووییە و لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بووە، ئەمیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ئایینی سادە و ساکار هەبووین وەکو تۆتێمیزم (پەرستنی ئاژەڵ و درەخت)، فیتیشیزم (بت پەرستی)، شامانیزم (ڕۆح پەرستی)، میترایزم (ڕۆژپەرستی)... لە قۆناغە مێژووییەکانی دواتر ئایینیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پێشکەوتووە - ئایینی وەکو پۆلیتێیزم (پەرستنی چەند خواوەندێك پێکەوە) سەریهەڵداوە و دواتریش هێنۆتێیزم (لە نێو خواوەندەکان یەکێکی هەرەباڵا هەیە)؛ مۆنۆتێیزم (تاك پەرستی) بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری ئایین گەلێ درەنگ پەیابووە، ئەوەش لە ئەنجامی پێشکەوتنی فیکری کۆمەڵایەتی بووە لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا — واتە فیکری مرۆڤ درەنگ گەیشت بەو ئاستەی دەرك بکات کە تەنیا یەك تاکەخودا خالیقە و شایانی پەرستنە، ئەوەش نەلە هەموو شوێنێك، چونکە ئێستاش لە زۆر شوێن ئایینی پۆلیتێیزم، وەکوچۆن جۆرەکانی پێش ئەویش، هەر ماون (ئایینی بودایی، کە ئایینێکی جیهانییە، فرەخواوەندە؛ شامانیزم لەنێو میللەتانی سیبیریای ڕووسیادا ئێستاش باوە؛ ئێزدی، کە ئایینێکی نەتەوەیی کوردە، ئایینێکی سینکریتییە، واتە تێکەڵە لە بیروباوەڕی تاك پەرستی و هینۆتێیزم و هەروەها توخمی میترایزمیشی پێوەدیارە...).

لە مێژوودا، گەلێ جار ڕوویداوە، وەکو بڵێی، ئایین سستەمی کۆمەڵایەتیی گۆڕیووە؛ بەڵام ئەمە تەنیا لە ڕووکەشدا وایە، لە ڕاستیدا سستەمەکە خۆی پێویستی بە گۆڕان بووە و بۆیەش ئایینێکی نوێی تیادا دروستبووە و بووە بە ئامێرێك بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگایەدا، یان پێویستیی بۆ گۆڕان ڕێگەی خۆش کردووە بۆ ئایینێك لە دەرەوە بێتە ناو کۆمەڵگا و گۆڕانەکە ئەنجام بدات — لە هەردوو حاڵەتیش گۆڕانەکە سەرتاسەری نابێ و بەشێکی زۆری سستەمی کۆن هەر دەمێنێ و بۆیەش، وەکو پێشتر گوتمان، لەناو ئایینەکاندا توخم و ئاسەواری سستەمی کۆن بەدی دەکرێن.

سستەمی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتیش کەلتوور کە توخمێکی هەرە سەرەکیی ئەو سستەمەیە، دیاردەیەکی ئەوەندە توند و چەسپاوە کە لەناوبردنی کارێکی یەکجار ئەستەمە و لە لاوازترین حاڵەتیدا، هەرنەبێ، جێپەنجە و ئاسەوارەکانی خۆی بەجێدێڵێ. هەروەها کەلتوور، لە هەمانکاتدا، ماك و مۆرکێکی گرنگی نەتەوەییشە، دە هەر کەلتوورە کە ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەڵگا

دیاریدەکات — کۆمەڵگاکان بە کەلتووری نەتەوەییان لێك جیادەبنەوە. لێرەشەوە، ئایین کە توخمێکی گرنگی کەلتووری گیانی (مەعنەوی)یە، بۆیەش ئایین، لە هەر کۆمەڵگایەکدا، دەبێ هەمیشە نەتەوەیی بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ئایینە، لە بنەڕەتدا، سەربە زمان و نەتەوەیەکیتریش بێت — مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە ئەزموونی تێکهەڵکێشبوونی ئایین لەگەڵ کەلتووری نەتەوەیی ئەو ئێتنۆسانەی دەچێتە ناویانەوە، بەبێ خزانە ناو کەلتوورەوە ئایین هەرگیز نابێت بە ئایین و لەبڕی ئەوەش ئەو ئایینە ناچاردەبێت بە هەندێك، یان زۆر، لە توخم و بنەما کەلتوورییەکانی ئێتنۆسەکە رازی بێت و قبووڵیان بکات؛ دروستبوونی مەزەب و ئایینزا و سۆفیزم شتێکی تر نییە جگە لە دەرئەنجامێکی ئەو تێکهەڵکێشبوونەی ئایین و کەلتوور: کەنیسە جۆربەجۆرەکانی هەردوو مەزەبی سەرەکیی کاتۆلیك و پڕۆتستانت لە ئایینی مەسیحیدا؛ بودایزمی وڵاتی چین (لامایزم) تابڵێی جیایە لە هی وڵاتانی خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا؛ هەر پێنج مەزەبی ئایینی ئیسلام (شافیعی، حەنەفی، حەنبەلی، مالیکی، جەعفەری) کە شەقڵ و سیمای کەلتووری ناوچە و وڵاتی جۆراوجۆریان پێوە دیارن؛ هەروەها سەرهەڵدانی ئایینی وەکو ئێزدی، ئەهلی هەق، عەلەوی لە کوردستان روونترین نموونەی تێکەڵاوبوونی بنەما ئایینییەکانی ئیسلامە لەگەڵ توخم و بنەما کەلتوورییەکانی نەتەوەی کورددا. نەهەر ئەوە، بەڵکو کوردی موسڵمانی سوننە، بێگومان شیعەکەش، ئەگەرچی نەیتوانیووە دەقە ئایینییە پیرۆزەکان بکات، کۆمەڵێك توخمی کەلتووریی خۆی خزاندۆتە ناو کرداری پەرستنەکەیەوە — نیەتهێنان بۆ نوێژ، کە بەشێکە لە نوێژ، کوردی موسڵمان بەزمانی خۆی دەیڵێ؛ هەر دوای سلاوودانەوەش، دیسان بە کوردی دوعا دەکا. بەدڵنیایەوەش، هەموو ئەو کوردانەی لە ماڵی خودا تەوافی کەعبە دەکەن، بە زمانی نەتەوەییان نزاکانیان بە خودای خۆیان رادەگەینن؛ هەروەها مەولوود، گوتاری نوێژی هەینی، ژنهێنان، پرسە، مردووناشتن هەموو ئەمانە بە زمانی کوردی جێبەجێ دەکرێن... زیاد لەوەش، ئیمڕۆکە دوو وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی لەبەردەست دان و چاوەڕوانی تەکانێکی نەتەوەپەروەرانە دەکەن تا بکەونە بواری پڕاکتیکەوە.

کەواتە، دەتوانین بڵێین توخمی کەلتووریی کورد بەسەر ئایینی ئیسلامەوە، لە کۆمەڵگای کوردیدا، دیار و ئاشکرایە و بۆیەش ئەو ئایینە بەشێکی گرنگی کەلتووری نەتەوەی کوردە.

هەولێر ٢٠٠٧



## دەوری ئێتنیکیی ئایین!

ئایین دیاردەیەکی کەلتوورییە، چونکە خۆی توخمێکی کەلتووری مەعنەویی میللەتانە؛ واتە ئایین لەگەڵ توخم و رەگەزەکانیتری کەلتووری مەعنەویدا: زمان، دابونەریت، هونەر، فۆلکلۆر (ئەدەبی میللی، چیرۆك و ئەفسانە، پەندی پێشینان...) جگەلەوەی دەوری ئامێرێکی کارای کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەبینێ، لە هەمانکات رۆڵ و کاریگەریی لەلایەنی نەتەوەیی(ئێتنیکی)شدا گرنگ و بەرچاوە — ئەوەش چونکە ئایین دیاردەیەکی کەلتوورییە و کەلتووریش هەمیشە نەتەوەییە، بگرە کەلتوور مەرج و ماکێکی ئێتنیکیی هەرەگرنگە و نیشانەیەکی جیاکەرەوەی میللەتانە لە یەکدی.

لەم رووەوە، دەوری نەتەوەیی ئایین بەڕادەیەکی زۆر ئاڵۆز و دوولایەنە؛ لەلایەکەوە ئایین بۆی هەیە سنووری نەتەوەیی خۆی ببەزێنێ، لەناو میللەت و نەتەوەیتر بڵاو بێتەوە و ببێ بە بەشێك لە کەلتووری نەتەوەیی ئەوان، لەم حاڵەتەشدا بۆ ئەوەی ئێتنۆسێك ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لەدەست نەدات، بەهۆی وەرگرتنی ئایینێکی "بیانی" یەوە، هەوڵدەدات جێپەنجەی نەتەوەیی خۆی بخاتە سەر ئەو ئایینەوە، هەرنەبێ، لە رێگەی شێوازی پیادەکردنی رێ و رەسمە ئایینییەکانەوە.

لەلایەکیتریشەوە ئایین وەکوچۆن دەبێتە مایەی یەکبوون و پتەوبوونی ئێتنیکیی نەتەوەیەك، لەهەمان کات دەوری لێکترازانی نەتەوەییش دەبینێ، ئەوەش لەکاتی مانەوەی بەشێك یان چەند بەشێکی نەتەوەکە لەسەر ئایین و باوەڕی کۆنی خۆیان. بۆ ئەمەش نموونەمان زۆرە، کۆمەڵەی ئایینیی جۆراوجۆر لەناو زۆر میللەت و نەتەواندا دروستبووین؛ لە کوردستاندا چەند کۆمەڵەیەکی ئایینی هەن وەکو : ئێزدی، کاکەیی، شەبەك، عەلەوی (قزڵباش)، دیان؛ ئەمانە بەهۆی باوەڕی ئایینیانەوە لە زۆربەی کورد کە موسڵمانن بە رادەیەك جیابوونەتەوە و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان پێکهێناوە و تێکەڵبوون و پەیوەندییان بەوانی ترەوە سنووردارە - ئەگەرچی پێناسە و خۆناسیی ئێتنیکییان وەکو کورد هەر ماوە و کاریگەرە. بەهەمان جۆر لە سوریادا کۆمەڵەی ئایینی هەن وەکو: دروز، عەلەوی (نصیری) و زۆربەکەیتریش موسڵمانی سوننەیە و لە رووی ئێتنیکیشەوە هەموویان عەرەبن؛ لە میسر موسڵمان و قیبتییە مەسیحییەکان؛ لە لوبنان مارۆنی (مەسیحی) و دروز و سوننە و شیعە — هەریەك لەم ئایین و ئایینزایانە کۆمەڵەی تایبەت بەخۆی لەناو ئێتنۆسی لوبنانیدا دروستکردووە و هەست بە سنوورەکانیان دەکرێت. لە عێراقیش بەهەمان جۆر، هەردوو

ئایینزای سوننە و شیعە دەوری لێکدابڕاندنی دانیشتووانی عەرەبی ناوەڕاست و باشووریان بینیوە و تێکەڵبوونیان لەگەڵ یەکدیدا هەمیشە سنووردار بووە؛ بەم ساڵانی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقیش پەیوەندیی نێوان پەیڕەوکەرانی شیعە و سوننە گەیشتە ئاستی دوژمنداریی مەزهەبی و داخی سەدان ساڵەی رابردوویان لەسەر یەکدی هەڵڕشت؛ بەم بۆنەیەشەوە، شیعەکانی عێراق هەمیشە بەوە تۆمەتباردەکرێن کە خۆیان بەنزیکتر لە ئێرانی شیعە دەزانن وەك لە عەرەبی سوننەی عێراق، ئەگەر راستییەکیش لەمەدا هەبێت، بێگومان، ئەوە دەرئەنجامێکی دەوری ئێتنیکیی ئایینزایە لێرەدا، وەکو چۆن عەرەبیزمی سوننەکان هەمان رۆڵ و دەرئەنجامە؛ هەر بەهەمان پێوەر، بۆ کوردێکی موسڵمانی ئیماندار، عەرەبێکی موسڵمان نزیکترە وەك لە کوردێکی ئێزدی یان دیان.

ئەم جۆرە دەور و کاریگەرییەی ئایین، هەروەها ئایینزاش، نەهەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە مێژووی ئەورووپاشدا گەلێ روونتر و توندتر بووە. تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش موسوڵمانانی بۆسنە و هرسگۆڤینا خۆیان بە تورك دادەنا، هەرچەندە بە رەچەڵەك سلاڤی بوون؛ بەشێکی زۆری بێلەرووس و ئۆکراینە کاتۆلیکەکان، لەبەر مەزهەبەکەیان، خۆیان بە پۆڵۆنی لە قەڵەم دەدا؛ جیابوونەوەی ئێرلاندای باکوور لە وڵاتی ئێرلاندا لەبەر جیاوازیی مەزهەبی بوو بەپلەی یەکەم. هەرچی پرۆتستانتیزم و کالڤینیزم و کەنیسەی ئینگلیکانییە، لە ئەورووپادا، دەوری پێچەوانەیان بینیوە؛ ئەڵمان و فەرەنسی و ئینگلیز بە رێگەی مەزهەبەکانیانەوە و وەرگێڕانی ئینجیل و دەقە ئایینییە پیرۆزەکانیان لە لاتینییەوە بۆ سەر زمانانی خۆیان توانیویانە جەخت لەسەر لایەنی نەتەوەیی خۆیان بکەن و رزگاریان بێ لەدەست ڤاتیکان کە مەڵبەندی جیهانیی کاتۆلیکی بوو و ئێستاش هەروایە؛ لە وڵاتی چین لامایزم کە مەزهەبێکی ئایینی بوودییە و سەرکردەی رۆحیی ئەم مەزهەبە (دالای لاما) رابەرایەتی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی تێبێتی دەکات.

کەواتە ئایین و ئایینزا، وەکو توخمێکی کەلتووری، هەمیشە دەوری باڵا و گرنگیان هەیە و ئەو دەورەشیان رەنگدانەوەی بەرچاوی دەبێ لەسەر لایەنی نەتەوەییشەوە؛ ئەو دەور و کاریگەرییەش بێگومان گەلێ زێتر دەبێ لە حاڵەتی هەبوونی کێشەیەکی نەتەوەییدا وەکو، بۆ نموونە، لای کورد کە وڵاتەکەیان، واتە کوردستان، لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایانەوە بە ((گەنجینەی ئایینان)) ناسراوە و لە هەمانکات کێشەیەکی نەتەوەیی هەڵچووی لەئارادایە کە سەنگی تایبەتیی خۆی هەیە بەسەر رەوشی سیاسیی ناوچەکەوە بەگشتی.

لەم روانگەیەوە، ئایین و ئایینزا لە کوردستاندا هەرگیز بێ دەور نابن، بگرە بە تایبەتی لە بوارە نەتەوەییەکەدا دەور و گرنگیی سیاسیی خۆیان هەیە. لە رابردووشدا بەسەرمان هاتووە کە



دوژمنانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد پەنایان بردووە بۆ دەوری ئایین لە لێکترازاندنی سیاسی و نەتەوەییدا — بەکارهێنانی کورد دژی ئەرمەن و هەروەها دژی ئێرانی شیعە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە؛ کارکردن لەسەر بیرۆکەی ((رەچەڵەکی عەرەبی ئێزدیان))؛ دروستکردنی کێشە و گرفت لە نێوان موسڵمان و دیان؛ هەوڵدان بۆ دوورخستنەوە یان دوورەپەرێزکردنی کاکەیی و عەلەوی لە بزاڤی نەتەوەیی کورد... لە هەمانکاتیش دەور و کاریگەریی سەرکردە و پیاوانی ئایینی لەو بزاڤەدا دیار و بەرچاون.

لە رۆژگاری ئێستاشدا ئایین، وەکو دەبینین، راستەوخۆ هاتۆتە سەر شانۆی سیاسی؛ دەزگای ئایینی حیزبی سیاسی و بزاڤی چەکداریی داهێناوە و ئەمانە لە ململانێی بەردەوام دان لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانیتردا. ئەگەر لەڕابردوودا ئایین دڵنیابووبێ و بە باڵادەستیی خۆی لە کۆمەڵگادا رازیبووبێ، ئەوا ئێستا بە کەمتر لە دەسەڵاتی سیاسیی تەواو قایل نابێ؛ دەزگای ئایینیش بەئاشکرا و بە رێگەی حیزب و رێکخراوی سیاسییەوە ئەم ئامانجەی راگەیاندووە و خەباتی بۆ دەکات و قوربانی بۆ دەدات. ئەمەش دەرئەنجامیکی سەرنجڕاکێشی رەوتی پەرەسەندنی رووداوەکانە — ئەگەر لە رابردوودا سیاسەت پەنای دەبرد بۆ ئایین و سەرکردەی ئایینی و بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاریدەهێنان، ئەوا ئێستا رەوشەکە بەپێچەوانەوەیە — دەزگای ئایینی پەنا بۆ سیاسەت و بواری نەتەوەیی دەبات و هەوڵدەدات لەم دوو چوغزەوە جەماوەر و دەسەڵات بۆ خۆی فەراهەم بکات. ئەمەش دەمان گەینێت بە دەرئەنجامێکیتری گرنگ : ئایین کە بوو بە سیاسەتێکی رووت، بێگومان دەبێ بە مەرجەکانی سەرزەمینیش رازی بێت - لە حاڵەتی کوردیشدا رەوشی سەرزەمین پڕە لە مەرج و پێداویستییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان ؛ ئایین هەرچەندە توخمێکی گرنگی کەلتووری مەعنەویی میللەتانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ژیانیان نییە و بگرە پێداویستییەکانی ژیان، بەتایبەتیش ژیانی هاوچەرخ، گەلێ فراوانترە لەوەی ئایین بەتەنیا بتوانێ دابینیان بکات؛ دەرکەوت کە ئایین بەبێ بوارەکانی سیاسی و نەتەوەیی دەسەڵات و بنکەی جەماوەریی وەکو پێویست نابێ، هەربۆیەشە حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانیش بەهەمان شێوەی پانتورکیزمی حیزبی داد و پەرەپێدان و عەرەبیزمی (القاعدە) یاخود ئەفغانیزمی تالیبان، ئەمانیش دەبێ پانکوردیزمیان پێوەدیاربێ... چونکە، وەکو گوتمان، ئایین کەلتوورە و کەلتووریش هەمیشە نەتەوەییە.

* گۆڤاری (گوڵان) ٢٠٠٨/٦٦٦

## توخمی نوێ لە کەلتووری کوردیدا!

کەلتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی - مێژوویی - ئێتنیکییە، بۆیە دیاردەیەکی تابلێی گەورە و ئاڵۆز و کاریگەرە؛ کەلتوور پێش هەموو شتێك کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگا و کەلتوور هەمیشە پێکەوە دروست دەبن، هیچ یەکێکیان بێ ئەویتر نابێ — هەر کۆمەڵبوونێکی خەڵك کەلتووری تایبەت بەخۆی نەبێ، بونیادی کۆمەڵایەتیی نابێ و، کەواتە، نابێ بە کۆمەڵگا. لێرەشەوەیە کە کەلتوور دیاردەیەکی مێژووییشە، واتە مێژوویەکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە؛ هەروەها لەم رووەشەوە مێژووییە کە هەر قۆناغێکی مێژوویی شێوازی (Typ) کەلتووری خۆی هەیە — بە گوتەیەکیتر، کەلتوور هەمیشە شەقڵ و سیمای قۆناغە مێژووییەکانی پێوە دیارن.

ئەگەرچی کەلتوور یەکێکە لەو چەمکانەی زێترین پێناسەی هەیە، بەڵام ئەم پێناسەیەی، رەنگە، گونجاوترینیان بێت: کەلتوور بریتییە لە هەموو ئەو دەسکەوت و داهێنانە ماددی و مەعنەوییانەی کە لە ماوەی هەموو مێژووی کۆمەڵگادا وەدەست هاتوون و بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانە بەکاردێن. لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت کە کەلتوور ژیانی رۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات، واتە شێوازی ژیانی ئەو خەڵکە دیاریدەکات. ئێمە و هەر کۆمەڵگایەکی تریش بە کەلتوورەوە دەژین: توخمە ماددییەکانی کەلتوور، وەکو - خۆراك، جلوبەرگ، خانوو، کەلوپەلی ناوماڵ، ئامێرەکانی کارپێکردن، ئامێرەکانی مۆسیقا، چەك، خشڵ و کەلوپەلی رازاندنەوە، شێواز و ئامێرەکانی گواستنەوە... ئینجا توخمە گیانی و مەعنەوییەکانی کەلتوور - زمان، دابونەریت، ئایین، هونەر، فۆلکلۆر (ئەدەبی زارەکی: گۆرانی، چیرۆك و ئەفسانە و داستان، پەند، مەتەڵ، قسەی نەستەق...) — ئێمە رۆژانە هەردوو جۆر ئەو توخمە کەلتووریانە بەکاردەبەین، یاخود بە پێویست دەبێ بەکاریان بەرین؛ بەم بۆنەیەشەوە کەلتوور چاودێریی ژیانی رۆژانەمان دەکات و بەمەشەوە ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی هەرەگرنگ جێبەجێ دەکات کە ئەویش ئەرکی ((کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی))یە.

جگە لەمەش، کەلتوور شەقڵ و سیما و تایبەتمەندی بە کۆمەڵگا دەبەخشێت، بەمەشەوە کۆمەڵگایان لێك جیادەکاتەوە، سنوور و چوارچێوەیان بۆ دادەرێژێ — ئەمەش دەورە نەتەوەیی (ئێتنیکی)یەکەیەتی. ئەوەش لەم راستییەدا بەرجەستە دەبێ کە ((نە نەتەوە بێ کۆمەڵگا دەبێ و نە کۆمەڵگاش بێ لایەنی نەتەوەیی)) — یەکەمین و بەرچاوترین مەرج و مۆرکی نەتەوەیی کۆمەڵگاش، ناوە، ناوی نەتەوەیی (ناوی ئێتنیکی | ئێتنۆنیم) کە دەگوترێ کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگای عەرەبی،



فارسی یان تورکی — ئەمانە ناوی نەتەوەیین کۆمەڵگاکان پێیان دەناسرێنەوە و لێك جیادەبنەوە؛ جگەلەمە، کەلتووریش مەرج و مۆرکی نەتەوەیی دووەمە و هەرئەویشە، وەکو گوتمان، شەقڵ و سیما و تایبەتمەندییەکان بە کۆمەڵگا دەدات — واتە ناسنامەی نەتەوەیی پێ دەبەخشێ، بۆیەش کەلتوور، کەواتە، هەمیشە نەتەوەییە. شایانی سەرنجدانە کە لەزۆر حاڵەتدا کۆمەڵگایان لەگەڵێ رووەوە پێکدەچن: ئایین، خوو و رەوشت، بونیاد و سستەمی کۆمەڵایەتی و تەنانەت نزیکیی زمانیشیان (وەکو نزیکیی لە رادەبەدەری نێوان زمانانی رووسی و ئۆکراینی) — بەڵام ئەوەی ئەم کۆمەڵگایانە لێك جیادەکاتەوە لایەنی نەتەوەییە کە لە چەندین مەرج و مۆرکی ئێتنیکیدا بەرجەستە دەبێ و یەکێکیشیان، یان یەکێك لە هەرەگرنگەکان — کەلتوورە.

بەم بۆنەیەشەوە، لە نێوەندە سیاسی و هەروەها رۆشنبیرییەکانیشدا زۆرجاران گوێبیستی دەستەواژەی ((کۆمەڵگای کوردستانی)) یان ((کۆمەڵگای عێراقی)) دەبین کە بەڕای ئێمە ئەمانە ناپسپۆڕانە بەکاردێن و نائەکادیمین، بۆیەش راستیی دەرنابڕن؛ نادروستیی ئەم دەستەواژانە، پێش هەمووشتێك، لەوەدایە کە فرەنەتەوەیی و فرەکەلتووریی کوردستان و عێراق رەتدەکەنەوە و دانی پێدانانێن — لە کاتێکدا کوردستان و عێراقیش دوو وڵاتی، وەکو زۆربەی وڵاتانی جیهان، فرەنەتەوەیین؛ لەلایەکیتریشەوە، مەرجی سەرەکیی هەرکۆمەڵگایەك بریتییە لە هەبوونی کەلتوورێکی هارمۆنیی (متناسق) هاوبەش بۆ هەموو ئەندامانی — لێرەشدا بەرەورووی ئەم دۆزە دەبینەوە: ئەگەر باوەڕمان بە فرەکەلتووریی کوردستان هەبێ، دەبێ هەروەها دان بە فرەکۆمەڵگاییشی دابنێین. ئەو فرەیی و جیاوازییەی کۆمەڵگایانیش رەنگە زۆر بەرچاونەبن و هەمووکەسێك هەستیان پێ نەکات، کەچی لە واقیعدا هەن و، هەرنەبێ، پسپۆڕانی بوارە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان دەبێ لێیانەوە بەئاگابن.

کەلتوور، دیاردەیەکی وەستاو و چەقبەستوو نییە، بەڵکو لەگەڵ رەوتی ژیاندا دەگۆڕێ — ئەگەرچی گۆڕانەکان هەموو کاتێك بەپەلە و هەستپێکراو نابن. گۆڕانی توخمە کەلتوورییەکان پرۆسەیەکی مێژوویی و هەمیشەییە بەردەوامیی بە ژیانی کۆمەڵگا دەدات و لە ئەنجامدا ئەو دیاردە گرنگەی لێ دەکەوێتەوە کە پێی دەگوترێ ((گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی))- واتە گۆڕانی سەرلەبەری سستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی مێژوویی و حەتمییە شێوەی پرۆسەیی هەیە ئەگەرچی، وەکو گوتمان، دەرئەنجامەکانی هەموو کاتێك بەرچاونابن - ئەمە ئەگەر گۆڕانەکان سروشتی و ئاساییانە بن، بەڵام کاتێك گۆڕانکارییەکان وەکو پێداویستیەکانی پەرەسەندنی هوشیاریی کۆمەڵایەتی بەرجەستەدەبن، ئەوا بێگومان بە رادەیەکی زۆر رادیکاڵانە و ئاراستەکراو دەبن، لێرەشدا دەرئەنجامەکان زوو دەردەکەون

— چونکە گۆڕانکارییەکان پلان بۆ دارێژراون: سەرلەبەری سستەمی کۆمەڵایەتیی کۆن هەڵدەوەشێتەوە و لەجێگەیدا سستەمێکی نوێ دادەمەزرێ.

کۆمەڵگای کوردی، وەکو هەر کۆمەڵگایەکیتر، خاوەن کەلتووری تایبەت بەخۆیەتی و توخمەکانی ئەو کەلتوورەش تا گەیشتوون بە ئاست و شێوازی ئێستاکەیان، لە رەوتی مێژوویەکی درێژدا، بە چەندین قۆناغی گۆڕانکاریدا تێپەریوون. ئەگەرچی ئێستاش دەکرێ توخمی کۆن و دێرین لەناو کەلتووری کوردیدا بەڕوونی بەدی بکەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڕیاربدەین کە کەلتووری کوردیی ئیمڕۆکە زۆر جیاوازە لە کەلتووری، بابڵێین، سەدساڵ لەمەوبەر. بێگومان ئەوەش دەرئەنجامێکی سروشتیی پڕۆسەی گۆڕانکارییە کە چەندین توخمی کەلتووریی نوێی خستۆتە نێو کەلتووری کوردییەوە.

نە هەر ئەوە، بەڵکو لە رۆژگاری ئێستادا و لە هەلومەرجی بەرپابوونی شۆڕشی تەکنۆلۆگی و بچووکبوونەوەی جیهان دەتوانین زوو زوو سەرنج بدەین کە چۆن توخمی کەلتووریی نوێ، بە شێوەی تەکنۆلۆگیا، دێتە ناو ژیانی رۆژانەمانەوە، وەکو : ئۆتۆمۆبیل، تەلەڤزیۆن (ساتلایت)، مۆبایل، کۆمپیوتەر (ئینتەرنێت)... ئەمانە بووین بە توخمی کەلتووری، چونکە رۆژانە بەکاریان دێنین؛ ئەگەر سەرنج بدەین، دەتوانین ببینین کە چۆن ئەمانە ژیانی ئێمەیان ((گۆڕیووە)) — زێدەبوون و بڵاوبوونەوەی ئامێرێکی گواستنەوە و هاتوچۆی وەکو ئۆتۆمۆبێل بەجۆرێك کە بەردەستی زۆربەی خەڵکی شارستانییە، وایکردووە لە دروستکردنی خانوودا هەمیشە حسێب بۆ گەراج بکرێت، ئەوەش واتە ئەندازە و روخساری خانوومان گۆڕاوە، ئینجا هەموو تاکێك سەرقاڵی فێربوونی شوفێری و کڕین و فرۆشتنی ئەو ئامێرە و کەلوپەلەکانییەتی؛ زۆربوون و فراوانبوونی شەقام و شۆستەکان (جێگەی سەرنجە کە لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەندەی حسێب بۆ ئۆتۆمۆبیل کراوە نیو ئەوەندە بایەخ بە تاکی پیادە نەدراوە — لە شەقامە بەرینەکاندا جێگەی پەڕینەوەی پیادە نییە، شوفێریش هەمیشە بە تووڕەیی لە پیادە مۆڕدەبێتەوە کە بەپێش ئۆتۆمۆبێلەکەیدا تێدەپەڕێ یان هۆڕنی توندی بۆ لێدەدا)؛ هەروەها ئامێرێکی وا بووە بە هۆی کەمبوونەوەی جوولە و رۆیشتن بەپێ بەجۆرێك کاریگەریی خراپی بەسەر لایەنی تەندروستیی تاکەوە هەیە.

هەروەهاش، ئامێرێکی وەکو مۆبایل کە پەیوەندییەکانی یەکجار ئاسان کردووە، بە رادەیەك هەندێ جار مرۆڤ ناچار دەبێ هەندێ دەستوبرد بکات تا رزگاری بێ لەو پەیوەندییانە! جگەلەوەی مۆبایل چەندین یاری و حزمەتگوزاریتری تیایە کە گەنج و منداڵان کاتی زۆریان بۆ تەرخان دەکەن. تەلەفزیۆن و سەتلایت ئێستاکە بووین بە سەرچاوەیەکی کاریگەری مەعریفە بە رادەیەك مرۆڤ رۆژانە و هەموو ساتێك سوودی لێ وەردەگرێ، جا بە مەبەستی مەعریفە یان بۆ خۆشی و رابواردن بێت — رەنگە زێدەڕۆیی نەبێت بڵێین تەلەفزیۆن ئامێرێکی ((داکەسێنەرە))، مرۆڤ بەماڵەوە دەبەستێتەوە، جوولە و



بزاوتی کەم دەکاتەوە. کەچی ئینتەرنێت، لە راستیدا، دونیای بچووك کردۆتەوە، ئەرك و کارەکانی یەکجار ئاسانکردووە — لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کارەکانی پۆست و بانك و کڕین و فرۆشتن و سەفەر و...هتد، تەنانەت کڕینی بلیت بۆ سینەما هەر لە ماڵەوە و بە ئینتەرنێت دەیکەن؛ لە هەموو شی گرنگتر، بەهۆی ئینتەرنێتەوە، مرۆڤ بۆ هیچ شتێك دانامێنێ — هەر زانیارییەك و لە هەر بوارێك بێت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا وەدەستی دێنی؟ ئەگەرچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا وەکو پێویست سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت وەرنەگیراوە، بەڵام بەو رادەیەی کە بەردەستە، بێگومان، دەوری بینیووە لە بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی — ئەوەش هۆکارێکی گرنگە بۆ گۆڕانی بەها و پەیوەندییەکان و دەرئەنجامیش گۆڕانی سستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

لە ئەنجامی هاتنی ئەو توخمە کەلتوورییە نوێیانە بۆ ناو ژیانی ئێمە، کە وەکو بینیمان کاریگەریی زۆریان هەیە، هەروەها گەلێ هۆکاریتریش (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی...) دەتوانین هەندێ گۆڕانکاری، یان سەرەتای گۆڕانکاری، تۆماربکەین کە ئیتر روویانداوە لە بەها و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەدا :

- وردە وردە زێدەبوونی خێزانی بچووك
- وردە وردە هەڵوەشانەوەی خێڵ و نەمانی پەیوەندیی خێڵایەتی
- کەمبوونەوەی دەوری پەیوەندیی خزمایەتی و خوێن لەبەرامبەر پەرژەوەندیی ماددیدا.
- بڵاوبوونەوەی بەها دیموکراتییەکان (پلوراڵیزم و رێزگرتن لە رای بەرامبەر...)
- دەرکەوتنی نیشانەکانی دروستبوونی بازاڕی کوردی (ئەمەش دەوری سەرەکیی دەبێ لە دروستبوونی کیانی نەتەوەیی — سیاسیدا).
- گەلێکیتریش...

هەموو ئەمانە سەرەتان، بەرەوپێشچوونی دەور و کاریگەریی دواتریان، بێگومان، بەندە بە زێدەبوون و بەرزتربوونەوەی ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا بە گشتی کە لە قۆناغێکی وەرچەرخان دایە و بە تێگەیشتنی راست لە هەلومەرج و پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە، دەکرێ کۆمەڵێ دەستوبردی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەنجام بدرێن بە مەبەستی ئاراستەکردنێکی هوشیارانەی پڕۆسەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا — ئەمەش گەلێ گرنگ و پێویستە، چونکە ئەم قۆناغ و ئەم پڕۆسەیە، بۆ کورد، لە راستیدا چارەنووسسازن.

* گۆڤاری (رامان) ٢٠٠٩/١٤١

## پەروەردە و فێرکردن...
## چەند هەنگاوێکی گرنگ و بەپەلە!

مرۆڤی زانا و هوشیار بەوە لە کەسانی دی جیادەبێتەوە کە دەرك بە ئاست و جێگە و رەوش و قۆناغی خۆی دەکات، بۆیەش هەڵوێست و فیکر و بۆچوونەکانی، بە رادەی پێویست، سەنگین و بابەتی و عەقڵانی دەبن. ئەم جۆرە فیکر و هەڵوێست و بۆچوونانەش دەبێ چاوەڕوانکراوبن لە، هەرنەبێ، ئێلیت و سەربژاردەی کۆمەڵگایەك تەنانەت ئەگەر یەکێکیش نەبێت لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان. لەم رووەوە، ئێلیتی کۆمەڵگای کوردی، بێگومان، باش لەو راستییە ئاگادارە کە کورد، بە گشتی، ماوەیەکی درێژە بەدەر لە (زەمان) دەژی — ئەوەش بەو مانایەی کە ئێستاش دەسکەوتە ماددی و مەعنەوی و فیکری و زانستییەکانی رۆژگاری نوێ (سەدەی بیست و بیست و یەك)ی بەردەست نەکەوتوون و ئەوەش کاریگەریی نەشاراوەی هەیە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان لە کۆمەڵگای کوردیدا: سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، کەلتووری، ئابووری... لێرەشەوەیە ئاستی نزمی هوشیاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

لەم گۆشەنیگایەوە، بۆ ئەوەی کورد بتوانێ هەنگاو بنێتە ناوچەرخ و رۆژگاری ئێستاکەوە دەبێ هەوڵبدات زەمینەی لەبار بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتی بڕەخسێنێ؛ بەپیتترین زەمینەش بۆ ئەم هەنگاوە، بێگومان، بوارەکانی پەروەردە و فێرکردنە. بەبێ ئەم زەمینەیە، هەرچی بنیادبنرێ بێ بنچینە و تەمەن کورت دەبێ.

پەروەردە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی گرنگ و سەرەکییە لە رەوتی ژیانی هەر کۆمەڵگایەکدا؛ کۆمەڵگا بەم پرۆسەیە بوون و بەردەوامبوونی خۆی زامین دەکات — لەم رووەوە دەکرێ بڵێین "پەروەردە" واتە ژیان بە هەموو فراوانی و لایەنەکانییەوە.

لەم روانگەیەوە، ئێمە دەبێ وێنایەکی فراوانتر و قووڵترمان هەبێت بۆ پەروەردە، بەجۆرێك کە لەناو هەموو دیاردە و پرۆسەکانی دی دەور و جێگە و بایەخی بەدیی بکەین. جێگەی سەرنجە، ئێمە هەمیشە و بە شێوەیەکی رەها پەروەردە دەبەستینەوە بە قوتابخانە و دەزگای رەسمیی پەروەردەوە، لەکاتێکدا پەروەردە گەلێ زووتر لە قۆناغی قوتابخانە دەسپێدەکات و چەندین دەزگای کۆمەڵایەتییتر پێی هەڵدەستن و هەریەکێکیش لەم دەزگایانە جێپەنجەی خۆی بەسەر ئەم پرۆسەیە



نەخش دەکات، لەم دەزگایانەش: خێزان، گەڕەك، دەزگای ئایینی... و ئینجا دواتر دەزگای پەروەردە و فێرکردن.

لێرەدا، پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە، وەکو لە ناوی ئەم دەزگایەش دەرکەوتووە، دەبێ پلەی یەکەم بدرێ بە "پەروەردە" ئینجا فێرکردن؛ پەروەردەش، واتە پێگەیاندن و داڕشتنی کەسایەتیی منداڵ — هەر دەسکاریکردنێکی ئەم پرۆسەیەش بوارێکی کاری یەکجار فراوان دەکاتەوە، چونکە ئەمە بەرەنگاربوونەوەی سەرلەبەری سستەمی کۆمەڵایەتی دەگەینێ و بۆیەش پێویستی بە ئیرادە و بڕیاری سیاسیی دەبێ. لە هەمانکاتیشدا دەبێ، ئەم بڕیارە سیاسییە، خاوەن پرۆژەیەکی پەروەردەیی نوێ و تۆکمە و دانسقەی وابێ بتوانێ کەسایەتییەك بۆ نەوەی تازە بنیادبنێ کە لەباریدابێ مامەڵەیەکی شیاو لەگەڵ دیاردە و رووداو و گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەردەمدا بکات. لەمەشدا، دەسەڵاتی سیاسی دەبێ جێپەنجەکانی بەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە دیاربێ و چیتر خێزان بەتەنیا بەرپرس نەبێ لە پێگەیاندنی ئەندامەکانی بەو شێوەیەی خۆی، واتە خێزان، مەبەستییەتی، بەڵکو دەسەڵات بڕیاربدات بەپێی پلانێکی شیاو و زانستانە کە چ جۆرە ئەندامێکی کۆمەڵگای گەرەکە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئێستاش خێزان دەسەڵاتێکی رەها و باوکسالارانەی بەسەر ئەندامەکانییەوە هەیە و هیچ کەسێك بۆی نییە دەسبخاتە نێو بڕیار و کاروباری خێزانەوە؛ بۆیە ئەرکی هەنووکەیی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەوەیە کە هەرچی زووە پلان و سیاسەتێکی پەروەردەیی وا داڕێژێ کە بتوانێ مافەکانی مرۆڤ لەناو خێزانەکاندا بپارێزێ.

لە رەوشێکی وادا، هەندێ لە بنەماکانی فەلسەفەی تاکگەرایی Individualism، بەبێ فەرامۆشکردنی رەوش و واقیعی کۆمەڵایەتی، گرنگیی خۆیان هەیە؛ مرۆڤ دەبێ وەکو تاکەکەس نرخ و بایەخی تایبەتیی خۆی هەبێت، نەك لەبەر ئەوەی کوڕی خێزانێك، سەربە خێڵێك یان بنەماڵەیەك بێت. لە هەمانکاتیشدا، زۆرگرنگە رەچاوی ئەوە بکرێت کە ئێمەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییمان هەیە و دەزگا پەروەردەییەکان، فەرمی و نافەرمی، لە پرۆسەی پێگەیاندندا دەبێ دەوری نەتەوەیی خۆیان ببینن.

هەرچی فێرکردنە، ئەویش پرۆسەیەکە هاوکات لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەدا بەرێوەدەچێ و بەیەکەوە گرێدراون. پرۆسەی فێرکردنیش لە کوردستاندا، بێگومان، دەتوانین بڵێین چیتر پێداویستییەکانی کۆمەڵگای سەردەم جێبەجێ ناکات — ئەمە هەموو قۆناغەکانی فێرکردن دەگرێتەوە، بە فێرکردنی باڵاشەوە.

ڕەوشی فێرکردن لە کوردستاندا، هەر لە پێداویستییە ماددییەکانەوە بگرە، وەکو بینایەی قوتابخانە و کۆلێژ و پەیمانگاکان و کەلوپەل و ئامێر و کەرستەی جۆراوجۆریتر، تا دەگاتە لایەنی مەنهەج و شێوازی گوتنەوەی وانەکان، هەر هەمووی دەبێ دەسکاریی بکرێن — ئەویش بەجۆرێك ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١- پێش هەموو شتێك، زۆرگرنگە قوتابخانەکان، هەروەها کۆلێژ و پەیمانگاکانیش، شوێنی جوان و خۆش و دڵگیربن.

٢- فێرکردن دەبێ بەپلەی یەکەم لە پێناو دارشتنی کەسایەتییەکی پێشکەوتوو بێت بۆ قوتابی؛ ئیدارە و مامۆستایانی قوتابخانە دەبێ ئەم ئەرکە باش بزانن و لەخۆبوردووانە جێبەجێی بکەن — بەمەشەوە قوتابخانە دەتوانێ دەورێکی کۆمەڵایەتیی سەرباشقە ببینێ. هەر بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراندنی ((رابەری پەروەردەیی)) لە قوتابخانەکاندا لە هەڵگرانی بڕوانامەی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و دابینکردنی دەسەڵات و پێداویستییەکانیان ئەرکێکی هەنووکەیی دەزگای پەروەردەیە.

٣- پابەندبوون بە بابەت و بنەماکانی مەعریفەی زانستی و ڕەچاوکردنی مەبدەئی پراگماتیزم لە دانانی مەنهەج و دیاریکردنی شێوازەکانی وانەگوتنەوەدا- واتە ئاسانی و بە سوودیی بابەتەکان و ڕەچاوکردنی باری دەروونی و خۆشگوزەرانیی قوتابی لە قوتابخانە و فێرگەکاندا.

٤- ڕەچاوکردنی بەهرە و توانای قوتابی لە قۆناغە سەرەتاییەکان لە بابەتە جۆراوجۆرەکاندا و پشتگیریکردن و هاندانیان بەمەبەستی گەشەپێدانیان لەم بوارانەدا.

٥- کەمکردنەوەی ڕێژەی تاقیکردنەوەکان، بەتایبەتیش لە قۆناغی سەرەتاییدا.

٦- سەرچاوەکانی مەعریفە و زانیاریی زێدەبوونێکی لە ڕادەبەدەریان بەخۆوە بینیووە — ئەوەش ڕەوشێکی تازە و تایبەتیی بە قوتابی دەبەخشێ و دەبێ حسێبی بۆ بکرێ" قوتابی ڕۆژگاری ئێستا کەسێکی بێئاگا و چاونەکراوە نییە.

٧- ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی پیشەی مامۆستا و بەرزڕاگرتنی ئاستی بژێو و گوزەرانیان؛ هەروەها بەشداریکردنی بەردەوامیان لە خوولی نوێکردنەوەی زانیاری و شێوازەکانی وانەگوتنەوە گرنگیی لە ڕادەبەدەری خۆی هەیە.

٨- بایەخدان بە بواری ئیدارە و بەڕێوەبردن، کەمکردنەوەی ڕۆتین و بیرۆکراتیا- ئەویش بە کردنەوەی خولی تایبەت بەم بوارە؛ هەروەها پیادەکردنی شێوازی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی (لامرکزی)، پێدانی دەسەڵات و بودجەی پێویست بە دەزگا و قوتابخانەکان.

* گۆڤاری (گوڵان) ژمارە (٦٠٦) ساڵی ٢٠٠٦



## لایەنی نەتەوەییمان پێویستی بە بایەخ و گرنگیدانە!*

کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بە لایەنی نەتەوەیی لێك جیادەبنەوە، چونکە هەر کۆمەڵگایەك و هی میللەت یان نەتەوەیەکە؛ ڕەنگە چەند کۆمەڵگایەك لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە لێك بچن، یان هەر تەواو یەکبن، بەڵام ئەم یەکبوونە هەرگیز لایەنی نەتەوەیی ناگرێتەوە و هەر لێرەشەوەیە، واتە لەلایەنی نەتەوەییەوەیە، کۆمەڵگاکان تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەردەبڕن. کەواتە لایەنی نەتەوەیی بایەخ و گرنگیی یەکجار زۆری هەیە، چونکە گوزارشت لە تایبەتمەندی و نیشانە و ماکەکانی کۆمەڵگا دەکات، ئەو نیشانە و ماکانەی ئەندامانی کۆمەڵگا توند دەستی پێوەدەگرن، داکۆکیی لێدەکەن و تەنانەت قوربانیشی بۆ دەدەن. لە ڕاستیدا، لایەنی نەتەوەیی ئەوەندە چەسپاو و ڕەگی قووڵ داکوتراوە و تێکهەڵکێشی لایەنەکانیتری ژیانە کە ناکرێ لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی جیابکرێتەوە، یان چاوپۆشیی لێبکرێ. ئەوەش زۆرچاك ڕووندەبێتەوە، کاتێك ئاماژە بە نیشانە و ماکە نەتەوەیی (ئێتنیکی)یەکان دەکەین کە بریتین لە ناوی نەتەوەیی، زمان، خاك، مێژوو، کەلتوور، لایەنی دەروونیی هاوبەش (سایکۆلۆژیای هاوبەش) جا، چ کۆمەڵگایەك هەیە بتوانێ بەبێ یەکێك، تەنیا یەکێك، لەم نیشانە و ماکانە ساتێك بژی.

ئەو نیشانە و ماکە نەتەوەییانە ئەگەرچی دەسکردنین، خۆڕسکن، هەرچەندە توندیش چەسپاون و لەناوبردنیان ئەستەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیان بە بایەخ و ئاگالێبوون و پەرەپێدانە. ناوی نەتەوەیی، ناسنامەیە دەبێ هەمیشە بەرز ڕاگیرێ، هەروەها ناوەڕۆکی مێژوویی خۆی هەیە و لە ڕووی زمانیشەوە، ئەم ناوە، وشەیەکە مانایەکی هەیە، یان هەبووە، دەبێ ڕوونبکرێتەوە، بۆ ئەمەش پسپۆران لە بوارەکانی زمانەوانی و مێژوو و ئێتنۆگرافیا بانگهێشت کراون بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی مێژوویی دەربارەی مانا و ناوەڕۆکی ئێتنۆنیمی (کورد)؛ هەڵگری ناوێك دەبێ مانای ناوی خۆی بزانێ.

زمان، ماك و مۆرکێکی نەتەوەییە و لە هەمانکاتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، واتە ژیان بەبێ زمان نابێت، جگە لەوە، زمان هەرگیز جیاناکرێتەوە لە فیکر، فیکر و زمان بەبێ یەکدی نابن و زمانیش، چونکە هەمیشە نەتەوەییە بۆیە، کەواتە، ژیان و هزر و بیرمان کوردانەیە،

بۆیە دەبێ چی هەبێ گرنگتر لە زمانی نەتەوەییمان!. لێرەدا زمان دەبێ ڕێکبخرێ، دیراسە بکرێ، ڕێگەی هاوبەشبوونی بۆ دابینبکرێ و تەگەرەکانی بەردەمی لاببرێ، زمانی ئەدەبیی لێهەڵێنجرێ و بەکاربهێنرێ. زمان بۆ ئەوەیە کاری پێبکرێ، مرۆڤ بە هەر زمانێك قسە بکات و بنووسێ، خزمەتی ئەو زمانە دەکات؛ جێگەی سەرنج و داخە لە ناو کورددا هێشتا گەلێ کەسانی وا هەن بە زمانانیتر دەنووسن و خزمەتی ئەو زمانانە دەکەن، هەروەها ئەوەش جێگەی داخێکی زۆرە کە لە کوردستاندا بۆ زمانی کوردی لە قوتابخانان یەك شێوازی هاوبەشی فێرکردن نییە ئەوەش زەبرێکی گەورەیە لە زمانی نەتەوەییمان بەدەستی خۆمان.

خاك، خاکی نەتەوەیی، نیشتمان، مەرجێکی ژیانە. خاکی نەتەوەییمان، کوردستان - شێوازی ژیانی ئێمەی کوردی داڕشتووە؛ کێو و دۆڵ و دەشت و رووبارەکانی کوردستان ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سایکۆلۆژیا و دەروونی ئێمەی دیاریکردووە، چونکە لەسەر ئەو خاکە دەژین و ئەو خاکە ناوی ئێمەی هەڵگرتووە. نە هەر ئەوە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی هەیە، ئەم کێشەیەش لە ناوەڕۆکدا بە تایبەتی لەسەر خاکە، لەسەر کوردستانە کە خاکێکی داگیرکراوە و کورد لە خەباتێکی دژواردایە بۆ ئازادکردنی ئەو خاکە؛ جا لە حاڵەتی کورددا خاکی نەتەوەیی، جگە لەوەی نیشانە و ماکێکی نەتەوەییە و ئەو هەموو بایەخەی سەرەوەی هەیە، هەروەها بایەخێکی سیاسیی گەورەشی هەیە. لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی کورددا سەلماندن و دیاریکردنی سنووری ئێتنیکیی راستەقینەی کورد، یەکەمین و سەرەکیترین ئامانجە، کە تائێستاش ئەم ئامانجە وەدەسنەهاتبێ دیارە ئەمە خەباتی زێتر و توندتر و، ڕەنگە بۆ ئیمڕۆ، شێوازیتری بوێ. هاوکاتیش ئاوەدانکردنەوە و بەپێزکردنی خاکی نەتەوەیی و سوود لێوەرگرتنی ئەرك و ئامانجێکی هەمیشەیی ئەندامانی ئێتنۆسە.

هیچ نەتەوەیەك نییە بەبێ مێژوو، هەر نەتەوە خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژووییە، واتە زادەو بەرهەمی مێژووە، بۆیە هەر نەتەوەیەك مێژووی خۆی هەیە. مێژوو، واتە ڕەوت و قۆناغەکانی گۆڕان و پێشکەوتن، بۆ ئەوەی بزانین نەتەوەی کورد لە چ ئاستێکی پێشکەوتن دایە، دەبێ بزانین پێشتر بەکام لە قۆناغە مێژووییەکان تێپەڕیوە، سەربردە و ڕووداوەکان چی بوون و چ توخم و ڕەگەزێك دەوریان بینیووە لە پڕۆسەی دروستبوون و گەشەکردن و پەرەسەندنی ئێتنۆسی کورددا، باپیرە گەورەی کوردان کێ بووە؟ ئەمانە هەمووی پرسی گەورە و گرنگن مێژوو دەتوانێ وەڵامیان بداتەوە ئەوەش، بێگومان، بە تۆژینەوەی زانستی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و سوود وەرگرتن لە پەندە مێژووییەکان. شایانی باسە



کە مێژوو تەنیا بریتی نییە لە ڕابردوو، بگرە ئێستاکە و ئیمڕۆش هەر مێژووە؛ ئیمڕۆکەی ئێمە سیمای مێژوویی خۆی هەیە، چونکە ئێمە ئیمڕۆ لە قۆناغێکی مێژووییدا دەژین و دەبێ بزانین شەقڵ و سیما و نیشانەکانی ئەم قۆناغە چین تا لە ڕەوشی ئێستای خۆمان بگەین.

کەلتوور، واتە شێوازی ژیانی؛ هەر نەتەوەیە و شێوازی تایبەتیی ژیانی خۆی هەیە کە جیایە لە شێوازی ژیانی نەتەوەکانیتر. نەتەوە و کۆمەڵگاکان بە کەلتوور نەوەکانی خۆیان فێری چۆنیەتی ژیان دەکەن، کەلتووریش هەمیشە نەتەوەییە و نیشانە و ماکێکی گرنگی نەتەوەیە. کەلتووریش، بە هەردوو لایەنی ماددی (خۆراك و خانوو و جلوبەرگ و کەلوپەل و ئامێر و کەرستەکانی پێویست بۆ ژیان) و مەعنەوی (دابونەریت و ئایین و فۆلکلۆر) پێویستی بە بایەخ و پەرەپێدانە. هەر یەکێك لە توخم و ڕەگەزەکانی کەلتوور بگرین، چ ماددی و چ مەعنەوی، ناوەڕۆکی مێژوویی خۆی و لە هەمانکاتدا بایەخی وەزیفی هەیە، چونکە وەکو گوتمان، ژیان بەهۆی کەلتوورەوە بەڕێوەدەچێ؛ لە ڕەگەزەکانی کەلتوورەوە دەتوانین زانیاریی مێژوویی دەربارەی نەتەوەکە وەرگرین، لەبەر ئەوەشە ئاسەوارناس و ئێتنۆگرافیستەکان ڕەگەزە کەلتوورییەکان بە سەرچاوەی بە نرخ دەزانن، بۆیە هەر نەتەوەیەك قەدر و ڕێزی خۆی بزانێت توخم و ڕەگەزە کەلتوورییەکانی خۆی دەپارێزێت و شانازییان پێوە دەکات.

ئەندامانی هەر نەتەوەیەك سایکۆلۆژیای هاوبەش، واتە لایەنی دەروونیی هاوبەشیان هەیە، بەبێ ئەمەش ژیانێکی هاوبەشیان نابێت. هەر کۆمەڵبوونێکی خەڵك، لە هەمانکاتدا نەتەوە و کۆمەڵگاش، هارمۆنیاو هەماهەنگیی خۆی لە سایکۆلۆژیای هاوبەشی ئەندامانیدا دەردەبڕی، واتە لە شێوازی بیرکردنەوە (عەقڵییەت، زهنییەت)، وەکو چۆن دەگوترێ شێوازی بیرکردنەوەی کوردی یان زهنیەتی عەرەبی، عەقلییەتی فارسی هەروەها لە چێژ و زەوق و میزاجدا، ئەمانە دەبێ لای ئەندامانی نەتەوە هەر نەبێ لێك نزیك بن، دەنا گونجانیان پێکەوە نابێ و ژیانێکی هاوبەشیان بۆ دروست نابێ. ئێمە بە عەقڵییەتێکی (کوردانە) بیر لە مەسەلەکان دەکەینەوە و کێشەکانمان چارەسەر دەکەین؛ عەقڵییەتیش ئەگەرچی لەسەر بنچینەی ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی دەوەستێ، بەڵام تارماییەکی سیمای نەتەوەییشی پێوە دیاردەبێ و ئەگەر بە وردی لێی ڕامێنین دەتوانین هەستی پێبکەین. هەروەها ئێمەی کورد، هەر هەموومان، نزیکەی حەزمان لە هەمان جۆر خواردن و تامە، هەمان جۆر گۆرانی و مۆسیقامان پێخۆشە، هەمان شێوە سەما و شایی و هەڵپەڕکێ دەمانبزوێنی، جوانی و قەشەنگی لای مرۆڤی کورد تابلۆیەکی ڕەنگاو ڕەنگی تا بڵێی تایبەتە.

بەم بۆنەیەشەوە، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە چەند لایەنێکی شێوازی ژیانی ئەمڕۆی خۆمان بکەین کە هەندێ ڕەفتار و هەڵوێستی دزێو و ناحەزی لێ ڕوودەدەن کە خەریکە دەبن بە دیاردەو، وەکو بڵێی، دەوری شێواندنی بنەماکانی کەلتووری نەتەوەیی دەنوێنن. چاودێرێك بە ئاسانی دەتوانێ سەرنج بدات کە ئێرە، واتە کوردستان، وڵاتی هەرکەس بە کەیفی خۆیەتی! تابلۆی سەر دوکان و عیادە و کۆمپانیاکان بۆیان هەیە بە هەر زمانێك بن، لە باشترین حاڵدا بە کوردییەکی سەقەت دەنووسرێن بێ ئەوەی کەسێك لێی بەرپرس بێت؛ ریکلامی زەبەللاح بە زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی بۆ هەموو شتێك، تەنانەت بۆ جگەرەش، شارەکانیان تەنیون؛ تۆمارگاکانی مۆسیقا و گۆرانی زۆر بەدەگمەن ئاوازێکی کوردی پەخش دەکەن، هەرچی تیپەکانی گۆرانین ئەوا (بەشانازییەوە) لە ئاهەنگەکاندا ڕەشبەڵەکی کوردی بە ئاوازی (الچوبیە) دەگێڕن، گەنج و لاوەکانیشمان هەڵدەپەڕن و تەققەی سەریان دێ. سەیر لەوەدایە کە ئێمە وادەزانین عارەبەکان بۆ ئەوە دێنە کوردستان بۆ گەشتوگوزار تا گوێیان لە مۆسیقا و گۆرانیی عارەبی بێ، بۆیەش هاوینەهەوارەکانمان یەکپارچە دەکەینە گۆرانیی عەرەبی. ئایا ئەمە بواری کارکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و پارێزگا و لق و مەڵبەندە حیزبییەکان نییە؟! ئەمانە تەنیا لە وڵاتێکدا دەبن کە خەڵکەکەی قەدر و نرخی زمان و کەلتووری خۆیان نەزانن.

لە ئەنجامدا، ئەم نیشانە و شەقڵ و سیما نەتەوەییانە ئەگەرچی، وەکو گوتمان، سروشتی و خۆڕسکن، بەڵام پشتگوێخستن و ئاگالێنەبوونیان ئاکامی نەتەوەیی خراپ و نێگەتیڤی لێدەبێتەوە و لە حاڵەتی کوردیشدا کە لە ڕەوشێکی نەتەوەیی چارەنووسازدایە، ئەم ئاکامە، بەڕای ئێمە، تا ئەوپەڕی کارەسات ئامێز دەبێ. پەرەپێدانی لایەنی نەتەوەیی و ڕەخساندنی ژیانێکی نەتەوەییانە،بە مانای تەواوی ئەم وشەیە، ئەرکێکی نەتەوەیی و هەنووکەیی دەسەڵات و بەهەمان رادەش، ئێلیت و سەربژاردەی کۆمەڵگای کوردییە.

ڕەوشی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئێستای کورد زادە و بەرهەمی ڕەوتێکی مێژوویی دوور و درێژە کە خۆمان، ئێمە و باوباپیرانمان، بەشداریمان کردووە لە گەیاندنی ئەم ڕەوتە بە ڕۆژی ئیمڕۆ و نەتەوەکەش بە ئاستی ئێستاکەی، بۆیە ئێمە خاوەنی ڕەوشی ئێستای کوردین و خۆمان بەرپرسین لە هەموو لایەنەکانی بە چاك و خراپییەوە.

- ئەم گوتارە لە گۆڤاری گوڵان ژمارە (٥٩٣) ٦/٧/٢٠٠٦ دا بڵاوکراوەتەوە.



## کەسایەتی مرۆڤ کورد و چەند هۆکارێکی کاریگەر (*)

کەسایەتی نەتەوەیی بابەتێکی گەورەو ئاڵۆزە، دەستنیشانکردنی سیما و خەسڵەتەکانی کارێکی ئاسان نییە و بگرە لەتوانای تاقە زانستێك و پسپۆڕێکیشدا نییە، ئەوەش، چونکە لە ناوچەیەکی جوگرافی و مێژوویی- کەلتووریدا هەمیشە چەندین میللەت و نەتەوە پێکەوە دەژین و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوەوە هەیە و لایەنی هاوبەشیان زۆرە، هاوکات ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان لە داڕشتنی کەسایەتی ئەندامەکانیاندا هەیە جۆراوجۆرو جیاوازن. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ ئاماژە بۆ هۆکارە هەرە گرنگەکان بکرێ و هەولبدرێ سیماو خەسڵتەهەرە دیارو سەرکییەکانی کەسایەتی نەتەوەیی دەستنیشان بکرێن.

بەڕای ئێمە ئەو هۆکارە سەرەکییانی کەسایەتیی مرۆڤ دادەڕێژن، بە گشتی لەم دووهۆ کارەدا چڕدەبنەوە: هۆکاری جوگرافی و هۆکاری کۆمەڵایەتی — کەلتووری. بێگومان هۆکاری مێژووییش وەکو مەرجێکی حەتمی خوی دەنوێنێ، چونکە هەردوو هۆکارەکەی سەرەوە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا دەرەنجام بەدەستەوە دەدەن.

جوگرافیای هەر شوێنێك بریتییە لە هەلومەرجی سروشتی و ژینگەی دانیشتووانەکەی، خەڵکی ئەو شوێنە بە گوێرەی باری سروشتی و پێداویستییەکانی دەژین و ڕەفتار دەکەن و بیردەکەنەوە... نەك هەر ئەوە، بەڵکو سیمای جەستەییش، واتە ئەنترۆپۆلۆژی کە بەپلەی یەکەم بەپێی جوگرافیای ئەو شوێنە دروستدەبن، بۆ نموونە، ئاووهەوا، واتە گەرما و سەرما و فێنکایی و بارانی زۆر یان وشکانی... کاریگەری زۆریان بەسەر شێوە ڕەنگ و ڕووی خەڵکی ناچوکەدا هەیە، هەروەها شێوەی زەمین — دەشت، بیابان دەریا و رووبار — کاریگەرییان لەسەر باڵای خەڵك و ڕادەی گورج و گۆڵی و توانای بزاوت و... هتد، هەیە، لەم ڕووەوە سیمای جەستەیی گەلێك لەمیللەت و نەتەوان تابلێی دیار و بەرچاون و بەهۆی ئەو سیمایانەوە لەناو خەڵکی دیکە دەناسرێنەوە، بۆ نموونە، چاو برۆی مرۆڤی ئەرمەنی، چاوو لووتی جوولەکە، ڕەنگی سوور و ئێسقانی دەرپەڕیوی دەموچاوی مرۆڤی تێبینی، قژ ڕەنگزێڕینی مرۆڤی ئەسکەندینافی (سوید و نەرویجی)، یان وەکو چۆن مرۆڤی ئەسیوپی لەناو هەموو زنجییەکانی ئەفریقیادا بەرەنگ و تایبەتمەندییەکانی دەموچاویان دەناسرێنەوە. لێرەدا ڕەنگە

بتوانین بڵێین مرۆڤی کوردیش بە شێوەیەکی گشتی سیمای جەستەیی خۆی هەیە، وەکو قژی رەشی، چاوی گەشی، گەنم رەنگی، باڵای مامناوەندی... نەك هەر لایەنی جەستەیی، بەڵکو جوگرافیا هەندێ لایەنی دەروونی و مەعنەوی مرۆڤیش دادەڕێژێ؛ گەرمای هاوین و سەرمای وشکی زستانان و ماوەی کورتی وەرزەکانی بەهار و پایز، بەپێی هەندێ بۆچوون، شێوازی ناکۆك و دژ بەیەك لەلایەنی دەروونی و مەعنەویی مرۆڤ دروستدەکەن، وەکو: ئەوپەڕی خۆشەویستی و ئەوپەڕی رق لێبوونەوە، ئازایەتی و جوامێری لەرادەبەدەر و ملکەچبوونی تەواو، غەمگینی بێئەندازەو دڵخۆشیی و ئەوپەڕی رق لێبوورنەوە، ئازایەتی و جوامێری لەرادەبەدەرو ملکەچبوونی تەواو، غەمگینی بێئەندازەو دڵخۆشیی بێوێنە... لەڕاستی دوورناکەوینەوە گەر بڵێین ئەم ناکۆکی و دژبەیەکییە لە مرۆڤی کورددا بەدیدەکرێن. هەروەها جوگرافیا و کەلتووری ماددی میللەتان دیاریدەکات- جلوبەرگ، خۆراك، خانوو، ئامێر و شێوازەکانی هاتووچۆ و کارپێکردن، هەموو ئەم توخمە کەلتوورییانەش لە دروستکردنی مرۆڤی تایبەتمەند دەور دەبینن، خۆراکی پڕ لە گیاوگوڵ و مێوە رەنگ و رووکراوەتر و جوانتر و تەندروستیتر پێدەگەیەنێ، جلوبەرگی کوردی مرۆڤ گورج و گۆڵ دەکات و توانای بزاوت و جوولانەوەی زیاتر دەکات و لەهەمان کاتدا، شێوەی دورمان و رەنگ و نەخشەکانی لایەنی زەق و میزاج و هونەریی مرۆی کورد دەردەبڕن.

هۆکاری کۆمەڵایەتی — کەلتووریش، لەکاتیکدا خۆی لەگەڵێ لایەنەوە بەرهەمی جوگرافی و ژینگەکەیە، ئاواش تەواوکەری کاریگەری و ئامانجەکانی ئەمەی دواییە. بونیادی کۆمەڵایەتی بۆ پێگەیاندنی مرۆڤی تایبەتمەند زەمینەی واقیعی دەرخسێنێ کە لەگەڵ هەلومەرجەکانیدا بگونجێ، بەیاسا و دەزگا و بەها کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی شێوازێکی بیرکردنەوەی دیاریکراو لەلای ئەندامەکانی دروستدەکات کە لە رەفتارە و هەڵسوکەوتەکانیاندا رەنگدەداتەوە، بۆیەش گەلێ جاران دەگوترێ ئەمە بیرکردنەوەیەکی کوردانەیە، یان دەستەواژەی (عەقڵییەتی عەرەبی) و (مینتالیتێتی ئەوروپی) دەبیستین و ئەمەش بێ بنچینە نییە- بەڵکو شێوازی بیرکردنەوەی میللەتان بوونی واقیعی خۆی هەیە. لێرەشدا بەدۆزینەوەی بەهای کۆمەڵایەتی —کەلتووری سەرەکی لە کۆمەڵگای و کوردەواریدا، رەنگە بتوانین شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد بەگشتی دەستنیشان بکەین.

ئێمە خۆمان باش دەیزانین و خەڵکی دیکەش، لەوانەی چاودێرییەکی وردی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردیان کردبێت، هەستی پێدەکەن کە ئازایەتی و جوامێری و بەجەرگی بەهای



هەرەگەورەی کوردە و لە ژیانی رۆژانە و هەڵوێست و هەڵسوکەوتی مرۆڤی کوردا دەردەکەوێ؛ ئاشکرایە ئەمەش دەرهاوێشتەیەکی مێژوویی کەلتووری هۆزو ژیانی خێڵەکییە کە تا ئێستاش لە کۆمەڵگای کوردیدا رەونەق و کاریگەری هەرماوە. هەر لەم خەسڵەتەشەوە، واتە ئازایەتی و جوامێری، وابەستەیی مرۆڤی کورد بەچەکەوە دەردەکەوێ؛ مرۆی ئازا و بەجەرگ هەمیشە چەك بەدەستەو ئامادەیە بۆ شەڕ و رووبەڕووبوونەوە، تەنانەت ئیمڕۆش لەناو شار و شارستانیی کەلتووریدا چەك جوانترین و بەهەرمێنترین ئامرازی خۆڕازاندنەوەی مرۆڤی کوردە. بۆیە سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا هەوڵدەدات مرۆڤ و ئەندامانی لەم بابەتە دابین بکات... ئەمە لەیەك، لەلایەکی دیکەشەوە دەبینین کە دەزگایەکی کۆمەڵایەتیی گرنگی وەکو دەزگای ئایینی کە رۆڵی باڵا لەم پرۆسەیەدا دەگێڕێ، بەرێگەی پیادەکردنی یاساو رێسا و رێنماییەکانی ئایینی ئیسلام مرۆڤی شێوەی دیکە پێدەگەیەنێ- مرۆڤێك لەمنداڵییەوە و لە هەموو ماوەی ژیانیدا خۆی بەتاوانبار دەزانێ و بۆیەش هەمیشە لەترس و تۆقاندندا دەژی، ئەوەش بێگومان کاریگەریی سلبی بەسەر کەسایەتی مرۆڤەوە هەیە. بۆیە دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کەوا مرۆڤی کورد لەسایەی چەند بەهایەکی کەلتووریی ناکۆك و دژبەیەکتریدا دەژی و ئەمەش بۆتە مایەی دەرکەوتنی هەندێ سیمای کەلتووری و کۆمەڵایەتی کە رەنگە زێتر لە میللەت و نەتەوەی دیکە بەکوردەوە دیاربێ، وەکو: ملکەچبوون، راڕایی، باوەڕبەخۆنەبوون، ئەم رەوشە کۆمەڵایەتییە کە لە سایەی سیستەمێکی باوکسالارانە و رێنماییەکانی دەزگای ئایینیدایە، رێك لەگەڵ هەلومەرج و بارە جوگرافییەکەی کوردستاندا یەکدەگرنەوە و بەرهەردووکیان مرۆڤێك پێدەگەیەنن کە بەرادەیەکی زۆر سیماو خەسڵەتی، دژبەیەك بگرێتەخۆو بەمەشەوە بێت بەکەسایەتێکی (سلبی)... ئەمەش وەنەبێ قەدەرێك بێت و چارەسەری نەبێت، بەڵکو بەچاودێریکردنی رەوشی کۆمەڵایەتی و دەسکارییەکی زانستانەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (هەر لە خێزان و قوتابخانە و دەزگای ئایینییەوە)، وردە وردە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد دەگۆڕێ و بە پشتگیرکردنی رەوتی زێدەبوونی مەعریفەی زانست لە کۆمەڵگای کوردیدا، بێگومان گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیستەم و بونیادی کۆمەڵایەتیدا روودەدەن و کۆمەڵگای کوردی پێشدەکەوێ و کەسایەتی مرۆڤی کوردیش باشتر و ئیجابیتر دەبێ.

## یەکێتیی ئێتنیکیی کورد (هەندێ سیما و گیروگرفتی)

لەسەرەتادا، چەند بنەماڵەیەکی خزمی یەکدی یەکیان گرتووە و خێڵێکیان پێکهێناوە، ناوی بنەماڵە گەورە و بەهێزەکە بۆیان بووە بە ناوی خێڵەتی. دوای ماوەیەك، چەند خێڵێکی لە یەك نزیك و خزمی یەکتری، لەبەر گەلێ هۆی جەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، یەکیان گرتووە و یەکێتی (کۆنفیدراسیا)ی خێڵەتییان پێکهێناوە و بەناوی خێڵە هەرە بەهێزەکەوە ناسراون. دواتر، لە ئەنجامی شەڕ و داگیرکردن و دەوڵەمەندبوون و بەهێزتربوونیاندا گەلێ خێڵ و کۆنفیدراسیای تریان بەگەڵ کەوتوون کە نەك هەر خزمیان نەبوون، بەڵکو لەوانەیە پێشتر دوژمنیشیان بووبن، هەروەها خاك و رووبەری بەرفراوانیان کەوتۆتە ژێر دەست. لەسەر ئەم رووبەرە بنکە و یاسای ئابووریی تازە سەریانهەڵداوە و یەکێتیی جەماوەریی ئەم خێڵانە پتەوتر و تێکەڵاوییان بەهێزتربووە، بۆیەش رەوشێکی کۆمەڵایەتیی نوێ پەیدا بووە کە بنچینەکەی تەنها هەر خزمایەتی نەبووە، بەڵکو هۆکاریتریشی بۆ زیادبووە وەکو: ئابووری، سیاسی، جوگرافی...هتد. لە ماوەی ئەم کۆبوونەوەیە و بەردەوامبوونیدا وردە وردە سیما و خەسڵەتی توخمە هەرە زۆرو بەهێزەکان زاڵبووە و بەسەر ئەوانیتریشدا سەپێندراون. ئەم یەکێتییە تازەیە بە ناوێکەوە ناسراوە کە لە زۆربەی حاڵەتدا ناوی توخمە هەرە زۆر و بەهێزەکەیە و بۆ ئەم کۆمەڵە خەڵکە بۆتە ناوی نەتەوەیی (ئێتنۆنیم)، لەو ساتەوە، ئیتر ئەم کۆمەڵە خەڵکە بە میللەت ناسراون.

بەم جۆرە، هەر کۆمەڵە خەڵکێك لە رەوتێکی مێژووییدا لە ژێر ناوێکدا کۆبوونەوە و یەکیان گرت، سیما و خەسڵەتی هاوبەشیان بۆ دروستبوو و لە کۆمەڵانی خەڵکی دیکە جیابوونەوە، ئەوا ئێتنۆسێکی[١] سەربەخۆ پێکدێنن، سیما و خەسڵەتە هاوبەشەکەشیان، شان بەشانی ناوەکەیان، دەبن بە نیشانە و ماکی ئێتنیکی و ئێتنۆسەکە پێیانەوە دەناسرێ. نیشانە و ماکە ئێتنیکییەکانی ئێتنۆسیش، بە گشتی، ئەمانەن: ناو، زمان، مێژوو، خۆناسی ئێتنیکی، خاك، کەلتووری مادی و گیانی، هەروەها تا رادەیەکیش سایکۆلۆگیای هاوبەش.

کورد زۆر لە مێژە بە ناوی (کورد)ەوە ناسراوە و بۆی بووە بە ئێتنۆنیم (ناوی نەتەوەیی) و لە میللەتانی دیکەی جیا دەکاتەوە. ئەگەر ناوە کۆنەکانی دانیشتووانی دێرینی کوردستان



پشتگوێ بخەین، وەکو: کووتی، لۆلۆبی، کاسی، کیرت، میدیا، کاردۆخ، کارد- کە کتومت ناوی (کورد)ی ئێستا ناگەیێنن و، هەر نەبێ، لە رووی ئێتیمۆلۆگییەوە یەك نین، ئەوا یەکەمین سەرچاوەی مێژوویی وشەی (کورد)ی، بە شێوەی ئێستاکەی، بەکارهێنابێ "کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان"ی چەرخی ساسانییە. لەم کێتبەدا باسی ئەوە کراوە کە ئەردەشێر، دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی، شەڕی لەگەڵ "مادیك"ی شای کورداندا کردووە [٢]. لێرەدا، جیا لەوەی دەتونین، بەپێی لۆژیکی مێژوویی، بڵێین دەبێ ماوەیەکش پێش ئەوە ناوی (کورد) بەکارهاتبێ و میللەت یان ئێتنۆسی کورد بەر لە دەوڵەتی ساسانی هەبووبێ، ئەم سەرچاوەیە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئێتنۆسی کورد لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زاینیدا، واتە لە رۆژگاری دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانیدا، هەبووە. هەر بەپێی ئەم سەرچاوەیەش دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر کوردەکان ئەوساکە پاشایان هەبووبێ ئەوا دەبێ لە قۆناغی کۆمەڵگای چینداردا بووبن، یان هەر نەبێ لە قۆناغی کۆنفیدراسیای خێڵەتیدا، ئەم قۆناغەی دواییش، بە دەوری پەڕینەوە دادەنرێ لە کۆمەڵگای مەشاعییەتی بێچینەوە بۆ کۆمەڵگای چیندار و یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی دەوڵەتە [٣]. کەواتە، بە هەبوونی ئێتنۆنیم و، هەڵبەتە، زمان هەروەها قۆناغێکی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتیی لای کوردەکانی ئەوساکە مافی ئەوەمان دەبێ، بەپێی میتۆدی ئێتنۆگینزی [٤] میللەتان، بڵێین کورد ئەوکاتە میللەتێکی تەواو دروستبوو بووە.

لە مێژوودا گەلێ میللەت و ئێتنۆسی وا هەبوون کە ئێستا لە ئارادا نەماون و ناویان ونبووە، ئەوەش پێش هەموو شتێك ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمان چیتر خۆیان بەم ناوانەیانەوە نەناسیوە، بەڵام سەبارەت بە کورد وا نەبووە، پرۆسەی کۆبوونەوە و یەکگرتنی خێڵە جۆراوجۆرەکان لە ژێر ئەم ناوەدا هەر بەردەوام بووەو خۆناسیی ئەم خێڵانە وەکو کورد هەر پەرەیسەندووە. لە وڵاتێکی وەکو کوردستاندا، کە لەگەڵ سەختییەکەشی، هەمیشە سەرەڕێی هاتوچۆ و شەڕ و پێکدادانی میللەتان و دەوڵەتانی گەورەی کۆن و تازە بووە، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی بە کورد ناسرابوون نەك هەر لەناونەچوون و ناوی خۆیان لەدەست نەداوە، بەڵکو تا هاتووە بڵاوتربوونەتەوە و رووبەرەکەیان فراوانتر بووە- ئەوەش بەڵگەی ئاستێکی بەرزی، بۆ ئەوکاتە، خۆناسیی ئێتنیکیی[٥] کوردانە. لەم رووەشەوە، پایەخ و گرنگیی ئێتنۆنیم لەوەدایە، کە رەنگدانەوەیەکی روونی خۆناسیی ئێتنیکی و هەستی نەتەوەیی ئەندامانی میللەتانە.

خۆناسیی ئێتنیکی، وەکو هەموو دیاردەیەکی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتی، لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا دەگۆڕێ و گەشەدەکا. ئەگەر ئێتنۆسەکە لە دەوری خێڵەتی و یەکێتی خێڵەتیدا بێت، ئەوا خۆناسیی ئەندامەکانی لە خزمایەتی و ئینتیمایانەوە بۆ خێڵ و سەرۆك خێڵەکیاندا رەنگدەداتەوە، یان لە قۆناغی دەرەبەگیدا کە سەر بە میر و ئاغا و شێخ دەبن شەقڵێکی زۆری ناوچەگەرێتی پێوە دەبێ. ئەگەر چاوێك بە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی کورددا بخشێنین، یەکسەر ئەم جۆرە خۆناسییەی ئێتنیکیی کوردمان بەرچاو دەکەوێ. سەرجەمی مێژووی ئەوساکەمان پڕە لە شەڕی خێڵەتی، میرنشینی دامەزراندن و بەگژیەکداچوون، میرەکانمان لە رکەبەری یەکدی ملیان بۆ بێگانە کەچکردووە، پیاوی ئایینی دەوری سیاسییان بینیوە و موریدەکانیان راپەڕیون؛ مێژووەکە، هەروەها، شەڕی زۆری ئایینی: ئیسلام و مەسیحی، ئیسلام و ئێزیدی، ئیسلام و عەلەوی، شیعە و سوننەی تێدا بووە. ئەوەش بێ بنچینە نەبووە، چونکە لە مێژووی میللەتانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەوری ئایین لە هەموو شێوەکانیتری هوشیاریی کۆمەڵایەتی زیاتر بووە و ئەوساکە ئایین تاقە شێوەی ئایدیۆلۆگیای میللەتان بووە و بۆیەش، بە قسەی ئێنگلس، "بۆ هەڵکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری، دەبوایە جلێکی ئایینی بکرێتە بەر بەرژەوەندییەکانی ئەم جەماوەرە"[٦]. نموونەیەکی پڕ بە پێستی ئەم وشانەی ئێنگلس، جگە لە شەڕە ئایینییەکانی ناو کوردەواری، شەڕی چەندەها سەدەی خاچ هەڵگرانە لە فەڵەستین، کە کورد دەوری باڵای تیادا بینیوە. بەم جۆرە، لەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەوساکەدا، ئەو رۆژگارەش بۆ کورد درێژەی کێشاو ئاسەوارەکانی ئێستەش هەر ماون، خۆناسیی ئێتنیکیی ئەندامەکانی پاك و بێگرێ نەبووە، بەڵکو شەقڵی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیتری پێوە دیار بووە وەکو: بنەماڵەیی و خزمایەتی، خێڵایەتیی، ناوچەگەرێتی، ئایین....

ئەوەش، واتە هاوپەیوەندارێتی توخمەکانی کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی و کاریگەرییان بەسەر یەکدییەوە، زۆر ئاساییە. کۆمەڵە خەڵکێك، کە دەبن بە ئێتنۆسێك لە هەمانکاتدا کۆمەڵگایەك پێکدێنن، لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا رێکخراو و دەزگای کۆمەڵایەتی دروست دەبن و لەسەر بنچینەی پەیوەندیی ئابووری و مێژووی هاوبەشی ئەندامەکانی بەهاو یاسای تایبەتی سەرهەڵدەدەن و ئەوان دەبێ پەیڕەویان بکەن. نەوەی یەك لە دوای یەکی ئەم کۆمەڵگایە بە دابونەریتی چەسپاو پەروەردە دەکرێن و لە ئەنجامدا هەموو رەفتار و کردەوەکانیان- بەوانەوە



بەند دەبن. ئەوەش، لە رەوتێکی مێژوویی درێژدا، هەلێکی وا دەڕەخسێنێ کە سایکۆلۆگیایەکی، تا رادەیەك، هاوبەش بۆ ئەندامانی ئەو ئێتنۆس و کۆمەڵگایە دروست ببێ.

دەستنیشانکردنی سیما ئێتنیکییە (نەتەوەییە)کانی سایکۆلۆگیای هاوبەشی کۆمەڵە خەڵکێك کارێکی ئاسان نییە. چونکە، بە گشتی، کەشوهەوای کۆمەڵایەیتیی ناو کۆمەڵگاکە خەسڵەتە سەرەکییەکانی وەکو چۆن هی تاقە ئەندامەکان، هەروەهاش هی ئەندامەکانی بە کۆمەڵ دادەڕێژێ. لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە سایکۆلۆگیای کۆمەڵ کۆکردنەوەیەکی ئاسایی سایکۆلۆگیای تاقە کەسەکان نییە؛ تاقە کەسێك کە بە تەنها بە شێوەیەك رەفتار دەکا، لەناو کۆمەڵدا ناتوانێ هەمان شت بکا؛ یان ئەگەر یەکێك بزانێ چاودێری دەکرێ هەرگیز ئاساییانە رەفتار ناکا، بەڵکو رەچاوی ئەو شتانە دەکات، کە بەلای ئەوانەوە وا چاودێریی دەکەن، باوە و پەیڕەوی دەکەن. بۆیە سایکۆلۆگیای کۆمەڵ، لە هەمانکاتدا سایکۆلۆگیای ئێتنیکیش، کتومت هەمان حاڵەتی دەروونیی تاقە کەسەکان ناگەیەنێ. رەنگبێ هەر ئەوەش بووبێ، کە وای لە لینین کردبێ خۆی لە قەرەی ئەو مەسەلەیە نەدا. لە کۆنگرەی سێیەمی ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستیدا، کاتێك سۆسیالیستی ئیتالیایی لاتساری گووتی:"ئێمە خۆمان شارەزای سایکۆلۆگیای میللەتی ئیتالین"، وەڵامی لینین ئەوەبوو:"من ناتوانم سەبارەت بە میللەتی رووس ئەوە بڵێم"[٧]. لەناو میللەتێکدا، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو میللەتە گەورە و نیشتیمانەکەی فراون بێ، کۆمەڵە خەڵکی خاوەن سایکۆلۆگیا و باری دەروونیی جۆراوجۆر دەبن، بەپێی جیاوازیی چینایەتی و جێگەی جوگرافییان نەفسیتیشیان جیاواز دەبێت. بۆیەش زانای رووسی چێرنێشێڤسکی نووسیویەتی:"نەجیبزادەیەکی پورتوگالی، لە ژیاریدا، لە نەجیبزادەیەکی سویدییەوە نزیکترە، وەك لە جوتیارێکی نەتەوەکەی خۆیەوەو بە پێچەوانەوە"[٨] لەم رووەوە، نزیکایەتیی هەڵسوکەوت و لێکچوونی خووڕەوشتی میللەتانی قەفقاس، دانیشتووانە چیاییەکانی، وەکو داغستانی، ئەرمەن، ئازەری، گورجی، لە دانیشتووانی چیایی کوردەواری تابڵێی سەرنجڕاکێشە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ لایەنی سایکۆلۆگی بە نەتەوەیەکەوە زیاتر دیارە وەك بە ئەوانی ترەوە، بۆ نموونە: میللەتانی سکەندیناڤی، فنلەندییان لێدەرچێ، بە کرۆکپی و بێدەنگییەوە بەناوبانگن، ئەڵەمانەکان بە رێکوپێکی، ئیسپانی بە گەرموگوڕی، ئیتاڵییەکان بە میزاجی مۆسیقایی، هەشە کورد و ئێرلەندی، بەهۆی کەللە رەقی (عناد)یانەوە، بەیەك دەچووێنێ.

سەبارەت بە کورد، ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی لە مێژوویدا بۆی رەخساوە، وایکردووە کە هەندێ سیمای کۆمەڵایەتی بۆ ببن بە نیشانەی ئێتنۆ- سایکۆلۆگی. سەرباری سەختیی سروشتی کوردستان، مێژووی دوورودرێژی شەڕ و پێکدادانی کورد لە ناوخۆ و لەگەڵ میللەت و دەوڵەتانی دەوروبەریدا، جگە لەوەی بۆتە هۆی گومڕایی و باوەڕ نەکردن بە بێگانە، هەروەها پێویستی بە مرۆی ئازاو بەتین و بە جەرگ بووە. ئەوەش کەس نییە ئاماژەی بۆ نەکردبێ- هەر لە گەڕۆکەکانەوە بگرە، کە زۆر جاران بە رێگریان لە قەڵەم داون، تا دەگاتە لێکۆڵەرەوەکان، ئەمانیش تەنانەت ئەگەر بە چەند دێڕێك باسی کوردیان کردبێت جەختی ئازایەتی و جەنگاوەرییان کردووە. عەرەبەکان کە گوتوویانە"کورد خەنجەری لەبەر پشدێندایە" یان"کورد گوتی نا، یانی نا!" راستییان پێکاوە- هەم ئامادەیی شەڕکردن و هەم کەللەڕەقییان نیشانداوە. بەڕای من، ئەم سیما سایکۆلۆگییەی کورد، بەتایبەتیش جەنگاوەری و ئامادەیی بۆ شەڕ، بنچینەیەکی کۆمەڵایەتیی تریشی هەیە. وەکو ئاشکرایە، لە قۆناغی خێڵەتی و دەرەبەگیدا، ئەم قۆناغەش وەکو پێشتر گوتم لە کوردەواریدا درێژەی کێشاوە و ئاسەوارەکانی تا ئێستەش ماون، یاساکانی باوکسالاری (پاتر یارخی) باو و بەرقەرارن؛ ئامانجی سەرەکی ئەم یاسایانەش، جێ پێ قایمکردنی پیاوە لە کۆمەڵگادا و بەرزکردنەوەی دەور و جێگەیەتی. بە واتایەکیتر، مەبەست دروستکردن و پەروەردەکردنی پیاوە لە روانگەی خێڵەتی و دەرەبەگییەوە، لەم گۆشەنیگایەشەوە پیاو دەبێ، پێش هەموو شتێك، دڕ و بەهێز و شەڕکەر بێت و کەسیتر (جگە لە برا گەورە و ریش سپی خێڵ و بنەماڵەکەی خۆی) بە پیاو نەزانێ. نموونەیەکی سادەی، بەڵام پڕ بە پێستی پەروەردەی باوکسالاری کوردەواری ئەو رووداوەیە کە رەنگبێ بچووك بێتە بەرچاو، بەڵام ئەنجامێکی کۆمەڵایەتیی گەورەی هەیە و گومانی لەسەر نییە رۆژانە لە گەلێ کونجی کوردستاندا روو دەدا. سێ ساڵێك پێش ئێستا، چەند کەسێك لەسەر چیا لە ماڵە رەوەندێك میوان دەبن؛ خاوەن ماڵ منداڵێکی سێ چوار ساڵەی لا دەبێ و هەر ناوە ناوە، لەبەردەم میوانان، لە منداڵەکە مۆڕبۆتەوە و جوێنی پێداوە، کوڕەکەش بە هەمان شێوە و وەکو ئەم وەڵامی داوەتەوە. کاتێك میوانەکان لێیان پرسیوە بۆچی وا دەکات، گوتوویەتی:"بلا، با دڕبێ!"؛ یان رەنگبێ زۆر کەس لە ئێمە باوکی یان برا گەورەی ئامۆژگاری کردبێت کە چۆن لە ناو کۆمەڵی برادەرانیدا رەفتار بکات و (شەخسییەتی) ببێ و پێی گوتبێ، بۆ نموونە، ئەگەر پێشنیارتکرد پێکەوە بە لایەکدا بچن و کەسیان پشتگیری راکەی تۆیان نەکرد، ئەوا خۆت بە تەنها برۆ!. تەنها بە تۆزە وردبوونەوەیەك لە ژیانی واقیعی



و رۆژانەی ناو کۆمەڵگاکەمان، دەتوانین گەلێ نموونەیتر بۆ پەروەردەی باوکسالاری بێنینەوە[٩].

جا ئەم جۆرە پەروەردەکردنە دەبێتە مایەی: خۆ بە زل (بە پیاو) زانین، رکەبەری، زوو پەنابردنە بەر هێزی دەست و قامە و چەك، رەچاوکردنی نەریت و رەوشتی باو و بە موو لێی لانەدان و...هتد. ئەوەش بۆ ئاکاردرشتی و دکتاتۆرییەت، لە کۆمەڵگاکەدا بە گشتی، رەوشێکی باشی رەخساندووە، تەنانەت لاوازترین مرۆڤ بوارێك بۆ دکتاتۆرییەتی خۆی دەدۆزێتەوە- جا چ لە ماڵەوە و چ لە ناو هاوڕێیانی و چ لەسەر کار بێت. ئەمە خوا نەکات یەکێك، زیاد لەوەش، گرێیەکی نەفسیشی هەبێت بۆ ئەوەی دیکتاتۆرییەتەکەی توندوتیژتر ببێ و لە"فاشیزم" نزیك ببێتەوە.

رەنگبێ زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم- هەر ئەو ئەنجامە دەروونییەی پەروەردەی باوکسالارییە بۆتە هۆی نەبوونی دیموکراتییەت نەك هەر لە کوردەواری، بەڵکو لە هەموو رۆژهەڵات و بگرە لە هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا.

دواجار، ناوبانگ دەرکردنی میللەتێك (ئێتنۆسێك) بە سیمایەکی سایکۆلۆگی دیاریکراوەوە، مانای ئەوە نییە، کە میللەتانیتر ئەم سیمایانەیان نەبێت. هەروەها بەپێی گۆڕانی چەرخی مێژوویی و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی میللەتان سیما ئێتنۆ- سایکۆلۆگییەکانیشیان گۆڕانیان بەسەردا دێت.

سەبارەت بە گیروگرفتەکانی یەکێتی ئێتنیکیی کورد، دەتوانین دوو لایەنی هەرە بەرچاو دەستنیشان بکەین، کە شایانی دەمەتەقێ و لێکۆڵینەوەبن.

دەبێ، پێش هەموو شتێك، ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دروستبوون و مانەوەی ئێتنۆسێك و هەبوونی هەموو نیشانە و ماکی پێویست بۆ دانپیادانانی وەکو میللەتێك، مانای ئەوە نییە، ئەو میللەتە، لە داهاتووشدا هەروا دەبێ و بە ئاسایی دەتوانێ بژی، یان تەنگوچەڵەمە و مەترسیی زۆری، وەکو چۆن هی مێژوویی و سروشتی، ئاواش سیاسی و دەستکردیشی، بەرەنگار نابن.

یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵە خەڵکێك (لە هەمانکاتدا کۆمەڵی ئێتنیکی- واتە میللەتیش) ئەوەیە کە تێکەڵی و پەیوەندییەکی بەهێز لەناو ئەندامەکانیدا هەبێت، چونکە چالاکیی هاوبەشی ئەمانە پابەندی ئەو تێکەڵی و پەیوەندییەیە. زانستی سایکۆلۆگیای کۆمەڵایەتیش بە روونی ئەم بۆچوون و بیرانەی دەربڕیوە:"ئەگەر تێکەڵییەکە گۆڕا، چالاکییەکانیش دەگۆڕێن"، "ئەوانەی پەیوەندییان بە یەکەوە بەهێزە، هەوڵدەدەن یەکترییان

خۆش بوێ"، "ئەندامانی کۆمەڵەکە خۆیان و ئەوانەیتریش بە ئەندامانی کۆمەڵەکەیان دەزانن"[١٠]. جا بۆیە ئەگەر تەگەرەی وا هەبێت ئەو پەیوەندی و تێکەڵییەی ئەندامانی نەتەوەی کورد کەم بکاتەوە، دەبێ بڵێین یەکێتی کورد، پێش هەموو شتێکیش یەکێتی ئێتنیکیی، توند و بەهێز نییە. تەگەرەی سروشتی، وەکو چیای بەرز و دۆڵ و رووبار تەنانەت لە ناو تەنها بەشێکی کوردستانیشدا، لەبەر کەمیی رێگەوبانی تازە و شێوازی بەیەك گەیشتنی هاوچەرخ، تا رادەیەك ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی لێکدابڕیوە. لە رابووردوودا ئەم تەگەرەیە، بێگومان، کاریگەرێتی گەلێ زیاتر بووە و دەوری باڵای هەبووە لە دروستبوونی زەمینەی لەبار بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵە خەڵکی وا، کە هەر لە ناو قەوارەی کوردەواریدا، لەسەر بنچینەی کۆمەڵایەتیی وەکو ئایین و دیالێکت کۆبوونەتەوە و یەکیان گرتووە. سنووری سیاسیی دەستکردیش، قسەی لەسەر نییە، بۆتە هۆکارێکی گرنگ و مەسەلەکەی سەختتر و ئاڵۆزتر کردووە.

لە کوردستاندا کۆمەڵەی ئایینی وا هەن وەکو ئێزیدی، ئەهلی هەق (کاکەیی)، عەلەوی، شەبەك، کە تا رادەیەك لە ئەندامانیتری کۆمەڵگای کوردەوە دوورەپەرێزن و هەندێ باوەڕ و شەعایری ئایینییان بۆ بووە بە نیشانەی، وەکو بڵێی، ئێتنیکیی تایبەت بە خۆیانەوە. ئەم باوەڕە ئایینییە جۆراوجۆرانە، بە موسوڵمانییەتەکەشەوە، لە کوردستاندا تاکو ئێستەش دەوری ئایدیۆلۆگیایی خۆیان هەر پاراستووە، بۆیە تا ماوەیەکیش پێش ئێستا رووداو و گێروگرفت لەسەر بنچینەی جیاوازیی ئایینی روویانداوە، جاری واش بووە بێ خوێن رشتن نەبووە. نزیکترین رووداوی لەم بابەتە، لە رووی کاتەوە، ئەوەیساڵی (١٩٧٦)ە لە کوردستانی باکوور لە شاری مەرعەش لە نێوان موسوڵمان و عەلەوییەکاندا روویدا و زیاتر لەسەد کەسی تیادا کوژرا. یان ئەو بانگی"جیهاد"ەی موسوڵمانەکانی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٧٤ ویستیان دژی کاکەییەکان بیدەن و خەریکبوو، لەوکاتە ناسکەی بزووتنەوەی رزگاریی کورددا پاڵ بە کاکەییەکانەوە بنێ بۆ باوەشی رژێمی بەغدا، ئەگەر وریایی و هوشیاریی نەتەوەیی، پێش هەموو کەس، کاکەییەکان خۆیان نەبووایە.

زۆرجاران، ئەوەش جێگەی شانازییە، پەیڕەوکەرانی ئایینە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە کردەوە سەلماندوویانە کە هەستی نەتەوەپەروەرییان چەندە بەرزە. نموونەیەکی دیش، جگە لەو هەڵوێستەی کاکەییەکان و بەردەوام بەشداریکردنی چالاکانەیان لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، ئێزیدییەکانن، کە لەم بەشداریکردنەدا دوانەکەوتوون و هەمیشە دەوری شەرەفمەندانەیان



هەبووە؛ هەڵوێستی هەرە بەرچاویشیان ئەوەبوو کە کەسیان بە دەنگی ئەو میرە ئێزیدییەوە نەچوو، کاتێك لە سەرەتای حەفتاکاندا بانگەوازی عەرەبایەتیی ئێزیدیانیدا- گوایە بە رەسەن ئەمەوین- و لە بەغدا، بە پاڵپشتی رژێم، بیرۆی ئەمەوی کردەوە. راپەڕینی عەلەوییەکانی دەرسیمیش (١٩٣٦-١٩٣٨) لە مێژووی بزووتنەوەی کوردیدا جێگەی دیاری خۆی هەیە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەم یەکێتییە ئایینییانە لە بەرامبەر یەکبوون و تێکەڵ بە یەکبوونی تەواوی ئەندامانی نەتەوەی کورددا هێشتا هەر تەگەرەیەکن. گەورەترین نیشانەی ئەمەش رازی نەبوونی نوێنەرانی ئەم ئایینانە و موسوڵمانەکانن بە ژنهێنان لێکتر، ئەوەش گیروگرفتێکی گرنگە بەرەنگاریی یەکێتی نەتەوەیی کورد بۆتەوە. زانای سۆڤیەتی برۆملێی، رەوایانە، بایەخێکی ئەوتۆی داوە بە ژنهێنان لە ناوەوەی کۆمەڵگادا"ئیندۆگامیا"، وەکو شێوازێکی کاریگەری پاراستن و مانەوەی نەتەوەیەك، لە هەمانکاتیشدا ژنهێنان لە دەرەوە (ئیکزۆگامیا) بە هۆکارێکی گرنگی هەڵوەشانەوە و لەناوچوونی میللەتان دادەنێ.[١١] روونەدانی ئەمە، مەبەست ژنهێنانی ناوخۆیە، لە نێوان گرووپە و کۆمەڵە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردیدا دەبێتە هۆی نەك هەر مانەوەی ئەم گرووپانە، بەڵکو دوورەپەرێزیشیان هەر بەردەوام دەبێت، ئەوەش بۆ قایمی و پتەوی یەکێتیی نەتەوەیی زیانی زۆرە.

لەوەش گرنگتر، گیروگرفتی زمانی کوردییە- هەرچەندە ئاساییە زمانی هاوبەشی میللەتێك زارو دیالێکتی جیاوازی هەبێت، بەڵام ئەوە دەبێتە گیروگرفتێکی ترسناك ئەگەر هۆکاریتری کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاوازییەکانیان قووڵتر بکەنەوە. باری جیو- سیاسیی ئێستای کوردستان وایکردووە، کە پەیوەندیی نێوان بەشەکانی کوردستان لاواز یان هەر نەبێ، ئەوەش توانای تێکەڵبوون و لێکگەیشتنی ئاخێوەرانی دیالێکتە هەمە جۆرەکانی کوردی زۆر کەمکردۆتەوە و بۆتە یاریدەدەری ئەوەی بۆ نووسین و خوێندنەوە دیالێکتەکان بەکاربێن، نەك زمانی ئەدەبی- رژێمەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانیش نەك هەر بەلایانەوە گرنگ نەبووە دیالێکتەکانی کوردی لێك نزیك ببنەوە، بەڵکو پێچەوانەکەی هاندەدەن، بۆ ئەوەش هەموو توانایەك بەکاردێنن: پارە، چاپەمەنی، ئێزگە.... لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەشدا، بێگومان، هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی رووناکبیرانی دڵسۆزی کورد تا بڵێیی سنووردار دەبن.

بەڵام ئەوەی بۆ رووناکبیرانی کورد لە ناوەوەی وڵات نەلواوە، ئەوانەی هەندەران دەتوانن بیکەن، یان هەر نەبێ هەنگاوێکی بۆ بنێن. بۆ نموونە، رێکخستنی کۆنگرەیەکی زانستی لە یەکێك لە مەڵبەندە کوردییەکانی ئەورووپادا و بانگکردنی رۆشنبیران و بەتایبەتیش شارەزایانی

زمان بۆ لێکۆڵینەوەو دیراسەکردن و تەگبیرکردنێ لە داهاتوو و چارەنووسی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی. یان هەر نەبێ هەڵکردنی گفتوگۆ و دەمەتەقێیەك لە لاپەڕەی گۆڤارە کوردییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، هەموو لایەکیش دڵسۆزانە و لە خۆبووردووانە پەیـڕەوی ئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیە یان ئەو دەمەتەقێیە بکەن.

لە کۆتاییدا دەڵێم، هەموو کۆبوونەوە و یەکگرتنێکی کۆمەڵانی خەڵك لەسەر بنچینەی سیماو نیشانەی هاوبەش و بوون بە میللەت و نەتەوەی سەربەخۆ، زەمینەی مێژوویی خۆی هەیە و پرۆسەیەکی ئاسایی و سروشتیانەیە- بە هەمان جۆر، جیابوونەوە و لێکدابڕان و پارچە پارچە بوونی میللەتان، تەنانەت نەمانیشیان، هەر مێژوویی و ئاسایی دەبێ، بەڵام ئەمە نابێ ئەوە بگەیێنێ کە دەستەوسان بوەستین لە ئاست زێتر لێکدابڕان و قووڵتربوونەوەی جیاوازیی زمان و ئایین و هۆکارەکانیتر کە لە داهاتوویەکی رەنگبێ نزیکدا لەوانەیە ببن بە"کارەساتی" نەتەوەیی. ئەمە پێش هەموو شتێك بەندە بە هوشیاری و وریایی ئەندامانی نەتەوەکەوە- یاریدەی ئەم پرۆسەیە دەدەن، یان بەرەو رووی دەبنەوە و چارەسەری دەکەن.



**پەراوێزەکان:**

١- ئێتنۆس- وشەیەکی یۆنانییە بە مانای میللەت. لە ئێتنۆگرافیادا کاتێك ئەم زاراوەیە بەکاردێت کە باسی گرووپە خەڵکێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ بکرێ، بەڵام بەبێ ئەوەی قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەی دیاری بکرێ، واتە بەبێ دەستنیشانکردنی ئەوەی ئەمانە خێڵێك، گرووپە خێڵێك، میللەتێك یان نەتەوەیەکن. وشەی"ئێتنیکی"یش هەر لە ئێتنۆسەوە هاتووە و بۆی بووە بە ئاوەڵناو.

٢- "کتێبی کارنامەی ئەردەشێری کوڕی پاپەکان". یۆ.م. چووناکۆڤا کردوویەتی بە رووسی. مۆسکۆ، ١٩٨٧، ل٧٢، ٩٢.

٣- ڤ.م. خمێلینسکی. دەربارەی"دیمۆکراسیای جەنگی" ئێتنۆگرافیای سۆڤیەتی. مۆسکۆ ١٩٧٣، ژ-٤، ل٦٦-٧٤، بە (زمانی رووسی).

٤- ئێتنۆگنێز- نەژادو رەچەڵەکی میللەت.

٥- خۆناسی- بە مانای (الوعي الذاتي) بەکارهاتووە، خۆناسی ئێتنیکی، واتە خۆدانان بە ئەندامی ئێتنۆسێك.

٦- ك. مارکس، ف. ئێنگلس"سەرجەمی بەرهەمەکانیان"، مۆسکۆ، چاپی دووەم، بەرگی ١٢، ل٢٩٤، بە (زمانی رووسی).

٧- ڤ. کۆزلۆڤ، گ. شیلیپۆڤا. گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوە لە"کاراکتەری نەتەوەیی". ئێتنۆگرافیای سۆڤیەتی. مۆسکۆ. ژ-٢، ١٩٧٣ ل١٧، بە (زمانی رووسی).

٨- بروملی، بودولین"الاثنوس والتاریخ" موسکو دار التقدم، ١٩٨٨، ص٨١.

٩- ئەم لایەنە دەروونییەی ئیمڕۆکە سلبیانە سەیر دەکرێ، لە کاتی خۆیدا دەوری باشی بینیوە. جگە لەمەش، هەندێ لایەنی دەروونی هەر ئەو پەروەردەی باوکسالارییە، تا رۆژی ئیمڕۆش دەوری ئیجابیی خۆیان دەبینن وەکو: بەجێگەیاندنی قسە، رێزگرتنی لەخۆ گەورەتر، مێوان پەروەری...هتد.

١٠- یاکوف کولومینسکی."الفرد والاخرون فی علم النفس الاجتماعی"، موسکو دار التقدم ١٩٩٠، ص٣٣.

١١- یو.ڤ. برۆملێی "ئێتنۆس و ئیندۆگامیا"، ئێتنۆگرافیای سۆڤیەتی، مۆسکۆ، ١٩٦٩، ژمارە (٦)، ل ٨٤-٩١، بە (زمانی رووسی).

* گۆڤاری (رووناکبیری) ژمارە (١)، ١٩٩٢، سوید، بڵاوکراوەتەوە.

## دەور و بایەخی زمانی کوردی لە پرۆسەی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتییدا

### پێشەکی:

کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە ڕێڕەوی مێژوویەکی درێژدا دروستبووین؛ تا گەیشتوون بە شێوە و ئاستی پێشکەوتنی ئێستاکەیان، بە چەندین قۆناغی مێژووییدا تێپەڕبووین و گەلێ پرۆسەی جۆراوجۆریان بەسەردا هاتوون، وەکو پرۆسەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی (*) و هیتریش. ئەم پرۆسانە هەموویان لە یەك کاتدا ڕوودەدەن و هەر یەکێکیان ئەوانی دی تەواو دەکات و پێکەوە سیما و دەق و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان دیاریدەکەن؛ ئەوەش، چونکە هیچ کۆمەڵگایەك نییە کە مێژوو، توخم و مۆرکی کۆمەڵایەتی یان ئێتنیکی (نەتەوەیی)ی نەبێت. لێرەشدا ئێمە هەردوو چەمکی (مێژوویی) و (کۆمەڵایەتی) بە تەواوکەری یەکدی دەزانین- (مێژوو) وەکو ئاشکرایە، مێژووی کۆمەڵگا و میللەت و کۆمەڵانی خەڵکە، سیما کۆمەڵایەتییەکانیش ئاکام و بەرهەمی مێژوون، هەربۆیەش هەردوو زانستی (مێژوو) و (کۆمەڵناسی) تا بلێی لە یەك نزیکن.

مێژوونووسی بە ناوبانگ ئیدوارد هالیت کار، بەم بۆنەیەوە دەڵێ: (هەرچەندی مێژوو کۆمەڵایەتی بێت و سۆسیۆلۆگیا مێژوویی بێت، ئەوا بۆ بەرژەوەندیی هەردووکیانە- با لە نێوانیاندا سنوور نەهێڵین)[1] جا لەم گۆشەنیگاوە، ئێمە کە باسی کۆمەڵگا و سیمای کۆمەڵایەتی و (کۆمەڵناسی) دەکەین، هەروەهاش (ئێتنۆگرافیا) و سیمای ئێتنیکی و نەتەوەیی، ئەوا مێژوو و هۆکاری مێژوویی تا ئەوپەڕی ڕەچاوکراون.

هەرچی هاوپەیوەندارێتی دووچەمکی (کۆمەڵایەتی) و (ئێتنیکی)یە، ئەوا ئەویش تا بلێی بەهێزە و لە هەمانکاتیشدا ئاڵۆزە. پێشەکیش چەمکی (ئێتنیکی) پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات: ئێتنیکی لە وشەی "ئێتنۆگرافیا"وە هاتووە بە مانای هەموو ئەو سیما و خەسڵەتە تایبەتییە (نەتەوەییانە)ی کۆمەڵە خەڵکێك پێیانەوە دەناسرێ؛ ئەگەرچی وشەی ئێتنیکی فراوانترە لە (نەتەوەیی)، چونکە ئێتنۆگرافیا وەکو زانستێك، تەنیا لە میللەت و نەتەوان ناکۆڵێتەوە، بەڵکو ئەو گرووپ و کۆمەڵە خەڵکانەش دەگرێتەوە کە هێشتا هەر لە ڕێڕەوی دروستبووندان، واتە نەبووین بە میللەت (**)، وەکو خێڵ، یەکێتی خێڵەتی (لە قۆناغی



مەشاعییەتی سەرەتاییدا). جا، هاوپەیوەندارێتی بەهێزی دوو چەمکی (کۆمەڵایەتی)و (ئێتنیکی)، بە تایبەتی، لە تێزێکی باوی ئێتنۆگرافیادا دەردەکەوێت کە دەڵێ: ((نە ئێتنۆس (***) بێ کۆمەڵگا دەبێت و نە کۆمەڵگاش بێ سیما و خەسڵەتی ئێتنیکی)) بۆیەش، کەواتە، هەموو توخم و مۆرك و خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی لە هەمانکاتدا، بە ڕادەیەك، ئێتنیکین و بە پێچەوانەشەوە. چەندەها نەوەی بەدوای یەکدا هاتووی کۆمەڵە خەڵکێك کاتێك، لە ڕەوتێکی مێژوویی درێژدا، کۆدەبنەوە و یەك دەگرن، نیشانە و ماکی ئێتنیکیی هاوبەشیان بۆ پەیدا دەبن، وەکو: ناو، زمان، خاکی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش...هتد، واتە ئێتنۆسێك پێکدێنن، ئەوا لە هەمانکاتدا ڕێکخراوە و یاسا و سیمای کۆمەڵایەتییان بۆ دروست دەبن- واتە کۆمەڵگا پێکدێنن.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی دوو بواری جیان و هەر یەکێکیان مەودای کارو ئاکامی خۆی هەیە؛ بۆیەش ئێتنۆگرافیا لە زۆر وڵاتانی جیهاندا زانستێکی سەربەخۆیە، ئەگەرچی پەیوەندیی توند و بەهێزی لەگەڵ زانستانیتری ئینسانیدا، پێش هەموویان (مێژوو) و (کۆمەڵناسی)، هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین لە ڕوانگەی ئێتنۆگرافیاوە دەور و بایەخی زمانی کوردی لە ژیانی واقیعیی کۆمەڵگای کوردیدا و کاریگەرێتی لەسەر دیاردەکانی پرۆسەی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتی دەربخەین. بایەخی ئەم باسەش لەوەدایە کە تاوەکو ئێستا، بەپێی زانیاری ئێمە، نەبۆتە بابەتی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، بەتایبەتیش لایەنە ئێتنیکییەکەی؛ بۆیەش سەرچاوەی زانستی ئەم بابەتە تا بلێی دەگمەنە و ئەوەش ئێمەی ناچارکرد، شانبەشانی بەکارهێنانی سەرچاوەی بیانیی تیۆری، زێتر پەنابەرینە بەر چاودێریکردنی ڕاستەوخۆ (الملاحظة المباشرة)ی ژیانی کوردەواری بۆ وەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی مەبەستمان بوون، ئەمەش وایکرد کە ئەم دیراسەیە بە ڕادەیەك شەقڵێکی مەیدانی بەخۆوە بگرێت.

### زمان وەکو دیاردەیەکی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتی:

زمان یەکێکە لە نیشانە و ماکە ئێتنیکییە هەرە گرنگەکانی میللەتان، نە هەر ئەوە، بەڵکو زۆرجار ناسنامەی نەتەوەیی بەهۆی زمانەوە دەستنیشان دەکرێ- چونکە زمان تا بلێی دیار و بەرچاوە و هەستی پێدەکرێ.

زمان خاوەن کەلتوورە و هەموو کەلتوورێك دەبێ بە زمانێك دەربڕدرێ، بۆیەش زمان ئەگەرچی بەشێکە لە کەلتوور، بەڵام کەسایەتیی تەواوی خۆی هەیە و لەبەر ئەوەشە کە هەمیشە دەگوترێ: (زمان و کەلتوور). لەم رووەوە، گەلێ کەس و خەڵکی میللەتان هەن کە، لەبەر هەر هۆیەك بێت، بە زمانی نەتەوەیی خۆیان ناپەیڤن، کەچی خۆناسی و هوشیاریی نەتەوەییان هەیە و خۆیان بە ئەندامی میللەت و نەتەوەی خۆیان دەزانن؛ بەڵام ئەمانە لە سۆنگەی ئەوەوە کە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان قسە ناکەن، ئەوا بێگومان بە رادەیەکی زۆر دوورن لە کەلتووری میللەتەکەیانەوە، ئەوەش چونکە کەلتوور هەمیشە نەتەوەییە و گرنگترین و بەرچاوترین ماکی نەتەوەییش زمانە. نە تەنیا ئەوە، بەڵکو کەلتوور، بە لایەنە ماددی و گیانییەکەیەوە، وەکو گوتمان بەهۆی زمانەوە لە ژیانی رۆژانەدا پیادە دەکرێ؛ زیاد لەوەش، نەك هەر کەلتوور، بەڵکو سەر لەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی، هەر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە تا دەگاتە ناو و بەرێوەچوونی کاروباری رێکخراو و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بە زمانی نەتەوەیی دەبێ، جا بۆیە زمان کەواتە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیشە[٢]. ئەمەش، واتە هاوپەیوەندارێتی و کارلێککردنی هەردوو لایەنی ئێتنیکی و کۆمەڵایەتیی زمان، رێك دەور و بایەخی ئەمەی دوایی لە پرۆسەی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتیدا دەردەخات؛ زمانی کوردیش، بێگومان لەو رەوتە ریزپەر نییە و هەمان دەور لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبینێ.

لەم گۆشەنیگایەوە، ئەگەر وردبینەوە لە چەند بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد کە توند بە زمانەوە بەستراونەتەوە، ئەوا دەتوانین سەرنجی ئەم رۆڵەی زمانی کوردی بدەین. ئەم بوارانەش کە بۆ ئەم باسە هەڵمان بژاردوون ئەمانەن: دیالێکت و زمانی ئەدەبیی کوردی، ناو (ناوی کەسی)، ئایین.

## دیالێکت و زمانی ئەدەبیی کوردی:

سەبارەت بە بوارەکانی دیالێکت و زمانی ئەدەبیی کوردی، زمانەوانانی کورد و بێگانە، بە رادەیەك لەسەریان نووسیون، بەڵام باسەکانیان بە رادەی پێویست، بەڕای ئێمە، نەخراونەتە نێو قەوارەی ژیان و رەوشی کۆمەڵایەتیی کوردەواری، جگە لەوەش هەرگیز لەلایەنی ئێتنیکیی ئەم دوو بوارە، واتە دیالێکت و زمانی ئەدەبیی کورد، نەکۆڵراوەتەوە. ئەوەش کەلێنێکی گەورەیە لە لێکۆڵینەوەی دیالێکتۆلۆگی، هەروەهاش سەبارەت بە زمانی ئەدەبیی



کوردی. ئەم دیراسەیە ناتوانێ ئەم کەلێنە پڕ بکاتەوە، بەڵام هەوڵدەدات تیشك بخاتەسەر هەندێ لایەنی، یان هەر نەبێ چەند پرسیارێك قووت بکاتەوە.

دیالێکت دیاردەیەکی ئاڵۆزە و تاوەکو ئێستاش کێشەیەکە بەرەو رووی زمانەوان و پسپۆرانی ئێتنۆگرافیا دەبێتەوە [٣]. زێدەڕۆیی نابێت بڵێین هێشتا دیالێکتەکانی زمانانی زۆربەی میللەتانی جیهان بە تەواوی دیاری نەکراون، بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا زانایان سەلماندوویانە ئەوەیە کە زۆریی ژمارەی دیالێکتەکانی زمانێك، هەروەها جۆراوجۆری و لە زۆر حاڵەتدا جیاوازیی قووڵی نێوانیشیان نابن بەهۆی هەڵوەشانەوە و نەمانی زمانی هاوبەشی میللەتەکە.

سەبارەت بە جیاوازیی زۆری نێوان دیالێکتەکانی زمانێك، ئەم نموونەیە دێنینەوە: زمانی ئەدەبیی ئەڵمانی لەسەر بنچینەی دیالێکتەکانی باکووری ئەم زمانە دروستبووە و دیالێکتەکانی خوارووش نەك هەر زۆر دوورن لەوانەی باکوور، بەڵکو لە زمانی هۆلەندی و فریزییەوە گەلێ نزیکترن [٤]؛ هەروەهاش جیاوازی دیالێکتیی (گەورە) لە زمانانی نەتەوەی یەکگرتوو و پێشکەوتووشدا بەدی دەکرێن، وەکو زمانانی ئینگلیزی و یابانی[٥].

هەر لەم روانگەیەشەوە، زۆری و جۆراوجۆریی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، هەروەها جیاوازیی نێوانیشیان، هەرگیز نابن بە بنەمایەك بۆ لە دەستدانی مۆرکی نەتەوەیی و شەقڵی سەرتاپاگیری بۆ هەموو کورد و خۆناسیی ئێتنیکی و هوشیاریی نەتەوەیی.. [****]

ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتانە، لێرەدا، دەبن بە سەرەتایەك بۆ لەقەڵەمدانیان بە بەشێکی ئێتنوسی کوردی. بەم بۆنەیەوە زێتر لە هەموو شتێك ئەم فاکتەرەیە، واتە رادە و ئاستی خۆناسیی ئێتنیکی و هوشیاریی نەتەوەیی هەڵگرانی دیالێکتەکان، کە بۆتە مایەی جیاکردنەوەی دیالێکتەکانی لوڕی و بەختیاری و زازایی لە زمانی کوردییەوە. [*****]

ئەمەش بەڕای ئێمە بۆچوونێکی کۆنە و پێویستە پسپۆران لێکۆڵینەوەی مەیدانیی نوێ لە هەلومەرجی هەڵچوون و زێدەبوونی هوشیاری نەتەوەییدا، لەسەر خۆناسی و هەستی نەتەوەیی ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتانە ئەنجام بدەن. وەکو دەزانین شەرەفخانی مەزن لە (شەرەفنامە) پایە بڵندەکەیدا لوڕ و بەختیاری بە کورد داناون، بەتایبەتیش لەو نەخشەیەی کە ئەو بۆ رووبەری کوردستانی ((کێشاوە))[٦]، کەسیش نابێ لەو باوەڕە دابێ کە فیکرو بۆچوونی (پان کوردیزمانە) ئەوساکە لە ئارادا بووبێ، بەتایبەتیش لای زانایەکی وەکو شەرەفخانی بەتلیسی.

نە هەر ئەوە، بەڵکو کەسیش ناتوانێ گومان لە کوردایەتیی فەیلییەکان بکات، لە کاتێکدا هەمووومان دەزانین کە فەیلی بەشێکە لە لوڕی- وەکو زۆربەی زمانەوانانی کورد دەیسەلمێنن.

هەرچی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووە، ئاستی پێشکەوتن و دانپیانان و بەکارهێنانیەتی، ئەوا نیشانەیەکی گەورەی رادەی پێگەیشتن و کامڵبوونی نەتەوەیی ئێتنۆسەکە دەگەیەنێ[٧]. لەگەڵ ئەوەشدا میللەت و نەتەوەی وا هەن کە ئەگەرچی بە ئاستی بەرزی هوشیاریی نەتەوەیی و کامڵبوونی ئێتنیکی ناسراون، بەڵام زێتر لە زمانێکی ئەدەبییان هەیە، بۆ نموونە لە نەرویج دوو زمانی ئەدەبی هەیە و هەردووکیشیان بەکاردێن و بە رەسمی دانیانپیانراوە، ئەمانیش زمانی بۆکمۆل (bokmol) و نینۆشك (nynorsk) هەرچەندە زۆربەی نووسین و چاپەمەنی بە بۆکمۆل دەردەچێ[٨]. هەروەها زمانی ئەدەبیی ئەرمەنیی رۆژئاوا، کە ئەرمەنییەکانی تورکیا و ئەوروپا و ئەمریکا بەکاریدێنن، زمانی ئەدەبیی ئەرمەنیی رۆژهەڵاتیش بۆ ئەرمەنییەکانی ئەرمەنستان، ئەمانە ئەگەرچی لێ نزیکن، بەڵام دوو زمانی ئەدەبی ئەرمەنین.[٩].

سەبارەت بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، دەبێ بڵێین کەوا ئێمە بەداخەوە زمانێکی ئەدەبیی لەو بابەتەمان نییە لەسەر ئاستی هەموو ئێتنۆسی کوردی. هەموومان باش ئەوە دەزانین کە کورد دوو، هەندێ جار زیاتریش، زمانی ئەدەبیی هەیە سۆرانی (کرمانجی خواروو) و کرمانجی (کرمانجی باکوور)، هەروەها زمانی ئەدەبیی کوردەکانی وڵاتانی سۆڤیەتی جاران و زیاد لەوەش ئەوا خەریکە زازاییەکانیش زمانی ئەدەبی خۆیان دەبێ؛ ئەوەی کێشەی ئەم زمانە ئەدەبییانەشی ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەیە کە هەریەك لەو زمانانە ئەلف و بێ و رێنووسی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو ئەمە بەڵگەیەکی روون و دیاری کزی و لاوازی یەکگرتوویی و بێهێزی یەکێتی ئێتنیکیی کوردە، بێگومان هۆ و هۆکاری ئەمەش زۆرو مێژووییشن.

هەروەکو گوتمان، میللەت و نەتەوەی تریش هەن کە زێتر لە زمانێکی ئەدەبییان هەیە و لای ئەوان، لە سۆنگەی پێگەیشتوویی و کامڵبوونی نەتەوەیی و کیانی سیاسییانەوە، شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەمە بۆ کورد، بەو رەوشەوە کە پێشتر باسمان کرد، بێگومان مەترسییەکی گەورە پێکدێنێ و لە ئاست ئەمەشدا ئێمە ئەوپەڕی کەمتەرخەمین. ئەم زمانە ئەدەبیانەی ئێمە، بە رادەیەکی زۆر، خۆڕسکانە و بە هەوڵ و کۆششی کەڵە زانا و رۆشنبیرانی پێشڕەوی میللەتی کورد دروستبوون، کە زۆربەی کات ئەمانە لە هەلومەرجی سەخت و دژواردا ویستویانە بە زمانی خۆیان بنووسن؛ لە کوردستانی باشوور، بەڕاژە، هەلی زێتر و باشتر لە



بەشەکانیتری کوردستان رەخساوە بۆ ئیشکردن بۆ زمانی ئەدەبی و پەرەپێدانی، بەڵام لەوێش، واتە لە کوردستانی باشووریش، ئیشکردن بۆ زمانی ئەدەبیی کوردی بە گوێرەی پێویست نەبووە، تەنانەت دوای راپەڕین و رزگاربوونی کوردستانیش.

کورد دوای ساڵی ١٩٩١، رەسمییانە و ئەکادیمیانە شتێکی وای بۆ زمانی ئەدەبیی خۆی نەکردووە، دەزگا سیاسی و دەوڵەتی و ئەکادیمییەکان، دوای راپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەت دەبوایە بە کوردیکردنی هەموو بوارەکانی ژیانی کوردستان بکەن بە ئەرك و ئامانجی یەکەمینیان.

مرۆڤ بە هەر زمانێك قسە بکات، بخوێنێ و بنووسێت، ئەوا خزمەتی ئەو زمانە دەکات. ئێمەی کوردیش لە کوردستانی ئازادکراودا زۆربەی کات خزمەتی زمانی عەرەبی دەکەین- نووسراو بە عەرەبی دەردەچن، وانە لە قوتابخانە و زانکۆ بە عەرەبی دەگوترێتەوە، ناونیشانی دایرە و شوێن و بازاڕگە و دوکانان بە عەرەبین، گەڕەکەکانی ناوشاران لەسەر زاری خەڵك هەروەکو خۆیانن (٧ نیسان، حی صدام، مستشفی صدام...) خەڵك منداڵانیان لە قوتابخانەکانی عەرەبی و تورکی دادەنێن... ئەمە هەمووی نەزانینی نرخ و بایەخی زمانی نەتەوەییە و کزی و لاوازیی هوشیاریی نەتەوەیی دەگەیەنێ. لەم بوارەدا، رێکخراوە و دەزگا سیاسییەکان دەیانتوانی بن بە قوتابخانەیەك بۆ رێنماکردنی خەڵك و بەرزکردنەوەی هوشیاریی نەتەوەییان، زانکۆش دەبوایە لە پەرەپێدانی زمانی ئەدەبیی کوردی شێری مەیدان بێت و دەوری پێشڕەوانە بگرێتە دەست.

ئێمە لێرەدا پێشنیار دەکەین، بە مەبەستی پێشخستنی زمانی ئەدەبیی کوردی بایەخی ئەوتۆ بە دەرچووانی بەشی کوردی بدرێت و لە دەزگا و دایرەکاندا سوودیان لێ وەربگیرێ- بۆ نموونە، هەموو دایرەیەکی رەسمی گرووپێکی دەرچووانی بەشی کوردی هەبێت بۆ وەرگێڕانی ئەو نووسینانەی بە عەرەبی لەو دایرەیەوە دەردەچن- ئەمە وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ بە کوردیکردنی نووسین و بڵاوکراوەکانی دەزگا دەوڵەتییەکانی کوردستان. هەروەها ئەوپەڕی هاندانی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی هەم بەمەبەستی خزمەتکردنی زمانی ئەدەبیی کوردی و هەم بۆ بە کوردیکردنی ئەدەبیاتی بێگانە و گەیاندنی زانیاری و زانستی نوێ بە خەڵکی کوردستان- ئەوەش بە تەرخانکردنی خەڵاتی باش بۆ ئەوانەی لە بواری تەرجوومەدا کار دەکەن، لەم پرۆسەیەشدا وەزارەتی رۆشنبیری و زانکۆی سەلاحەدین دەتوانن دەورێکی کاریگەریان هەبێ.

هەموو ئەوەی لەسەرەوەدا گوترا، نابێ وا لێکبدرێتەوە کە ئێمە دژی زمانی عەرەبی یان هەر زمانی ترین، بە پێچەوانەوە ڕێزی هەموو میللەت و زمان و کەلتوورێك دەگرین، دە هەر ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر دەور و بایەخی زمانە بە گشتی و لە ناو زمانانیش کوردی کە مافێکی خۆمانە خزمەتی بکەین و گەشەی پێبدەین.

لەگەڵ ئەو کەمتەرخەمییەی ئێمەشدا بەرامبەر بە زمانی ئەدەبیمان و پشتگوێ خستنی، دەتوانین سەرنج بدەین کەوا زمانی ئەدەبیی کوردی، بەرەوپێش دەچێ و بەردەوامە لە بینینی دەوری خۆی لە پرۆسەی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتییدا، ئەوەش پێش هەموو شتێك بە کۆشش و تەقەلای لە خۆبووردووانەی ڕۆشنبیرانی کورد. بەردەوام نووسین و بەرهەمەکانی ئەمانە بە زمانی کوردی و داهێنانی وشە و زاراوەی نوێ بە سوود وەرگرتن لە دیالێکتەکان و لە فۆلکلۆر، هەروەهاش لە زمانانی بیانی وایکردووە کە شەقڵی زیندوویەتی بە زمانە ئەدەبییەکەمانەوە هەر بمێنێ. هەر لەبەر ئەو ڕۆڵە مەزنەی ڕۆشنبیرانە، ئێمە، لە لێکۆڵینەوەیەکەماندا[١٠]، گەیشتووین بەو ئەنجامەی کە تەنیا ئەمانە، دوای ئەوەی دەبن بە توێژاڵێکی کۆمەڵایەتیی یەکگرتوو، دەتوانن ببن بە سەربژاردە (نخبە) بۆ وەرگرتنی دەوری پێشڕەوانە لە پەلەپێکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەڵام ژیاندنەوە و پەرەپێدانی زمان و کەلتووری نەتەوەیی و داهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا، تەنیا بە هەوڵ و خەباتی ڕۆشنبیران، سیمای وەرچەرخان و سەرتاپاگیری وەرناگرێت، ئەگەر هەموو چین و توێژاڵ و دەزگا سیاسی و ئەکادیمی و دەوڵەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی بەشداری لەم پرۆسەیەدا نەکەن.

### ناوی کەسی Anthroponym:

ئەوەش بوارێکیترە کە، لە ڕوانگەی زانستەوە، بەشێکە لە زمان، چونکە ناوی کەسی پێش هەموو شتێك بریتییە لە (وشە)، ئەگەرچی سیمانتیکای ئەم وشەیە، واتە ماناو ناوەڕۆکەکەی، بە کەمترین ڕادە لەسەر ستروکتوور و بینای زمانەکەی دەوەستێت[١١]، لەمەدا هۆکاری سۆسیۆکەلتووری زێتر دەور دەبینێ.

ئاشکرایە کە ناو، ناوی مرۆڤ، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و، وەکو باوە، هەر میللەتە ناو بە زمانی نەتەوەیی خۆی بۆ ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێ؛ بەڵام زۆر جاران، لەبەر گەلێ هۆ و هۆکاری مێژوویی و سیاسی و هیتر، ناوی سەربە زمانێکیتری بێگانە لە ناو میللەتێکدا



بڵاودەبنەوە، نموونەش بۆ ئەمە زۆرن - نزیکەی هەر هەموو میللەتانی موسڵمان ناوی عەرەبی، یان بە ڕەچەڵەك عەرەبی، بەکاردێنن کوردیش وەکو میللەتێکی موسڵمان لەم ڕێسایە بەدەرنییە.

سەبارەت بەو ناوە (عەرەبی)یانەی لە کوردەواریدا باون، دەتوانین بڵێین کەوا هەرگیز لەخۆوە هەڵنەبژێردراون، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە سایکۆلۆژیا و مینتالیتێتی (عەقڵییەت) مرۆی کورد دەردەبڕن: لەلایەکەوە سایکۆلۆژیای پڕ عەقیدەی ئیسلامی، لەلایەکیتریشەوە شێوازی بیرکردنەوە و عەقڵییەتی باوکسالاری، هەردووکیشیان سیمای هەرە دیار و کاریگەری کۆمەڵگای کوردین. هەروەها هەندێ لە ناوەکانی ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی لایەنی تریش ڕەنگدەدەنەوە، وەکو: ڕووداوی مێژوویی و سیاسی و دیاردەکانی سروشتیی وڵاتەکەیان. ئەوەش نە تەنیا بۆ کورد، بەڵکو دیاردەیەکی گشتییە و هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. بۆ نموونە، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا، گەلێ لە ناوە کەسییەکانی خەڵکی وڵاتەکانی سۆڤیەت لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم شۆڕشەیان دەربڕیووە، وەکو ناوی (لینمارین) کە کورتکراوەیەکی ناوەکانی لینین و مارکس و ئێنگلسە، یان ناوی (میلور) کە هەر پیتێکی ئیشارتە بۆ ناوەکانی مارکس، ئینگلس، لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر[١٢]. بێگومان کاریگەریی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر میللەتانیتری سۆڤیەتی، کە لەبەر گەلێ هۆکار هوشیاریی کۆمەڵایەتییان نزمتربوو لە هی ڕووسی، زۆر بەهێزتربوو و لە گەلێ لایەنەوە گۆڕانی بنەڕەتیی لە کۆمەڵگاکانیان داهێنابوو و ئەوەش ڕەنگی خۆی، یەك لەوانە، لە ناوی کەسی دابووەوە؛ وەکو لای ئەڵتاییەکان لە ئاسیای ناوەڕاست ناوی کەسی (کازێت) بە مانای ڕۆژنامە و (شورنال) بە مانای گۆڤار پەیابوون- پێش شۆڕش ئەڵتاییەکان ڕۆژنامە و گۆڤاری خۆیان نەبووە؛ هەروەها لای کازاخ و قرگیزەکان، کە دوو میللەتی ئاسیای ناوەڕاستن و ئێستاکە دەوڵەتی خۆیان هەیە، ئەم ناوانە هاتنە ئاراوە: کەلخۆزبێك (کەلخۆز بە زمانی ڕووسی یانی کێڵگەی هەرەوەزی) و هی تری لەم بابەتە پەیابوون کە پەیوەندییان بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە هەبوو [١٣].

لە کۆمەڵگای کوردیشدا، بە هەمان جۆر، ناوی کەسیی ئەندامەکانی دیاردە و ڕووداوەکانی ڕەنگداوەتەوە. شانبەشانی ئەوەش ناونانی منداڵی تازە لە دایکبوو، خۆی لە خۆیدا، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و مەراسیمی ئایینی دەگرێتەخۆ. جاران، دەبوایە مەلایەك ناوی هەڵبژێردراو بە گوێی منداڵەکە بانگ بدات، حاڵەتی واش دەبوو کە مەلا ناوەکەی بە دڵ نەدەبوو، دەیگۆڕی و ناوێکی موسڵمانانەتری بە گوێی منداڵەکەدا بانگدەدا- باوك و

دایکیشی بێ دەسەڵاتانە بە ناوەکە رازی دەبوون. کەواتە ناو و پرۆسەی ناونان مانا و ناوەڕۆکی ئایینی، واتە سۆسیۆکەلتووری، بەخۆوە گرتبوو. ئەم ناوە ئیسلامییە هەڵبژێردراوانە ئەگەرچی عەرەبی بوون، بەڵام لە ڕێڕەوی مێژوویەکی درێژدا مۆرکی کوردێتییان وەرگرتووە. ئەم جۆرە ناوانە بە رادەیەك لە کۆمەڵگای کوردییدا بڵاون کە وایلێهاتووە بڵێین ئەمانە، تایبەتن بە کوردەوە، وەکو- قادر، رەشید، عەبدوڵڵا، سلێمان، جەبار، رەسوڵ، مەولود، عەزیز...هتد، ناوی ژنانیش حەلیمە، فاتیمە، بەدیعە...هتد؛ جگە لەوەش زۆر لەوانە گۆڕانی فۆنۆتیکییان بەسەردادێ[١٤] وەکو عەولا، رەشۆ، قەدۆ، فاتێ، حەلێ... هتد، ئەم ناوانە، گەلێکیتریش، نەك هەر سیمای کوردییان وەرگرتووە، بەڵکو بە هۆی ئەو گۆڕانە فۆنۆتیکییەوە تەواو بووین بە کوردی و مرۆی کورد بێ ئەوەی گومان لە کوردییەتیان بکات بە کاریان دێنێ.

ناو و ناونان، وەکو دیاردە و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، وەکو گوتمان، لە ڕێڕەوی مێژوویییەکی درێژدا گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەکەونە ژێر کارتێکردنی رووداو و هۆکاری جۆراوجۆرەوە، واتە مێژووی خۆیان هەیە.

سەبارەت بە ناونان هەر زوو دەتوانین بڵێین زۆر کەم بۆتەوە و شێوەی پرۆسەی جارانی نەماوە؛ هەرچی دیاردەی ناوە، ئەوا دەتوانین سەرنج بدەین کەوا دوای ئەوەی ناوی ئیسلامی (عەرەبی) لە کۆمەڵگای کوردییدا بە جۆرێکی سەرەکی باوی هەبوو، لە ساڵانی چلەکانی ئەم سەدەیەوە خەڵکی زێتر ناوی کوردییان بەکارهێناوە، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان بە رووداوی مێژوویی- سیاسییەوە هەبوو، ئەو رووداوانەی دەوریان هەبووە لە زێدەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی کورد بە گشتی -راپەڕین و شۆڕش و بزووتنەوە چەکدارییەکان؛ ناوی وا هاتنە ئاراوە کە راستەوخۆ مانا و ناوەڕۆکی کوردایەتییان دەربڕیووە، یان دیاردەکانی سروشتی کوردستانیان نیشانداوە، وەکو ئازاد، خەبات، سیروان، کوردستان، مەهاباد، ئەڤین، بێریڤان، فێنك...هتد. کەواتە ناوی ئەندامانی میللەتێك، کۆمەڵگایەك، دەتوانن ببن بە ئاماژەیەك بۆ ئەو قۆناغە مێژوویی- کۆمەڵایەتییەی کە ئەو میللەتە تیایدا دەژی.

بە هەمان جۆر، لەو ساڵانەی دوایی و بە پەیوەندی بەو مەینەتیانەی بەسەر میللەتی کورد داهاتن لە کوردستانی باشوور، بەرزبوونەوە و زێدەبوونی هوشیاریی ئایینی کۆمەڵانی خەڵك شێوەی پرۆسەیەکی دیاری وەرگرتووە و بۆیەش دەبینین، دیسان جارێکی تریش، ناوی ئیسلامی (عەرەبی) ئەوا دێنەوە پێش. لە سەرنجدانی ناوێکی وەکو (محەمەد نەوزاد)دا زۆر بە ئاسانی دەتوانین دوو نەوەی سەر بە (ئیدیۆلۆگیا)ی جیاواز بەدی بکەین.



لێرەدا، گرنگ بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە مرۆی کورد کاتێك ناوی ئیسلامی عەرەبی بۆ منداڵەکەی دادەنێ، ئەوا لەو ناوانە دەبێت کە لە کوردەواریدا بڵاون، یان دەتوانین بڵێین ئەو ناوانەی (بووین بە کوردی). هەروەکو لە سەرەوە بینیمان ناوی کەسی Anthroponym لە کاتێکدا خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەروەهاش دەور و بایەخی نەتەوەیی هەیە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێت بەجۆرێك لە شەقڵ و سیمای نەتەوەیی بۆ ئێتنۆسێك.

**زمان و ئایین:**

زمان وەك گوتمان، دیاردەیەکی ئێتنۆ کۆمەڵایەتییە، هەرچی ئایینە هەمان مەودای سەرتاپاگیریی زمانی هەیە لە ناو میللەتان و توخمێکی کەلتوورە، کەلتووری گیانی.

مەودای سەرتاپاگیریی ئایین لەوەدایە کە دەبێت بەشتێك زێتر لە تەنیا ئایین، زێتر لە تەنها پەرستن و بەجێهێنانی رەوشتی دینی، بەڵکو دەخزێتە ناو فیکر و هزر و دەروونی مرۆڤەوە، رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ملکەچی خۆ دەکات، بەمەشەوە ئایین سەر لەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵدەستووڕێنێ[١٥]. ئایین توخمێکی هەرە گرنگی کەلتووری گیانییە، بۆیەش کەواتە هەمیشە نەتەوەییە، تەنانەت ئەگەر ئایینەکە لە بێگانەشەوە وەرگیرابێت، ئەوەش چونکە وەکو چەند جارێك جەختمان لەسەر کردەوە، کەلتوور بە هۆی زمانەوە لە ژیانی رۆژانەدا پیادە دەکرێ- زمان و کەلتووریش دوو نیشانە و ماکی ئێتنیکیی میللەتانن.

ئایینی ئیسلام، لە سۆنگەی ئەوەوە کە بە مێژوو و بە رەچەڵەك عەرەبییە، بنەما و یاساکانی بە زمانی عەرەبی دارێژراون، بۆیە ئاساییە لەلایەن میللەتانیتری ناعەرەبەوە، لەمانە کوردیش، وەك ئایینێکی عەرەبی سەیر بکرێ- واتە وەکو توخمێکی کەلتووری بێگانە، ئەمەش لایەنی راستیی خۆی هەیە، هەر نەبێ لەبەر زمانەکەی کە زمانی عەرەبییە و، ئەو زمانە، جێپەنجەی بەسەر زمان و کەلتووری ئەو میللەتانەوە تا بڵێی دیار و ئاشکرایە؛ بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەو تێزەی ئێمەدا ناگونجێ، ئەوەی لەسەرەوەدا باسمانکرد و دەڵێ: ئایین توخمێکی کەلتوورییە و کەلتووریش هەمیشە نەتەوەییە، لێرەدا ئێمە بۆ سەلماندنی ئەو تێزەمان پەنا دەبەینە بەر ژیانی واقیعی کوردەواری.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی کوردی لە رێی ئایین و شەریعەتی ئیسلامییەوە (عەرەبیزم)ی زۆری تێکەوتووە، کەچی زمانی کوردیش شان بەشانی عەرەبی نزیکەی لە هەموو مەراسیمێکی ئایینی و تەنانەت لە هەندێ فەرزیشدا بەکاردەبرێ، وەکو: مارەکردن،

تەلقیندانی مردوو (ئەگەرچی مەلا هەمان گوتەکان لەم دوو حاڵەتەدا بە عەرەبیش دووپات دەکاتەوە)، دوعاکردن، مەولود، جەژن..هتد.. نە هەر ئەوەندە، بەڵکو تەنانەت بەشێکی نوێژیش کە فەرزێکی ئیسلامیی سەرەکییە، بە کوردی دەبێ وەکو: نییەت هێنان بۆ نوێژکردن (بەبێ نییەت هێنان نوێژەکە بەتاڵە)، هەروەها دوعاکردنی دوای نوێژ، کەواتە دەتوانین بڵێین زمانی کوردی، بە رادەیەکی زۆر، خزاوەتە نێو ئایینی ئیسلامەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا. بێگومان ئەم پرۆسەیەش هەر بەردەوام دەبێ و مرۆی کورد، بە حوکمی وردە وردە زێدەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی و زانینی گرنگی و بەهای زمانی نەتەوەیی، تا دێ زێتر و زێتر ئایینەکەی بە زمانی خۆی پیادە دەکات و ئەوەش، بەڕای ئێمە، هەرگیز دژی بنەما و یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی نییە.

کەواتە لێرەشدا زمانی کوردی دەوری ئێتنۆ کۆمەڵایەتی خۆی بینیووە و بووە بە مۆرکێکی نەتەوەیی بۆ دیاردەیەکی سۆسیۆکەلتووریی وەکو ئایین.

**پێشنیار و دەرەنجام:**

زمان وەکو بۆمان دەرکەوت دیاردەیەکی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتی یەکجار گرنگ و چالاکە و دەوری خۆی دەبینێ لە پرۆسەی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتییدا. زمان لەناو کەلتووردا شەخسییەتی سەربەخۆی هەیە و، لە گەلێ رووەوە، ئاوێنەیەکی روونی ئاستی پێشکەوتنی میللەت و کۆمەڵگایانە و رادەی توندی و بەهێزی یەکێتی ئێتنیکیان دەخاتە روو.

سەبارەت بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، وەك دیالێکتەکانی هەموو زمانێك، زۆری و جیاوازیی نێوانیان نابن بەهۆ و بنچینە بۆنەمان و هەڵوەشانەوەی زمانی کوردیی هاوبەش. دیالێکتەکانی لوڕی، بەختیاری، زازا، کە هەندێ لە زمانەوانان گومان لە کوردێتییان دەکەن، پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی ئێتنۆگرافی و لینگۆیستیکی نوێ هەیە لە هەلومەرجی زێدەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتانە بۆ دیاریکردنی خۆناسی و هەستی نەتەوەییان.

زمانی ئەدەبیی کوردی لە کوردستانی باشوور بە رادەیەکی زۆر خۆڕسکانە بەرەو پێش دەچێ- نووسین و بەرهەمەکانی رۆشنبیرانی لێدەرچێ، ئەکادیمیانەو رەسمیانە هیچی وای بۆ نەکراوە. پێویستە، بەڵکو ئەرکێکی نەتەوەیی پیرۆزە ئەو پەڕی بایەخ بە زمانی ئەدەبیی



کوردی، لەسەر ئاستی حکومەت و لەسەر ئاستی زانکۆ، بدرێ و نووسین و چاپەمەنییەکان بکرێن بە کوردی- ئەوەش بە رێگەی دامەزراندنی دەرچوانی بەشی کوردی لە دەزگا دەوڵەتییەکان بۆ بە کوردیکردنی رەوتی نووسین و بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری؛ هەروەها پشتگیرییەکی تەواوی بزاڤی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی بکرێت و خەڵاتی بۆ تەرخان بکرێ.

ناوی کەسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە زۆر حاڵەتدا دەبێت بە شەقڵ و مۆرکێکی نەتەوەیی، واتە دەوری ئێتنیکی دەبینێ، هەروەهاش دەبێت بە ئاوێنەیەك قۆناغی مێژوویی، رووداو و (ئیدیۆلۆگیا) رەنگدەداتەوە. ئەو ناوە ئیسلامی- عەرەبیانە لە کوردەواریدا بڵاون بە رادەیەکی زۆر (بووین بە کوردی) ئەمەش هێز و توانای زمانی کوردی دەردەبڕێ و جێپەنجەکانی بەسەر پرۆسەی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتیی دەردەخات.

کەلتوور هەمیشە نەتەوەییە، چونکە بە زمانی نەتەوەیی پیادە دەکرێ، بۆیەش کەواتە ئایین وەکو دیاردەیەکی سۆسیۆکەلتووری، لە حاڵەتی کورددا ئیسلام، ئایینێکی کوردیی نەتەوەییە.

ئەگەر تاکو ئێستا پرۆسەی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتی کوردستان خۆڕسکانە و لە خۆوە بەڕێوەچووبێ، ئیمڕۆ دەتوانین، بە رێگای دەزگای دەوڵەتی و ئەکادیمییەکانەوە، دەستکاریی بکەین و رێگەی بۆ خۆش بکەین، هوشیارانە و بە پلان بەرەوپێشەوە پەلەی پێ بکەین.

**سەرچاوەکان:**


١- دوارد هاليت كار (ماهو التاريخ)، ترجمە بيارعقل ماهر كيالى، الموسسە العربيە للدراسات و النشر، بيروت ط١/١٩٧٦ص٦١.

2- V.A.nikonov, Emia e obshestvo,, Moskva 1972.p.8

3- E.M.Oranski, Vedenie iranskyou Filologyou Moskva, 1988, p29.

4- C.A.Arutunov,, Etnikiskie protsesi e Yazik,, RASI E Narodi,, 15/1985, Nayka, moskva,1986.p.32

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- شەرفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی- هەژار کردوویە بە کوردی، چاپی دووەم ١٩٨١. ل ١٢٧-١٢٨.

٧- س ئا. ئاروتینۆڤ، هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

8- V.P.Berkov, Yazikovoe polojenie V Narvegia, V kn. Isledovania V Yazikoznania I Ethnografia- (Yazok I Ethnos). Lenigrad, Nauka, 1983,P.5

٩- س ئا ئاروتینۆڤ، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.

١٠- د. رەشاد میران: "سیماکانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا". دەستنووس. بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری زانکۆ قەبوولکراوە.

11- Alim Gafurov,, lmia e lstoria- ob iminach ar- abov, persov, Tajikov e Turkov- Slovar,, Moskva, Nauka,1987,P.3

ئا. غەفورۆڤ"ناو و مێژوو، دەربارەی ناوەکانی عەرەب، فارسی، تاجیك و تیورك- فەرهەنگ". مۆسکۆ، ناوکا، ١٩٨٧، ل ٣).

١٢- ڤ، نا, نیکۆنۆڤ، هەمان سەرچاوە، ل٦٩.

١٣- سەرچاوەی پێشوو. ل١١٠.

14- K.K.Kurdoev,, Sobstvinie imina V Kurdiskom Yazike Vkn,, Strani e norodi blejnevo e srednevo Vostoka,, XIII, Kurdovedine, Eerivan.985.P.194-195.

(ق. ك کوردۆیڤ، "ناوی کەسی لە زمانی کوردیدا"، لە کتێبی"وڵات و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست"، ژ-١٣ کوردناسی، یەریڤان، ١٩٨٥، ل ١٩٤-١٩٥.

١٥- رەشاد میران، "رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا" ستۆکهۆڵم ١٩٩٣، ل٧٤.




* Ethnic Process -

** ئێمە وشەی (میللەت) لە بەرامبەر (القومیە) و (نەتەوەش) بەرامبەر (الامە)ی عەرەبیدا بەکاردێنین کە دوو قۆناغی مێژوویی کۆمەڵایەتین ئێتنۆس پیایاندا تێدەپەڕێ.

*** ئێتنۆس: چەمکێکی زانستی ئێتنۆگرافیایە بۆ کۆمەڵە خەڵکێك بەکاردێت کە ئەندامەکانی نیشانەو ماکی هاوبەشیان هەبێت و بەهۆیانەوە لە کۆمەڵانی خەڵکی دی جیابکرێنەوە.

**** خۆناسی ئێتنیکی- الوعي الذاتي الاثني، هوشیاری نەتەوەیی (الوعی القومی)، لە ئێتنۆگرافیاو فیلولۆژیای سۆڤیەتی و رووسیدا، هەروەها نزیکەی لە هەموو ئەوروپا و ئەمریکادا، لوڕ و بەختیاری بە کورد دانانرێن، وەك دوو میللەتی سەربەخۆ سەریان دەکەن.

***** دەربارەی زازا، بڕوانە:

Mackenzie Dn

Kurdish Dialect Studies l. Oxford University Press London.1961.yy

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری زانکۆ (زانستە مرۆڤایەتییەکان) ژمارەی تایبەت بە کۆنگرەی زانستیی سێیەمی زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر کە لە ٣ — ٤ حوزەیرانی ١٩٩٧ لە هەولێر بەسترا- بڵاوکراوەتەوە.

## سیماکانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا*
## (چەند سەرنجێکی تیۆری–مەیدانی)

### پێشەکی:

هەموو دیاردەیەك، چ سروشتی و چ کۆمەڵایەتی، لە روانگەی زانستەوە هەمیشە لە گۆڕان و بەردەوامبوون دایە. کۆمەڵگاش، وەکو یەکێتییەکی کۆمەڵانی خەڵکی دروستبوو لە رەوتێکی مێژووییدا، واتە وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە پرۆسەیەکی دوور و درێژدا بە قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئابووری-کۆمەڵایەتیی بە دوای یەکدا هاتوو تێدەپەڕێ و هەمیشە لە جووڵانەوە و بەرەو پێشچووندا دەبێ؛ ئەگەرچی لەبەر گەلێ هۆکار، هی زاتی و بابەتی، رەوتی بەروپێشچوونەکە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکیتر جیاواز دەبێ. لێرەشدا، هەر زوو دەبێ ئەوە بڵێین کەوا مەرج نییە سەرجەمی میللەت و کۆمەڵگایان بە هەر هەموو قۆناغە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا تێپەڕبووبن، بەڵام دەبێ کۆمەڵگای بابەتی باس لە یەکێك لەم قۆناغانە دابێت. لەم رووەوە، تەنیا چاوخشاندنێك بە شێوەی ژیانی کۆمەڵگایان ئەوە دەردەخات کە هەریەکێکیان لە ئاستێکی دیاریکراوی پێشکەوتن دایە و تیایدا پەیوەندیی ئابووری-کۆمەڵایەتی تایبەتی پەیڕەو دەکرێن. لەم گۆشەنیگایەوە، بێ سوود نابێت بڵێین کەوا ئەم راستییە، لە پاڵ هەندێ هۆیتریشدا، وایکردووە هاوپەیوەندارییەکی توند و بەهێز لە نێوان دوو زانستی مێژوو و کۆمەڵناسیدا دروست ببێ. جا بۆیە ئێمە، سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی، ئەم راستییە، واتە پابەندبوونی کۆمەڵگایان بە قۆناغی مێژووییەوە، دەکەین بە بنچینەی بۆچوونەکانمان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆمەڵگای کوردیی لە کوردستانی باشووری کردووە بە بابەتی خۆی لە رۆژگاری ئیمڕۆدا و سەرنج لەو گۆڕانکارییانە دەدات کە بەسەر رەوشی کۆمەڵایەتی کورددا هاتوون، بۆ ئەم مەبەستەش زانیاری لە هەندێ بواری ژیانی رۆژانەدا بە رێگەی چاودێریکردنی راستەوخۆ (الملاحظة المباشرة) کۆکراونەتەوە و وەکو سەرچاوە، شان بەشانی سەرچاوەیتری تیۆری، بەکارهاتوون.



### پەیوەندیی کۆمەڵایەتی:

نزیکەی لە هەموو باس و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا دەربارەی کورد، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە کوردستاندا پەیوەندییەکانی خێڵەتی-دەرەبەگایەتی بەرقەرارن. بێگومان ئەوەش راستییەکە نکۆڵی لێ ناکرێ، چونکە خێڵ لە کوردستاندا ئێستاکەش هەر شێوە و فۆڕمێکە بۆ ئینستیتووتی دەرەبەگایەتی و پەیوەندییەکانی [١] و دەوری گرنگ دەبینێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی رۆژانەدا. نە هەر ئەوە، بەڵکو ((خێڵ لە هەموو رەوشتێکی سیاسیدا ئامادەیە.. ئامادەگی تەواو لە ناوە هوشیاری و ئاگایی ئێمەدا هەیە و راستەوخۆ سەر لەبەری پەیوەندییەکانیشی ئاراستە دەکات)) [٢]. لێرەدا پێویست بەوە دەکات سنوورێك دابنێین لە نێوان دوو جۆر خێڵدا، خێڵی کۆمەڵگای بێ چین (هی قۆناغی مەشاعییەتی سەرەتایی) کە یەکەمین شێوەی ئێتنۆسە (میللەت) و دەوری ئێتنیکی دەبینێ و خێڵی کۆمەڵگای چیندار، واتە هی قۆناغەکانی کۆیلەتی، دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری، کە لە نێو چوارچێوەی کۆمەڵگادا تەنیا دەوری کۆمەڵایەتی-ئابووری دەبێ نەك ئێتنیکی. جا ئەگەرچی لە نێوان هەردوو جۆر خێڵدا پەیوەندییەکی گێنێتیکی (عضوي) هەر دەمێنێ، بەڵام ئەمانە دوو جۆر خێڵن و لە رووی ئەرك و پێکهاتە و چەرخی مێژووییانەوە لە یەك جیاوازن [٣]. لەم گۆشەنیگایەوە، خێڵی کوردی جۆری دووەمە، توخمێکی کۆمەڵگای کوردییە و نوێنەرایەتیی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی دەکات و نابێ لە سیستەمی دەرەبەگایەتی جیابکرێتەوە، وەکو چۆن ((هادی العلوی)) ئەمە دەکات و بەڕای ئەو دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا گەشەی نەکردووە و نەبۆتە سیستەمێکی باو، تەنیا خێڵەکی بەر قەرارە [٤]. بۆیە ئێمە دەبێ دان بەوەدا بنێین کەوا توخم و شەقڵ و سیماکانی قۆناغێکی مێژوویی-کۆمەڵایەتی کۆن، کە جیاوازە لە ئاستی پێشکەوتنی زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆی سەر زەمین، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هێشتا هەر بەهێز و کاریگەرن، بەڵام لێکۆڵەرەوە دەبێ، لەپاڵ ئەم راستییەشدا، سەرنجی توخم و نیشانە و ماکی پەیوەندییە نوێیەکانیش بدات کە، بە تێکەڵبوونیان لەگەڵ هی کۆندا، رەوشێکی کۆمەڵایەتی-ئابووریی ئاڵۆز و ناتەبایان داهێناوە و، ئەم رەوشە، کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا ئەوەندە بەهێزە کە دەکرێ ئیمڕۆ زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە قوربانیی ئەم رۆژگارە لە قەڵەم بدەین.

ئەوەش جێگەی سەرسووڕمان نییە، بەڵکو ئەمە سیمایەکی ئاسایی قۆناغەکانی وەرچەرخانە لە هەموو کۆمەڵگاکانی سەر زەمیندا، چونکە گۆڕان و وەرچەرخان (التحول) لە

ئەنجامی تێکەڵبوون و زۆرانبازی و ململانێی توخمە نوێ و کۆنەکاندا دێنەئاراوە؛ لەبەر گۆڕانی چالاکی ئابووری و شێوازی کارکردن، بەرژەوەندییەکانیش دەگۆڕێن، پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی تازە پەیا دەبن، بەم بۆنەیەشەوە (ولاء) فۆڕمێکی دی وەردەگرێ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بە شێوەیەکیتر دەبن؛ پەیوەندیی خزمایەتی و بنەماڵەیی، کە لە قۆناغی خێڵەتی-دەرەبەگیدا دەوری سەرکی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینن، وردە وردە جێگە بۆ پەیوەندیی جۆریتر چۆڵدەکەن کە دامەزراون لەسەر بنکەی ئابووریی نوێ و بەرژوەندییە تازەکانی ژیانی مادیدا. ئیمڕۆکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕۆژانە گوێمان لە گلەیی و گازاندەی وادەبێت کە ڕاستەوخۆ ئەم جۆرە رەوشە ئابووری و کۆمەڵایەتییە رەنگدەدەنەوە؛ بۆ نموونە، کەس نییە نەیبیستبێت گوترابێت و گوترابێتەوە کە ((رەحم نەماوە))، ((ئەخلاق و قیەم نەماوە))، ((هەر کەسە بۆخۆیەتی)) یان ((کەس بە هانای کەسەوە نایەت)).. هتد؛ هەروەها بەدەیان نموونەی ئەوە هەیە کە دوو ئامۆزا، دوو خاڵۆزا یان تەنانەت دووبرا لەبەر بەرژەوەندیی ئابوورییان، کە بە رەنگێکی ((ئیدیۆلۆگی)) بۆیە کراوە، لە دوو سەنگەری جیاواز و دژ بەیەك دان. کەچی گۆڕانکارییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، یەکسەرو میکانیکیانە و سەرتاپاگیر نابن، بۆیە ناتوانیین بڵێین کە ئەم جۆرە گلەیی و گازاندانە بەجارێك لە جێگەی خۆیانن - چونکە، بە رادەی توندوتیژی و تەکانی بەهێزی توخمە نوێیەکان بۆ هاتنە ناو کۆمەڵگاوە، توخمە کۆنەکانیش بە هەمان رادە، یان رەنگە زێتریش، چەسپاو و رەگەکانیان توند داکوتراون و بەرگرییان لەخۆ بەهێزە- هەربۆیەشە گۆڕانکارییەکان، لە سەرانسەری مێژوودا، بەبێ پێکدادانی کۆمەڵایەتی Social conflict و زۆرەملێ و خوێن ڕشتن بەسەر نەچووین.

جا لەم روانگەیەوە، ئێمە دەتوانین سەرنجی چەند پەیوەندییەکی ئابووری-کۆمەڵایەتی بدەین کە ئیمڕۆ لە کوردستان، لە یەك کاتدا، پەیڕەو دەکرێن، ئەمانیش: لەلایەکەوە پەیوەندیی خێڵەکی-دەرەبەگایەتی و لەلایەکیتریشەوە پەیوەندیی نیمچە سەرمایەداری. لێرەشدا، خێڵ ئەگەرچی هێشتا هەیکەل و ستروکتوڕ و پەیوەندییە تەقلیدییەکانی هەر ماون، بەڵام ئەمەی ئیمڕۆ هەرگیز خێڵی، با بڵێین، پێش پەنجا ساڵ نییە. خێڵی ئیمڕۆ گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە و ئەندامەکانی پەیوەندیی ئابووریی نیمچە بورژوازییانە بەڕێوەدەبەن، ئەمە تەنانەت خێڵە ((کۆچەرەکانیش)) دەگرێتەوە. سەرۆك خێڵی دەرەبگ ئیمڕۆ، لە زۆربەی حاڵەتدا، شانبەشانی ئەوەی لەلادێ موڵك و ئاژەڵی هەیە، خۆی نشیمەنی شارەو خانووبەری زۆری لە شاردا هەیە و رەنگە خاوەنی چەند کارگەیەکیش بێت [٥]، لەپاڵ ئەمەشدا



بازرگانییەکی چالاکانە دەکات و بۆی هەیە زیاد لەوەش سەرکردایەتیی حیزبێکی سیاسیش بکات، یان هەر نەبێ ئەندام بێت تیایدا، بەمەشەوە دەوری سیاسی دەبێت و نیمچە دیبلۆماسیەتێکی نێودەڵەتیش بەڕێوە دەبات؛ هەرچی ئەندامیتری خێڵن، ئەوا سەربەستن لە هەڵبژاردنی چالاکیی ئابوورییاندا و وەکو جاران توند بە موڵك و ماڵ و فەرمانی ئاغاوە نەبەسترانەتەوە، ئەگەرچی جۆرە ملکەچبوونێکیان (ولاء) بۆ سەرکردەکانیان هەر دەمێنێ. بۆیە دەرەبەگ و سەرۆك خێڵی سەردەمی ئێستای کوردستان هەرگیز تەقلیدی نین، بەڵکو نوێنەرێکی پێشکەوتووی چین و رێکخراوەی کۆمەڵایەتیی خۆیانن؛ یان وردتر، ئەمانە نوێنەرانی کۆتایی قۆناغە مێژووییەکەی خۆیانن و بەرەو پەڕینەوەن بۆ قۆناغێکیتر، لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، پێشکەوتووتر. کەچی ئینتمای سەرەکیی ئەمانە هێشتاش هەر بۆ خێڵ و بنەماڵەکەیانە و پەیوەندیی خزمایەتی ئێستاش هەر دەوری باڵادەبینێ — لەگەڵێ ناوچەی کوردستاندا سەرۆك خێل، دەرەبەگ، ئاغا و شێخی وا هەن کە لەگەڵ ئەوەی لە رووی ئابوورییەوە لێی کەوتوون، بەڵام جۆرە پەیوەندییەکی خزمایەتی و بنەماڵەیی، جارێ هەندێ سیمای پاراستبوون.

لەلایەکیتریشەوە، خەڵکی شارستانی و بەتایبەتیش توێژاڵی رۆشنبیران، کە دەبوایە بەڕادەیەکی دیار نوێنەرایەتیی ئابووریی سەرمایەداری بکەن و پەیوەندیی نیمچە بورژازییانە بەرێوەبەرن، کەچی ئەمانەیش لە ژێر کارتێکردنی، بێگومان بە رادەیەکی کەمتر، پەیوەندیی خێڵەکی — دەرەبەگایەتیدا ماونەتەوە و شەقڵ و سیماکانی پەروەردەی باوکسالاریان پێوە دیارن کە لە ژیانی رۆژانەیاندا رەنگدەدەنەوە؛ ئەم راستییە وای لە نووسەرێك کردووە، رەوایانە، دەور و هەڵوێستی رۆشنبیرانی کورد پێچەوانەی رێبازی رۆشنبیرانی رۆژئاوایی ببینێت، بەڕای ئەم لە کاتێکدا رۆشنبیرانی رۆژئاوایی بەرەوڕووی کۆمەڵگا دەبوونەوە و دوورەپەرێزیی ژیانی کۆمەڵایەتی بوون، رۆشنبیرانی کورد بە ((هەزاران پەت)) خۆیان بەکۆمەڵگاوە بەستوتەوە و بە هەموو شێوەیەك ئینتمای خۆیان بۆ کۆمەڵ و بۆ ((خێڵ — حیزب)) سەلماندووە [٦].

ئەم دەور و هەڵوێستەی نەك هەر رۆشنبیران، بەڵکوهی ((بورژوازیا)) بە گشتی لە وڵاتانی عەرەبیدا، لەلایەن سیاستمەداری فەلەستینییەوە (بشير البرغوپی) دیاریکراوە بۆیەش، بە قسەی ئەو، ((دەستبەرداری رابردووی دەرەبەگایەتی نابن، ئەوەش وا دەکات کە کۆن ناوە ناوە، لە قەیران و وەرچەرخانە سەختەکاندا، سەرهەڵداتەوە)) [٧] ئەوەش سەبارەت بە کورد بێ

بنچینە نییە و کەواتە ئاساییە، چونکە جگە لەوەی کۆمەڵگای کوردی بە گشتی لە کوردستانی باشوور، هێشتا دەستبەرداری قۆناغی مێژوویی- کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتی نەبووە، هەروەها لە دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتیی وەکو عێراقدا بورژوازیا لە چالاکیی ئابووریدا سەربەست نەبووە و، لەبەر دەستتێوەردانی دەوڵەت و دەست بەسەر داگرتنی زۆربەی بوارەکانی ئابووری و بەتایبەتیش بواری پیشەسازی[٨]، بۆرژازیا لە عێراقدا بە گشتی دەورێکی لابەلا و کاتیی هەبووە[٩]؛ هەرچی ((سەرمایەداری)) کوردیشە ئەوا، لە پاڵ ئەو بوارە تەسکەی بۆ چالاکی ئابووری بۆیی ڕەخسابوو، وەکو بۆ هەمموو سەرمایەدارانی عێراق، لەبەر نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری لە کوردستاندا و لە سۆنگەی قازانج و ئیمتیازاتی زۆرترەوە لە ناوچەکانیتری عێراق، بە تایبەتییش لە بەغدای پایبەختدا، سەرمایەداری کورد لە زۆبەی حاڵەتەدا خۆی و سەرمایەکەی بۆ ئەوێ کۆچی کردووە. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت بڵێین کەوا تاقە بوارێکی چالاکیی ئابووری لەکوردستاندا لە پاڵ بازرگانییەکی سنووردارادا، بۆ ((سەرمایەدار))ی کورد مابێتەوە — بواری بیناکردن ((عقارات)) بووە، ئەوەش بەرای ئێمە هەمان شتە کە سەرمایەدار لەسەر (ریع)ی سەرمایەکەی خۆی دەژی و بۆیەش دەبێت بەسەرمایەدارێکی مشەخۆر (طفیلی) و دەوری لەبەرهەمهێناندا لابەلایی دەبێت.

بەم جۆرە، ئەگەر نوێنەرانی چین و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی، لە کوردستانی باشوور، بەرەوڕووی ڕەوش و پەیوەندیی تازە بوونەتەوە و چالاکانە بەشداریی تێدا دەکەن، بەڵام هێشتاش هەلومەرجێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەبار بۆ کوردستان نەرەخساوە تا بورژوای گەشە بسێنێ و بە ئازادی ڕۆڵی خۆی ببینێ، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ستریۆتیپی نوێ دابێنێ.

لە ڕۆژگاری ئێستای کوردستانی باشووردا جموجۆڵێکی ئابووری بەدیدەکرێ کە بنچینەکەی، جگە لە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارێکی سنووردار لە ڕەوشی سیاسیی ئێستاکەدا، بازرگانییەکی ((سنوورداری)) چالاکانەیە، بەڵام ئەم جۆرە چالاکییە بۆ ئابووریی بەرهەمهێنەر لەبارنییە، چونکە پشت بەبواری ئاڵوگۆڕ (التبادل) دەبەستێ — بۆیە هێشتا گەلێ دوورە لە ئابووریی سەرمایەداری کە بەرهەمهێنان دەبێتە بناخەکەی. جگە لە بواری بەرهەمهێنان، بۆ گەیشتن بە قۆناغی کۆمەڵگای سەرمایداری دەبێ، هەروەها دوو مەرجی تریش لە ئارادابن، یەکەمیان، سەرهەڵدانی ئیدیۆلۆگیای بزنس Business Ideology لای ئەندامانی کۆمەڵگاو، ئەویتریش، فەلسەفەی دەستتێوەرنەدان لای حکومەت Laissezfaieir



philosophy، ئەمانە دوو مەبدەئی سەرەکین لە هەلومەرجی ئابووریی بەرهەمهێنەردا بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی سەرمایەداری وەکو سستەمێك بۆ کۆمەڵگایان[١٠].

ئەم دوو مەبدەئەش بە ئاسانی سەرهەڵنادەن، بەتایبەتیش فەلسەفەی دەستتێوەرنەدانی حکومەت لە کار و چالاکیی ئەندامانی کۆمەڵگادا. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری کۆمەڵگا و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی؛ لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی — دەرەبەگیدا، کە ئەندامەکانی بە پێی یاساکانی باوکسالار پێگەینرابن، هەرگیز حکومەتێکی وا نایێتە بەرهەم بە ڕادەیەکی ئەوتۆ دیموکرات بێت دەست نەخاتە نێوکاروبار و چالاکی و تەنانەت ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانیشەوە. چونکە مرۆی باوکسالاری، لە بابەتی ئەندامانی کۆمەڵگای ئێمە، ڕوانینێکی تایبەتیی هەیە بۆ دەسەڵات، بۆ پلە و پایەی کۆمەڵایەتی کە ئەگەر سۆسیۆلۆگیانە لێی بکۆڵینەوە دەتوانین بڕیاربدەین کە ئەو ڕوانینە سەرچاوە لە پەروەردەی باوکسالارییەوە هەڵدەگرێ، مەبدەئی سەرەکیی پەروەردەی باوکسارلاریش کە نزیکەی لە هەمووبیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگای ئێمەدا دەردەکەوێت، بەکارهێنانی دەسەڵاتە لە ناوماڵ، لەسەرکار، لەگەڵ خزم و برادەراندا.... هتد[١١]. بۆیە جارێ پێشبینیکردن بوداهاتنی حکومەتێکی دیموکرات و دەست نەخاتە نێو کاروباری هاوڵاتیانەوە چ لە عێراق و چ لە کوردستان، کارێکی ئەستەمە. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا وەکو لە پێشدا ئاماژمان بۆ کرد، سەریانهەڵداوە و ڕەوتەکە لە ڕێڕەوی پرۆسەیەکی ئاساییدا کەوتۆتە گەڕ، بەڵام پرۆسەی مێژوویی — کۆمەڵاتی هێمنانە و لەسەرخۆ دەڕوات، تا ئەو کاتەی سەربژاردە (نخبة)ی لێهاتوو پەیادەبێ و پەلە بەم پرۆسەیە دەکات و چەند هەنگاوێك وەرچەرخانی حەتمیی کۆمەڵگاکەمان بەرەوپێشی دەبات. هەر ئەو سروشتەی پرۆسەی مێژوویی بوو، واتە لەسەرخۆ بەرێوچوونی، وای لە ناو دامەزرێنەری سۆسیۆلۆگیا (ئۆگۆست کۆنت) کرد کە لە دوا ڕۆژانی ژیانیدا خۆزگەی ئەوە بخوازێت ((مرۆڤایەتی زوو بگات بە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتیی ئیدیالی و چیتر لە ڕێڕەویی ئەم پێشکەوتنە لە سەرخۆیە)) ئازار و مەرگ نەچێژێ[١٢].

### هەندێ لە بوارەکانی گۆڕانکاری:

بە شارستانی بوون (التحضر Urbanizaion) بە شارستانی بوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی گرنگ و ئاڵۆزە، کاریگەریی وەکو چۆن ئیجابیانە ئاواش نێگەتیڤانەی لەسەر

ستروکتۆری کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەم دیاردەیە توند بەستراوەتەوە بە دیاردەیەکیترەوە کە مێژوویی و حەتمییە لە کۆمەڵگایان روودەدات و بایەخێکی کۆمەڵایەتیی زۆری هەیە، ئەویش دیاردەی کۆچکردنی ناوەوەیە. زۆرجاران بە شارستانی بوون کە لە ئەنجامی کۆچکردنی دانیشتووانی ناوچە لادێییەکان بۆ شار روودەدات، بە پێشکەوتنەوە دەبەستنەوە، بەڵام ئەمە هەموو جارێك وانییە، بە تایبەتیش کاتێك کۆچکردنەکە بۆشار نائاسایی دەبێت و پەلەی پێدەکرێت؛ وەکو حاڵەتی کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی باشوور و سیاسەتی رژێمی عێراق سەبارەت بە راگوێزانی خەڵکی لادێی. لەم حاڵەتەدا کە کۆچکردن بۆ شار شێوەی شاڵاو وەردەگرێت و نەبوونی سیاسەت و پلانی پێویست بۆ بەرەورووبوونەوەی، لەگەڵی لایەنەوە ئەنجامی پێچەوانەی بەشارستانی بوونی دەبێ- لێرەدا شار تووشی بەلادێیی بوون دەبێ، بەلادێیی بوونی شاریش لەزۆر لایەنەوە دەردەکەوێت — شکل و شێوەی شار (پەیابوونی چەند گەڕەکێکی لادێیی)، ژمارەی دانیشتووان، سەرهەڵدانی کەموکوڕی لە رێکوپێکی و خاوێنی ناوشار، لەوەڕاندنی مەڕومالات لەسەر شەقامەکان، زێدەبوونی بێکاری و هەمووو دیاردەکانی لە ئەمەوە پەیا دەبن- دەرۆزەکردن، دزی، کوشتن... هتد، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئاپۆرەی لادێیی بێکار لە شاردا، بەگشتی، یان دەبێ بە ئاپۆڕەیەکی رادیکاڵیی لابەلا (هامشی)، یاوەکو خەڵکێکی کۆچکردووی خاوەن هێزی تێکدەرانە خۆ دنوێنێ (١٣)- لە هەردوو حاڵەتیشدا دەبێ بەمایەی نائارمیی رەوشی شارەکە. هەرچی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و ولاتەکەیە بە گشتی، ئەوا ئەم جۆرە کۆچکردنە نائاساییە لەسەر حسیبی دابەزینی ئابووریی کشتوکاڵی دەبێ، ئەوەش کاریگەریی گەورەی دەبێ لەسەر پێکهاتەی چینایەتی و ستروکتۆڕی کۆمەڵگاکە، ئەم رەوشە زۆر بەزەقی لە حاڵەتی کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی باشوور، هەستی پێدەکرێ.

لەلایەکیتریشەوە، ئاپۆرەی لادێیی لەناو شار رووبەڕووی تەنگوچەڵەمە و تەگەرەی بە شارستانی بوون دەبنەوە؛ ئەمانە هەمیشە غەریبی ژیانی سادە و ساکاری لادێ دەکەن و نارەزایی دەردەبڕن سەبارەت بەسەختی و ئاڵۆزیی ژیانی شارستانییەتی و لایەنە ((سلبییەکانی))، شایانی باسە کە ئەمە ناوەڕۆك و بابەتی سەرەکیی ئەدەبێکی فراوانی زۆر لە ولات و میللەتانە کە پێی دەڵێن ((ئەدەبی لادێ))، بۆ نموونە، فەیلەسووفی رووسیی سەردەم میگوییف رووی دەمی لە خەڵکی لادێیی ناوشارەکانە کە دەڵێ: ((ناکرێ بەرێگەی گەڕانەوە بۆ



ژیانی لادێیی بەسەر لایەنە سلبییەکانی ژیانی شارستانیدا زاڵ بین))[١٤] ئاشکرایە کە فەیلەسوفی نابراو مەبەستی گەڕانەوەیە بۆ شێوەژیانی لادێی لەناو شاردا.

لە راستیدا مرۆی لادێی ناحەق نییە کە بێزاری و نارەزایی خۆیی دەربڕێ بەرامبەر بە ژیانی شارستانی، چونکە ژیانی شارستانی لە بنەرەتەوە جیاوازە لە ژیانی لادێی، نەهەر ئەوە، بەڵکو کۆچکردن و جێهێشتنی نشیمەنی خۆ، کەلادێیە، تەنیا جێگۆڕکێیەکی ئاسایی نییە، بگرە ئەمە ئەزموونێکی یەکجار سەخت و دژوارە بەسەر کۆچکردووان‌دا دێ، گۆڕانێکی بنەڕەتیی شێوە و شێوازی ژیانی بە دوادا دێ و مانای وەرگرتنی کەلتوورێکی ترە، مرۆ دەبێ سەرلەنوێ خۆی بگونجێنێ رابێت لەگەڵ نشیمەنی نوێدا[١٥]. شایانی باسە کە جیاوازیی هەرە گرنگ و بەرچاوی ژیانی شارستانی لە ژیانی لادێ، ئەوانەی دەبن بە مایەی نیگەرانی و نارەزایی مرۆی لادێیی لەناو شاردا، بریتین لە مانەی خوارەوە: پێش هەموو شتێك، مرۆی شارستانی کاتێکی زۆر لە ژیانی گشتی Inpublic بەسەر دەبات و پەیوەندییەکانیشی گشتی و ناشەخسی و لاوەکی دەبن و خۆشی هەر بەنەناسراوی Announymity دەمێنێتەوە، هەروەها مرۆی شارستانی گەلێ گوێ بە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بۆماوە Ascribed status نادات، بەڵکو ئەم بە پەرۆشە بۆ پلەو پایەی وەدەست هێنراو Achived status بۆیەش بایەخ بەزانیاری و فێربوون دەدات بۆ گەیشتن بەم پلەوپایە کۆمەڵایەتییە[١٦]- ئەمە جگە لە لەجیاوازیتر لە گەلێ بواری دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە واناگەیەنێ کە خەڵکی لادێیی ناوشار هەرگیز نابن بە شارستانی، بە پێچەوانەوە، هەر نەبێ لە بواری کەلتووری مادیدا ئەمانە ناچار دەبن بەرێژە شارستانییانە رەفتار بکەن- لە هاتوچۆ، ئیشکردن لە دامودەزگای دەوڵەتی، خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆ، بەکارهێنانی کەلوپەلی شارستانی لەناو ماڵ و.... هتد؛ هەرچی لە بوارەکانی کەلتووری گیانیدایە، ئەوا کەمتر دەبێ و پێش هەموو شتێك، دەستبەرداری ژنهێنان لە خزمان دەبن، بە حوکمی ئەوەی لە خزمان دووردەکەونەوە. بە گشتی بە شارستانی بوونی تەواوی خەڵکی لادێیی لەناو شار شێوەی پرۆسەیەکی درێژ وەردەگرێت و دوای چەند پشتێك بە ئەنجام دەگات.

**خواستنەوە (الاقتباس):**

خواستنەوە و لێك وەرگرتنی تۆخمەكانی كەلتووری مادی و كەلتووری گیانی، تەنانەت شێوازی ژیانیش، لە لایەن میللەتان و كۆمەڵگایانی ناوچەیەكی مێژوویی – كولتووری، دیاردەیەكی مێژوویی كۆمەڵایەتی و هەمیشە هەر روویداوە. ئەم دیاردەیە زێتریش لە نێوان میللەت و كۆمەڵگایانی هاوسێدا باوی هەیە، ئەوەش ئەنجامێكی حەتمیی كۆنتاكت و پەیوەندی و هاوسێیەتیی كۆمەڵگایانە و هۆكارێكی گرنگی بەرەوپێشچوونە، بەبێ ئەوە مرۆڤایەتی هەرگیز نەدەگەیشت بە ئاستی پێشكەوتنی ئێستاكەی. لێرەدا، ئەگەرچی خواستنەوەی تۆخمەكانی كەلتووری ماددی لە نێوان میللەتاندا باوتر و ئاسانترە، بەڵام ئاكامەكانی وەرگرتنی تۆخمی كەلتووری گیانی گەلێ گرنگتر و بایەخداترن و جاری واش هەیە، دەبێت بە هۆكارێكی كامڵبوونی Integration نەتەوەیی، بۆ نموونە: وەرگرتنی تۆخمێكی كەلتووری گیانیی وەك ئایین؛ لەم گۆشەنیگایەوە، رۆڵی مەسیحییەتی كاتۆلیكی گەلێ گەورە بووە لە بەیەكبوونی دوومیللەتی جیاواز – فلامنك و فالۆن – لە بەلجیكادا[17]. بێگومان دەوری ئایینی ئیسلامیش لە كامڵبوونی نەتەوەیی كورد كەمتر نەبووە، چونكە (ترادیسا – tradition و نەریت و رەوشتە نەتەوەییەكانی كورد، بە گشتی لە قەوارەی ئایینی ئیسلامیدا گەشەیان كردووە)[18]. لێرەشدا دەبێ ئەوە روون بكەینەوە كە ئەگەر ئایینە وەرگیراوەكە مەودایەكی سەرتاپاگیری لەناو كۆمەڵگاكەدا نەبێت، ئەوا ئەم ئایینە دەوری هۆكاری لێكدابڕاندن دەبینێ، لەبەر ئەوەی بەشێك یان چەند بەشێكی كۆمەڵگاكە لە دەرەوەی مەودای ئەم ئایینە دەمێنێتەوە – لە حاڵەتی كورددا وەكو ئێزدی، ئەهلی حەق (كاكەیی)، عەلەوی (قزلباش) و كوردە مەسیحییەكان. لەگەڵ ئەوەشدا، مانەوەی ئەم گروپ و كۆمەڵانە لە دەرەوەی ئایینی ئیسلام، بەڕای ئێمە لە خەسڵەتی سەرتاپاگیریی ئایینی ئیسلام لە كوردەواریدا كەم ناكاتەوە – ئەم بۆچوونە زێتریش لەگەڵ واقیعدا یەك دەبێ ئەگەر بزانین كە جێپەنجەی ئایینیی ئیسلام بەسەر ئەم كۆمەڵە ئێتنۆ – ئایینیانەوە زۆر دیارە.

ئەمە سەبارەت بە وەرگرتنی تۆخمێكی كەلتووری گیانیی وەكو ئایین؛ هەرچی وەرگرتن و خواستنەوەی تۆخمەكانی كەلتووری مادییە ئەوا وەكو گوتمان گەلێ باوترە. تەنیا چاو خشاندنێك بە تۆخمەكانی كەلتووری ماددیی میللەتانی ناوچەیەكی وەكو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆمان روونەدەكاتەوە كە زۆرشتیان لێك خواستۆتەوە بە رادەیەك نازانرێ كێ خاوەنی راستەقینە و مێژوویی كام تۆخمی كەلتوورییە، بۆ نموونە – ئامێری كارپێكردن یان ئامێری



هاتوچۆپێكردن، كەلوپەلی ناو ماڵ... هتد. كەچی خواستنەوە لەسەردەمی ئێستادا ماوە و مەودایەكی گەلێ فراوانتری وەرگرتووە و لە سنوورەكانی چەند كۆمەڵگایەكی هاوسێ دەرچووە. دیاردەی خواستنەوەی ئێستاكە رۆژانە و لەسەر ئاستی هەموو جیهان دایە؛ لە كۆمەڵگایەكی وەكو هی ئێمەدا كە بە رادەیەكی ئاشكرا دوورەپەرێز و گۆشەگیرە مرۆ هەر لە ژوورەكەی خۆیدا هەستدەكات كە نزیكەی سەرلەبەری شت و كەلوپەلەكانی خواستراوەیە – جلوبەرگ، مێز، تەلەفۆن، تەلەفزیۆن، رادیۆ و تەنانەت هەندێ لە خواردەمەنییەكانیش (وەكو خواردەمەنی بە قوتووكراو (معلب)))؛ هەمموو ئەو تۆخمە كەلتوورییانەش، بێگومان، مەرجی خۆیان بەسەر ئەوەی وەریاندەگرێ دادەسەپێنن و ئەوەش، قسەی لەسەر نییە، گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتیی بەدوادا دێ... جلوبەرگی ئەوروپایی پێویستی بە كورسی و مێز و هەڵسان و دانیشتنی تایبەتی و شێوە ژیانێتر هەیە كە جیاوازە لە، بۆ نموونە، شێوەی ژیانی كوردەواری؛ تەلەفۆن، ئەگەرچی ئامێرێكی گەلێ بە سوودە، بەڵام لە دیدار و یەكدی بینینی خزم و برادەران كەم دەكاتەوە و تەنانەت مرۆڤ كەمدووش دەكات، هەرچی سەتەلاتیە، كە بەم ساڵانەی دوایی لە كوردستان بڵاوبۆتەوە، ئەوا مرۆ بەجارێك لە خەو و خوێندنەوە دەكات. خواستنەوە هەروەها زۆر بەزەقی لە بواری بیناكردندا دەردەكەوێت، خانوو و بەری ئێستاكەی ناوشارەكانمان زۆربەی هەرە زۆریان بە ئاووهەوا و شێوازی ژیانی ئێمە نامۆن، جارێ ئەو كەرستەیەی بۆ دروستكردنی خانووی ئێستاكە بەكاریاندێنن (بەرد و چیمەنتۆ) بۆ ئاووهەوای كوردستان لەبار نین، هەردووكیان بەرپەرچی سەرماو گەرما نادەنەوە (وەكو قوڕ و خشت نین كە جاران بەكاردەهێنران)، ئینجا نەخشە و شكل و شێوەی خانووەكان، خانووی یەك نهۆمی، ئێرۆكە، زۆر دەگمەنن، زۆربەی هەرە زۆریان دوو یان سێ نهۆمین و زیاد لەوەش تەواوی لادیوارێكی ژوورەكان پەنجەرەن، ئەوەش یەكجار ناعەمەلییە- چونكە گەرما و سەرما بەجارێك فشار بۆ ژوورەكانی دێنن – پەنجەرەی گەورە تەنانەت بۆ نهۆمی سەر ئەرزیش لە ئاووهەوای ئێمەدا لەبار نییە. دیواری ئەستوور نەبێت بەری ئاووهەوای سەختی وڵاتی ئێمە ناگرێت. بەڵام لەبەر هۆی ئابووری ئیمڕۆكە دیوارەكان لە یەك ریزبەرد یان بلۆك یان كەرپووچ دروستدەكرێن – كەچی بێ حیكمەت نەبووە كە خانووە كۆنەكانی وڵاتی ئێمە دیوارەكانیان مەترێك یان دوومەتر بەرین بووین. بۆ دڵنیابوونیش لەمە مرۆ دەتوانێ چاوێك بە خانووەكانی قەڵای هەولێردا بخشێنێ كە خۆشبەختانە هێشتا هەر ماون؛ ئینجا ئەو باغ و باغچە پان و بەرینەی بە دەوری خانووەكان دادەچێنن و لە ماوەی هەمموو ساڵەكەشدا رەنگە یەك مانگ تیایدا

دانانیشن- ئەویش هەر لەبەر ئاووهەواکە. کەچی لە خانووەکۆنەکاندا حەوشی ناوماڵ هەبوو کە هەم بۆ فێنکی هەم بۆ ئەوەی لە دەرەوە دیار نەبێ؛ هەرچی ئێستایە زۆر لە ماڵەکان ناچنە ناو باخچەکانیان، چونکە لە دەرەوە دیاردەبن — بۆیەش زۆریان دیوارێکی بەرز هەڵدەچنن و دیمەنی خانووەکە لە ژوورەوە و لە دەرەوە تێکدەچێ. لە دەرەوەش ئەگەرچی هەندێکیان دیمەنیان جوانە بەڵام قور و پیسایی دەوروبەریان جوانییەکەی کوشتووە و بووە بە نشانەیەکی روونی ئەوەی کە ئەم گۆڕانە لە بواری کەلتووری مادیدا گۆڕانێکی ناهارمۆنییە و بواری کەلتووری گیانیی نەگرتۆتەوە.

نەهەر ئەوەندە، بەڵکو گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بە رادەیەکی ئەوتۆ شەقڵی سەرتاپاگیریی وەرگرتووە کە گەیشتۆتە ئاستی خواستنەوەی تەواوی شێوازی ژیانی کۆمەڵگاش، وەکو فیکرەی بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە لە بەشێکی فراوانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی ئیمڕۆدا ئەوا کاروخەباتی بۆ دەکرێ، ئەوەش زۆر بە روونی خواست و پێداویستی و زەرووڕەتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ لای خەڵك و ئەندامانی کۆمەڵگایان — کۆمەڵگای کوردیش لەم خەباتکردنەدا بێ بەش نییە.

**دەرەنجام:**

ئەگەرچی نوێنەرانی چین و رێکخراوە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای کوردی بەرەورووی رەوش و پەیوەندیی تازە بوونەتەوە و چالاکانە بەشداریی تێدا دەکەن، بەڵام هێشتاش هەلومەرجێکی ئابووریی سیاسی لەبار بۆ کوردستان نەرەخساوە تا بورژوازیا و سەرمایەدارانی کورد تیایدا گەشەبسێنن و ئازادانە دەوری خۆیان ببینن. بۆیە کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی باشوور تا رادەیەکیش لە هەموو بەشەکانیتری کوردستان، جارێ هەر لە قۆناغی وەرچەرخاندا دەمێنێتەوە کە نیشانە هەرە روون و بەرچاوەکانی ئەم قۆناغەش بریتییە لە فرەجۆریی چالاکیی ئابووری — کۆمەڵایەتی، ئەم رۆژگارەش بۆ کورد، لەوەدەچێ، ماوەیەکی درێژ دەکێشێت تا ئەو کاتەی سەربژاردە (نخبە)یەکی کوردیی لێهاتوو سەرهەڵدەدات و دەوری پێشڕەوانە دەگرێتە دەست لە پەلەپێکردنی پرۆسەی مێژوویی بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی، ئەو دەورە پیرۆزەی حیزبە سیاسییەکانی کوردی، لە هەموو ماوەی مێژووییاندا، نەیانتوانیوە ببینن.



ئەمە لە کاتێکدا حیزبی سیاسی، بەتایبەتیش لە قۆناغی خەباتی رزگاری نەتەوەییدا، دەبێ بە رادەیەکی ئەوتۆ شۆڕشگێڕ و رادیکاڵ بێت کە نەك هەر لە بواری سیاسی و خەباتی چەکداریدا، بەڵکو هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا خاوەن هەڵوێست و داهێنان و گۆڕانکاری بێت — واتە خاوەن فەلسەفەیەکی سەرەتاپاگیر بێت، بەمەشەوە دەوری سەربژاردە و پێشڕەوانە بگرێتە دەست. کەچی حیزبە سیاسییەکانی کوردی بەداخەوە نەیانتوانیوە ئەم رۆڵە ببینن، بۆیە بۆ سەرهەڵدانی سەربژاردەی لێهاتوو لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبێ لەشوێنێکیتر بۆی بگەڕێین. ئەم دەورە بەڕای ئێمە، تەنیا کۆمەڵێ رۆشنبیران دەتوانن بیگرنە دەست کە ئەمانیش هێشتا وەکو توێژاڵێکی کۆمەڵایەتیی یەکگرتوو خۆیان نەنواندووە- بۆیەش بەناو حیزبە سیاسییەکاندا بڵاوبوونەتەوە. بەردەوامبوونی حیزبە سیاسییەکان لە هەڵوێست و رەفتاری ئێستایاندا هاندەرێکی کاریگەر دەبێت بۆ کامڵبوونی توێژاڵی رۆشنبیران و نواندنی قورسایی خۆی لە بواری گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوریدا.

**سەرچاوە پەراوێز:**


١- أشامليوف. ((حول مساله الاقطاع بين الكورد))، ترجمه و تعليق الدكتۆر كمال مظهر احمد، الطبعة الثانية، بغداد، ص ٦٧، ١٠٤.

٢- محمد عابد الجابری ((عەقلی سیاسی عەرەبی، دەستنیشانکەر و دەرکەوتەکان)) خوێندنەوەی مەریوان وریا قانع، یەکگرتن، کۆبنهاگن، ژمارە — ١٦، ١٩٩٣، ل ١٣٢.

٣- ن، ن چینۆکسارۆڤ، ئی ئا چیبۆکسارۆڤا ((میللەت، رەگەز، کەلتوور)) — مۆسکۆ (ناوکا) ١٩٨٥ل ٦٩ — ٧١

٤- هادي العلوي ((مظاهر التشوه في المجتمع العراقي))، دراسات كردية، باريس، العدد٣- ١٩٩٢. ص — ٨١.

٥- وەکو بنەماڵە سەرکردەکانی خێڵی سورچی و خێڵی هەرکی، بڕوانە: عصام الخفاجی ((البرجوازيه المعاصره و الدوله المشرقيه — دراسه مقارنه لمصر و العراق))، الثقافة الجدية، ٢٧٣، ١٩٩١، جدول رقم ٣، ص ٤٠ — ٤٣.

٦- بختيار على، ((المثقف، البيئة الاجتماعية السياسية، ةالحرب في كوردستان))، الثقافة الجديدة، ٢٦١)العددان ١٢/١٩٩٤ و ١/١٩٩٥ ص ٧١.

٧- مقابلة مع بشير البر غوثي — ((هكذا يراجع الشيو عيون الفلسطينيون مار كسيتهم... السابقة)) قابلة فواد خالد/ جريدة الحياة، العدد ١٠٨٧٥ في ٨/١١/١٩٩٢ ص ١٨.

٨- سەبارەت بە پیشەسازی لە کوردستان و هەڵوێستی رژێمی عێراق بەرامبەری — بڕوانە: د. مجيد جعفر، ((ستراتجية للتطور في اقليم كوردستان — عيراق)) القسم الثاني، جريدة الحياة، العدد ٧٣٧ في ١٠/٨/١٩٩٤، ص٨؛ فالح عبدالجبار ((الدولة و المجتمع في العراق ١٩٨٠ — ١٩٩٠)) الثقافة الجيدة، العدد ٢٦٢، ١٩٩٥ ص ٢٨،

٩- عصام الخفاجی — سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

10- Hymes Dell Sociolinguistics and The Ethnography of Speaking in Language, Mass. Winthrop. 1974. p. 163

١١- سەبارەت بە پەروەردەی باوکسالاری لە کۆمەڵگای کوردیدا — بڕوانە: رەشاد میران ((یەکێتی ئێتنیکی کورد — هەندێ سیماو گیروگرفتی))، (زانکۆ) گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی زانکۆ سەلاحەددین — هەولێر بەرگی (١)، ژمارە (١)، ١٩٩٧، ل ١٨٣- ١٨٤.

١٢- غاستون بوتول ((تاريخ السوسيولوجيا))، ترجمه د.ممدوح حقى، بيرت — باريس ١٩٩٧، ص٧٧.

١٣- هنري بيين، ((التحضر و الاستقرار في العالم الثالث))، جدل — كتاب العلوم الاجتماعية العدد١٩٩٣،٤ص ٧٦ (ترجمة جدل).

١٤- ((الادب في سياق العلوم الاجتماعية- طاوله مستديرة)) في كتاب ((الثقافة الروحية والتفكير الجديد)) — مجموعة من المولفين السوفيت، ترجمة رجا الظاهر، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكيه فى العالم العربى، الطبعة الاولى، ١٩٩١. ص ٤٧،

١٥- علم الاجتماع الحضري — اعداد عبدالجبار امين الحيدرى، جامعه صلاالدين/ اربيل ١٩٨٧-١٩٨٨ ص ١٥٢، ٢١٠.

١٦- سعد عبدالرزاق حسين، ((پاشەکشێی رۆشنبیری شار لەبەردەم رۆشنبیریی لادێ دا)) وەرگێڕانی: محەمەد وەسمان، برایەتی، ژمارە (٢١٠٣) لە ٧/١٢/١٩٩٤، ل ٢.

١٧- برومليه، بودولنى. ((الاثنوس و التاريخ)) ترجمة طارق معمرانى، دار التقدم- موسكو، ١٩٨٨، ص٦٤.

١٨- رەشاد میران ((رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا))، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣. ل ٨.



* ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری (زانکۆ)ی زانکۆی سەلاحەددین بلاوکراوەتەوە — ژمارەی (٣) ١٦/٨/١٩٩٨، هەولێر.

## دەوری هۆکاری سیاسی لە پرۆسەی ئێتنیکی لە کوردستانی عێراقدا

### پێشەکی:

رەوتی دروستبوون و گەشەکردن و کامڵبوونی هەر ئێتنۆسێك پرۆسەیەکی دووروودرێژی پڕ رووداو، یەکگرتن، لێکجیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکانە- ئەوەش ناوەڕۆکی ئەو پرۆسەیە پێکدێنێ کە بە زاراوەی ئێتنۆگرافیا پێی دەگوترێ "پرۆسەی ئێتنیکی".

بێگومان ئێمە کە باس لە پرۆسەیەکی پڕ رووداو دەکەین مەبەستمان هەموو رووداوێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و هیترە کە جێپەنجە و ئاسەواری بەسەر چارەنووسی ئەو گروپە ئێتنیکیانەوە دیاربێ کە دواتر، واتە لە داهاتوودا، ئێتنۆسێکی سەربەخۆیان لێ دروستدەبێ؛ هیچ گومانیش لەسەر ئەوە نییە کە هەر یەکێك لەم جۆرە رووداوانە چەندین هۆکاری گەورە و جۆراوجۆریان هەن و، رەنگە، هۆکاری سیاسی هەمیشە هەرە گرنگەکەیان بێت. ئەگەر بە پرۆسەی ئێتنیکیی هەر ئێتنۆسێکدا بچینەوە باش ئەوە دەبینین کە هۆکاری سیاسی، یەکەمین هۆکاریش نەبێت لەم پرۆسەیەدا، ئەوا یەکێکە لە هەرە گرنگەکان، بۆیەش ئێمە لەم باسەماندا، لەبەر دەور و بایەخی زۆر و کاریگەریی گەورەی، هۆکاری سیاسیمان هەڵبژارد و هەوڵدەدەین کاریگەرییەکەی روونبکەینەوە لەسەر پرۆسەی ئێتنیکیی کورد. ئەوەش پێویست بە روونکردنەوە دەکات کە ئێمە لە "پرۆسەی ئێتنیکیی کورد" ئەوەندە مەبەستمان گەڕانەوە نییە بۆ پرۆسەی دروستبوونی ئێتنۆسی کورد، بەڵکو زێتر دەمانەوێ لە رۆژگاری ئێستای کورد، لەو قۆناغە مێژووییە هاوچەرخەی پێی گەیشتووە، بکۆڵینەوە کە ئەویش، واتە ئەم قۆناغەی ئێستاش، هەر ئالقەیەکە لە پرۆسەی ئێتنیکیی کورد و زێتریش مەبەستمان ئەو بەشەی ئێتنۆسی کوردە کە لە کوردستانی باشوور (کوردستانی عێراق)دا دەژی. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە لەم باسەماندا، لە پاڵ سوود وەرگرتن لە هەندێ سەرچاوە، هەروەها سەرنجدانی راستەوخۆی رووداوەکان وەکو میتۆدێك بەکارهاتووە... بۆیە باسەکە بە رادەیەك سیمای کاری مەیدانیشی وەرگرتووە.



### پرۆسەی ئێتنیکی: سروشت و ناوەڕۆك و ئاکامەکانی:

پرۆسەی ئێتنیکی لە راستیدا سروشتێکی ئاڵۆزی هەیە، تیایدا جگە لە رووداوی گەورە و جۆراوجۆر، هەروەها لە یەك کاتدا دوو پرۆسەی دژبەیەکی لێ دەبێتەوە کە یەکێکیان هەڵوەشانەوە و لێك جیابوونەوەیە، واتە گروپە ئێتنیکییەکان بەشی جیاجیایان لێدەبێتەوە یان هەر تەواوی گروپێك هەڵدەوەشێتەوە و لە ئارادا نامێنێ؛ پرۆسەی دووەمیش، یەکگرتنەوەی ئەم بەشە جیابوویەوانەیە لە یەکێتییەکی تازەدا و پێکهێنانی گروپەی ئێتنیکیی نوێ، یاخود چوونە ناو گروپێکی ئێتنیکییترەوە [1]. ئەم گروپە ئێتنیکیانە گەورەدەبن، گەشە دەکەن و دەبن بە ئێتنۆس و پەرەدەسێنن و کامڵدەبن لە ئەنجامی دوو پرۆسەی ئاڵۆزیتردا- یەکێکیان پرۆسەی گێنیتیکییە (ئێتنۆگنیز) کە تیایدا ئینتیمای خەڵکی دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی، وەکو گوتمان، نەمانی هەندێ گروپە و پەیابوونی ئێتنۆسیکی نوێ، ئەویتریشیان پرۆسەی گۆڕان و وەرچەرخانە و تیایدا ئەم ئێتنۆسە نوێیە رووبەڕووی گۆڕان و گەشەکردن دەبێتەوە لە گەلێ بواری ئێتنیکیدا- وەکو پرۆسەی کەلتووری کە تیایدا توخم و رەگەزەکانی کەلتووری دەگۆڕێن و هیتر جێگەیان دەگرنەوە؛ یان ئەم پرۆسانەی لایەنی زمان دەگرنەوە و دەبنە هۆی، بۆ نموونە، گۆڕانی زمانی قسەکردن یان زمانی نووسین، یاخود دروستبوونی رەوشێکی فرەزمانی و...هتد، بەڵام هەموو ئەمانە نابنە هۆی تێکچوونی شیرازەی سیستەمە ئێتنیکییەکە[2]. جا، لە راستیدا ئەمەیە سروشت و ناوەڕۆکی پرۆسەی ئێتنیکی و ئاکامە کۆتاییەکەشی دروستبوون و گەشەکردنی ئێتنۆسە، لەمەشدا دەتوانین سەرنج بدەین کە ئەمە پرۆسەیەکی تا بڵێی درێژ، سەخت، هەمەلایەن و پڕ رووداوە و تیایاندا رووداوی سیاسی، رەنگە، زۆرینەیە و دەوری هەرە گرنگ دەبینن.

### ئێتنۆسی کورد و تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی ئێتنیکیی:

ئێتنۆسی کورد ماوەیەکی مێژوویی درێژە لە نەخشەی ئێتنیکیی ناوچەی خواروی رۆژئاوای ئاسیادا جێگەی خۆی کردۆتەوە، ئەم راستییەش زانستی ئێتنۆگرافیا دەمێکە سەلماندوویەتی؛ کەچی هێشتاش، رەنگە، پێوست بە جەخت لەسەرکردنەوە دەکات- بەتایبەتیش بۆ زانا و پسپۆڕانی بیانی. رۆژگاری پەیابوونی ئێتنۆسی کورد، زانستیانە، رێك دەتوانین بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە بەرینەوە کاتێك ناوی ئێتنیکی (ئێتنۆنیم)ی "کورد" سەریهەڵدا- ئەویش، چونکە ئێتنۆنیم یەکەمین و سەرەکیترین نیشانە و ماکەکانی پەیابوونی

هەر ئێتنۆسێکە [٣]. یەکەمین شێوەی ئەو ئێتنۆنیمە لە ناوی "کارد"دا بووە، کاتێك کسینۆفۆن، سەرکردەی هێزەکانی یۆنانی لە ولاتی فارس ساڵی ٤٠١پ.ز.، لە کتێبەکەیدا بەناوی"ئاناباسیس"، باسی کاردۆخەکانی ناوچەی هەکاری دەکات [٤]؛ لێرەشدا نابێ ناوی"کاردۆخ" بە هەڵەماندا بەرێت و بڵێین ئەم ناوە دوورە لە ناوی"کورد"ەوە، پێش هەموو شتێك ئەم ناوەی یەکەم راستییەکەی"کارد"ە نەك "کاردۆخ"، چونکە پاشگری "وخ" لە ناوی دواییدا، وەکو پسپۆران بۆی دەچن، نیشانەی کۆیە لە زمانی ئەرمەنیدا [٥] و بەشێك نییە لە ناوەکە، وەکو ئاشکراشە هەردوو پیتی"ا" - "و" لە زمانانی ئێرانیدا، کە کوردی یەکێکە لەوان، بە ئاسانی جێگەی یەکدی دەگرنەوە [٦]- بۆیە ئێمە، لێرەدا، دەتوانین هەردوو ناوی"کارد" و "کورد" بەیەك دابنێین و ساڵی ٤٠١پ.ز. بە رۆژگاری سەرهەڵدانی ئێتنۆسی کورد لە قەڵەم بدەین. خۆ ئەگەر ئەو فاکتەرەشی بخەینە پاڵ کە ئەو شوێنەی سەرهەڵدانەکە لێی رووداوە، مەبەست ناوچەی هەکارییە، هەر لە کۆنەوە و تا رۆژی ئیمرۆ هەر ولاتی کوردانە- واتە"کوردستان"، ئەوا بێگومان بۆچوونەکەمان بەهێزتر دەکات- ئەمەش بە گوێرەی تەنیا سەرچاوەی نووسراو. لەوەش دڵنیاین کە ئەگەر رۆژێك دابێت و پسپۆرانی ئارکیۆلۆژی لە کوردستاندا بگەڕێن، ئەوا ئاسەواری رۆژگاری گەلێ کۆنتری ئێتنۆسی کوردی و شارستانییەتی دێرینی ناوچەکە دەدۆزنەوە. دواتر، واتە نزیکەی ٢٠٠ ساڵێك پاشتر، دەتوانین ناوی کارد لە مێژووی ناوچەکەدا جارێکیتریش بدۆزینەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە شوێنێکیتر کە هەر دەکەوێتە نێو کوردستانی ئێستاوە، ئەویش ناوچەی کەرکووکە [٧]- ئەمە هیچیتر ناگەیەنێ جگە لەو فاکتەرەی کە لە رەوتی پەرەسەندنیدا، ئێتنۆسی کورد، بلاوبۆتەوە و ئەم ناوچەیەی دواییشی کردووە بە خاکی هاوبەشی خۆی کە ئەم خاڵەی دواییش، واتە خاکی هاوبەش، بە هەمان جۆر نیشانەیەکی گرنگی بوونی ئێتنۆسە [٨]؛ ئەمەو، بە دڵنیاییشەوە، مافی ئەوەمان دەبێ کە گریمانی هەبوونی ئێتنۆسی کورد بەر لە ساڵی ٤٠١پ.ز. بکەین و بە هەمان جۆر گریمانی هەبوونی ئێتنۆسی"کارد" لە یەك کاتدا لە هەردوو ناوچەکانی سەرەوەدا. بەم جۆرە لە ساڵی ٤٠١پ.ز.ەوە دەتوانین، بەپێی سەرچاوەی بەردەست، سەرنجی هەندێ رووداو و فاکتەری سیاسیی بدەین- هەر لە هێرشەکەی کسینۆفۆن و هێزەکەی بۆ سەر ولاتی"کاردوخ"ەوە کە یەکیك لە ئاکامەکانی بەهێزبوونی یەکێتی و هاوکاریی ئێتنیکیی کاردەکان و داکۆکی لەخۆکردنیان بوو، یان راپەڕینی کاردەکانی ناوچەی کەرکوك لە دژ فەرمانڕەوایەتیی پارفیا[٩]. هەرچی مێژووی دواتری ئێتنۆسی کوردە، ئەوا سەرلەبەری پڕە لە



رووداوی سیاسی و لە مێژووی نوێ و هاوچەرخیشیدا هۆکاری سیاسی بە پلەی یەکەمین دێت و، رەنگە، هەر ئەویش چارەنووسی ئێتنیکی و سیاسیی داڕشت- ئەمەش بابەتی سەرەکیی دواترمانە لەم باسەدا.

### کاریگەری و تایبەتمەندییەکانی هۆکاری سیاسی لە کوردستانی باشووردا

رەوشی سیاسی و ئێتنیکیی ئێستای ناوچەی خوارووی رۆژئاوای ئاسیا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵێك لەمەوبەر، کاتێك ولاتانی هاوپەیمان - بەریتانیا و فەڕەنسا لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا دەستیان بەسەر ناوچەکانی باشووری دەوڵەتی عوسمانی داگرت و نوێنەرانی ئەم دوو دەوڵەتە مارك سایکس و جۆرج بیکۆ، بێگومان لە روانگەی بەرژەوەندیی ولاتانی خۆیانەوە، پرۆژەی دابەشکردنی ئەم ناوچانەیان داڕشت و لە ئەنجامدا دەوڵەتانی وەکو عێراق و سوریا و هیتر کەوتنە سەر نەخشەی سیاسیی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئەمە وەکو چۆن خۆی رووداوێکی سیاسیی گەورەبوو، ئاواش دەرئەنجامی سیاسی و ئێتنیکیی گەورەی لێکەوتەوە. راستە ئەمە زەبرێکی گەورەبوو بە دەوڵەتی عوسمانی کەوت، قەبارە و دەور و کاریگەریی بە رادەیەکی زۆر سنووردارکرد، بەلام یەکەم، لە رووی سیاسییەوە ئەم دەوڵەتە تازە دروستبووانە ماوەیەکی درێژی نەبرد لە ژێر رکێفی فەڕەنسا و بەریتانیا دەرچوون و سەربەخۆییان وەدەستهێنا و لەوساکەوە تاکو ئێستا گرفت و کێشەی سیاسی و دیبلۆماسیانەی زۆریان، بەتایبەتی بۆ ئەم دوو دەوڵەتە، دروستکردووە؛ دووەم، لە رووی ئێتنیکییەوە ئەمانە، واتە بەریتانیا و فەڕەنسا، لە داڕشتنی سنوورەکانی ئەم دەوڵەتانە هەرگیز رەچاوی هۆکاری ئێتنیکیان نەکرد- کوردستانی باشوور بوو بە بەشێك لە عێراق و باکووری ئەم دەوڵەتەی پێکهێنا، هەرچی سووریا بوو لەلای سنوورەکەی لەگەڵ تورکیادا چەند ناوچەیەکی کوردنشینی بەرکەوت کە هەریەکێك لەم ناوچانە قوولاییەکی ئێتنیکیی کوردی هەیە لەوبەر سنوورەوە- واتە لە کوردستانی تورکیادا[١٠].

بەمجۆرە لەم دوو دەوڵەتەدا، عێراق و سوریا، رەوشێکی ئێتنۆ- سیاسیی تایبەتیی دروستبوو، ئەگەرچی دەرئەنجام و رەوتی رووداوەکان لە هەر یەکێکیاندا جیاوازبوو لە ئەویتر. لە کوردستانی باشوور، پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، کورد بایەخ و گرنگیی خۆی هەبوو و ئینگلیزەکانیش باش ئەمەیان دەزانی و رەچاویاندەکرد، وەکو چۆن ئەمە لە هەڵوێستی مێجەرسۆن و مێجەر نۆئیلدا دەردەکەوێ کە"رێکەوتنێکیان" لەگەڵ نزیکەی ٤٠ خێڵی گەورەی کوردیدا هەبوو و ساڵی ١٩١٩ شێخ مەحموودی بەرزنجی کرا بە حاکمی گشتی و ساڵی

١٩٢٢، واته دوای سالێك له هاتنی مەلیك فەیسەڵ له سوریاوه بۆ سەر عەرشی عێراق، شێخ مەحموود خۆی وەکو مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند[١١]. هەروەکو له سەرچاوەکانەوه دەردەکەوێ؛ مەلیك فەیسەڵ تا درەنگیش دڵنیانەبوو لەوەی ئایا کوردستان دەکەوێته نێودەوڵەتەکەیەوه یاخود نا؟ جگه لەوه، ناوچەی کوردستانی باشوور لەلایەن تورکەکانیشەوه لەژێر ناوی (کێشەی موسڵ) قووتکرابووەوه و لەوەشدا تورکەکان پشتیان به هۆکاری ئێتنیکیی ناوچەکه بەستبوو به بیانووی ئەوەی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ که هەموو کوردستانی باشوور و شاری موسڵی دەگرتەوه له ڕووی ئێتنییەوه عەرەب نین و خەڵکەکەش داوای گەڕانەوه بۆ تورکیا دەکەن... تا له ئەنجامی سەردانێکی لێژنەیەك لەلایەن دەستەی نەتەوەکانەوه (عصبه الامم) بۆ ناوچەکه بێ بنچینەیی ئەم ئیدعایەی تورکان دەرکەوت؛ ئەگەرچی لەبەر لێڵی و نادیاریی هەڵوێستی ئینگلیز بەرامبەر به چارەنووسی کورد خەڵکێکی بەرەو تورکیا هاندەدا[١٢]. وەکو بینیمان، کورد له ڕەوشێکی سیاسیی ئاڵۆزدا بوو و دەبوایه مامەڵه لەگەڵ مینتالیتێتی ئێتنیکیی سێ ئێتنۆسی جیاواز بکات- ئینگلیز، عەرەب، تورك که هەر یەکێکیش لەمانه، جگه له سوپاو تەکنۆلۆژیای ئەوکات، پاشخانێکی مێژوویی هەبوو له بوارەکانی کەلتووری و سیاسییدا؛ له ئەنجامدا کورد نەیتوانی دیپلۆماسیانه لەو ئەزموونه دەرچێ، بۆیه ناچار چەکدارانه ڕووبەڕووی هەرسێ لایەنەکان بووەوه - ئەوەبوو حوکمدارییەتیی شێخ مەحموود تیاچوو و باشووری کوردستان به زەبری چەك بووه بەشێك له عێراق. بێگومان ئەم زۆرانبازییه سیاسییەی له"عێراق"دا ئەوساکه ڕوویدا، وەکو تێبینی هەندێکیانمان کرد، ڕەهەندی ئێتنیکیی گەورەیتری هەبوو؛ ئینگلیزەکان لەسەر ئاستی هەموو عێراق و بۆ داهاتووی ئەم دەوڵەته و یەکێتیی دانیشتوانەکەی هەرگیز ڕەچاوی هۆکاری ئێتنیکییان نەکرد، ئەوەش لەسەر ئاستی هەموو ئێتنۆسی کورد زەبرێکی گەورەبوو، ئەویش لەم ڕووەوه که چەند بەشێکی خاکی هاوبەشی کوردان و دانیتشووانەکەیی له بەشه گەورەکەی ئێتنۆسی کوردیان دابڕی که هەر ئێتنۆسەکه خۆی پێشتریش له نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی دابەشکرابوو. لەلایەکیترەوه، له سۆنگەی بەرەوڕووبوونەوه و بەرهەڵستکاریی کوردانەوه، حکومەتی عێراق، به ڕێنمایی ئینگلیز، له ڕەهەندی ئێتنیکیدا، هەندێ دەستوبردی کرد- لەوانه، خوێندن به زمانی کوردی له کوردستان، دانانی خەڵکی کورد له پۆستی حکومیی عێراق، لادانی خەڵکی بەرپرسی ناکورد له کوردستان و...هیتر- ئەگەرچی هەموو ئەمانه و له هەموو کاتێکدا جێبەجێ نەکران، بۆیەش بزاڤ و هەڵچوونی نەتەوەیی هەمیشه له بڕەودابوون؛ بەڵام خوێندن و



بەکارهێنانی زمانی کوردی، له زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا، کاریگەریی زۆری هەبوو بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی بواری ڕۆشنبیری و بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستاندا؛ دەرئەنجامە بەرچاوەکانی ئەمەش بریتیبوون له دانانی کتێب لەسەر مێژوو و ئەدەبی کورد، دەرچوونی ڕۆژنامه و گۆڤار به زمانی کوردی، دروستبوونی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی- له هەموو ئەم بوارانەشدا کار لەسەر ئامانج و خەباتی نەتەوەیی دەکرا. لێرەدا دەتوانین سەرنج بدەین که له کاتێکدا زمانی کوردی، وەکو هەر زمانێکی نەتەوەیی، نیشانه و ماکێکی گرنگی ئێتنیکییه، بەڵام لێرەشدا دەورێکی سیاسی و ستراتیجیی گەورەی بینی و ئێستاکەش هەر دەبینی، ئەوەش دووباره ئەوه دەسەلمێنێ که هۆکاره ئێتنیکییەکان هەمیشه ناوەڕۆکی سیاسییان هەیه.

له ڕەوشێکی وادا، ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی کورد، له کوردستانی باشوور، تا دەهات ڕوو له زێدەبوون و یەکێتیی ئێتنیکیی بەهێزتر دەبوو، بەڵام واقیعە سیاسەکەش چەسپا، واته بەشێك له ئێتنۆسی کورد و خاکەکەی بووه بەشێك له عێراق. کەچی دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین که ئەگەرچی له مێژوودا سنووری سیاسی هەمیشه دەوری لێکترازاندنی ئێتنیکیی بینیوه و پێکهاتەی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتیی نوێی داهێناوه[١٣]، بەڵام له حاڵەتی ئێتنۆسی کورددا ئەمه بەدی ناکرێ، هەموو ئەندامانی ئەو ئێتنۆسەی بەسەر چوار دەوڵەت (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) دابەشکراون خۆیان به کورد دەزانن و نه هەر ئەوه، بەڵکو کێشەی کورد له هەر چوار ئەم دەوڵەتانه، نزیکەی سەد ساڵێکه، هەیه- ئەمه ڕاستییەکه لەوه دەرچووه تەنیا پسپۆران بیزانن. ئەمەش دەگەڕێتەوه، بەڕای ئێمه، بۆ ئاستێکی شیاوی هوشیاریی نەتەوەیی کورد که به پلەی یەکەم له ئەنجامی فاکتەری سیاسیی دروستبووه- سنووره سیاسییەکانی ئەم دەوڵەتانەی کوردستانیان دابەشکردووه، زەوتکردنی مافه نەتەوەیی و سیاسییەکانی کوردان و، لەسەر بنچینەی ئەمانەش، دروستبوونی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی کوردی و خەبات و تێکۆشانیان له پێناو وەدەستهێنانی ئەو مافانه... هەموو ئەمه بوو به مایەی کەڵەکەبوونی ئاستێك له مەعریفەی سیاسی، به ڕادەیەکی باشیش زانستیانه، دەربارەی مێژووی کۆن و هاوچەرخی کورد؛ وەکو ئاشکراشه، مەعریفه بنچینه و بنەمای هەموو جۆره هوشیارییەکه و ئەو مەعریفەیه چەندی زانستانه بێت، هوشیارییەکەش ئەوەنده پتەو و بەهێز دەبێت - له حاڵەتی کوردیشدا دەبوایه مەعریفەکەی زانستانه بێت، چونکه چەوساندنەوەی کورد لەلایەن دوژمنانییەوه تەنیا به چەك و به سیاسەت نەبوو،

بگرە"زانستانە"ش غەدریان لێدەکرد- شێواندنی مێژوو و نەژاد، گومان خستنەسەر سنووری ئێتنیکی، گۆڕینی واقیعی دیموگرافی... هەموو ئەمەش ڕەنگیاندایەوە لە کێتب و ڕۆژنامە و نووسراو و"ئامار"ی جۆراوجۆر بە مەبەستی جۆریك لە جەنگی"زانستی" لە دژی کورد و لەو بوارەشدا گەلێك لە پسپۆر و پسپۆرایەتی دەخرانە کار و تا ڕۆژی ئیمڕۆش ئەمە هەر بەردەوامە- بۆ نموونە، ئێستاکە سیاسەتمەدار و پسپۆرانی کورد شیلگێڕانە سەرقاڵی بەرپەرچدانەوەی هەموو گومانێکن کە هەوڵدەدرێ بخرێتە سەر کوردایەتیی شاری کەرکووك لە کوردستانی عێراقدا؛ بۆیە ڕەوشی سیاسی و نەتەوەیی کورد پێویستی بە مەعریفەی زانستی هەبوو بۆ بنیاتنانی هوشیارییەکی پتەو و بەهێز. لێرەشدا، ئەگەرچی کورد بە ڕادەیەك پێشکەوت، بەڵام سەرکەوتنی تەواویشی وەدەستنەهێنا و لە پڕۆسەی گەشەکردنی سیاسی و هوشیاریدا کۆسپ و تەگەرەی سەختی بەرەو ڕووبووەوە.

ئەگەر هەندێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە، واتە بۆ ڕۆژگاری حوکمی تۆتالیتاریی سەدام حوسێن لە عێراق کە تیایدا، بەتایبەتی، کورد لە ڕەوشێکی سەختدا بوو و هەموو جۆرە فشارێکی سیاسی و عەسکەری و ئابووری و تەنانەت گەمارۆی ڕۆشنبیریشی لەسەربوو، زیاد لەوەش سستەمە کۆمەڵایەتی- باوکسالارییەکەی بە هەموو هێزێکییەوە کۆمەڵگای کوردیی بەرزەفتکردبوو و لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا ڕێگەی بەرەوپێشچوونی گرتبوو؛ لەلایەکی تریشەوە، هێزە سیاسییە کوردییە بەرهەڵستکارەکان، لە پاڵ هەموو ئەو فشارانەی سەرەوە، هەروەها فشار و دەستێوەردانی دەرەوەشیان لەسەربوو. جا ڕەوشێکی لەم بابەتە دەرگایەکی فراوانی واڵاکردبوو لەبەردەم دروستبوونی هەموو جۆرە فیکر و ئایدیۆلۆژیایەکی داخراو و دۆگماتیك- ئەوەش بەر لە هەر شتێك مانای چەقگرتن و وەستان لە شوێنی خۆیە. دۆگماتیزمی کوردی، کە بەرسنگی حیزب و هێزە سیاسییە کوردییەکانی گرتبوو، نەك هەر چەقی پێگرتن، بگرە لە هەندێ حاڵدا کارەسات ئامێز بەرەو دواوەشی بردن- ئەم بارە چەندین جار هێزە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی بەرەو شەڕی ناوخۆبرد، ئەمەش وەکو چۆن زەبرێکی کوشندە بوو بۆ هێزەکان خۆیان، ئاواش زیانێکی گەورەبوو بەر خەبات و ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد کەوت. ڕاپەڕینی کورد ساڵی ١٩٩١، دوای جەنگی دووەمی کەنداو، هەلێکی مەزنی بۆ خەڵکی کوردستانی باشوور ڕەخساند- ئەم ناوچەیە ڕزگارییبوو لە دەسەڵاتی ستەمکاریی عێراق، ئەوەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ گەشەکردنێکی ئازادانە و سروشتیانەی کۆمەڵگای کوردی. شایانی ئاماژەپێکردنە کە ڕاپەڕین وەکو چۆن دیاردەیەکی نەتەوەیی



کوردی بوو، ئاواش بوو بە هاندەرێك بۆ وروژاندن و گەشەکردنێکی هەست و هوشیاریی نەتەوەیی و ئەمە کوردی چەند هەنگاوێك بەرەوپێشەوەبرد- ساڵی ١٩٩٢ خەڵکی کوردستانی باشوور بە هەڵبژاردن پەرلەمانێکیان دامەزراند و حکومەتێکی نەتەوەییان پێکهێنا و لە ڕێگەی ئەمانەشەوە چەندین دەسکەوتی تریان وەدەستهێنا. کەچی، ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، وەکو دیاردەیەك، کە ئازادیی کوردی ڕەخساند و ڕێگەی کردەوە بۆ دەور و کاریگەریی هۆکاری زاتی، بەداخەوە، شێوەی پرۆسەیەکی بەردەوامی وەرنەگرت و لە ساڵی ١٩٩٣ەوە بەدواوە هۆکاری زاتی بە ڕادەیەکی زۆر کورتی هێنا. هۆکاری زاتی، کە خۆی لە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردیدا دەردەبڕێ، دەرکەوت هێشتا ڕزگاری نەبووە لە دۆگماتیزم و دەسەڵاتی باوکسالاری- ئەم لایەنەی هۆکاری زاتی بوو کە نەك هەر کوردی جارێکیتریش دووچاری شەڕێکی ناوخۆی درێژخایەن کردەوە و لە ئەنجامدا حکومەتە نەتەوەییەکەی بوو بە دوو لەت، بەڵکو لە هەمانکاتدا بوو بە مایەی سەرهەڵدانی چەندین حیزب و لایەنی ئیسلامی- ئوسوولی (فیندەمینتالی).

لێرەشدا، وەکو چۆن فاکتەری سیاسی کاریگەرانە خۆی لە هۆکاری زاتیدا نواند، بەهەمان جۆر لە هۆکاری بابەتیشدا زۆر بەزەقی دەرکەوت- ئەویش بە شێوەی فشار و دەستێوەردانی وڵاتانی دەوروبەر لە کاروباری کوردستانی باشوور، کەچی نە هەر ئەو وڵاتانەی بەشێکی کوردستانیان گرتبووەخۆ- وەکو تورکیا و ئێران و سوریا، بگرە وڵاتێکی وەکو سعودیای عەرەبیش لە بواری پشتگیریکردن و یارمەتیدانی خێڵە کوردییەکان و حیزب و دەزگا ئایینییەکان؛ بۆ نموونە، لەوکاتانەی پەیوەندیی نێوان دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستانی باشوور (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) باش دەبوو و هێمنی و ئارامی دەڕەخسا، بەرپرسانی هەواڵگەریی تورکیا و ئێران و سوریا کۆدەبوونەوە و ئەمەشیان نەدەشاردەوە و ڕاگەیاندنەکان بڵاویاندەکردەوە... بێگومان ئەم سێ وڵاتە زێتر لە هەموو لایەنەکانیتر حسێبیان بۆ هۆکاری ئێتنیکی دەکرد، چونکە هەر بەرەوپێشچوونێك لە ڕەوشی کوردەکانی باشوور کاردەکاتە سەر کوردی بەشەکانیتری کوردستان لەم وڵاتانەدا. هەر چەند مانگێك بەر لە ئێستا، لە مانگی ئاداری ٢٠٠٤، کە یاسای حوکم لە عێراق دەرچوو و تیایدا بڕیار لەسەر ستاتووسی فیدراڵی بۆ کوردستان هەبوو، لە هەر سێ ئەم وڵاتانەی سەرەوەدا، لە ئەنجامی پشتگیریی کوردەکانی ئەوێ بۆ فیدراڵییەتی باشوور، کێشەی سیاسیی گەورە دروستبوون- ئەمەش نەك تەنیا بەڵگەی هەبوونی یەکێتییەکی ئێتنیکییە لە نێوان ئەندامانی

هەموو ئێتنۆسی کورد لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، بەڵکو لە هەمانکاتدا بەڵگەی ئاستێکی شیاوی هوشیاریی نەتەوەییان دەگەینێ و ئەوەش، بەدەوری خۆی، واتە ئێتنۆسی کورد لە پرۆسەی ئێتنیکیی خۆیدا بەردەوامە و تیایدا هەنگاوی بەرچاوی بڕیووە لە رەوتی پێشکەوتنی ئێتنۆ- کۆمەڵایەتیدا. لەم رووەشەوە، سەرکردایەتیی هێزە سیاسییە کوردییەکان فشارێکی مەعنەوی و جەماوەریی گەورەیان لەسەرە بۆ رەچاوکردنی ئەم بارە نوێیەی کە کورد پێیگەیشتووە- هەر لەم ساڵدا بزاڤێکی جەماوەریی بەهێز سەریهەڵدا بەناوی"بزاڤی ریفراندۆم" کە فشارێکی بەرچاوی دروستکرد لەسەر حیزبە سیاسییەکان و داخوازییەکانی ئەم بزاڤەش نەتەوەیی (سەبارەت بە داوای مافی چارەی خۆنووسین) و کۆمەڵایەتی (سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ رای میللەت لە ریفراندۆمی سەرتاسەری) بوون؛ ئاشکرایە ئەم رەوشەی ئێستاکەی کورد و دروستبوونی بزاڤێکی لەم جۆرە و چەندین دیاردەیتر بەڵگەی ئاسۆیەکی فراوانە لەبەردەم زێدەبوونی سەنگ و بایەخ و، هەروەها، کاریگەریی هۆکاری زاتی لە کوردستاندا.

لە ئەنجامدا، دەمانەوێ بڵێین- پرۆسەی ئێتنیکیی ئێتنۆسی کورد، کە لە رەوتیدا هەموو نیشانە و ماکە ئێتنیکییەکانی دروستبوون، رابردوویەکی دووری هەیە و ئێستاش هەر بەردەوامە و ئەم ئێتنۆسە بەرەو قۆناغی پێشکەوتووتری ئێتنۆ- کۆمەڵایەتی دەبات. بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییە نووسراوەکان، دەتوانین خاڵی دەسپێکی ئەم پرۆسەیە بۆ ساڵی ٤٠١پ.ز. بەرینەوە- لەوەش دڵنیایین کە تۆژینەوەی ئارکیۆلۆژی لە کوردستان، لە داهاتوودا، ئەم مێژووە بۆ زووتریش دەباتەوە. لە هەموو ئەم ماوە مێژووییەدا جێپەنجەی هۆکار و رووداوە سیاسییەکان بەسەر پرۆسەی ئێتنیکیی کوردەوە دیارن، دواینیان ئەو رووداوە سیاسییانەن کە رەوشی ئێتنیکیی ئێستای ئێتنۆسی کوردیان داڕشتووە و خاکەکەشی بەسەر چوار دەوڵەت دابەشکراوە و تیایدا کوردەکانی کوردستانی باشوور لە عێراق، لەبەر چەندین هۆکاری زاتی و بابەتی، چالاکیی سیاسی و ئێتنیکییان ئەکتیڤترە و بەمەشەوە رەوشەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئەم رەوشە ئێتنۆ- سیاسییەی کوردەکانی باشوور کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر کوردی بەشەکانیتری کوردستان لە ئێران، تورکیا و سوریا- رووداوەکانی ئەم ساڵی لەم سێ وڵاتە روویاندا دەرحەق بە کوردەکانی ئەوێ کاتێك پشتگیریی خۆیان بۆ کوردەکانی باشوور دەربڕی، بەڵگەی ئەم کاریگەرییەن. ئەم هەست و هوشیارییە نەتەوەییە لەسەر ئاستی هەموو ئێتنۆسی کورد، بە رادەیەکی زۆر دەور و بایەخی سنوورە دەوڵەتییەکان کەم دەکاتەوە کە بەناو جەرگەی کوردستانی گەورەدا رەتدەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سنوورانە، وەکو فاکتەری سیاسی،



کاریگەرییان هەیە بەسەر رەوشە ئێتنیکییەکەوە و هێشتاش هەر دەوری لێك جیاکەرەوەی بەشەکانی ئێتنۆسی کورد دەبینن و تەگەرەیەکی گەورەن لەبەردەم یەکگرتنەوە و تێکەڵ بەیەکبوونەوە و گەشەکردنێکی ئاساییانەی ئەم ئێتنۆسە. لێرەشدا، بە لەبەرچاوگرتنی رەوتی پەرەسەندنی رووداوەکان لە ناوچەکەدا، بۆمان هەیە پێشبینیی ئەوە بکەین کە هۆکاری سیاسی لەمەودوا دەورێکی بنەڕەتیی دەبینێ لە بەرەوپێشبردنی رەوشی ئێتنۆ- سیاسیی ئێتنۆسی کورد، بەڵام هۆکاری زاتیش دەبێ خۆی بۆ ئەم قۆناغە ئامادە بکات.

لە کۆتاییدا، هۆکاری ئێتنیکیی کوردی وەکو چۆن خۆی رۆڵی سیاسیی کاریگەر لە ناوچەکەدا دەبینێ، ئاواش تارماییەکی، کە تادێ روونترو ئاشکراتر دەبێ، هەستپێکراوی بەسەر پرۆسە سیاسییەکانەوە هەیە لە ناوچەکەدا و بەتایبەتیش باڵیکێشاوە بەسەر رەفتار و هەڵوێستە سیاسییەکانی هەر چوار دەوڵەتی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە. رەوشی کورد، بە هەردوو لاسەنگییەوە- ئێتنیکی و سیاسی، بە رادەیەك گەلاڵە بووە کە چیتر ناکرێ پشتگوێ بخرێ و حسێبی بۆ نەکرێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- N.N. Cheboksarov, N.A. Cheboksarova: Narodi, Rasi,Kulturi. Nauka, Moskva,1985,p.48.

2- Etnichski protsesi v Sovrimennom Mire. Redaktor-U.V. Bromlei, Nauka-Moskva,1987,p12.

3- U.V. Bromlei; Ocherki Teori Etnosa. Nauka-Moskva1983p.45.

٤- ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی، نەژادی کورد- رەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد. رەشاد میران لە رووسییەوە کردوویە بە کوردی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣، ل ١٧٦.

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- د. رەشاد میران، کورد و هەکاری و کەرکوك. سەنتەری برایەتی ٢٠٠١/٢٠ هەولێر، ل٤٣

٧- ئۆ.ل. ڤیلچیسکی، هەمان سەرچاوە

8- Etnografya; Redaktor- U.V. Bromlei, Moskva1982,p.6

٩- ئۆ.ل. ڤیلچیڤسکی، هەمان سەرچاوە.

١٠- بڕوانە"نەخشەی ئێتنیکیی ئاسیای بەرایی"لە کتێبی: Narodi Perednei Asia; Nauka-Moskva1952

١١- توماس بوا، تاریخ الاکراد، ترجمە-محمد تیسیر میرخان، دمشق ٢٠٠١، ص٢٠٤

12- Kurdskoe Dvijenie v Novoe l Noveshie Vremia; Red. M.A.Gasratyan, Nauka-Moskva1987.p.133.

13- Etnichski protsesi v Sovrimennom Miri;Ibd,p.14.



* ئەم توێژینەوەیە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان (ئەکادیمی) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکرایەوە. دواتر لە (کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی کوردی) لە کراکۆف لە پۆلۆنیا بە زمانی ئینگلیزی خوێندرایەوە کە لە مانگی ئایاری ٢٠٠٤ بەسترا، هەر لەو ساڵیشدا لە کتێبێکدا بۆ بەرهەمەکانی ئەم کۆنفرانسە بە ئینگلیزی بڵاوکرایەوە.

## خوێندنی باڵا لە کوردستاندا:
## باری ئێستا و پێداویستییەکانی![*]

خوێندنی باڵا ئەڵقەیەکی هەرەگرنگی پرۆسەی فێرکردنە، تیایدا دەرئەنجامەکانی ئاستی پێشکەوتنی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵگا بەرجەستەدەبن — رادەی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك بە بەرزی یا نزمیی خوێندنی باڵای دەپێورێ؛ ئەوەش چونکە خوێندنی باڵا پسپۆر بۆ بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دابین دەکات و ئەمانە راستەوخۆ لە بەرهەمهێناندا دەوردەبینن، بۆیەش کۆمەڵگا تائەوپەڕی بە پەرۆشە بۆ خوێندنی باڵا و هەرزووش، لەرێگەی ئەو پسپۆرانەوە، هەست بە ئاستەکەی دەکات.

ئەگەرچی، وەکو گوتمان، دەرئەنجامەکانی ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی لە خوێندنی باڵادا رەنگدەدەنەوە و، کەواتە، کۆمەڵگا بە گشتی بەرپرسە لەو ئاست و دەرئەنجامانە " هەموو رێکخراوە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان لە حیزبی سیاسی، سەندیکا و کۆمەڵە پیشەییەکان، راگەیاندن و دەزگا پەروەردەییە فەرمی و نافەرمییەکان و هەروەها دەزگای ئایینی هەموویان دەور دەبینن لە گەشەدان بە سەرمایەی بەشەری — واتە پێگەیاندنی تاکەکەسی بەرهەمهێنەر کە جێپەنجەی دیاربێ بەسەر پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگاکەیەوە "[(١)]، بەڵام لە هەمانکات کۆمەڵگا زێتر لە هەموویان چاوی لە دەزگاکانی خوێندنی باڵایە بۆ چاکترکردنی ئەو دەرئەنجامانە — تەنانەت ئەگەر ئەڵقەکانی فێرکردنی پێشووتریش هەر وەکوخۆیان مانەوە، ئەوا خوێندنی باڵا فشار و بەرپرسیارییەتیی سەرەکیی بەردەکەوێ. لەم رووەوە، فێرکردن و خوێندنی باڵا بایەخێکی ستراتیژیی گەورەی هەیە، بەتایبەتیش بۆ وڵاتێکی وەکو کوردستان کە ئەوا چۆتە نێو پرۆسەی پێشڤەچوون لە هەموو بوارەکانی ژیان و لە هەندێ لایەنەکانیدا هەنگاوی بەرچاوی ناوە. بایەخی ستراتیژیی خوێندنی باڵا لەوە دایە کە هوشیاریی کۆمەڵایەتیی ئیمڕۆ لە کوردستاندا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی دەرك

١- د. محمد الاصمعی محروس سلیم " الاصلاح التربوی و الشراكة المجتمعية المعاصرة ، دار الفجر القاهرة، ٢٠٠٥، ص ١٥.



بکات بە گرنگی و پێویستیی گۆڕینی بونیاد و ناوەڕۆکی سیستەمی فێرکردن، پێش هەموو شتێك، بۆ داهێنانی کەلتوورێکی سیاسیی دیموکراسی — بێی ئەمە و لە سایەی سیستەمی فێرکردنی ئێستاکەی کوردستاندا، پێگەیاندنی ئەندامانی خاوەن بەهای دیموکراسی کارێکی تابڵێی ئەستەمە؛ ئەمەش خاڵێکی هەرە گرنگە بۆ پرۆسەی گۆڕان — واتە بوونی گۆڕان بە پێویستیی خەڵك. لێرەشدا، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە مەرجەکانی گۆڕانکاریی بکەین لە هەر بوارێکدا، بۆ ئەوەی بتوانین سەرنج بدەین چەندیان لای ئێمە رەخساون.

### مەرجەکانی گۆڕانکاری:

- زێدەبوونی بەردەوامی کەلوپەل و کەرستە و ئامێری جۆراوجۆر، لە رێگەی ئەمانیشەوە دروستبوونی پێداویستیی نوێ بۆ خەڵك؛ ئەم پێداویستییانەش دەبن بە مایەی گۆڕانی شێوازی ژیانی خەڵك — بۆ نموونە، پەیدابوونی ئۆتۆمۆبێل خەڵکی ناچارکرد بیر بکەنەوە لە دروستکردنی رێگاوبانی مۆدێرن و شۆستە و گەراج و بانزینخانە و فێربوونی شوفێری و رێنماییەکانی هاتوچۆ و...
- مەعریفەی کەڵەکەبوو، بۆ داهێنانی گۆڕانکاری بێگومان پێویست بە گەنجینەیەکی مەعریفیی هەیە بۆ ئەوەی توخمێك یان سیستەمێکیتر لە جێگەی ئەوەی کۆن بچەسپێنی؛ بەبێ مەعریفەی پێویست گۆڕانکاری هەرگیز روونادات.
- سیستەمی کۆمەڵایەتی، واتە ئەم سیستەمە تاچەند کراوەیە و رێگە بە گۆڕانکاری دەدات[(٢)].

سەبارەت بە مەرجی یەکەم، بێگومان، لە کۆمەڵگای کوردیدا بە رادەیەکی بەرچاو رەخساوە؛ لەماوەی ١٥ساڵ ئازادیی کوردستاندا و کرانەوەی سنوورەکانی لەبەردەم هاتوچۆ و بازرگانیی نێودەوڵەتی گەلێ ئامێر و کەلوپەلی تازە و گرنگی وەکو ساتلایت، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، موبایل و شتی تریش کەوتنە دەست ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی و لەپاڵ ئاسانکاریی لەبواری سەفەرکردن و هاتنی جۆرەها شاندی سیاسی، ئەکادیمی، بازرگانی و هیتر پێویستیی بۆ بیناکردنی ئوتێل و باڵەخانەی شیاوی داهێنا و هەموو ئەمانەش رەوشی ژیانی

٢- د. قيس النوری ، طبيعة المجتمع البشری فی ضوء الأنثروبولوجية الاجتماعية ، الجزء الثانی ، مطبعة ألآداب فی النجف الأشرف، التأريخ — بلا ، ص٣٤٦-٣٤٧

خەڵکی کوردستانیان گۆڕی. مەرجی دووەم، سەبارەت بە مەعریفەی کەڵەکەبوو، لێرەشدا مەبەست مەعریفەی زانستییە؛ ئەگەرچی لەم بوارەدا هەنگاوی بەرچاو هێشتا نەنراوە، بەڵام هوشیاریی کۆمەڵایەتیی لە کوردستاندا گەیشتووە بە ئاستێك کە دەرك بە پێشکەوتنی دەوروبەر و جیهان بکات؛ پسپۆر و شارەزا و رۆشنبیرانی کورد، لە پاڵ هەوڵ و تەکانی خۆیان، دەتوانن سوود لە بەرهەم و دەسکەوت و ئەزموونی وڵات و میللەتانیتر وەرگرن — جیهانی سەردەم بواری بۆ دوورەپەرێزی نەهێڵاوە، هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان وڵات و میللەتاندا بووە بە کەلتوورێکی جیهانی.

هەرچی سیستەمی کۆمەڵایەتییە، واتە مەرجی سێیەم، ئەوا هەرچەندە کۆمەڵگای کوردی، ئێستاش، سەربە سیستەمێکی داخراوی باوکسالارییە، بەڵام لە رەوتی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و نەتەوەییانەی لە ماوەی ١٥ساڵی رابردوودا ناوچەکە بەخۆیەوە بینی، دەتوانین سەرنج بدەین کە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بای ئەوەندە بەهاکانی گۆڕان و پێشکەوتنی تێکەوتوون کە رێگە بۆ گۆڕانکاری، هەرنەبێ لەهەندێ بواردا، خۆشبکەن؛ لەو بەهایانەش وەکو : دیموکراسی، پلۆرالیزم، ئازادیی بیرورا، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ، مافی منداڵ، یەکسانیی ژن و پیاو...

کەواتە، بە فەراهەمبوونی ئەم هەلومەرجانەی سەرەوە لە کوردستاندا، بەدڵنیاییەوە دەتوانین قسە لەسەر توانای داهێنانی گۆڕانکاری بکەین لە هەندێ بواردا- با جارێش لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا بێت، بگرە دەبێ لەم دوو بوارەوە دەستپێبکرێ.

لەم روانگەیەشەوە، لە کاتێکدا کە هەردوو بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا گرێدراو و تەواوکەری یەکدین و هەوڵی گۆڕین و چاککردن لە هەردوولادا دەبێ پێکەوە و هاوشان بن — لە راستیشدا بزاڤی گۆڕین و گەشەپێدان لە پەروەردەشدا دەستی پێکردووە، بەڵام ناکرێ خوێندنی باڵا چاوەڕوانی دەرئەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە بێت کە بێگومان درێژخایەن دەبێت؛ هەروەها نابێت سەرلەبەری کۆسپ و تەگەرە و ناتەواوییەکانی خوێندنی باڵا بگەڕێنینەوە بۆ سەر رەوشی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا — راستە ئەمیان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ خوێندنی باڵا، بەڵام تاکە هۆکار نییە؛ بۆیە دەزگاکانی خوێندنی باڵا دەبێ هەرچی زووە دەستوبردی گۆڕان و چاکسازی بکەن لە هەموو ئەو بوارانەی پەیوەست بە شێوازی کار و سەرچاوە و پرۆگرام و بەرهەمە زانستییەکانیانن؛ چونکە وەکو گوتمان کۆمەڵگا زێتر چاوی بڕیوەتە بەرهەم و داهێنانەکانی خوێندنی باڵا.



کەواتە، مەسەلەکە لەوەدا نەماوەتەوە کە ئایا گۆڕانکاری لە خوێندنی باڵادا بکرێت یان نا، ئەمەیان بڕاوەتەوە و پێویستییەکەی لەبەر چاوانە؛ گرفت لەوەدایە کە چۆن ئەمە بکرێت، بە چ شێوازێك، لەسەر کام بنەما و بەرەو چ ئاراستەیەك؟.

لە ئەزموونی جۆراوجۆری وڵاتانی دونیادا چەند نموونەیەکی "گۆڕانکاری" مان بەدەستەوەیە سەبارەت بە چاکسازی لە بواری خوێندنی باڵادا، وەکو چۆن لە بواری پەروەردە و فێرکردنیش بە گشتی، بێگومان دەبێ هەرە گونجاو و هەرە بە سوودەکەیان دەسنیشان بکەین[٣]:

- وڵاتی وا هەیە پابەند نابێ بە بنچینە و بنەماکانی گەشەسەندن و هەنگاوەکانی، سەرپێیانە و پشت بەستن بە بیروبۆچوونی تاکەکەسان گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێن — بە نەمانی ئەم کەسانە لە پۆستەکانیان، گۆڕانکاری پەکی دەکەوێ، جاری واش دەبێ سەرلەبەری پرۆسەکە ئاوەژۆ و پێچەوانە دەبێتەوە.

- لە هەندێ شوێنیشدا، بە شێوازی دروشمی بریقەدار و قسەی زل و پێکهێنانی لیژنە و دەستەی جۆراوجۆر باس لە گۆڕانکاری دەکرێ، بەبێ ئەوەی لە ئەنجامدا کارێکی بنەڕەتی جێبەجێ بکرێ.

- وڵاتی واش هەیە کە هەوڵی بێ وچان دەدات لە پێناو ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەسەر بنەمای زانستی، کەچی لەبەر زۆری و کاریگەریی بەربەستەکان ئەم ئامانجەی بۆ فەراهەم نابێ.

- ئەم وڵاتانەش زۆرن کە گۆڕانکارییان ئەنجامداوە و لەسەر بنەمای زانستی پەرەیانداوە بە بوارەکانی فێرکردن و خوێندنی باڵا و پێشوەچوونی بەرچاویان بەدەسهێناوە — ئەمانە بووین بە نموونە و زۆرێك لە وڵاتان هەوڵدەدەن سوود لە میتۆد و ئەزموونیان وەرگرن.

کۆمەڵگای کوردی، ئیمڕۆکە، هەموو ئەو حاڵەتانەی تیادا هەیە و توخمەکانیشیان کاریگەرن — هەر لە توێژ و خەڵکی هەڵگری دروشمی بریقەدار و بێ ناوەڕۆك و هەروەها تاکەکەسانی دەسەڵاتداری خاوەن پرۆژە و بەرنامەوە بگرە تا دەگاتە ئاستەنگ و بەربەستی گەورە و بەهێز لەبەردەم گۆڕانکاریدا و ئینجاش خەڵکی سەر بە رێبازی گۆڕینیش لە کوردستاندا کەم نین و سەنگی خۆیان هەیە، بەڵکو ئەوا لە خەبات و کۆشش دان بە مەبەستی داهێنانی گۆڕانکاری و بزاوتنی رەوتی پێشڤەچوون و گەشەکردن لە بوارەکانی فێرکردن و خوێندنی باڵادا لە کوردستان.

٣- أ. د. حلمی أحمد الوكيل ، أ. د. محمد أمين ألمفتی؛ أسس بناء المناهج و تنظيماتها ، دار المسيرة ، عمان ط١ ،٢٠٠٥، ص ٣٦٠.

**بەربەست و ئاستەنگەکانی گۆڕانکاری:**

به گشتی ئاستەنگ و بەربەستە سەرەکییەکانی رووبەڕووی گۆڕانکاریی بەرنامەڕێژ دەبنەوە، لەهەموو شوێنێکدا، هاوبەشن، وەکو :

- ئاستەنگی دارایی
- ئاستەنگی ماددی
- ئاستەنگی مرۆیی[٤]

لەپاڵ ئەمانەشدا هەر کۆمەڵگایە هۆکاریتری تایبەت بەخۆشی هەیە کە دەبن بە ئاستەنگی هەر بزاڤێك بەرەو لەقاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایەدا؛ هیچ شتێکیش لە کۆمەڵگادا بە رادەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا هەستیار نین بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەمانە کار لەسەر نەوەی نوێ دەکەن و نەوەی نوێش، لێرەدا، ئامادەدەکرێ بۆ گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی؛ بەتایبەتیش ئەگەر ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە کوردستان دەکەوێتە خانەی ئەو ناوچانەی لە رووی دیموگرافییەوە بەبەرە (خصب) و تیایدا زێتر لە رێژەی ٥٠٪ ی دانیشتووانی منداڵ و گەنجی خوارەوەی تەمەنی ٢٠ساڵین[٥]- ئەو رێژەیەش سەنگ و بایەخێکی مەترسیداری هەیە؛ بۆیە ئاسایییە و، بگرە، چاوەڕوانکراوە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی بە هەموو دەزگا نافەرمییەکانییەوە: خێزان، دەزگای ئایینی، دەزگای سیاسی ... رووبەڕووی ئەم هەوڵ و بزاڤە ببنەوە کە ئامانجی داهێنانی گۆڕانکارییە لەم بوارانەدا — واتە پەروەردە، فێرکردن، خوێندنی باڵا.

لەم رووەوە، سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی، شانبەشانی قورسایی و کاریگەریی ئاستەنگی دارایی (تەرخان نەکردنی بودجەی دیار و شیاوی پێویست بۆ خوێندنی باڵا) و بە هۆی ئەمەشەوە سەرهەڵدانی ئاستەنگی ماددی (بینایە و ئامێر و کەلوپەل و کتێبخانە)، ئاستەنگی مرۆییش بێ بایەختر نییە — نەبوونی ژمارەی پێویست لە پسپۆر و مامۆستا، لە بوارەکانی کە هەشن لاوازیی ئاست و میتۆدییان پێوە دیارە، ناشارەزایی ئیداری، رۆحییەتی باوکسالاری، نەخوێندەواریی دایك و باوك، رێبازی سیاسی؛ هەموو ئەمانە ئاستەنگی گەورە

٤- أ. د. حلمی احمد الوكيل ، أ. د. محمد أمين ألمفتی — هەمان سەرچاوە ، ل٣٦١.

٥- د. عبدالعزيز بن عبداللة السنبل؛ التربية و التعليم فی ألوطن العربی علی مشارف القرن الحادی والعشرين ، دمشق ٢٠٠٤ ، ص٢٩٩.



و کاریگەرن لەبەردەم پرۆسەی گۆڕان و پێشکەوتندا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی رەوشی تایبەتیی کوردستانی باشوور لە رووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەوە، سەرکردایەتیی سیاسی و حکومەتی هەرێم دەتوانن هەنگاوی بەرچاو بنێن بەرەو داهێنانی، هەرنەبێ، هەندێ گۆڕانکاری لە بوارە جیاجیاکان، بەتایبەتیش لە پەروەردە و خوێندنی باڵادا. لە رەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ئێستای کوردستاندا بە روونی هەست بە کزیی دەوری دەزگای سیاسی دەکرێ لە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندندا بەرەو بنیادنانی کەسایەتییەکی نوێ و هاوچەرخ بۆ تاکی کورد— لە کاتێکدا، نەتەوەی کورد بە قۆناغێکی گرنگی وەرچەرخاندا تێدەپەڕێ و ئەگەر دەزگای سیاسی پلانێکی تۆکمەی نەتەوەیی و کەلتووری پیادەنەکات ئەوا، رەنگە، پرۆسەکە بەو ئاقارەدا نەڕوات کە لە پەرژەوەندیی کورد و ئایندەی سیاسی و نەتەوەییدا بێت.

بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەك، بێگومان، دەبێ لەوەی هەیە دەسپێبکرێ؛ لەم پرۆسەیەشدا دابینکردنی پێداویستییە هەنووکەییەکان دەبێ هەنگاوی یەکەم بێت، لە دابینکردنی: بودجە، بینایە، مامۆستا، کتێب، تاقیگە و ئامێر... نەبوونی یان هەر کەموکورییەك لەمانە، پرۆسەی خوێندن پەك دەخات، هەروەکو لە حاڵەتی ئێستادا ئەمە بەدی دەکرێ - لەزۆربەی پسپۆرییەکانی زانکۆکانی کوردستان کەموکوڕی لەم پێداویستیانەی سەرەوەدا هەیە، بۆیەش بەبێ ئەم جۆرە دابینکردنە داواکردنی هەر گۆڕان و چاکسازییەك بێ پاساو دەمێنێتەوە. هەنگاوی دووەم، بایەخدان بە مامۆستا؛ دابینکردنی پێداویستییە ماددییەکانی مامۆستای زانکۆ (مووچەی شیاو، خانووی نیشتەجێبوون، ژوور و کەلوپەل و ئامێری پێویست لە بەشەکەیدا) مەرجێکی سەرەکییە بۆ خۆتەرخانکردنێکی تەواوی مامۆستا بۆ کاروباری زانستی؛ ئیفادکردن بۆ دەرەوە و کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ پەرەدان بە تواناکانی مامۆستا؛ هاندان و پشتگیریکردنی ئەنجامدانی تۆژینەوەی زانستی و بەشداریکردنی ئەکتیڤانەی مامۆستا لە چالاکییە رۆشنبیری و کەلتوورییەکاندا — ئەمەی دوایی دەبێتە مایەی زێدەبوونی دەوری زانکۆ لە کۆمەڵگادا.

هەنگاوی سێیەم، گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن؛ یان باشترە بڵێین "پەرەدان " بە پرۆگرامی خوێندن، چونکە گۆڕین پرۆسەیەکی گشتی و بنەڕەتی و سەرتاسەرییە، لەباری ئێمرۆدا لادانی پرۆگرامێك و دانانی یەکێکیتر لەجێگەی کارێکی یەکجار ئەستەمە، بنچینە و ئامادەکاریی تەواوی دەوێت کە رەنگە ئێستاکە لە کوردستاندا فەراهەم نەبن، بەڵام، لە راستیدا، بنچینە و

پاساوی تەواو  لە ئارادایە بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕینێك بەرەو  پەرەدان بە پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا، لەوانە - کەموکوڕی لە پرۆگرامەکاندا، ئەوەش دەرکەوتووە لە : ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان، نزمیی ئاستی دەرچووان، ڕاپۆرتی شارەزایان، توێژینەوەی زانستی، کۆدەنگی گشتیی دژ بەم پرۆگرامانە...؛ ڕوودانی گۆڕانکاری لە  ژینگە و واقیعی کۆمەڵایەتی و لە خودی قوتابی، هەروەها لە مەعریفە و زانست و پەروەردەدا .[6]

شێوازی گۆڕین و پەرەدان بە پرۆگرامەکان زۆرن، ئەوەی لەگەڵ ڕەوشی ئێستای کوردستان بگونجێ، بەڕای ئێمە، ئەو شێوازەیە کە، ئەگەرچی هەرە تازە و نوێیەکە نییە، بەڵام  دەتوانێ هەنگاوی بەرچاو  بنێ بۆ بەرەوپێشەوەبردنی پرۆگرامەکانی خوێندن — ئەویش بە :

- گۆڕینی کتێب و سەرچاوەکان
- گۆڕینی شێوازەکانی وانەگوتنەوە
- بەکارهێنانی ئامێر و کەرستەی فێرکردن
- دەور و بەرپرسیاریەتیی بەشی زانستی
- گۆڕینی سیستەمی تاقیکردنەوە[7]

سەبارەت بە کتێب و  سەرچاوەکان، جێگەی سەرنجە تاکو ئێستاش لە خوێندنی باڵای ئێمەدا کتێبی مەنهەجی بەکاردێت و لە بەشە زانستییەکان بەسەر قوتابیان دابەش دەکرێ و، کەچی، هەر یەکێکیان بگریت مێژووەکەی  لە باشترین حاڵدا بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە؛ لە کاتێکدا لە هەموو ئەو بوارە زانستیانەدا گۆڕان و پێشڤەچوونی مەزن ڕوویانداوە و قوتابیانی ئێمە، تەنانەت مامۆستاکانیش، لێیان بێ ئاگان. ڕاستە، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو  هەوڵدراوە کتێبی نوێ لە بوارە زانستییەکان دەستەبەر بکرێن و، تا ڕادەیەك، سەرچاوەی نوێ لە کوردستاندا دەسدەکەون، ئەمە لەپاڵ بەردەستبوونی ئینتەرنێت کە بەئاسانی دەکرێ نوێترین زانیاریی لە بوارە جیاجیاکاندا وەدەس بێن؛ بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، بەکارهێنانی سەرچاوە هێشتا جێگەی کتێبی مەنهەجی نەگرتۆتەوە، ئەوەش دیارە بەپلەی

٦- د. حلمی أحمد الوکیل؛ تطویر المناهج: اسبابه و أسسه و أسالیبه ،خطواته و معوقاته؛ القاهرة ، دار الفکر العربی ط١ ، ٢٠٠٠، ص ٢١-٢٣.

٧- د. حلمی أحمد الوکیل ، د. محمد أمین ألمفتی؛ سەرچاوەی پێشوو ، ل. ٣٤٧.



یەکەم بۆ مامۆستا و بۆ شێوازی وانەگوتنەوە دەگەڕێتەوە — کتێبی مەنهەجی ئاسانکاریی باش بۆ مامۆستا فەراهەم دەکات.

گرفتێکیتر کە ئەویش سەرچاوەی لە مەنهەج و لە کتێبی مەنهەجییەوە وەرگرتووە، ئەوەیە کە کتێبە مەنهەجییەکان، ئەوەندەی ئێمە سەرنجمان دابێ، تا ئەوپەڕی  لە پسپۆڕیی وردن، بە ڕادەیەك هیچ پەیوەندییەك بەدی ناکرێ لەگەڵ پسپۆڕییەکانیتری نزیکیان، بۆ نموونە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، هەر یەکێکیان بگریت (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، زمان، ئابووری، یاسا...) دوورەپەرێزییەکی میتۆدیی لەگەڵ ئەوانیتردا هەیە — لە کاتێکدا ئەمانە بەیەکەوە گرێدراو و تەواوکەری یەکدین. ئەم بارە نیگەتیڤانە ڕەنگی داوەتەوە لە خوێندنەکانی ماستەر و دکتۆراش، دەرچوویەکی بەشی مێژوو بۆی نییە پێشکەش بکات بۆ خوێندنی ماستەر لە پسپۆڕیی کۆمەڵناسی یان هەر زانستێکیتری کۆمەڵایەتی — ئەمەش هەڵەیەکی میتۆدیی گەورەیە، چونکە کۆمەڵناسی ڕێك پێویستی بە خەڵکی شارەزا هەیە لە مێژوو یان لە جوگرافیا یان خەڵکی زمانەوان و بەپێچەوانەشەوە مێژوونووسێك پاشخانێکی مەعریفیی سۆسیۆلۆژیی هەبێت، گەلێك سەرکەوتووتر دەبێت لە پسپۆڕییەکەیدا — بۆیە پسپۆڕیی ورد و وشك و دوورەپەرێز، وەزیری فێرکردنی پێشووی پۆڵۆنی پرۆفیسۆر(جیرزی فیاتر) گوتەنی، ڕۆشنبیرانی تاك ڕەهەند و تەسکبین دروست دەکەن؛ بەڕای ئەو، ئەم جۆرە خوێندنە کەلەپووری سەدەی بیستەمە و لەبەر  ئەو شاڵاوە زۆرەی زانیاری بەکەڵك سەدەی بیست و یەك نایەت[8]. لەم ڕووەوە، ئەو سنوورە زەقەی  ئێمە لە نێوان پسپۆڕییە نزیکەکان  چەقاندوومانە، دەبێ چاوی پێدا بخشێنرێتەوە — بەتایبەتیش چونکە سیستەمێکی لەم جۆرە لە دنیای سەردەم و پێشکەوتوودا باوی نەماوە.

لە واقیعی ئیمڕۆی کوردستاندا، سەرلەبەری دەرچووانی خوێندنی باڵا  "پسپۆڕی"  تاك ڕەهەندن — نەمان بیستووە قوتابییەکی کۆلیژی پزیشکی لە ماوەی شەش ساڵی خوێندنیدا لە بابەتی سۆسیۆلۆگیا وانەیەکی وەرگرتبێ! یان پسپۆڕێکی جوگرافیا وانەیەکی لە  کۆلێژی ئەندازیاری گوتبێتەوە! بابەتی مێژوو لە یاساو ڕامیاری...

٨- جیرزی فیاتر؛ التعلیم فی القرن الحادی و العشرین ، سلسلة محاضرات الامارات ١٣ ، مرکز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتیجیة ، ط١ / ١٩٩٧، ص٤

بەڵام گۆڕینی شێوازەکانی وانەگوتنەوە، بایەخێکی گەورە و هەنووکەیی هەیە؛ زێدەڕۆیی نابێ بڵێین خوێندنی باڵای ئێمە لەناخەوە بەدەست شێوازەکانی وانەگوتنەوەی ئێستاکە دەناڵێنێ. شێوازەکانی وانەگوتنەوەی ئێستا، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ قۆناغەکانی پێشووتری فێرکردن لە کوردستاندا - لە زۆرێك لە کۆلیژەکان قوتابی هەست ناکات کە قوتابی زانکۆیە؛ مامۆستا زۆر کلاسیکیانە کتێبی مەنهەجی بۆ قوتابیان راڤەدەکا، یان لەباشترین حاڵەت "مەلزەمە"یان بۆ ئامادە دەکات، ئەمەش وەکوچۆن وانەکە لە هۆڵی خوێندن بێ مەزیەت، ئاواش قوتابێ لە مامۆستا بێ منەت دەکات . لە کاتێکدا مامۆستا لە هۆڵی خوێندن دەبێ تابتوانێ تام و چێژ بە وانەکە ببەخشێت ، وانەکەی دەوڵەمەند و فراوانتر بکات لە کتێبی مەنهەجی و تابکرێ ئامێر و کەلوپەلی روونکەرەوە بەکاربێنێ و سەرنجی قوتابی بۆ بابەتەکە رابکێشێ؛ نەهەر ئەوە، بگرە ئێستاکە، لە جیهانی سەردەمدا، وانەگوتنەوە ئەوەندە بە مەبەستی فێرکردن نییە ئەوەندەی بۆ فێربوونە — واتە فێرکردنی قوتابی کە چۆن خۆی فێردەکات[٩] : چۆن بیردەکاتەوە، سەرنج دەدات، دەگەڕێ بەدوای سەرچاوە و زانیاری، دەسپێشخەری، چالاکی... " بەگوتەیەکیتر، وانەگوتنەوە دەبێ پشت ببەستێت بە رۆشنبیریی گفتوگۆ (پقافە الحوار) نەك بە رۆشنبیریی بیرەوەری (ثقافة الذاکرة)[١٠]. لەم رووەوە، ئەگەرچی لەم ساڵانەی دوایی، بەتایبەتیش لە زانکۆی سەلاحەدین، هەوڵدراوە پەرە بە خولی شێوازەکانی وانەگوتنەوە بدرێ بۆ مامۆستایان، بەڵام گرفتی وانەگوتنەوە بەهەموو قورساییەوەی هێشتا لە ئارادایە؛ ئەو گرفتەش دەمانپەڕێنێتەوە بۆ بابەتی دەور و بەرپرسیاریەتیی بەشی زانستی و سەرۆکەکەی.

بەشی زانستی، وەکو ئاشکرایە، بناغە و سەرەکیترین یەکەی خوێندنی باڵایە؛ ئاستی نزمی یان بەرزیی خوێندنی باڵا لەوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، بۆیە هەمیشە باشترین و لێهاتووترین پسپۆڕی ئەو بەشە بۆ سەرۆکایەتیی بەش کاندیت دەکرێ، ئەگەرچی مەرج نییە خاوەن پلەی زانستیی بەرز بۆ کاروباری ئیداری بگونجێ یان خۆی ئارەزووی بۆ ئەو پۆستە

٩- ئان. ف. لوکاس؛ قیادة التغییر فی الجامعات ، ترجمة — ولید شحادة ، مراجعة — داود سلیمان رضوان ، ٢٠٠٦ الریاض ، ص٢٦١.

١٠- د. صلاح السید عبدة رمضان؛ تطویر برامج تکوین المعلم بکلیات التربیة فی ضوء معاییر الجودة الشاملة . ٢٠٠٥ ، القاهرة ، ص١٧٤.



هەبێ. لە راستیشدا ئەرکی سەرۆك بەش تابڵێی قورس و ئاڵۆزیشە؛ لەلایەك بەرپرسە لە پەرەدان بە بەش و دابینکردنی پێداویستییە کانی و یارمەتیدانی مامۆستایانی؛ لەلایەکیتریشەوە دەبێ ئەمانە هەڵسەنگێنێ و بڕیاریان لەسەر بدات، هەریەك لەو دووجۆر دەورەی سەرۆك بەشیش هەڵوێست و رەفتاری جیاوازی دەوێ، ئەوەش وریایی و زیرەکی و ئازایی زۆری گەرەکە؛ لەهەمووشی گرنگتر، سەرۆك بەش بەرپرسە لە داهێنانی کەشوهەوایەکی پڕ لە متمانە لە نێو ئەندامانی بەشەکەیدا، بەبێ ئەمە هەماهەنگی و کاری هاوبەش فەراهەم نابێت و ئەمەش کاردانەوەی خراپی دەبێ لەسەر وەکو چۆن پەیامی زانستیی بەش، ئاواش لەسەر پرۆسەی فێرکردن.

به گشتی سێ جۆر لە میتۆدی کارکردنی سەرۆك بەشەکان، تاکو ئێستا، دیاریکراون :

- میتۆدی دوورەپەرێزی؛ ئەوەش لەسەر بیرۆکەی متمانە و لێڕادیتن — هەموو ئەندامانی بەش وەکو یەك بەرپرسن لە پەرەدان بە بەشی زانستی.

- میتۆدی قەیران؛ واتە سەرۆك بەش تەنیا لەکاتی سەرهەڵدانی گرفت یان قەیرانێك دەستوبرد دەکات.

- میتۆدی دەستوبردی چالاك؛ لێرەدا سەرۆك بەش ئامادەگیی بەردەوامی هەیە، چاوەڕێی قەیران ناکات، بەڵکو رێگە لە سەرهەڵدانی دەگرێ؛ پێش ئەوەی داوای لێبکرێ یارمەتیی پێشکەش دەکات؛ سەرپەرشتی هەمووجۆرە چالاکییەك دەکات؛ هەمیشە رینمایی کارمەندانی دەکات و ئاگاداری ورد و درشتی بەشەکەیەتی[١١]. بێگومان میتۆدی سێیەم بۆ سەرۆکی بەش کاراترین و چالاکترینیانە ، رێگەخۆشکەرە بۆ گەشەسەندن و بەرەوپێشەوەچوونی بەشی زانستی. نەهەر ئەوە، بەڵکو پێویستە سەرۆکی بەش ئاگاداری ناوەرۆکی ئەو وانەیە بێت کە مامۆستا دەیڵێتەوە، ئەوەش بەرێگەی ئامادەکرنی ئەنکێتێك مامۆستا بۆ هەر وانەیەك پڕیبکاتەوە و تیایدا، لەپاڵ دیارکردنی کاتی وانە و قوتابیانی ئامادەبوو، هەروەها بەچەند دێڕێك ناوەڕۆکی بابەتی وانەکەشی بخاتەڕوو — ئەوکاتە سەرۆکی بەش دەزانێ مامۆستا لەناو هۆڵی خوێندن خەریك چی بووە و ئەو بابەتەی کە دیاریکردووە لەسەر مامۆستاکە دەبێ بەماڵ.

١١- ئان. ف. لوکاس؛ هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە /٢٥٦.

کەواتە، پلەی زانستی، لیهاتوویی و شارەزایی ئیداری مەرجی سەرەکین بۆ هەر سەرۆك بەشێك، هەر ئەو مەرجەشە وا دەکات کە سەرۆك بەش پەیامی دەزگا زانستییەکەی خۆی باش بزانێت و هەمیشە لە هەوڵدان دابێت بۆ گەشەدان بە بەشەکەی و بەرزکردنەوەی بەردەوامی ئاستی زانستی.

بەڵام لە خوێندنی باڵای ئێستای کوردستاندا، بەداخەوە، زۆرجاران ئەو مەرجە لەبەر چەندین هۆکار، پێش هەمووشیان سیاسی، پشتگوێ دەخرێ و لایەنێکی سیاسی ئەو پۆستە گرنگە قورغ دەکات و بەمەشەوە بەشی زانستی بەڕادەیەکی زۆر لە پەیامە زانستییەکەی خۆی دادەبڕێ - لێرەشەوەیە گرفت و کەموکورییەکانی بەشی زانستی و، کەواتە، زانکۆ و خوێندنی باڵا بە گشتی.

هەرچی سیستەمی تاقیکردنەوەیە لە خوێندنی باڵا، بێگومان، ئەویش ڕەنگدانەوەیەکی روونی شێوازەکانی وانەگوتنەوەیە لە زانکۆکانی کوردستاندا. تاقیکردنەوەی بە نووسین (تحریری) ڕێك پشت دەبەستێ بە بیرەوەری، بۆ ئەمەش کتێبی مەنهەجی یان مەلزەمەیەك بەسە بۆ قوتابی تا نمرەی باش وەرگرێ لە تاقیکردنەوەدا — قوتابی وا زۆرن کە لەماوەی چوارساڵی خوێندندا لە زانکۆ چوار قسەیان نەکردووە و لە تاقیکردنەوەکانیش بە نمرەی باش دەرچووین!. ڕاستییەکەی پێوەری زانیاری و فێربوون گفتوگۆ و قسەکردنە نەك نووسین، بۆیە دەرچووانی ئێمە لە خوێندنی باڵا دیارترین نیشانەی فێربوونی پسپۆرییەکەیان پێوە دیار نییە، کە ئەویش قسەکردن و دەربڕینە. تاقیکردنەوەی زارەکی لە کاتێکدا ئەو هەموو ئامادەکارییەی ناوێ لە دانانی لێژنە و پێداویستیی زۆر و سەرقاڵکردنی سەرجەم مامۆستا و ڕاگرایەتی، لەهەمانکات متمانە دەداتەوە بە مامۆستا و سەنگ و بایەخی دەگەڕێنێتەوە لە بابەتەکەی خۆیدا.

ئینجا، دەبێ ئەو ڕاستییەش ڕەچاوبکرێ کە زانست تەنیا بە زانست ناژیت؛ لەلایەکەوە تۆژینەوەی زانستی پێویستی بە فێرکردنە، لەلایەکیتریشەوە فێرکردن بە تۆژینەوەی زانستی پێشدەکەوێ، لەمەشەوە گرنگی و بایەخی سەنتەری تایبەت بە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی زانستی قووت دەبێتەوە بۆ ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی دەزگاکانی خوێندنی باڵا و، لە هەمانکاتیش، تۆژەران و هەروەها کۆمەڵگاش [١٢]. هەردووکیشیان، واتە پرۆسەی فێرکردن و تۆژینەوەی زانستی، پێویستیان بە تەرخانکردنی بودجەی شیاو هەیە؛ بۆ ئەو مەبەستە دەبێ

١٢- دیانا جی. أوبلنغر، رتشارد إن. کاتز " تجدید الأدارة ، تهیئة الکلیات و الجامعات للقرن الحادی و العشرین؛ ت. سمیح أبوقاسم ، مراجعة د. حیدر فریحات ، الریاض ٢٠٠٦، ص٢٧٧



بەپەلە سیاسەتی خەرجیی ئاراستەکراو (ترشید الانفاق)[١٣] بۆ بواری فێرکردن و خوێندنی باڵا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پیادەبکرێت؛ بەبێ ئەمە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پێشڤەچوونی خوێندنی باڵا لە کوردستاندا کارێکی تابڵێی ئەستەم دەبێ!.

**دەرئەنجام:**

خوێندنی باڵا قۆناغی هەرەگرنگی پرۆسەی فێرکردنە؛ بە ڕێگەی ئە و پسپۆرانەی ئامادەیان دەکات، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و بۆیەش کۆمەڵگا هەمیشە بەپەرۆشەوە چاودێریی ئاست و بەرهەمەکانی خوێندنی باڵا دەکات. هوشیاریی کۆمەڵایەتیی لە کوردستاندا گەیشتووە بە ئاستێك دەرك بە کەموکورییەکانی خوێندنی باڵا بکات، بۆیەش دەنگۆ و داواکاریی بۆ گۆڕین و چاکسازی لە بواری خوێندنی باڵادا تادێ بەرزتر و بڵندتر دەبێت. مەرجەکانی گۆڕانکاری لە کوردستان بە ڕادەیەکی باش ڕەخساون، بۆیە گرنگە پرۆسەی گۆڕانکاری لە بواری خوێندنی باڵادا، بەبێ دواخستن، دەسپێبکات — بەتایبەتیش کە ئەزموونگەلێکی زۆری وڵات و میللەتانی جیهانمان لەبەردەست دایە بۆ سوود لێوەرگرتن.

بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ئێستای کوردستان و پێداویستییەکانی لە پێگەیاندنی کەسایەتییەکی نوێی مرۆڤی کورد و هەروەها دەرككردن بە لەئارادابوونی بەربەست و ئاستەنگی دارایی و ماددی و مرۆیی لەبەردەم پرۆسەی گۆڕانکاریدا دەکرێ ، بەڵکو پێویستە هەرچی زووە گۆڕانکاریی لەم بوارانەی خوارەوەدا بکرێت :

- کتێب و سەرچاوەی زانستی
- شێوازەکانی وانەگوتنەوە و بەکارهێنانی ئامێر و کەرستەی فێرکردن
- دەور و بەرپرسیارێتیی بەشی زانستی
- سیستەمی تاقیکردنەوە

١٣- د. محمد الاصمعی " ألاصلاح التربوی و الشراکة المجتمعیة المعاصرة، ص٤٦٩

**راسپاردە:**

١- پەلەکردن لە دابینکردنی پێداویستییە ماددییەکانی خوێندنی باڵا : هۆڵی خوێندن، ژووری مامۆستا، کەلوپەل و ئامێر و تاقیگە و کەرستەی فێرکردن...

٢- بایەخدان بە بەشی زانستی و رەچاوکردنی توانا و پلەی زانستی بۆ دانانی سەرۆکی بەش.

٣- کەمکردنەوەی پشك(نیساب)ی مامۆستا بۆ پرژانە سەر تۆژینەوەی زانستی و چالاکییتر.

٤- پابەندکردنی مامۆستا بە پڕکردنەوەی ئەنکێتێك بۆ هەر وانەیەك کە لە برگەیەکیدا بەچەند دێڕێك بابەتی وانەکەی بخاتەڕوو.

٥- دابینکردنی پێداویستییە ماددییەکانی مامۆستای زانکۆ: مووچەی شیاو، خانوو، ژوور لە بەشی زانستی، کۆمپیوتەر...

٦- کردنەوەی خولی پێشکەوتووی شێوازەکانی وانەگوتنەوە، هەروەها شاندکردنی مامۆستایان بۆ خولی راهێنان لە دەرەوەی وڵات.

٧- رەچاوکردنی توانای لەخۆگرتنی هەر کۆلیژێك لە کاتی وەرگرتنی قوتابی؛ لە داهاتوویەکی نزیکیشدا کۆلیژ خۆی سەرپشك بێت لە وەرگرتنی جۆر و ژمارەی پێویست لە قوتابی.

٨- نەهێشتنی تاقیکردنەوەی بە نووسین و کارکردن بە شێوازی زارەکی؛ بۆ ئەمەش مامۆستا لە بابەتەکەی خۆیدا پسوولەی تاقیکردنەوە ئامادە دەکات کە لەهەر یەکێکیان (٣) پرسیار هەبێ، قوتابی لای مامۆستا پسوولەیەك رادەکێشێ و ماوەی چەند خولەکێکی پێدەدرێ بۆ بیرکردنەوە لە پرسیارەکان، ئینجا لەگەڵ مامۆستا دەکەوێتە گفتوگۆ بۆ وەڵامدانەوە.

٩- رێگەدان بە کردنەوەی زانکۆ و کۆلیژی ئەهلی و پشتگیریکردنیان.



**سەرچاوەکان:**

١- د. محمد الاصمعی محروس سليم؛ الاصلاح التربوی و الشراكه المجتمعيه المعاصره؛ دار الفجر القاهره ٢٠٠٥

٢- د. قيس النوری؛ طبيعة المجتمع العربی فی چوو الانثروبولوجية الاجتماعيه؛ ج٢، مطبعة الآداب، النجف الأشرف (بدون تأريخ).

٣- أ. د. حامی أحمد ألوكيل، أ. د. محمد أمين المفتي؛ أسس بناء المناهج و تنظيماتها؛ دار المسيرة ط١، عمان ٢٠٠٥.

٤- د. عبدالعزيز بن عبدالله السنبل؛ التربية و التعليم في الوطن العربي على مشارف القرن الحادي و العشرين" دمشق ٢٠٠٤.

٥- د. حامي أحمد الوكيل؛ تطوير المناهج: أسبابه و أساليبه، خطواطه و معوقاته، دار الفكر العربي ط١، القاهرة ٢٠٠٠.

٦- جيرزي فياتر؛ التعليم في القرن الحادي و العشرين؛ سلسلة محاضرات الأمارات ١٣، مركز الأمارات للدراسات و البحوث الأستراتيجية / ط١، ١٩٩٧.

٧- ئان ف. لوكاس "قيادة التغيير في الجامعات" ترجمة: وليد شحادة، مراجعة داود سليمان رضوان، رياض ٢٠٠٦.

٨- د. صلاح السيد عبده رمضان؛ تطوير برامج تكوين المعلم بكليات التربية فی ضوء معايير الجوده الشامله؛ القاهره ٢٠٠٦.

٩- ديانا جی. أوبلغنر، رتشاد إن. كاتز؛ تجديد الأدارة، تهيئه الكليات و الجامعات للقرن الحادی و العشرين؛ ترجمه سميح أبوقاسم، مراجعه د. حيدر فريحات، الرياض ٢٠٠٦.

* بەرەو پەرەپێدانی خوێندنی باڵا — بڵاوکراوەی کۆنفرانسی جیهانی بۆ خوێندنی باڵا لە عێراق. بەرگی (٩).

هەولێر ٢٠٠٧

## ملخص البحث

التعليم العالي في كوردستان: الوضع الراهن و متطلباته

يتناول البحث الوضع الدراسي و العلمي في كوردستان ضمن ظروف و إمكانيات الجامعات و وزارة التعليم العالي و البحث العلمي في اقليم كوردستان و التي هي، اي الظروف و الامكانيات، متواضعة و تتحكم فيها معوقات مالية و مادية و بشرية مما تعرقل حركة النمو والتطور في هذا المجال؛ في الوقت الذي أصبحت مسألة تطوير البرامج الدراسية في التعليم العالي ملحة الى درجة بحيث يتوقف عليها مستقبل إقليم كوردستان.

بالإستناد الى الدراسات و المصادر العلمية، و الأخذ بعين الإعتبار الوضع الساسي و الإقتصادي وكذلك ألإجتماعي لإقليم كوردستان و توفر شروط التغيير فيها، توصل البحث الى أن من الممكن في الوقت الراهن، بل من الضروري إجراء التغيرات في المجالات التالية: الكتب و المصادر العلمية، طرائق التدريس، دور و مسؤوليات القسم العلمي، نظام الأمتحانات. و في الخاتمة يحتوي البحث على الإستنتاجات و التوصيات اللازمة لعملية التغيير هذه و قائمة بالمصادر المستخدمة في هذا البحث.

Higher Education in Kurdistan: The Current Situation and Requairements.

This study deals with the academic and scientific situation in Kurdistan within the circumstances and capacity of the universities and the Ministry of Higher Education and Scientific Research in Kurdistan Region. This capacity is modest and is affected by financial, material obstacles and lack of human sources that hinder development in this field; at the time when developing programmes in the higer education becomes very urgent on which Kurdistan future depend.

Based on the studies and scientific sources , taking into consideration the political , economical and social situation of Kurdistan Region and availability of changing conditions , the study revealed that it is possible to make change in the following fields: textbooks and scientific sources, methodology , the role and responsibilities of the scientific department and examin system. The study also includes the suggestions and recommendations necessary for this change with a list of references.




# گەشتێك بە كوردستانی سۆڤیەتدا*

نووسینی- ئاركیۆلۆگی سۆڤیەتییێ. پچێلینا

**پێشەكیی وەرگێڕ:**

هێشتا مەسەلەی بوونی بەشێكی كوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی شوورەویدا روون نەبۆتەوە و هەر جێی گومان و دەمەتەقێیە. بۆ دەرخستن و سەلماندنی ئەم راستییە دوو جۆر بەڵگە پێویستن: بەڵگەی مێژوویی و هی جوگرافی. لەبارەی مێژووەوە، هەروەكو لەم وتارەدا دەردەكەوێ، ساڵی ١٩٢٣ لە ئازەربایجانی سۆڤێتی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی كوردستان دامەزرێندرا. بێگومان دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت وەنەبێ هەر لەبەر خاتری كورد كارێكی وایان هێنابێتە كایەوە، بەڵكو رەچاوی هەندێ هۆكاری مێژوویی و جوگرافییان كردووە. ێ. پچێلینا، نووسەری وتارەكە بیروڕای كوردناسانی بەناوبانگی وەك ڤ.ف. مینۆرسكی و ن.یا. مار دەهێنێتەوە كە كوردەكان لە سەدەی یازدەهەمدا هاتوونەتە قەفقاس، بەڵام نووسەر، بەپێی تێڕامانی ئاركیۆلۆگیی خۆی، سەدەی پازدەهەم و شازدەهەمی بۆ پەیدابوونی كوردەكان لەم ناوچەیەدا دەستنیشان كردووە. لێرەدا پرسیارێك قوت دەبێتەوە: ئایا چەند ساڵ بۆ كۆمەڵە خەڵكێك پێویستە لە خاكێكدا بژی تا ئەو شوێنە بە خاك و نیشتیمانی خۆیی بزانێ؟ جا ئەگەر سەدەی یازدەهەم بخەینە لاوە و تەنها رای ئەم ئاركیۆلۆگە وەگرین و لامان وابێ كورد لە سەدەی پازدەهەم و شازدەهەمدا لەم ناوچەیەدا نیشتەجێبوون، وابزانم ئەو ماوەی ٥٠٠ ساڵە مافیان پێدەدات ئەم شوێنە بە نیشتیمانی خۆیان بزانن و ناوی بنێن كوردستان. چونكە ئاشكرایە كە خێڵە تورك زمانەكانی باپیرە گەورەی ئازەربایجانەكانی ئێستا تەنها لە سەدەی چواردەهەم و پازدەهەمدا لە ناو بۆتەی میللەتی ئازەربایجاندا یەكیان گرت و ئەم میللەتەیان پێكهێنا (واتە- ئازەربایجانەكان تەنها ٦٠٠ ساڵێك دەبێت وەكو میللەت بە زاراوەی زانستی هەن)، ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە سەیری مەسەلەكە بكەین، ئەوا هەڵوێست و شوێن پێی كوردەكان پتەو و قایمتر دەبێ.

لەبارەی جوگرافیاشەوە، ناوچەی كوردستانی سۆڤیەتی، وەكو لەم وتارەدا دەردەكەوێ، بەردەوامبوونێكی زۆر ئاسایی و سروشتیی كوردستانی ئێرانە. لەسەر هەردوو بەری زێی ئاراس، هی سۆڤیەتی و ئێرانیش، كورد دەژین و پارچەیەكی نەپچڕاو پێكدێنن.

لە یادکردنی ئەم دوو هۆکارە (مێژوویی و جوگرافی) تەنانەت لەلایەن کوردناسێکی بەناوبانگی وەك م. س. لازەریڤەوە (بڕوانە: گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٦) وایکردووە، کە کەس دەربارەی ئەم بەشە بچووکەی کوردستان هیچ نەزانێ و بەمەش مافی ڕەوای دانیشتووانەکەی پشتگوێ بخرێت.

بێگومان، کە هیچ لەبارەی ئەم ناوچەیەوە نەزانرێ، هەڵبەتە کەسیش نازانێ بۆچی لەناوچوو. بەڕای من تێکدانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزی بە ڕووداوەکانی کوردستانی گەورەوە هەبووە. ئاشکرایە لە ساڵەکانی ١٩٢٠-١٩٣٠دا شۆڕش و ڕاپەڕین هەموو کوردستانی گرتبووەوە- ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود، سمکۆ، شۆڕشی شێخ سەعید ١٩٢٥، شۆڕشەکەی ئاگری ١٩٣٠... کێشە و هەرای زۆریان بۆ هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە نابووەوە. ناکرێ بیر لەوە نەکەینەوە کە کوردەکانی کوردستانی سۆڤیەت نابێ هەڵوێست و سیمپاتیایان بۆ ئەو ڕاپەڕینانە نەبووبێ و پەیوەندییان لەگەڵدا پەیدا نەکردبن، بەتایبەتیش لەگەڵ شۆڕشگێڕانی چیای ئاگری بە حوکمی ئەوەی بارەگاکانیان لە سنووری سۆڤیەتەوە نزیکبوون. لەم بارودۆخەشدا ستالین لە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆردا بوو بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە تورکیا و ڕێی تێدەچێ کە لەناوبردنی ناوچەی کوردستان جۆرە ڕازیکردنێکی ئەتاتورك بووبێ. جگە لە هەستی پان تورکیزمی هەمیشە بەهێزی ئازەربایجانییەکان، ئەوانەی هەرگیز چاویان بەرایی نەدەدا پارچەیەکی خنجیلانەی کوردستان کۆمارە دیموکرات و سۆسیالیستەکەیان بڕازێنێتەوە-ڕەنگە ئەمە هاندەرێکیتر بووبێ بۆ هەنگاوەکەی ستالین. لە ئەنجامدا کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی بوو بە قۆچی قوربانی و کوردەکانیش لەم کۆمارەدا هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش، لەسەرژمێرییەکاندا بە ئازەری ناونووس دەکرێن.

کوردەکانی سۆڤیەت لەم بارودۆخەی ئێستادا (واتە سەردەمی پریسترۆیکاو گلاسنۆست) یادداشتێکیان دەربارەی دامەزراندنەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی دەوڵەت و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی داوە، بۆیە ئەرکی سەرشانی کوردناسان و زانا و نووسەر و ڕۆشنبیرانی سۆڤیەتە، بەتایبەتیش کوردەکانیان، کە نەك هەر لەم مەسەلەیە بێدەنگ نەبن، بەڵکو لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لێی بکۆڵنەوە و بیخەنەڕوو. لەم قۆناغی بە سەرجەم مێژووی سۆڤیەت چوونەوەدا، ئەوانیش پێویستە چاوێك بە ئۆتۆنۆمییەکەی جاران و مافی کوردەکانی سۆڤیەتدا بخشێننەوە. وابزانم ئەمەش ئەرکێکی مێژوویی ڕەوایە و دەستەوسانیی لە ئاستیدا پاساوی نییە.

گەشتەکەدا لای خۆم نووسیبومن، حەزدەکەم خوێنەرانی گۆڤاری "ئێتنۆگرافیای سۆڤیەتی" پێ ئاشنا بکەم.



ناوچەی کوردستان وەکو ناوچەیەکی ئیداریی خاوەن ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٢٣ دامەزرا و شوێنێکی تەسك دەگرێتەوە کە لە قەرەباخەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە زێی ئاراکس (ئاراس/و). هەروەها بەشێکی ئەم ناوچە قەفقاسییانەش دەگرێتەخۆ: شوشینسکی، جیڤانشیرسکی و کۆباتلینسکی. دانیشتووانی ئەم ناوچەیە کوردی زمانن و بە دیالێکتی کرمانجی دەدوێن [٢].

کوردەکان لە هەموو شوێنێك- لە ئێران و تورکیا، یەکێتی سۆڤیەت لە چیاو شاخەکان جیانابنەوە و لە دەشتاییدا کەمن. ژمارەی کوردەکانی ناوچەی کوردستان (بەپێی ئەو زانیارانەی کە گەشتەکەمان ساڵی ١٩٢٤ لە لاچین وەدەستی خستن) نزیکەی ٣٥-٤٠ هەزار کەس دەبێ. گوند و لادێی تورکە ئازەربایجانەکانیش لێرەدا هەن و ژمارەی دانیشتووانیان ڕەنگە نۆ هەزار کەسێك بێت، بەڵام گوندە ئەرمەننشینەکان ئێستاکە نەماون. ئەرمەنییەکان تاوەکو شەڕی ناوخۆیی ساڵەکانی ١٩١٨-١٩١٩ لەم ناوچەیەدا دەژیان، بەڵام پاش ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نەتەوایەتیی ئەم شوێنانەیان بەجێهێشت و بەرەو ناوچەی زەنگەزووری ئەرمینیا کۆچیان کرد.

بە تەواوی نەزانراوە، کەی کوردەکان هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و تێیدا نیشتەجێبوون. سەرچاوە مێژووییە ئەرمەنییەکان دەڵێن کە لە سەدەی پازدەهەمدا [٣] کوردەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران ڕوویان کردۆتە ئێرە و جێگەیان بە ئەرمەنییەکان لەق کردووە. لە پێشدا کوردەکان لە پارێزگای یەریڤان و هەرێمی قارسی جاراندا، واتە ئەرمەنستانی تورکیا، دەستیان بەسەر ئەرزەکاندا گرت و وەکو لەوەڕگاو زەویی کشتوکاڵ بەکاریان دەهێنا. ئەم کۆچکردنەی کوردەکان لەوانەیە پەیوەندیی بە شەڕەکانی نێوان تورکیا و ئێرانەوە هەبووبێت.

نابێ کوردەکان لە سەدەکانی پازدەهەم و شازدەهەم زووتر لە کوردستانی ئازەربایجانی ئێستادا پەیدا بووبن. پێش هەموو شتێکیش گۆرانی و ئەفسانە میللییەکانیان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. بۆ نموونە: بنەماڵەی ئیلیاسەکان لە گوندی ئوگوندار ڕەسەنی خۆیان بۆ دیاربەکر دەگەڕێننەوە، یاخود باسی ئەوە دەکەن کە ئەو کوردانەی لە خۆراسانەوە هاتبوون ئەرمەنەکانی گوندی شەلڤا- ئارداشیڤیان وەدەرناوەن [٤]، هەروەها ئەو دۆزراوە ئارکیۆلۆگیانەی لەم ناوچانەدا بەرچاوم کەوتن، ئەوە دەردەخەن کە خەڵکی ئێرە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیانی ئەرمەنی بوون. بەڵگەی ئەوەش کە ئەم کوردانە لە دەوروبەری ساڵی ١٥٩٨دا لەم ناوچانەدا جێگیربوون، واتە لە کاتی شەڕی نێوان تورك و فارسەکاندا، ئەوەیە کوردەکانی ناوچەی کوردستان بە مەزەب شیعەن (بەهۆی کارتێکردنی فارسەکانەوە)، لە کاتێکدا ئەو کوردە کرمانجانەی لە پارێزگای یەریڤانی جارانی تورکیادا دەژین، یان سوونني شافیعین یاخود ئێزیدین.

**ناوچەی کوردستان لە رووی جوگرافییەوە دەکرێتە سێ بەش:**

یەکەم: دەوروبەری زێی ئاراس، دەشتە و کشتوکاڵی باشی لێ دەکرێ، وەکو برنج و لۆکە. زستانانیش دەبێتە لەوەڕگای ئەو مەڕ و ماڵاتانەی لە زۆزانەکانەوە دادەبەزن.

دووەم: بنار شاخەکان، هەروەکو لەوەڕگا و پاوانی زۆری لێیە، زەویی کشتوکاڵیشی لێ هەیە.

سێیەم: چیاکان، بە زستانان کەم کەسی لێ دەمێنێتەوە، بەڵام هاوینان دەبنە زۆزان و لەوەڕگا بۆ مەڕوماڵاتی هەموو ناوچەکە.

گروپەی ئێمە کە گەشتی کوردستانی پێ سپێردرابوو، تەنها بە ناوچەی دووەمدا گەڕاو سەری لە ناوچەکانی یەکەم و سێیەم نەدا. ناوچەی دووەم چۆڵگەیی و شاخاویی سەختە. ئەوەی زیاتر سەرنجی ئێمەی راکێشا شاخە وشك و بێ داروبارەکان بوون. لەم شاخانەدا ئەشکەوتی زۆر هەن، کە یان تاك و تەران یاخود بە کۆمەڵ دەیان هەزار کونە ئەشکەوت پێکدێنن و ژوورەوەیان تاریك و رەش دەچنەوە. لە ئەشکەوتێکەوە بۆ ئەویتر، یان لە کۆمەڵە ئەشکەوتێکەوە بۆ یەکێکیتر، رێچکەی زۆری تەسك و تروسکی بە شێوەی پێپیلکە، کە لەبەر پێخۆستی ئاژەڵ هەموویان داتەپیوون وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە تێکەڵ بەیەك دەبن. دەوروبەر چۆڵ و تەواو بێدەنگە. دەڵێی بە گۆڕستانی خەڵکی جارانی ئەم شوێنەدا تێپەڕ دەبێت [٥]. ئەو کونە ئەشکەوتانەی کە خەڵکیان تێدا دەژین، لە دوورەوە دیارن. چیایە زەق و وشکەکان تەنها بەهۆی دەرگا دارەکانی کونە ئەشکەوتەکانەوە سیمای ژیانیان پێوە دیارە و دووکەڵی ئاگردانەکانیان لە درزی ئەشکەوتەکانەوە بەرز دەبێتەوە، لەبەردەم هەر دەرگایەکدا تەپاڵەی زۆر لەسەریەك کەڵەکەکراون، بەرزایی ئەو تەپاڵانە رادەی دەوڵەمەندیی ماڵەکە دەردەخات. هەروەها گومبەتی کا لە گۆڕەپانەکاندا بەدی دەکرێن. هەر پارچە زەوییەك کە بکێڵدرێ کراوە بە باخچە یان شینایی لێکراوە. لەسەر ئەو جۆگەلەیەی بە چیاکەدا شۆڕ دەبێتەوە، ئاشێکی ئاو هەیە کە لە تاشەبەرد بیناکراوە و سەرەوەشی گڵەبان کراوە.

بە رێچکەکاندا خەڵك دەڕۆن، منداڵەکان یاری دەکەن، ولاخەکان بە بارەکانیانەوە بە رەحەتی دەڕۆن. بەیانیان زوو لە ناو قووڵایی ئەشکەوتەکانەوە پەز و رەشەولاخەکان دەردەچن و بە رێچکەکاندا دەڕۆن تا هەموویان دەگەنە یەك و ران و گاران پێکدێنن، ئینجا بەرەو لەوەڕگای سەر چیاکان لێیان دەخوڕن. ئێوارانیش کە بەرەو لادێ دەیانهێننەوە، ئاژەڵەکان یەکەیەکە بڵاوەی لێدەکەن و بۆ کونە ئەشکەوتەکانی خۆیان دەچنەوە.



**لە ناوچەی کوردستاندا دوو جۆر ئەشکەوتە خانوو هەن:**

**١- ئەشکەوتە خانووی دەستکرد:**

أ- لە بەردە نەرمەکانی شاخدا هەڵدەکۆڵدرێ و دەرگاکەی بە شێوەی بۆڕییە و درێژیی مەتر و نیوێك دەبێت (ئەو مەتر و نیوەش دەبێتە ئەستوورایی دیواری دەرەوەی ئەشکەوتەکە). ئەم جۆرە ئەشکەوتانەم لە گوندەکانی عەبدالیان، کاریکەئاس, سدندلیار و مینکەند وەبەرچاو کەوتن. ئەمانە ئەشکەوتی گەورە نین، یان خەڵك تیایاندا دەژی یا مەڕ و ماڵاتی تێدەکەن. هەرگیز نەمدیت خێزان و ئاژەڵ بەیەکەوە لەم ئەشکەوتانەدا بژین.

ب- لە گڵەزەردە، بە شێوەیەکی خڕی کەوانەیی هەڵدەکەندرێ، دیوارەکانی بە قوڕ سواخ دەدەن و دواییش بە ریزەبەردی یەك لەسەریەك دادەپۆشرێ، یان دیوارێکی بە بەردی ئەستوور لە پاڵدا دروست دەکەن. لەم دیوارانەدا کونێکی تەسکی تێدا دەهێڵنەوە و بە دار چوارچێوەی بۆ دەکەن و دەرگای تێدەگرن. هەروەها چەند کونێکی بچووکیش لە دیوارەکەدا دەهێڵنەوە بۆ ئەوەی ببن بە پەنجەرە و کولانکەی دووکەڵ.

**٢- ئەشکەوتە خانووی سروشتی- ئەمیش دوو جۆری هەیە:**

أ- ئەشکەوتی درز- وێنەی درزێکە کەوتبێتە شاخەکەوە. بەرزایی بە قەد باڵای زەلامێك دەبێت، بەڵام قووڵ و بە شاخەکەدا رۆچووە. لە هەندێکیاندا چەند نهۆمێکی یەك لە دوای یەك هەن و بەناو ئەشکەوتەکەدا رۆدەچن. ئەمانە دەبن بە تەویلەی زستانانی مەڕوماڵات و جێگەی هەزار تا سێ هەزار سەریان لێ دەبێتەوە. ئەم بابەتە ئەشکەوتانەم لە گوندەکانی: ڤیزیلیا، پیرچانی، داشلو، مینکەندە، مەلا ئەحمەد لو و بۆزبو وەبەرچاوکەوتن [*].

ب- ئەشکەوتی گەورە، ئەو بۆشاییە سروشتیانەن کە دەکەونە شاخەکانەوە. ئەم جۆرە ئەشکەوتانە بۆ هەڵگرتنی کاو ئاخڵی زستانەی هەموو گوندەکە بەکاردێن، چونکە لەبەر گەورەیی و ساردو سڕی بۆ ئاژەڵ بە کەڵك نایەن. لە نزیك گوندەکانی مەلا ئەحمەد لو، بۆزلو و قەرەقیشلاخەوە ئەم جۆرە ئەشکەوتانە هەن.

ناوەوەی ئەشکەوتە خانووەکان هەموویان وەك یەکن. ئەگەر یەکێك پەزی زۆری نەبێت، ئەوا هەر لە ماڵی خۆیدا رایاندەگرێ، بە دیوارێك سەرینگانی ئەشکەوتەکەیان بۆ جیادەکاتەوە و ماڵەکەش لە بەشی پێشەوە دەبێت، واتە لە کاتی هاتوچۆدا مەڕوماڵات بەناو ماڵەکەدا تێدەپەڕن. ئەمەش بە مەبەستی پاراستنیانە، چونکە هەموو کەسێك توانای راگرتنی پاسەوانی

تایبەتیی نییە. ئەگەر یەکێك مێگەلێکی زۆری هەبوو ئەوا ئەشکەوتێکی تایبەتییان بۆ دەکاتە گەور. لە هەموو حالەتێکدا گەور زۆر تاریك و پیسە.

ئەو بەشەی خێزانی لێ دەژی لە هەموو ئەشکەوتەکاندا وەکو یەکن. لەبن دیواری لای دەرگاکەوە ئاگردان هەیە، (چونکە کولانکەی دووکەڵ بەسەر دەرگاکەوەیە). ئاگردان لە سێ یان چوار کوچکەبەرد پێکهاتووە، مەنجەڵی مسی گەورە بۆ چێشتلێنان و سێل (ساج) بۆ نانکردنی لەسەر دادەنێن. کاتێك کە تەپاڵە دەخەنە ئاگردانەکەوە دووکەڵێکی زۆر و بۆنتیژ لە ماڵەکەدا پەنگ دەخواتەوە و لە کولانکەکەوە دەردەچێت. لای ژوورەوەی دیوارەکان چەند دەلاقەیەك هەن کە نوێن و شتی تریان لێ دادەنێن. یاخود لەجیاتی دەلاقە چەند تاشەبەردێك لەسەریەك دادەنێن و فەردە جۆ و برنج و گەنمەشامی و کونجییان لەسەر قووچ دەکەنەوە. لە ماڵە هەژارەکاندا بە رۆژ نوێن و شتیتر لەسەر ئەم فەردانە هەڵدەچنن. لە هەردوو حالەتدا نوێن و زەخیرە بە بەڕە و لبادی دەستکرد (خۆیان"کلیم"ی پێ دەڵێن) دادەپۆشن.

کوردەکان لەسەر ئەرز دەنوون. لەسەر ئەرزە گەسك دراوەکە لباد رادەخەن و لەسەر ئەویش دۆشەکی پڕ لۆکە و لێفە (کە لە جیاتیی لۆکە خوریی تێ دەکەن) بەخۆیاندا دەدەن. هەژارەکانیش شەوان بەڕەیەك رادەخەن و جلی زستانەش بەخۆدا دەدەن.

نزیکەی لە هەموو ماڵەکان، جگە لە ئاگردان، تەندووریش هەیە کە لە قوژبنێکدا وەکو بیر لە زەویدا هەڵکەندراوە و ناوەوەی بە قوڕ سواخ دراوە، نان و کولێرە و لەواشەی پێ دەبرژێنن. بە شەوان تەندوورەکە ئاگردەدەن و بەرماڵێکی بەسەردا دەدەن و بە دەوریدا هەر کەسە و لە راستی خۆیەوە رادەکشێ و قاچەکانی دەخاتە ژێر بەرماڵەکەوە.

کوردەکان هەروەها بۆ ناخواردنیش لەسەر زەوی دادەنیشن، لەلای ئاگردانەکەوە بەڕەیەك رادەخەن و بەعادەتی رۆژهەڵاتییان بە چوارمەشقی لەسەری دادەنیشن [٦]. خواردەمەنییەکان بە زۆریی سپیایەتییە: شیر، پەنیر، ماست، دۆ، رۆن، برنج بە شیر، ساوەر بە شیر. تەنها لە رۆژانی جەژن و ئاهەنگ یان مێوانداریتیدا گۆشت دەخۆن. نانیشیان کولێرەی جۆیە کە لەسەر ئاگردان دەیکەن و لەواشەش بە تەندوور دەبرژێنن. هەروەها ئەو سەوزە و گیا و گوڵەی کە خۆشیان دەیانچێنن، بۆ خواردن بەکاردێنن. ئافرەت خواردن ئامادە دەکات و بۆ خۆیان و بۆ مێوانانیش لەسەر خوانچەیەك لەسەر ئەرز دایدەنێ. پێش نانخواردن لەسەر دەستشۆر دەستەکانیان دەشۆن و هەر بەدەستیش نان دەخۆن. شلە و هێلکە و رۆن و ماست بە لەواشە پارووی لێ دەدەن و دەیخۆن. لەگەڵ خواردندا ماستاو دەخۆنەوە. رۆشنکردنەوەی ئەشکەوتەکان بەهۆی دەرگا



هەمیشە والاکانیانەوەیە، شەوانیش قەندیلە دادەگیرسێن. قەندیلە لە قوڕی وشککراوە دروست دەکرێ، هەندێ نەوتی تێدەکەن و فتیلەی بۆ دەکەن، کە نیوەی دەکەوێتە ناو نەوتەکەوە و نیوەشی لە دەرەوە دەبێ و دایدەگیرسێنن [٧].

هاوینان هەموو ئیش و کاروبارێکی ناوماڵ لە گۆڕەپانە بچووکەکەی بەردەرگا دەکرێ. هەر لەو شوێنەشدا ئامێری دروستکردنی مافوورو چۆغ (دارتەون و جۆلایی) دادەندرێن و وەکاردەخرێن. زستانانیش لە دەوری ئاگردان، کە لەگەڵ قەندیلەکەدا ناوماڵ تۆزێك رووناك دەکەنەوە، کاروبار هەڵدەسووڕێندرێ.

جگە لەم ئەشکەوتانە، کوردەکانی ئەم ناوچەیە جۆرە خانوویەکی تریشیان هەیە پێی دەڵێن (قەرەدام)، ئەویش هەر لە زەویدا هەڵدەکەندرێ و تیایدا دەژین و جارجارەش خانووی وا دەکەن بە گەوری مەڕومالات. هەروەها خانووی (ساکلا) هەیە کە جۆرە خانوویەکی قەفقاسییە، بەلام ئەمەیان کەمتر بەرچاو دەکەوێ. بۆ دروستکردنی ساکلا- دیوارەکانی بەبەرد دەکەن و بەرهەیوانێکی لە پێش دەرگاوە بۆ دەکەن [٨]. ژوورەوەی قەرەدام و ساکلا لە رووی رێکخستن و بۆنی دووکەڵی تەپاڵە و ماست و دۆوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەشکەوتەکاندا نییە. خانووی لە تیپی خوارووی قەفقاس تەنها لە گوندەکانی پیرچان و مینکەند بەرچاو دەکەون.

لەم ناوچەیەدا تەنها یەك جێگەم بینی کە پەرستگای (ئایر)ی پێش ئیسلامی لێ بێت [*]. لە نێوان گوندەکانی کیزیلاڤ و سێندلیاردا، لە شوێنێکی شاخاویی گەرمەسێر و چۆڵدا، ئاسەواری گوندێکی کۆن هەیە و لە نزیك ئەویشدا پەرستگایەکی کۆن بە ناوی (یانیچ یۆگۆڕووك) هەیە کە ماناکەی دەبێتە (لانکی سووتاو) [٩]. پەرستگاکە خۆی و تاقەدارە بێهێزەکەی و بنە دڕیەکەی لە ناو شاخ و بەردە بێگیانەکاندا دیمەنی مێرگ دەبەخشن. بە شێوەی لاکێشی دیواری لە بەردی بە دەوردا کراوە و پانایی دیوارەکان مەترێك و بەرزاییەکانیان ١,٢٥م دەبن، بەلام بانی نییە. دەرگاکەشی کونێکی لاکێشە و تاشەبەردێکی زلی بەسەرەوەیە، بە جۆرێك کە دەچیتە ژوورەوە دەبێ سەرت زۆر داگری. زەوییەکەی بەردڕێژ کراوە، لە ناوەندیشییەوە ئاگردانێك هەیە، لەملاتری ئاگردانەکەوە کەپرێکی لە دار دروستکراو هەیە و سەرەکەی دوو لای نشێوە و بە شەپکەدار گیراوە. بەرزایی کەپرەکە ٧٥سم دەبێ، پارچە پەڕۆ و بووکی لە پەڕۆی پێوەکراون. پارچە پەڕۆ لەو قۆپەنە نەمامەشدا هەڵواسراون کە لە نزیك ئاگردانەکەوە شین بووە. کورد کە نەزرێك لە خۆی دەگرێ یان بۆ شتێك لە خوا دەپاڕێتەوە دەبێ لەم شوێنە بیکات و پەڕۆیەك بە لقێکی دارەکەوە گرێ بدات. ئەم دابونەریتە ماگییە [**] لە خوارووی قەفقاسدا باوە و بە

پەرستنی دار یان قۆپەنەدار لە قەڵەم دەدرێ. بە رای من گۆڕی یانیچ یۆگۆرووك هەرچەندە رەگ و توخمی ئاگرپەرستی و ئایینە وەسەنییە کۆنەکانی پێوە دیارە، هەروەهاش پاشماوەی کڵێسەیەکی دیانییە (مەسیحی) کە تەنها زەوی و تاقەکانی ماون. لە قەفقاس لای موسوڵمانەکان رێزگرتنی پەرستگای دیانیی کۆن وەکو ئاسەواری ئیسلامیی پیرۆز (کە ئەمانەش رەنگە لەسەر بناغەی پەرستگای ئایینی کۆنتر دامەزرابن) زۆر باوە [١٠].

ئەم پەرستگایە (مەبەستی یانیچ یۆگۆرووکە-و) کەوتۆتە ناوەڕاستی گۆڕستانێکی گەورەوە. گۆڕەکان بەسەر گردەکانیشدا هەڵگەڕاون و دیسان دابەزیونەتە خوارەوە... کێلە قەبرەکان (هەندێکیان بە شێوەی بەران و ئەسپ داتاشراون) لەگەڵ رەنگی چیاکان تێکەڵ بوون. هەروەها لە گۆڕستانی گوندەکانی شەلوا، مینکەند، قەرەقیشلاخ پەیکەری بەران و ئەسپی سەر قەبرەکان زۆر بە نارێکی لە بەرد داتاشراون [١١]. بەتایبەتی بەرانەکان زۆر ناشیرینن، بەردێکی تاشراو لەسەر دوو پێچك دانراوە. هەندێکیان تەنها سەر و بە ئاستەم شاخەکانیان نەخشکراون و قاچەکانیش بەبێ نەخش تەنها دیارکراون. لەسەر پشت یان تەنیشتی هەندێك لەم پەیکەرانە نەخش و نیگاری وا هەیە کە لە هونەری بیناکردن (ئەرکیتێکتۆرە)ی مەسیحی ئەرمەنی و جۆرجیاییدا بەرچاو دەکەون. جاری واش هەیە نەخش و نیگارەکان وێنەیەك لە ژیان نیشان دەدەن، بۆ نموونە: لە گوندی قەرەقیشلاخ لە لاتەنیشتی پەیکەری بەرانێکدا وێنەی پیاوێك هەیە کە دوو بازی بە هەردوو دەستی گرتوون و لە ژێریشەوەی نیشانەیەکی بەشێوەی رۆژ هەیە و لە تەنیشتیشییەوە بزنێکی کێوی و لەژێر ئەمیشدا شیشێك هەیە و چەند پارچە گۆشتێکی پێوەیە. هەر لەم شوێنەشدا لەسەر پەیکەری ئەسپێکا وێنەی دوو زەلام هەیە شەڕ دەکەن، یەکێکیان خەنجەرەکەی خستۆتە قوڕگی ئەوەکەی ترەوە کە بەخۆی و شمشێر و کەوانەکەیوە وەستاوە. لە گوندی شەلوادا وێنەی دووپشکێك لەسەر پەیکەری ئەسپێك کراوە، دووپشکەکە لە جووڵانەوەدایە، بۆیە وێنەکەی لە خاچێکی تێکشکاو دەچێ.

هەر لە گوندی شەلوادا کە گۆڕستانەکەی نزیك کڵێسەیەکی ئەرمەنییە، کێلەقەبری بەرزی یەکجار زۆر هەن و هیچیان لەسەر نەخش نەکراون. لەلای رۆژئاوای کڵێسەکەوە وێنەیەکی شانۆی راو لەسەر کێلەبەردێك هەیە. ئەلێنێك [*] کە شاخێکی بە لق و پۆپی هەیە، وەستاوە. زەلامێك لە تەنیشت ئەسپەکەوە تیری خستۆتە دەو کەوانەکەیەوە (هەر لەسەر ئەم کێلەش خاچێك یان پیت"حەرف"ێکی ئەرمەنی نەخشێنراوە). هەروەها کێلەقەبری ئەرمەنییەکان جێگەی سەرنجن،



دیمەنی مردوویێك لە ناو کفنەکەیدا نیشان دەدەن، یاخود دیمەنی دوو ماری لەیەك ئاڵاو هەیە (لەسەر ئەم کێلانە، وا دەبێ، پیتی ئەرمەنی یان خاچێك نەخشکراوە).

پیشەی سەرەکیی کوردەکانی ئەم ناوچەیە، لە ماوەی نیو سەدەدا شوانکاری و کشتوکاڵە. باخچەوانی، هەنگ بەخێوکردن[١٢] و مافوور دروستکردن[١٣] کە لەم ناوچەیەدا بەرچاودەکەون، ئەو بایەخە ئابوورییەیان نییە. زەوییە شاخاوییەکان، کە بە ئاستەم خۆڵیان بەسەرەوەیە بەرهەمێکی ئەوتۆی دەغڵ و گیا و گۆڵ نادەن. بۆیە بە پارەی ئەو مەڕ و ماڵاتەی (یان بەرهەمەکانیان) کە دەیانفرۆشن، لە دەشتەکانی قەرەباخ دەغڵ و دان دەکڕن. هەروەها ئەو شت و بەرهەمانەی کە ژنەکان لە هاویندا ئامادەیان دەکەن، بە گەنم دەیانگۆڕنەوە.

زەویی کێڵان بە سادە و ساکارترین ئامێر دەکرێ، بۆیەش بەرهەمەکەی زۆرکەم دەبێ. جگە لەمە، لەبەر ئەوەی ئەرزەکان بەراو نین، زۆرجاران تووشی کارەساتی سروشتی دەبن، ساڵی وشکی، بارانی زۆر، بارانی هاوینان و ئەوەی چاندراوە لەناو دەچێ.

زەوی بە گاسنی دار دەکێڵن و کەستەکە خۆڵەکان دادەکوتن و دایدەچنن. دوای دروێنە، سواڵەکان کۆ دەکەنەوە و بەهۆی تەختە دارێکەوە کە وردە بەردی تێگیراون و دوو گا بەسەر خەرمانەکەدا رایدەکێشن (مەبەستی جەنجەڕە-و) گەنمەکە دەکوتن. ئینجا شەنەبای دەکەن و لە ناو بێژنگان بە ئاوی جۆگەلەکان دەیشۆنەوە، دوایی لەسەر رایەخ لەبەر هەتاو هەڵی دەخەن و وشکی دەکەنەوە و لە ئاشی دەکەن.

ژمارەی ئەو مەڕ و ماڵاتەی کە زستانان لە گوند دەمێننەوە بە رادەی هێزی کارکردنە، کە چەند دەتوانێ کا ئامادە بکات [١٤]. پایزان چەند خێزانێك بەشی زۆری مەڕ و ماڵاتی گوندەکە بۆ دەشت و لەوەڕگا زستانییەکانی کەراکسۆ دەبەن، خێزانەکان لەم شوێنە تاکو بەهار کاری جوتیاریی بەکرێ دەکەن. بەهاران لەگەڵ ئاژەڵەکانیان بۆ گوندەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە، ئینجا دوای ئەرزکێڵانی بەهاران و کاروبارتری کشتوکاڵی چەند خێزانێك ماڵاتی گوندەکە بەرەو زۆزانان دەبەن، ئەوانی تریش بۆ کاروباری کشتوکاڵ لە گوندی دەمێننەوە.

ژن و پیاو و منداڵ بەشداری لە کاروباری کشتوکاڵدا دەکەن. لە ماڵیشەوە تەنها ئافرەت ئیش دەکات. جگە لەوە، ژنەکان لە باخچە و بێستانەکانیش کاردەکەن، حەیوان بۆ لەوەڕگا دەبەن، تەپاڵە کۆدەکەنەوە، مافوور دەچنن، گۆرەویی خوری بە نەقش و نیگارەوە دەچنن. داوەبەنی خوری کە بۆ مافوور و گۆرەوی دروستکردن پێویستە، دیسان هەر ئافرەت خەمی لێ دەخوات و باش دەزانێ رەگی کامە گیا بۆ رەنگکردن بەکەڵك دێت. لەگەڵ ئەم هەموو

کارانەشدا، ئافرەت منداڵە بچووکەکەشی هەر بە کۆڵەوەیە. منداڵەکە ئەگەر زۆر ساوا بێت ئەوا بە پەڕۆیەك لە پشتی خۆی قایمی دەکات، ئەگەر تۆزێکیش گەورەتر بێت، بەدەست و قاچی خۆی لە پشتی دایکی گیردەکات. منداڵەکان بەگشتی پیس و پۆخڵن، بەڵام تەندروست و عەنتیکە و بەزەوقن. جلوبەرگی کەمیان لەبەردایە، چمکی بلووز و فانیلە دڕاوەکانیان بەسەر شان و ملیانەوە دەشەکێتەوە. بەتایبەتی کوڕەکان، لە پشتڕا هەتا ناوقەد و لە پێشەوەش هەموو لەشیان رووتە، زگە پۆخڵ و پفدراوەکانیان هەموو دەمێك لە گۆڕێنە و لەبەر هەتاو رەش داگەڕاون. لە تەمەنی ٦-٧ساڵیدا ئیش و کاری ناوماڵ بە منداڵ دەکەن. کوڕەکان یارمەتی شوانان دەدەن و کچەکانیش کاروبار خوری و درومان هەڵدەسوڕێنن و چێشت لێدەنێن.

لە ناو کوردا پیشەزان گەلێك کەمن. دوای کاروباری کشتوکاڵی و شوانکارەیی، هەر کەسە و ئەو شتانەی پێویستییەتی لە دار یان لە چەرم لە ماڵەوە خۆی دروستیان دەکات. تەنها دارتاشی و ئاسنگەری نەبێت کە پسپۆریی تایبەتییان گەرەکە، وردەکارەکانیتر بۆ خۆیان دەیکەن. پیشەزانە ئەرمەنییەکان، کە پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵیاندا هەیە داخوازییەکانیان بۆ جێبەجێ دەکەن. ئێستا تفاق و ئامێری لە ئاسن دروستکراوی فابریکە و کارخانەکانی وەکو: گاسن، داس، بزمارو...هتد دەکەونە بەردەستی کوردەکان.

بێجگە لە شوانکارەیی و ماڵات بەخێوکردن، تەنها لێزانی و پسپۆری کە هەیانبێت، هونەری گوتنی گۆرانی تورکی و بەکارهێنانی تارو دەف و زوڕنا (سازانداری)یە. لە گوندی مەلا ئەحمەدلو هەندێ گۆرانیبێژ هەن کە لە هەموو ئازەربایجاندا بەناوبانگن و هەر بە بەهاران بۆ گوندەکەی خۆیان دەگەڕێنەوەو کاروباری کشتوکاڵی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

باری ژیانی ئافرەتی کورد زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ نەك هەر ئافرەتی تورك، بەڵکو ئافرەتی هەموو میللەتانی رۆژهەڵاتی هاوسێیان. ئافرەتی کورد پەچە دانادانەوە و هەردەم دەموچاوی بەدەرەوەیە، تەنها پیرەژنەکان بە چارۆگە دەم و لووتیان هەڵدەپێچن. ئافرەت بە ئازادی لە ماڵ دەردەچێ و تێکەڵی خەڵك دەبێ، گفتوگۆ و گاڵتە و گەپ دەکات، زۆر بە ئاسایی هەڵسوکەوت دەکات، لە هەمانکاتیشدا گرانی و سەنگینیی خۆی لەگەڵ پیاودا دەپارێزێ و هەرگیز ناگاتە رادەی سووکایەتی. کە پیاو لە ماڵدا نابێت دایکی منداڵان پێشوازیی میوانان دەکات و بەخێرهاتنیان دەکات و نانیان دەداتێ و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات. ژنی کورد هەروەکو پیاو شارەزای چەك بەکارهێنانە و سواری دەزانێ. ئەگەر دایکی منداڵێك بەهۆی جوانی یان زیرەکی



یا ئازایەتی...هتد جێگەیەکی تایبەتی لە ناو کۆمەڵدا هەبێت، ئەوا منداڵەکە بەناوی دایکییەوە بانگ دەکرێ. دایك هەروەکو باوك ناو لە منداڵەکەی دەنێت.

ژن هێنان لێرە، زۆربەی جار، بە رازیبوونی هەردوو لا دەبێت و پێش ئەوەش دڵدارییان لە بەیندا دەبێت، بەڵام دەشبێ کە منداڵەکان هەر لەناو لانك لە یەك مارە بکرێن. هەر لەوکاتەوە کە دایکەکان سکیان بوو، لە نێوان یەکتری لەسەر ئەوە پێکدێن. کچ کە شوودەکات دەبێ کچایەتیی خۆی پاراستبێ، ئەگینا رۆژی دوایی بۆ ماڵی باوکی دەیگێڕنەوە. ئافرەت دەبێ دڵسۆزی مێردەکەی بێت، بەڵام ئەمە هەموو جارێك وا نابێت. سەربەستی ئافرەت لەناو ماڵدا رێگەی دەدات بە کەیفی خۆی بکات. ئەمەش دەبێت بە نهێنی بێت، چونکە ئەوەی غایەنی لە مێردەکەی خۆی بکات، دەکەوێتە بەر نەفرەتی هەموو گوندەکان. بێحەیایی لای کوردەکانی ئێرە باوی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا رووداوی تاك و تەرا هەر دەبێت.

هەرچەندە ژن زۆری لەناو کورداندا، بە بۆنەی ئەوەی کە موسوڵمانن، رێگەی دراوە، بەڵام دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە. تەنها ئەگەر یەکێك زۆر دەوڵەمەند بێت، ئەمیش لە دوو ژن زیاتری نابێت. لە کاتی مارەبڕیندا باوك مارەییەکە (باشلیق) وەردەگرێ، لەجیاتی ئەوە دەبێ بارگە (جیازی) بۆ کچەکەی بکات، کە پارەیەکی زێتریشی تێدەچێ. بووك بارگە لەگەڵ خۆی بۆ ماڵی مێردی دەبات و دەبێتە موڵکی تایبەتیی خۆی. بارگەی بووك بە گشتی، لەمانە پێکهاتووە: ئەسپ، مەڕ و ماڵات"بزن، چێڵ"، جلوبەرگ، نوێن، مافوور، لباد، قاپ و قاچاخ...هتد.

لە کاتی جیابوونەوەدا، ئافرەت ئەم شتە تایبەتییانەی لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵی باوکی دەباتەوە. لای کورد ژنخوازی لەناو خزمدا باوە، بۆ نموونە: ئامۆزا، خاڵۆزا، بن ئامۆزا.... بە مردنی مێرد، ژن نابێتە خاوەن ماڵ، بەڵکو کوڕی گەورە شوێن باوکی دەگرێتەوە، چونکە سەربەستیی ئافرەت هەرچۆنێك بێت، وەکو دابێکی رۆژهەڵاتی، خاوەن ماڵ دەبێ پیاو بێت.

ئەنجامی ئەو سەرنجە ئێتنۆگرافیانەی دەربارەی ژیانی کوردە لادێییەکانی ئەم ناوچەیە وا نیشان دەدەن کە هێشتا پاشماوەی ژیانی رێکخراوەی بنەماڵەییان تێدا ماوە. (١٦)

هەیکەلی بنەماڵەیی کوردان زۆر باش خۆی لە مانەی خوارەوەدا دەنوێنێ: دروستکردنی تەپاڵە، کۆکردنەوەی کا، مەڕ برینەوە، هەرەوەز بۆ خانوو دروستکردن و بۆ کاروباری تر کە میواندرییەکی گەورەی خاوەن کارەکەی بەدوادا دێت. پاشماوەی رێکخراوەی بنەماڵەیی و ئابووری لەسەر بنچینەی ئاڵوگۆڕی کەلوپەل تا رۆژی ئیمڕۆش هەر ماوە، بۆ نموونە: رەوشتی مێوان پەروەری.

له ناو کۆمەڵی کوردەواریدا، پەیوەندیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری مۆڵەتی نەدا کە گۆڕان و گواستنەوە لە دەوری خزمایەتیی بنەماڵەییەوە بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی ڕێگەی ئاسایی خۆی بگرێتە بەر، بۆیە دەرەبەگایەتی لە ناویاندا بە تەواوی سەقامگیر و چەسپاو نەبوو. خانەوادەی سوڵتان، یەکەم کەس بوون دەستیان بەسەر زەوی و زارەکاندا گرت و دەسەڵاتی فیۆداڵانەی خۆیان چەسپاند. بەڵام لەبەر بێهێزیی چینایەتییان، بۆ پشتگیری، پەنایان بۆ خانە تورکەکان یان بۆ دەوڵەتی رووسی دەبرد. دوا هەوڵدانیان بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی چینایەتیی خۆیان لەو رق و دوژمنایەتییە نەتەوەییەدا دەرکەوت، کە لەگەڵ کوردە چەکدارەکانی موساڤیتیدا لە دژی ئەرمەن نواندیان (*).

لە سەرەتای فەرمانڕەوایی سۆڤیەتیدا هەموو زەوییەکان خۆماڵیکران و ڕێگە لە چەوساندنەوەی راستەوخۆی دەرەبەگایەتی گیرا. چەوساندنەوەی پۆشراو، بێگومان، تاکو ئێستاش کۆتایی پێ نەهاتووە. بۆ نموونە، دەوڵەمەندەکان مەڕ و ماڵاتی خۆیان لەگەڵ هی هەژارەکان بۆ لەوەڕگا دەنێرن، یان لە بری ئەوەی کە ئامێرەکانیان پێدەدەن، زەوییان پێ دەکێڵن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە چەوساندنەوانە وەکو جاران سەر بە کوردە هەژارەکان-کرێکار، جوتیار، شوان- دانانەوێنێ و ئەمان هەمیشە ڕێگەی تێکۆشان هەر دەدۆزنەوە و پاشماوەی فیۆداڵی هەر لەناو دەبەن.

بەڵام لەناوچوونی ڕێکخراوەی بنەماڵەیی و جێنشینکردنی شوانکارەکان و زەوی پێدانیان، لە رۆژانی ئەمڕۆدا، خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی زیندووی پەیدابوونی پەیوەندیی دەرەبەگایەتین، بۆیە پێویستی بە هەوڵ و بایەخ پێدانی مێژوونووسانی قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان هەیە (**).



**پەراوێز:**

١- ڕێکخراوی زانستیی سەر بە کۆمیتەی گشتی پشت قەفقاس گەشتێکی زانستی بۆ ناوچەی کوردستانی ئازەربایجان و قەرەباخ و ناوچەی زەنگەسووری ئەرمەنی سازدا. لە گەشتەکەدا هەشت کەس بەشدارییان کرد: ئەتنۆگراف گ.ف. چوورۆسین- سەرۆکی گەشت، زمانەوان و ئەتنۆگراف و ئەرمەنیناس س.د. لیسیتسیان، ئێپیگراف و ئەرمەنیناس س.ڤ. تیراڤیتسیان، زمانەوان و کوردناس لازۆ، ئێکۆنۆمیست ت. ن. ئەتابێکیان، ئێکۆنۆمیست س.ف. کاچێکیان، ئارکیۆلۆگ یێ. گ. پچێلینا، قوتابی کۆلیجی کشتوکاڵی سەر بە دانیشگای پۆلیتێکنیکی تفلیس- ن.گ. ستێپانیان وەکو وێنەکێش لەگەڵماندا بوو.

گروپەی گەشتی کوردستان لەم کەسانەی خوارەوە پێك هات:

ك.ف. چوورۆسین، لازۆ، ت. ن. ئەتابێکیان، یێ. گ. پچێلینا، ن. گ.ستێپانیان. لە کۆمیتەی راپەڕاندنی پارتی کۆمۆنیست لە ناوچەی کوردستاندا موسێیب ئیلیاسۆن و لە مینکەندیش را سەمەد شاسوارۆڤ (بۆ کاری ئەتنۆگرافی) بەگەڵمان کەوتن.

قۆناغی ڕێگاکانمان لە کوردستاندا بەم جۆرە بوو: تفلیس، یڤلاخ بە شەمەندەفەر، یڤلاخ- بێردەئا- ئەگدام بە ئۆتۆمبێل، ئەگدام- ستیپانەکەرت- شووشە- لیسەکۆرسك- ئەبدیلیار- لیچین بە عەرەبانە (پەیتون). لە لیچین (مەڵبەندی ناوچەی کوردستان) را تاکو ئێسگەی شەمەندەفەری ناخچەوان بە سواری ئەسپ بەم شوێنانەدا چووین: لیچین، کاریکە ئاسی، کیزیلیاو، یانیچ یوگورگ، سیدلیار/ پیرجانی، داشلو، شالوا، شیلانلی، مینکەند، مەلا ئەحمەدلو، بازلو، کەرەکیشلی، ئاگوگلان (سنووری ناوچەی کوردستان لەگەڵ زەنگەسوور)، لەمەودوا بە زەنگەسووردا. (تێبینی لێرەدا نووسەر ناوی ئەو شوێنانەی هێناوەتەوە کە لە زەنگەسوور پێیدا تێپەڕیوون- بە پێویستم نەزانی وەریانگێڕم. وەرگێڕ).

٢- ڤ.ف. مینۆرسکی کورتە باسێکی دەربارەی کوردەکانی ناوچەی کوردستانی ئازەربایجان هێناوەتەوە لە وتاری:"کوردەکان، سەرنج و تێڕوانین" گۆڤاری وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ژمارە سێ، پیترۆگراد ١٩١٥ل١٩١. هەروەها س.ئا. یەگیزارۆف"کورتە باسێکی ئەتنۆگرافی دەربارەی کوردەکانی پارێزگای پەریڤان"بڕوانە: راپۆرتی کۆمەڵگای جوگرافی ئیمپراتۆریی رووسیا- بەشی قەفقاس، کتێبی ١٣، بەرگی دووەم، پەراوێزی ژمارە دوو. وتاری ئەندامی گەشتەکەی ئێمە گ.ف. چوورۆسین"کوردەکانی ئازەربایجان" بڕوانە: گۆڤاری ئینستووتی مێژوو و ئارکیۆلۆگیای قەفقاس لە تەفلیس، ژمارە ٣، تفلیس ١٩٢٥ل١-١٦.

ئێستا کوردەکان بەهۆی پەیوەندیی ئابووریی بەتینەوە لەگەڵ تورکزمانە هاوسێکانیانداو هەروەها لەبەر دابڕانیان لەو کوردانەی بە زاراوەی کرمانجی دەدوێن، زمانی تورکی لێرە جێگەی کوردیی گرتۆتەوە. لادێی زۆر هەن کە خەڵکەکانیان دەمێکە بە زمانی کوردی قسە ناکەن.

٣- ن.یا. ماڕ"جارێکیتر دەربارەی وشەی چەلەبی" (دەربارەی مەسەلەی دەوری میللەتی کورد لە مێژووی ئاسیای بەراییدا). راپۆرتی کۆمەڵگای ئارکیۆلۆگی ئیمپراتۆریای رووسی-بەشی رۆژهەڵات، بەرگی ٢٠, بەشی ٢-٣، ل ٩٩-١٥١، پەترۆسبورگ ١٩١١.

٤- بڕوانە"فۆندی لیژنەی بەگەکانی باکۆ" کۆمەڵی ژمارە (١)ل٣٢٩، ئەم مەتریالانەی ئەرشیف لە کارەکەی پرۆفیسۆر ن.ن. پچێلین دا بەکارهاتووە:"دەربارەی مەسەلەی مافی مولکییەت لە ئازەربایجان"، دەنگوباسی کۆلیجی قانوون، دانیشگای ئازەربایجان، ژمارە ٥-٦، ل١٣٦، باکۆ١٩٢٩.

حاجی حەسەن (حوسان) ناوێك گوایە سەید بووە، لە کاتی فەرمانڕەوایی شا ئیسماعیلدا، دەگەڵ دە خێزان هاتوونەتە زەنگەسوور. ئەوکاتە زۆرکێشیشی ئەرمەنی گوندەکانی شەلواو قەرەبەیرامی (ئەوکاتە یەك گوند بوون) بەڕێوەدەبرد، گوندەکە ناوی شەلواو خێڵەکەش ناوی قەرەبەیراملی بووە کە لە خۆراسانەوە هاتووە. گوندەکانی ئاردەشەو، وەگازین، پێچانیز، کورت کاجی، سەر بە ئەرمەنییەکیتر بوون، کە ناوی شیرین بەگ بووە. حاجی حەسەن زوورکێشیشی کوشت و شیرین بەگ رایکرد، گوندە ئەرمەنییەکان تالانکران و خەڵکەکەش هەریەکە و بەلایەکدا هەڵاتن. دوایی حاجی حەسەن خۆی و ئەو ماڵانەی لەگەڵیدابوون لە گوندەکانی ئاردەشەو و وەگازین جێنشین بوون.

٥- بەتایبەت لە ناوچەی"ئاوەمەعدەنییەکان"دا لە نێوان گوندی مینکەند و گوندی مەلا ئەحمەدلو و هەروەها لەسەر ئەو رێگەیەی کە بۆ گوندی بازلو دەچێ، باش هەست بەمە دەکرێت.

٦- وەجاخ (ئۆجاخ، واتە ئاگردان، و) بەلای کوردانەوە زۆر پیرۆزە. سوێندی پێ دەخۆن و تووك لێکردنیش هەر بە وەجاخ دەبێ. گەلێ داب و نەریت پەیوەندییان بە وەجاخەوە هەیە، بۆ نموونە لە کاتی ناونانی منداڵی ساوا بە دەوری ئاگرداندا دەیسوڕێننەوە، ناوکی بڕاوی منداڵەکە لە ئاگرداندا دەشارنەوە. کە کچ بەشوو دەدەن یەکەم جار بە دەوری ئاگردانی ماڵی باوکیدا دەیگێڕن و دواییش بە دەوری ئاگردانی ماڵی مێردیدا.



کاتێ کە مەڕ دەزێ، ئاگر لە ئاگردانەکەدا نابێ بکوژێتەوە. لە رۆژی چلەی مردوودا دار دەخەنە ئاگردان، نەك تەپاڵە. پیاوی بەڕێز و بەڕێوجێ لە ناو کورداندا بە خاوەن ئاگردان (یان وەجاخزادە، و) ناودەبرێ و گەڕیدە و دەربەدەریش بەناوی بێ وەجاخ.

٧- ئەو رۆژەی کە یەکێك دەمرێ بەزی مەڕ لە قەندیلەکەدا دەسووتێنن.

٨- دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی قەرەدام، سەیری ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بکە: س.د. لیسیتسیان (دەربارەی دیراسەکردنی خانووی جوتیارە ئەرمەنییەکان"قەرەدامی ناوچەی قەرەباخ)- دەنگوباسی ئینیستیتووتی مێژوو و ئەرکیۆلۆگیای قەفقاس، تبلیس ١٩٢٥، ژمارە٣، ل ٩٨-١٠٨، هەروەها وتاری "خانووی جوتیارە چیاییەکانی ئەرمینیا" هەمان نووسەر و هەمان گۆڤار (٤)، ل٥٥-٥٧.

٩- دەربارەی ئەم پەرستگایە ئەفسانەیەکی کۆن هەیە. گوایە کاتی خۆی لە دێی سەیدلار (خەڵکی ئەم گوندە گوایە لە نەوەی محەمەدی پێغەمبەرن)، پیاوچاکێك ژیاوە و بۆ هەندێ کاروبار دەبوایە سەفەر بکات، بەر لە سەفەرەکەی لەگەڵ کەسوکارەکەی ناخۆشییان دەبێ و ئەمیش دوعایان لێ دەکات کە هەموویان جگە لە منداڵە ساواکە، بە ئاگر بسووتێن. دوای گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی دەبینێ کەوا دوعاکەی قەبوڵ بووە و هەموویان سووتاون و تەنها منداڵەکەی ناو لانك بە زیندوویی ماوەتەوە. پاش ئەم رووداوە خەڵکەکە وەکو پیاوچاك سەیری خۆی و منداڵەکەیان کردووە. گۆڕی ئەم دوانەیە ئێستاکە پێی دەڵێن یانیچ یۆگۆڕووك. ئەم ئەفسانەیە موسابێی ئیلیاسۆف بۆی گێڕامەوە و زۆر لەو بابەتە ئەفسانانە دەچێ کە پەیوەندییان بە ئاگرپەرستییەوە هەیە. وەکو ئەفسانەی باڵداری فینیکس (قەقنەس) کە دەسووتێ و سوتووەکەی (بەپێی ئەفسانەی میسرییە کۆنەکان-وەرگێڕ) دەبێتەوە بە باڵدار.

١٠- لەسەر ئەو چیایەی کە بەسەر دێی مینکەندا دەنوڕێ، ئاسەواری کەنیسەیەکی ئەرمەنی هەیە، کە تەنها دیوارەکانی ماون. دیمەنی دەرەوەی زۆر لە پەرستگای یانیچ یۆگۆرووك دەچێ. تەنها جیاوازییەك لە نێوانیاندا هەبێت ئەوەیە کە قوربانیگەی کەنیسەکە تۆزێك لە بەشەکانیتری کەنیسەکە جیابۆتەوە.

١١- پەیکەری ئەسپ و بەرانی لە بەرد داتاشراو لە ئەدەبیاتی دەربارەی خوارووی قەفقاس زۆرەو ئەم پەیکەرانە دەدرێنە پاڵ ئەرمەنی و تورکەکان، بەڵام بەداخەوە لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر ئەم بابەتە تاکو ئێستا نییە. یەکەم سەرچاوە دەربارەی ئەم پەیکەرانە نووسینەکەی Dubais de Montpereux بە ناونیشانی Voyage autour du caucase ئەتڵەس،

زنجیرەی ٣، خشتەی ١٢و زنجیرەی ٤، خشتەی٢٨، هەروەها زانیاری دەربارەی ئەمە لە کارەکانی Perrot et chipiezدا هەیە وەکو بەرگی پێنجەم، ل. ١٧ Histori de la""Societe nationale des l'antiquite

ئینجا کورتە باس لەم بارەیەوە لەم کارانەدا هەیە:

Milchgoffer"Archeolgische Zeitung"1898"Bulletin de la Societe nationale des antiquaires de france"ساڵی ١٨٩٩، وەرزی چوارەم، ل ٣٨٥.

"راپۆرتی کۆمیتەی ئارکیۆلۆگی ئیمپراتۆری لە ساڵی ١٨٩٨" سان پیترۆسبۆرگ، ١٩٠١، ل٥٤-٦٨.

لەسەر پەیکەری ئەسپێك نووسراوێکی بە رێنووسی سامی- خواروو (رەنگە مەبەستی ئارامی بێت-و) هەیە، ئەم پەیکەرە لە لایەن ئیَ.یا. رێسلەرەوە لە نزیك گوندی دیخی ناوچەی کوردستانی ئێستا، دۆزراوەتەوە، س.ماژنیکۆف- ئاسەواری کۆنی چیای سمێشڤیلد، لە کتێبی: مەتریاڵ دەربارەی باسی شوێن و خێڵەکانی قەفقاس، ژمارە ١٣، لاپەڕە٨. پەیکەری ئەسپ و زین لە ناوچەی تسێلکینسکی سەر بە پارێزگای تەفلیس: ی.پ. رۆستەمۆف، ناوچەی ئەخالکالاکس لەلایەنی ئارکیۆلۆگییەوە- هەمان گۆڤار، ژمارە ٢٥، ٩٦، ٦٤، ٥٣، ٤٧، میکلادزیَ"کارەکانی کۆنگرەی پێنجەمی ئارکیۆلۆگی لە تەفلیس"ل ٣٧، ی.ی. میشانینۆڤ: گەشتی ئارکیۆلۆگی لە ناوچەکانی قەرەباخ و ناخچەوان، لە گۆڤاری ئەکادیمیای مێژووی کەلتووری ماددی، ژمارە (١)، ل٣٢، لە دەشتی میلسکی لە گۆڕستانێکی موسوڵمانان (پێیگەشبار)دا دوو پەیکەری ئەسپم بینین. یەکێکیان ئێستاکە براوەتە سەفخوزی میلسکی و لەوێدا هەڵگیراوە.

جگە لەوە لە مۆزەخانەی جۆرجیادا لە شاری تەفلیس دوو پەیکەری بەردی بەران هەن کە لە ناوچەی بۆرچالینسکی دۆزراونەتەوە. ئەم دوو پەیکەرە گەلیَ باشترو وەستایانەتر لەوانەی کە لە ناوچەی کوردستاندا بینیم دروستکراون، بە نەخش و نیگاری هونەری جوان رازاونەتەوە. بەردە بەرانێکی یەکجار جوان لە باخی شاری بەرژومیدا هەبوو، لافاوی زێی کور لە ساڵی١٩٢٥دا لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. هەروەها بەردەبەرانێکی هونەری لە گوندی بیردای نزیك یڤلاخدا هەیە (وێنەیەکی لە ئەرشیفی پ.س. ئۆڤارۆڤا، لە مۆزەخانەی شاری مۆسکۆدا هەیە، بەڵام ئێستاکە هیچ لەبارەی ئەم پەیکەرە نازانم. لە کاتی دانانی نەخشەی ئارکیۆلۆگی ئازەربایجان لەلایەن ڤ.م. سیسۆیەڤەوە پەیکەری ئەسپ و بەرانی لە بەرد داتاشراو لەم



شوێنانەدا دەسنیشانکراون: نیمچە دوورگەی ئەبشێرۆنسکی لە گۆڕستانێکی ئیسلامەکانی گوندی زیخ، لە ناوچەی کوردستان- گوندی کوتورلو، لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی قەرەباخ لە گۆڕستانی ئیسلامانی گوندی قەرەئاغاچی، لە ناوچەی ناخچەوان لە گوندەکانی: ئەزانابیورت، ئازی"خواروو" ڤاناند، داناگیرد (گۆڕستانی ئەرمەنییەکان)، لە شاری ناخچەوان، گوندی ئاناناب، لە دێرێکی ئەرمەنی ئێرزنجانی. هەروەها لە ناوچەی لێنکۆرانسکی لە گوندەکانی: ئەبیدێریَ، بالابور، گۆریکدی، لیریك، تانگەرود، ئێچاری.

١٢- لای کوردەکان هەنگ بەخێوکردن زۆر پێشکەوتووە. هەنگوین لەجیاتی شەکر بەکاردەهێنن.

١٣- ئەو کلیم و پەڵاسانەی کە ژنەکان دەیانچنن لەماڵەوە دەمێننەوە، تەنها لە کاتی زۆر پێویستدا لە بازاڕەکانی ئەگدام و شووشدا دەیانفرۆشن. بە گشتی کوردەکان بازرگانی ناکەن و بە چاوێکی سووك سەیری ئەم پیشەیە دەکەن، چونکە بە تەواوەتی لە شێوەی ئابووریی سروشتی دانەبڕاون. (ئابووری سروشتی: ئەو شێوە ئابوورییە سەرەتاییەیە، کە هەموو پێویستییەکانی کۆمەڵگاکە دابین دەکا و پێویستییەك بە پێوەندیی ئابووری لەگەڵ دەرەوەدا نامێنیَ- وەرگێڕ).

١٤- گیا و گۆڵی جۆراوجۆر بە گەنم و جۆ دەگۆڕنەوە. ئەو خێزانەی کە زەخیرەی گەنمی تا داهاتی تازە بەش بکات، بە خێزانێکی دەوڵەمەند دەژمێردریَ.

١٥- بۆ ئەوەی دەست بە کاو ئالیکی زستانەوە بگرن، بۆ زستان کەمترین ژمارە لە رەشەوڵاخ لە گونددا دەهێڵنەوە. بۆیە هەر چەند خێزانێك و زەوییەکانیان پێکەوە دەکێڵن، چونکە کێڵانی زەوی کرێکار و رەشەوڵاخی زۆری پێویست دەبێت. هەروەها رەشەوڵاخ بۆ بارکردنیش بەکاردێنن. کوردەکان ئەسپیان زۆر خۆش دەویَ و نرخی دەزانن، بۆیە بۆ کاروبار بەکاری ناهێنن.

١٦- دابی تۆڵەی خوێن کردنەوە و نەریت و بەزمی خواردنەوەی خوێنی دوژمنی کوژراو پەیوەندییان بە رێکخراوی بنەماڵەیی شوانکارەیی کۆنەوە هەیە. توخمی رێکخراوەی بنەماڵەیی هەروەها لە رەوشتی رێزگرتنی ردێن سپی و پەرستنی وەجاخ و هەندیَ رەوشتیتری کورداندا دەردەکەویَ، وەکو: منداڵی تازە لە دایکبوو و تازە بووك بە دەوری ئاگرداندا دەگێڕن، یان رەسمی مردوو ناشتن و بە قوربانی کردنی ئەسپی مردووەکە- ئەمانە هەموویان رەسەنی ئێرانی

و بنەماڵەیی و شوانکارەیین و وێنەیان لەلای ئۆسێتینییەکان هەیە و لە هەندێ خووڕەوشتی جێرمانییە کۆنەکانیش دەچن.

(ئۆسێتینی- میللەتێکی قەفقاسیین و لە سەرووی کۆماری جۆرجیای سۆڤیەتیدا دەژین و ئۆتۆنۆمییان هەیە. زمانیان سەر بە گروپە زمانی ئێرانییە. وەگێڕ).

- ئەم وتارە ساڵی **١٩٣٢** لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (ئێتنۆگرافیای سۆڤیەتی)دا بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (گەشتێکی زانستی بۆ ناوچەی کوردستانی ئازەربایجان). ئەم وەرگێڕانەش لە گۆڤاری (مامۆستای کورد) ژمارە (٧) ساڵی **١٩٨٩** لە سوید بڵاوکراوەتەوە وەرگێڕ.



## کەلتوور و سیاسەت *

نووسینی : ڤ. ئی. ئۆڤچاننیکۆڤ

یەکێك لە سیما تایبەتییەکانی قۆناغی ئێستای پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی، بریتییە لە توند بەیەکەوە نووسانی پرۆسەکانی کەلتووری و سیاسی. سیاسەت لە بواری کەلتووردا، وەکوچۆن لە بوارەکانیتری ژیانی کۆمەڵایەتیشدا، چالاکییەکانی خەڵك ئاراستەدەکات. کەلتووریش بە دەوری خۆی، لە رەوتی پرۆسەی مێژوویدا، کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر سیاسەت، ئەویش بە رێگەی وێناکردنەکانی بۆ جیهان، هەروەها دارشتنی بەها و شێوازەکانی رەفتارەوە.

لەم روانگەیەوە، باسەکەی ئێمە ئەم سێ رەهەندەی دەبێ:

١- پەیوەندی و کارلێککردنی کەلتوور و سیاسەت

٢- کەلتووری سیاسی

٣- سیاسەتی کەلتووری

کەلتوور — کۆمەڵی شێوازەکانی چالاکییە مرۆییەکانە (ماددی و مەعنەوی) کە لە ئامێر و کەلوپەل، هێما و نیشانەکاندا رەنگیان داوەتەوە و رادەستی نەوەکانی دواتر دەکرێن. چەمکی "کەلتوور" هەرگیز تاقە مانایەکی نییە و نەبووە. سەرەتا ئەم وشەیە مانای شێوازەکانی کێڵانی زەویی دەدا. بیرمەندانی سەدەی هەژدەم، کە کەلتوور و فۆرمەکانی پێشوەچوونی کۆمەڵگا و ئادەمیزادیان بەیەك دادەنا، تیۆریایەکی تایبەت و سەرنجڕاکێشیان بۆ کەلتوور دارشت. ناتورالیستەکان سەرچاوەی کەلتووریان لە سروشتی "فیزیکی "ی مرۆڤدا دەبینی. ئایدیالیستەکان بایەخی کەلتووریان لە گەشەکردنی ئاکاریی مرۆڤدا دەدیت - لەو ئاستە مۆراڵییەی کە پێیگەیشتووە.

لە کاتی ئێستادا، چەمکی "کەلتوور" قورساییەکی سیمانتیکیی زۆر گەورەی لەسەرە. کۆمەڵناسێکی ئەمەریکی بەلای کەمەوە ٥٠٠ مانای بۆ ئەم چەمکە دۆزیوەتەوە. کەلتوور

---

* ئەم بابەتە بەشێکە لە کتێبی ((سۆسیۆلۆگیای سیاسی)) کە لە رووسیا، لە رۆستۆڤ نادانوو، ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن چەند پسپۆرێکەوە نووسراوە.

دەچێتە نێو قەوارەی ئێتنۆلۆگیا، سۆسیۆلۆگیا، مێژوو، کەلتوورۆلۆگیا، بە کورتی — هەموو زانستە مرۆییەکان؛ هەروەها دەچێتە نێو نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاوە.

کەلتوور، سەبارەت بە سیستەمە کۆمەڵایەتی و کەسایەتییە هەمەجۆرەکان، فاکتەرێکی بابەتییە (Objective). لە هەمانکاتیشدا ئەندامانی کۆمەڵگا لە پرۆسەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆیاندا بەشێك یان چەند بەشێك لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی خۆیان دەگۆڕن. لە ئەنجامدا کەلتوور وەکو سیستەمێکی نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگا کاری خۆی دەکات، گەشەدەسێنێ و دەگۆڕێ.

بەم جۆرە، دەتوانین کەلتوور بەسەر دووجۆر توخم دابەش بکەین: توخمی جەوهەری (Substance) و توخمی وەزیفی (Functional). توخمە جەوهەرییەکانی کەلتوور، وەکو: بەهاکانی (ئابووری، سیاسی، فەلسەفی، کەلتووری، پەروەردە و فێرکردن...هتد)؛ هەروەها نەریتەکانی (ئاکار، رەوشت، ترادیسیۆن، رێورەسمی پەرستن...)؛ دامەزراوەکانی (زانکۆ، کتێبخانە، سینەما، شانۆ، موزەخانە...). توخمە وەزیفییەکانیش وەکو: دەست بەسەرداگرتن، دروستکردن، بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی بەها کەلتوورییەکان.

چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان کەلتوور و سیاسەتدا، چۆن کار لە یەکدی دەکەن؟

بەرهەمهێنانی کەرستەی ماددی — ئەو بنەمایەیە کە بینای کۆمەڵایەتی و دەوڵەت، هەروەهاش سەرلەبەری ژیانی مەعنەویی کۆمەڵگای لەسەر دادەمەزرێن و گەشەدەکەن.

کەلتوور — بریتییە لە دەرئەنجامی کارکردنی تەواوی فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتی-ئابووری، سیاسی و ئیدیۆلۆگی. لە سیاسەتدا تەنیا هاوسەنگیی هێزەکان و پرۆسە سیاسییەکان دەرناکەون، بەڵکو جیهانبینیش کە لە ماوەی پرۆسەی مێژووییدا لە چوارچێوەی کەلتووردا دروستبووە — ئەویش رەنگدانەوەی دەبێ. سیاسەت بەشێکە لە کەلتوور، چونکە لەناو چالاکییە سیاسییەکاندا هەندێ لە بەهاکان و هەندێ لە شێوازەکانی رەفتاریش بەدی دەکرێن.

لە پرۆسەی مێژوویی پەرەسەندنی هاوپەیوەندارێتیی سیاسەت و کەلتووردا دەردەکەوێت کە کارلێککردنی پرۆسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری، بەگوێرەی هەلومەرج و بارودۆخی هەر وڵاتێك، شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرێ. پرۆسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی



دەکرێ پێش پرۆسەی کەلتووری بکەون، یان بەپێچەوانەوە — پرۆسەی کەلتووری پێش سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەوێ.

دەسەڵات — ئەمە دیاردەی سەرەکیی جیهانی سیاسەتە؛ لە هەمانکاتدا دەشێ وەکو بەشێکی جیهانی کەلتووریش سەیر بکرێ. تەماشاکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە روانگەی کەلتوورەوە، باشتر لەوە دەگەین کە کامە دەسەڵات، بە چ رادەیەك، کەی و بۆ کێ نرخ و بایەخی هەیە. بەبێ روونکردنەوەی هاوپەیوەندارێتیی نێوان بەهاکان، وەکو: دەسەڵات و موڵکایەتی، دەسەڵات و ناوبانگ (پرستیژ)، دەسەڵات و قودسییەتی ئایینی و مۆراڵ، دەسەڵات و ئەدەبیات...هتد — بەبێ ئەمە ناتوانین لە پرۆسەی سیاسیی راستەقینە بگەین.

هاوپەیوەندارێتیی کەلتوور و سیاسەت مەحکومە بە جیاوازیی کەلتووری. جیاوازیی کەلتووری — ئەمە جیاوازییە لە وێناکردنی واقیع، جیاوازییە لە هەڵسەنگاندن، کەواتە — جیاوازییە لە شێوازی کارکردن. جیاوازیی کەلتووری لە کات و لە شوێندا رێگەمان دەدات لەوە بگەین کە بۆچی هەندێ سیستەمی سیاسی لەگەڵ بارودۆخێکدا گونجاوبووین، لە بارودۆخێکیتردا هەرەسیان هێناوە.

هەرگیز نابێ کەلتوور وەکو "حاڵەت " تەماشابکەین، بەڵکو پرۆسەیەکی کارکردن و چالاکییە. "چالاکی" چەمکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە کەلتوور، وەکو: بە چ شێوەیەك هاوپەیوەندارێتی و کارلێککردنی نێوان کەلتوور و سیاسەت دەردەکەون لە پرۆسەی بەرێوەچوونیاندا؟ هاوپەیوەندارێتی و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە دەکرێ لە چەندین ئاستدا روودەن : لەئاستی شارستانی، قۆناغ، وڵات، ناوچە...هتد.

هاوپەیوەندارێتیی کەلتوور و سیاسەت لە ئاستی شارستانیدا - مێژوو (بەگوێرەی ئا. تۆینبی) زیاتر لە ٢٠ شارستانییەتی لۆکالی (ناوچەیی) ژماردووە. لە رۆژی ئیمرۆدا، وەکو باوە، پێنج شارستانییەت حسێبیان بۆ دەکرێ: رۆژئاوایی مەسیحی (کاتۆلیکی و پرۆتستانت)، مەسیحیی ئۆرتۆدۆکسی، هیندی (هیندۆ — بوودی)، رۆژهەڵاتی دوور (چینی —کۆنفۆشیۆسی) و ئیسلامی (عەرەبی —ئیسلامی). بەم جۆرە، نەخشەی ئێستاکەی جیهان هێشتاکە دوورە لەوەی پێی بڵێین نەخشەی گشت شارستانییەتەکانی مرۆڤایەتی. ئەمەی دوایی ئەوا دەستپێکردووە دروست دەبێ و، لە داهاتوودا، بەهای هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی (تیایاندا بەهای سیاسیش) ئەم جۆرە نەخشەیە دادەمەزرێنن — کە ئێستا دەتوانین تەنیا مەزەندەی بۆ بکەین.

لە کاتی ئێستادا، لەوەدەچێ، ڕۆژئاوا لە خەبات دایە بۆ مانەوەی خۆی و شارستانییەتەکانیتری خستوونەتە کونجێکەوە (بە یەکێك لە ڕێگەکان - میکانیزمی نیۆکۆلۆنیالیزمەوە) و لە نێو تۆڕەکانی پێشکەوتنە ئابووری و سیاسییەکانیدا سەری لێ شێواندوون (بەپێداگیرییەوە ئینستیتووتەکانی خۆی بۆ دیموکراتیا و مافی مرۆڤ دەسەپێنێ بەسەر هەموو بەشەکایتری جیهاندا)، بەڵام هێشتا نەیتوانیووە تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانیان لێ بسەنێتەوە (لە هەمانکات نەریتی نەتەوەیی و سیاسیشیان).

لە ئاستی شارستانیدا، دوو ڕێگە هەیە بۆ کارلێککردنی کەلتوور و سیاسەت: ١- گەشەکردن، ٢- شۆڕشگێڕی. یەکەمیان پەیوەستە بە هاوپەیوەندارێتیی نێوان کەلتوور و سیاسەت لەناو شارستانییەکەدا. ئەمە لە میانی گۆڕانێکی ئاساییانەی کەلتوور خۆی ڕوودەدات، سەرپۆشە دەوڵەتی و سیاسییەکەش بە شێوەیەك خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا دەگونجێنی. کەچی لە ڕێگەی دووەمدا گۆڕانکاریی سیاسی پێش کەلتوورییەکە دەکەوێ، بوارە دەوڵەتی - سیاسییەکە هاندەر و ڕێخۆشکەر دەبێت (یان تەنانەت ورووژاندن " ئیستیفزاز "یش دەکات) بۆ گۆڕانی کەلتووری؛ لێرەشدا هاندەرە سەرەتاییەکانی گۆڕان هەمیشە لە کەلتووری (شارستانییەتەکانی) ترەوە دێن. لە ناوەڕۆکیشدا ڕێگەی شۆڕشگێڕی فۆڕمێکی توندوتیژییە دژ بە کەلتووری بێگانە، ڕەتکردنەوەی کارلێککردنی پلورالیستانەی گەشەپێکردنی کەلتووری مرۆڤایەتیی هاوبەشە.

لە پرۆسەی کارلێککردنی شۆڕشگێڕانەی کەلتوور و سیاسەتدا دەستدرێژیی توندوتیژانەی شارستانییەتێك ڕوودەدات بۆ دەست بەسەرداگرتنی قەوارەی سیاسیی یەکێکی تر و، دواتریش، نەهێشتنی سیما و تایبەتمەندییەکانی. ئەمە وەکو ڤایرۆسێك دەبێت کە دەچێتە نێو شانەیەکی زیندوو بۆ لەناوبردنی. توندوتیژانە خزینە ناو قەوارەی سیاسیی شارستانییەتێك بە مەبەستی گۆڕینی کۆدە کەلتوورییەکەی، تێکشکاندنی ناوەڕۆکی کەلتوورێکی بێگانە هەموو جارێك نابێتە بەڵگەی بەهێزی و سەرکەوتنی دەستدرێژکەر؛ بەپێچەوانەوە، ئەمە دەبێتە گەواهی ناتەواوی لە هەڵوێستە کەلتوورییەکانیدا — یانیش بە ئاشکرا هەڵوێستی دژەکەلتووری.

هاوپەیوەندارێتی و کارلێککردنی کەلتوور و سیاسەت لە پرۆسەی چەسپاندنی بەها مرۆییە هاوبەشەکاندا فۆڕم و شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرێ. ئەم پرۆسە و فۆڕمەکانی سۆزی ئاسمانێکی بێ هەور بە مرۆڤایەتی نادەن، بەڵکو ئەمە ڕێگایەکی سەختە. بە شێوەیەکی تازە وروژاندنی



کێشەی هاوپەیوەندارێتیی کەلتوور و سیاسەت لە جیهانی سەردەمدا — جیهانێك تیایدا گەیشتن بەیەك و تێکەڵاوی لە ڕادەبەدەر، بەهێزکردنی هاوپەیوەندارێتی، ئالوگۆڕکردنی زانستی و کەلتووری و زانیاری، هەروەها یەکتر دەوڵەمەندکردن بە ڕێگەی بەها مرۆییە هاوبەشەکانەوە. لە ئەنجامی گەشەکردنێکی زۆرانبازانەی جیهان و ڕەهاکردنی بۆچوونی چینایەتیدا، وڵاتی ئێمە لە هەموو ئەو دەسکەوتانەی مرۆڤایەتی، کە لە ماوەی سەدەکاندا وەدەستی هێنابوون، زۆری لەدەست چوو. دەسکەوتەکانیش : نۆڕمە ئاساییەکانی ئاکاری و دادپەروەری، پرەنسیپەکانی یاسای فەرمی، واتە یەکسانبوونی هەمووان لەبەردەم یاسادا، ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس و...هتد. بەها ڕۆحییەکان چیتر ناتوانن وەکو ئاسەواری دێرین تەنیا بۆ تۆژەران بمێننەوە، بەڵکو دەبێ بە گوێرەی بایەخی مرۆڤایەتیانەی خۆیان ستاتووسی بەهای کەلتووری وەرگرن.

هاوپەیوەندارێتیی کەلتوور و سیاسەت هەروەها لە ئاستی قۆناغی مێژووییشدا دەبێ. بۆ هەر قۆناغێکی کۆمەڵایەتی — ئابووری بەکارهێنانی میراتی کەلتووری تایبەتمەندیی سیاسیی خۆی هەیە، لەم پرۆسەیەشدا دەبێ هەمیشە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕێگاکانی گەشەکردنی کەلتووری گەلێك زۆر و هەمەجۆرن. سەبارەت بە پەیوەندیی میراتی کەلتووریی کۆن بە سیاسەتەوە، دوو بۆچوون هەیە. یەکێکیان، ڕازی نەبوون بە بەکارهێنانی توخمەکانی کەلتووری کۆن وەکو خۆیان، هەوڵدان لە ژێر دروشمی ڕازیبوون بە میراتی کەلتووریی کۆن بۆ زیندووکردنەوە و گونجاندنی فیکری کۆنپەرستی، ترادیسیا و نەریتی نەتەوەیی، پاشماوەی کۆن لە ژیار و لە سایکۆلۆگیای خەڵکدا. ئەویتریشیان، ڕەتکردنەوەیەکی چەپڕەوانەی هەموو بەها کەلتوورییەکانی ڕابردوو تەنیا لەبەر ئەوەی ئەمانە لە کۆمەڵگای پێشتر دروستبووین و سەربە ڕابردوون. بەم جۆرە، لە وڵاتی ئێمەدا هەڵوێستێکی نیگەتیڤانە سەریهەڵدا بەرامبەر بە ڕۆشنبیران (ئینتیلیگێنسیا)ی پێشوو، "ڤیتۆ " دانرا لەسەر بەرهەمەکانیان، کە ئێستا ئەوا حسێبیان بۆ دەکرێ - ئەمەش لە بیبلیۆگرافیای کەسانی وەك م. بولگاکۆڤ، ئی. بابێل، ئێ. زامیاتین و زۆرانیتریش دەردەکەوێ. کۆچکردنی ٢-٢,٥ ملیۆن کەس کە زۆربەیان دوژمنی دەسەڵاتی سۆڤیەتی نەبوون، زیانێکی قەرەبوونەکراوەی بە کەلتووری تازەدروستبوو گەیاند. گەورە نووسەر و شاعیری وا کۆچیانکرد وەکو: ئی. بوونین، ئا. کووپرین، م. سڤێتاییڤا، بیرمەندانی گەورەی موزیکی نیشتیمانی ف. شالیاپین و س. ڕاخمانینۆڤ؛ گەورە فەیلەسووف و زانای سروشتی و ئەندازیار لە وڵات دەرکران؛ ن. گومیلییێڤ و کەسانیتر گیانیان لە دەستدا.

زۆر بە جیددی مەسەلەی داخستنی تیاترۆی گەورە (بەلشۆی تیاتر) لە ئارادا بوو - تەنیا بە هەوڵ و تەقەلای ئا. ڤ. لوناچارسکی رزگاربیوو. گرووپی مخات (MXAT) بۆ سەفەرێکی درێژ بە رێکرا...هتد.

چالاکیی کەلتووری تەنیا وەرگرتنی بەها کەلتوورییەکانی رابردوو نییە، بەڵکو توخمی سەرەکیی ئەو چالاکییە بریتییە لە توانای مرۆڤ لە داهێنانی بەهای نوێ. داهێنانی بەهای کەلتووریی نوێ - ئەمە چالاکییەکی داهێنەرانەی بەهرەمەندی مرۆڤە کە لە هەندێ دیاردەی چۆنایەتی و چەندایەتیدا خۆی دەنوێنێ، چونکە ئامانجی راستەقینەی کەلتوور، لە ئەنجامدا، بریتییە لە دەرخستنی بەهرەی داهێنانی تاکەکەس و گەشەپێکردنی کەسایەتییەکەیەتی.

لە بواری وڵاتناسیدا، چەندین مۆدێلی هاوپەیوەندارێتیی کەلتوور و دەسەڵاتی سیاسی لە پرۆسەی چالاکیی کەلتووریدا هەن. ئەمەش رادەوەستێت لەسەر کۆمەڵێك فاکتەری مێژوویی، کۆمەڵایەتی — سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی و گەلێکیتریش. دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێك، کە پەیوەندیی خۆی بە کەلتوورێکەوە دیاریدەکات، دەورێك یان کۆمەڵە دەورێك بۆخۆی دادەنێ — رەنگە بتوانین بڵێین دەورێکی وەکو: یاریدەدەر، ئەندازیار، تەلارساز یان پارێزەر.

ئێمە هەمیشە دەوڵەت وەکو ئەندازیار دەبینین کە تەواوی کەرستە و رێگەکانی پێشکەوتنی کەلتووری لەدەستخۆ گیرکردووە. دەوڵەت پشتیوانیی لەم شێواز و ژانر و رێبازە هونەرییانە دەکات کە بەشێوەیەك خزمەتی پەرژەوەندیی سیستەمە سیاسییەکەی دەکەن. سەرلەبەری سیاسەتی کەلتووری بەدەستی ئێلیتی فەرمانڕەوای فەرمیی دەبێ. باری ئابووریی هونەرمەند راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ئەندامەتیی لە رێکخراوە هونەرییە فەرمییەکان یان دەزگاکانیتری دەسەڵاتەوە. کەموکوڕییەکانی ئەم جۆرە سیستەمەش روون و ئاشکران: ملکەچبوونێکی تەواوی هونەر بۆ رێنمایی ئایدیۆلۆگی (ئەمەش چەند ئەلتەرناتیڤێك دێنێتەئارا، لەوانە — سەرهەڵدانی "وردە کەلتوور —Subculture " و "هونەری ژێرزەمین — نهێنی ").

لە دەوری یاریدەدەردا دەوڵەت، وەکو باوە، پشتگیریی هونەر دەکات بە گشتی، نەك تەنیا ژانرێك یان بوارێکی. ئەرکی دەوڵەت لەوە دایە کە ئاسانکاری بکات لە باج وەرگرتن بە مەبەستی دروستبوونی سەرچاوەی دارایی جۆراوجۆری دوور لە دەسەڵاتی مەرکەزی : فۆند، کۆمەڵە، رێکخراوەی خێرخواز، تاکەکەسان، کە هونەرمەندان خۆیان هەڵیاندەبژێرن بۆ پشتگیریکردن و پاراستنیان. باری ئابووریی هونەرمەند و دەزگای کەلتووری پشت دەبەستێت



بە، جگە لە قازانجی بلیت فرۆشتن، چێژ و گیرفانی سپۆنسەرانی ئازاد و سەربەخۆ. بۆ نموونە لە ئەمەریکا، ٣/٢ی پشتگیری دارایی هونەر لە یارمەتییە خێرخوازییە تایبەتییەکانەوەیە کە بەم جۆرە دابەشدەکرێت : ١٦٪ بۆ موزەخانە، ئۆرکێسترای سیمفۆنی - ١٦، دراما -١٣، بالێت — ٨، ئۆپیرا — ٨، موزیك — ٧، کتێبخانە — ٧، سەنتەری کەلتووری — ٥، رادیۆ و تەلەڤزیۆن — ٤٤ و هەندێ لە پرۆگرامەکانیشی — ٤، پەروەردەی ئیستێتیکی — ٣. بۆ پاراستنی ئاسەوارەکان، پیشە میللییەکان، سینەمای نابازرگانی، شیعر...هتد، کەمتر لە ١٪ تەرخانکراوە.

بەپێچەوانەی بۆچوونی خەڵك، سپۆنسەرە هەرەدیارەکان لە ئەمەریکادا کۆمەڵە و یەکێتییە زلەکان نین، بەڵکو فیرمە بچووك و مامناوەندییەکانن کە نزیکەی ٧٠٪ ی پارە و یارمەتییەکانیتر دابین دەکەن — ئەو کۆمپانیایانەی مەبەستیانە ناوبانگی خۆیان بپارێزن لە نێو خەڵکی ناوچەکاندا. لەم ساڵانەی دواییدا، پارەدابینکردن لەلایەن کۆمەڵەکانەوە لە یابان بەتوندی پێشدەکەوێ.

لە مۆدێلی پاسەوان یان پارێزەریشدا، دەوڵەت تەنیا بودجەیەك دادەنێ و بەرپرس نابێ لە چۆنیەتی خەرجکردنی — لێژنەیەك ئەم بەرپرسیاریەتییە لە ئەستۆ دەگرێ. پرەنسیپیی "درێژکردنی دەستی یارمەتی " لەوە دایە کە خەڵکانی سەرکردایەتیی وڵات و سیاسییەکان ئەندام نابن لە لێژنەی خەرجکردنی بودجەدا و دووردەبن لە رەوتی سەرفکردنی ئەو بڕەپارەیەی بۆی تەرخانکراوە. مەڵبەند و لانەی دەوڵەتی پارێزەر - بریتانیایە کە لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەو مۆدێلەی داهێنا. لێژنەی تایبەت بە هونەر لە بریتانیا و هاوشێوەکانی لە سکۆتلاند، وێلز و باکووری ئایرلاند ساڵی ١٩٤٥ دامەزران. ئەرکی سەرەکیی ئەم لێژنەیە پێکهاتبوو لە دابەشکردنی یارمەتیی ماددی بەسەر هونەرمەندان و گرووپە و دەزگا کەلتوورییەکاندا.

هەرچی مۆدێلی تەلارسازە، ئەوا دەوڵەت لێرەدا یارمەتیی دارایی کەلتوور و هونەر دەدات لە رێگەی دەزگایەکی فەرمییەوە (وەزارەت یان دەزگایەکی کەلتووری) و فەرمانبەران پارەکە دابەش دەکەن. لەبەر ئەوەی دەوڵەت داهێنانی هونەری وەکو بەشێك لە پرۆگرامی کۆمەڵایەتیی خۆی لێکدەداتەوە، بۆیە جەخت دەکاتە سەر هونەری جەماوەری نەك هونەری "بەرز ". بێگومان، دینامیکای سیاسەتی کەلتووری بە رادەیەکی زۆر وەستاوە لەسەر رێبازە سیاسییە گشتییەکە. مۆدێلی تەلارساز دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمەی کە لە مۆنارخیاکانی

ئەورووپی لە سەدەکانی حەڤدە — نۆزدەدا هەبوو. ئەم مۆدێلە نزیکەی تا ساڵی ١٩٣٢ لە وڵاتی ئێمەدا باوبوو؛ ئێستاکەش لە فەرەنسا، سوید، دانیمارك، ئیسپانیا و هۆڵاند پەیرەودەکرێ.

ئاستی هەرەگرنگی چالاکیی کەلتووری لە فراوانبوونی و بلاوکردنەوەی بەها رۆحییەکان دایە. ئەوەی لە کاتی ئێستادا بایەخێکی تایبەتیی هەیە، ئەوەیە کە نەك کەلتوور چی بە کۆمەڵگا دەبەخشێ، بەڵکو کۆمەڵگا چی دەدات بە کەلتوور و چ جۆرە هەلومەرجێك دەرەخسێنی بۆ گەشەپێکردن و بلاوکردنەوەی کەلتوور.

لە سیاسەتی دەوڵەتی ئێمەدا ماوەیەکی درێژ ئەوەی پێی دەگوترا "پرەنسیپی پاشماوە " زاڵبوو؛ دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەمە ئێستاکەش هەر ماوە. لە ماوەی ئەو چەند دەساڵەی رابردوودا خەرجییەکانی لایەنی کەلتووری هەر وەکو خۆیانن، دەستکاریی نەکراون: لە بودجەی دەوڵەتدا بڕەپارەی تەرخانکراو بۆ بوارەکانی کەلتووری بریتییە لە تەنیا ١٪، کەچی زێتر لە نیوەی ئەمە سەرفدەکرێ بۆ تەلەڤزیۆن، رادیۆ، سینەما و چاپەمەنی. دانیشتووانی زۆربەی ناوچەکانی وڵات دەتوانن تەماشای تەنیا یەك کەناڵی تەلەڤزیۆن بکەن؛ ٥٩ یەکەی ئیداریی گەورە، کە ژمارەی دانیشتووانیان دەگاتە زێتر لە ١٠٠هەزار کەس، شانۆیان تیا نییە...هتد.

پرۆسەی چالاکیی کەلتووری هەروەها کردەی بەکارهێنانی بەها رۆحییەکانیش دەگرێتەخۆ؛ هەر لە رەوتی ئازارە رۆحییەکاندایە کە من دەتوانم بگەم بە هەست و ناخی خەڵکانیتر. سیاسەت لە بەکاربردنی بەها کەلتوورییەکان دەبێ ئاراستەکراو بێت بەرەو وەرگرتنی، وەکو چۆن بەهای کەلتووریی رابردوو، ئاواش بەهای کەلتووریی نوێ.

ئەمە بوو هەندێ لایەنی هاوپەیوەندارێتی و کارلێککردنی کەلتوور و سیاسەت لە ئاستەکانی شارستانییەت، قۆناغی مێژوویی، وڵاتناسیدا و لە پرۆسەی وەرگرتن، بلاوبوونەوە و بەکارهێنانی بەها کەلتوورییەکاندا.

***

لە زانستی سیاسیی نیشتیمانی و دەرەوەدا رای جۆراوجۆر هەن سەبارەت بەوەی کەلتووری سیاسی چی دەگەیەنێ. چەمکی " کەلتووری سیاسی " بۆ یەکەمین جار فەیلەسووف و رۆشنگەر (منور)ی ئەڵمان ئی. هێردەر لە سەدەی هەژدەدا بەکاریهێناوە. لە ئەنجامدا،



بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەم چەمکە چالاکانە لەلایەن قوتابخانە زانستییە جۆراوجۆرەکانەوە بەکارهاتووە. زێتر قووڵبوونەوە لە ناوەڕۆکی کەلتووری سیاسی لە کتێبی زانای ئەمەریکی ە. ئالمۆند بەناوی "بەراوردکردنی سیستەمە سیاسییەکان " (١٩٥٦) دابوو. دواتر، کارکردن لەسەر تیۆریای کەلتووری سیاسی بەجۆرێکی سەرەکی لەلایەن ئەمانە بوو: س. ڤێربا، م. دیوڤێرژ، م. کروزیێ و زۆریتریش. کۆمەڵناسانی خۆشمان لە ساڵانی حەفتاکانەوە چالاکانە چوونە نێو بابەتی کەلتووری سیاسییەوە.

بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی چەمکی کەلتووری سیاسی روون بکەینەوە، پێویستە لە سترۆکتوورەکەیەوە بڕوانین. هەر کەلتوورێك بریتییە لە یەکبوونێکی ئۆرگانیکانەی هوشیاری و رەفتار. کەلتووری سیاسی تایبەتمەندییە چۆنایەتییەکانی هەموو ژیانی سیاسی رەنگدەداتەوە، بۆیە نابێ کەلتوور ببەستینەوە بە تەنیا هەندێك لە دیاردەکانی ئەم بوارەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە.

لە سترۆکتووری کەلتووری سیاسیدا چەندین توخم دەردەکەون:

- توخمی مەعریفی - مەعریفەی سیاسی، رۆشنبیریی سیاسی، هوشیاریی سیاسی، شێوازەکانی بیرکردنەوەی سیاسی.
- نرخاندنی مەعنەوی - هەستیاریی سیاسی، ترادیسیا، بەها، ئیدیاڵ، باوەڕ.
- رەفتار - هەڵوێستی سیاسی، شێوە و فۆڕمەکانی، ستایل، نموونەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتی ـــ سیاسییەکان، رەفتاری سیاسی.
- ئاراستەی گشتیی کەلتوور - هەڵوێست بەرامبەر بە دەسەڵات، بەرامبەر بە دیاردە سیاسییەکان.

بە کورتی لەسەر هەریەکێك لەم توخمانەی سترۆکتووری کەلتووری سیاسی دەوەستین.

توخمی مەعریفی دەورێکی گرنگی هەیە لە کەلتووری سیاسیدا، چونکە زانین و تێگەشتن لە پەرژەوەندییە سیاسییەکان بۆ خەڵك دەرەخسێنێ — پەرژەوەندیی تاك، کۆمەڵ، دەوڵەت، کۆمەڵایەتی، ناوچەیی، جیهانی؛ هەروەها دەستوور و یاساکانی وڵات، پرۆگرامەکانی حیزبە سیاسییە سەرەکییەکان و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیتر؛ پەیوەندییە سیاسییەکانی ناوەوەی وڵات، دیاردە و رووداوە سیاسییەکان. ئەمانەش دەچنە نێو قەوارەی مەعریفەی سیاسییەوە: ناوەڕۆك و ئەرك و سترۆکتوری گرنگترین رێکخراوە و دەزگا دەوڵەتی و حیزبی و کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان؛ دیارترین نۆرم و دەستوبردە سیاسییەکان؛ فۆرم و شێوازەکانی

بەشداریی هاوڵاتیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی — سیاسیدا بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت؛ پڕۆسە سیاسییە سەرەکییەکانی نێودەوڵەتی.

هەستیاریی سیاسی، نەریت (ترادیسیا)، بەها، ئیدیاڵ، باوەڕ - دەتوانن وەسفکردنێکی گرنگی لە رادەبەدەر بۆ کەلتووری سیاسی بکەن — لێرە مەبەست توخمی (نرخاندنی مەعنەوییە) لەناو سترۆکتووری کەلتووری سیاسیدا. نرخاندن، پەیوەندیی تاکەکەسیانە و کەسایەتیانەی مرۆڤ دەردەبڕێ بەرامبەر بە دیاردە سیاسییەکان و دەسەڵات — ئەوەش بایەخێکی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەم جۆرە پەیوەندییە کەسایەتییە بیرمەندییە مرۆڤ دەکات بە کەسێکی سیاسی.

لە دروستبوونی نموونەکانی رەفتاری سیاسیدا نەریتە سیاسییەکانی کۆمەڵگا، چین و یەکێتییە کۆمەڵایەتییەکانیتر، تاکەکەسان رۆڵی گرنگ دەبینن. نەریتەکان بە دوو رێگەی سەرەکی دەردەکەون: پڕۆسەی رادەستکردن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر و پڕۆسەی دووبارەبوونەوە. رادەستکردن بریتییە لە خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆگی و هەستیاری و مۆراڵیانەی رابردووی زیندوو لە کاتی ئێستادا. رادەستکردن لەسەر جۆری پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Sociolization) دەوەستێت — پێش هەموو شتێکیش خێزان و قوتابخانە. نەریتەکان دروستدەبن و رادەستدەکرێن لەناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی، لەناو یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی پتەو و یەکگرتوودا. لەم حاڵەتەشدا، مرۆڤ دەکەوێتە ژێرباری کارتێکردنێکی قووڵەوە، دەگونجێندرێ لەگەڵ شێوازەکانی رەفتار و بیرکردنەوەدا (حیزب، کۆمەڵە، یەکێتی).

هەموو چین، توێژ، گروپێکی کۆمەڵایەتی نەریت بەرهەمدێنن، بەکاریان دەبەن و گەشەیان پێدەکەن. بۆیە نەریتەکان سیمای چینایەتی، پیشەیی و، دوورتریش، توێژاڵی و رێکخراوەیی گونجێندراو وەردەگرن. هەر نەریتێك تەنیا لەناو کۆمەڵەکەی خۆیدا پەیڕەودەکرێت. زۆر لە نەریتە سیاسییەکان پشتیان بەستبوو و ئێستاش دەبەستن بە واقیعێکی دیاریکراوەوە، بە ئەزموونەکانی خەباتی سیاسییەوە.

دامەزرێنەر و هەڵگرانی نەریتە نەتەوەییەکان، لە بواری سیاسەتدا ئەمانە لە هەمانکات چین و توێژاڵ و کۆمەڵگان بە گشتی، وەکو باویشە سیاسەت پێوەرێکی نەتەوایەتییە. لە فەرەنسادا نەریتی خەباتی سیاسیی توند زاڵە، واتە نەریتێکی شۆڕشگێرانە. لە ئینگلتەرا، لە نێوان بورژازیا و زەحمەتکێشاندا، نەریتێکی سەرباشقە دروستبوو - کۆمپرۆمیسی سیاسی،



میانڕەوی، تەنانەت کۆنپارێزیش. لەم وڵاتەدا کۆمپرۆمیس (مساومە) لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بەکارهاتووە (فیۆداڵەکان لە خەباتیاندا دژی جوتیاران بەکاریانهێنا، هەروەها لە دژی بازرگانانی شار و بورژوازیای پیشەسازی، لە کاتی ئێستاشدا بەکاردێت بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکان لە نێوان زەحمەتکێشان و خاوەن کارگەکاندا). بێگومان، ئەمە وا ناگەیەنێ کە لەم وڵاتەدا شێوەکانی خەباتی توندوتیژ و چەکدارانە هەرگیز نەبووە (شەڕی چەندین ساڵەی ئایرلاندای باکوور).

ئەوەی بایەخێکی گەورەی هەیە لە رووسیای سەردەم و لەم قۆناغەی وەرچەرخانی مێژوویدا، رێی تێدەچێ هەندێ نەریت دەرکەون کە بە جۆرێك و بە شێوەیەك پەیوەندییان بە سیاسەتەوە هەبێت.

- لە بواری سیاسەتدا، بڕوا (یان پێچەوانەکەی — بێ بڕوایی) بە دەوڵەت، بە دەسەڵاتی سیاسی، بە چین و توێژی دەسەڵاتدار یان فەرمانڕەوا، بە ئێلیتی سیاسی؛ لایەنگیریی ئازادییەکانی تاکەکەسی و کۆمەڵی؛ سەربەخۆیی شارەوانی، چالاکبوونی کۆمەڵایەتی- سیاسیی دانیشتووان یان هەندێ لە توێژەکانی، بەشداریکردن لە دۆزینەوەی رێگاچارەی کێشە ناوچەیی و نەتەوەییەکان، تێگەیشتن لە ئامانجە نەتەوەییە هاوبەشەکان و خەباتی جەماوەری لەم بوارەدا، بەرهەڵستکاری و دەوربینین لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی نوێنەرایەتیدا.

- لە بوارەکانی فۆرم و شێوازەکانی خەباتی سیاسیدا — پیادەکردنی ئاستێکی شارستانیانە لە گفتوگۆ و دەمەتەقێدا، گوێگرتن لە بەرامبەر، سەلماندن یان گۆڕینی باوەڕ بەیاریدەی بەڵگەی عەقڵانی، هونەری موساوەمە، موناوەرە و هاوپەیمانێتی، شێوازی کاریگەری فشار خستنە سەر دەسەڵاتی یاسادانەر و جێبەجێکار و حیزبە سیاسییەکان، بەکارهێنانی راگەیاندن و ئامێرەکانی پەیوەندیی جەماوەری، رێپێوان، کۆمەڵبوون، کۆبوونەوە، سیمینار، بزاوتی جەماوەری بۆ داکۆکیکردن لە داواکاری و پەرژەوەندییەکان، ((وەدەستهێنانی پشتگیریی شەقام))، مانگرتن — ناوچەیی، نەتەوەیی، ئابووری و سیاسی، پەنابردنەبەر شێوازی خەباتی هەرەکاریگەر؛ ئامادەباشی، هاوکاری، هەماهەنگی " هاوپەیمانێتیی کۆمەڵایەتی.

- لەبواری رێکخراوەییدا — واتە، کۆمەڵبوون لەسەر بنچینەی جێگەی نیشتەجێبوون و شوێنی کارکردن؛ دامەزرانی کۆمەڵەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و نواندنی چالاکی

(ژیانێکی رێکخراوەیی چڕ)، پتەوی و جێگیریی رێکخراوەیی، جۆراوجۆریی بوارەکانی کاری رێکخراوەیی؛ هاوکاری و خزمەتکردنی خەڵکانی نزیکیان.

- لە بواری ئایدیۆلۆگیدا - — رەتکردنەوەی ناعەقڵانییەت، ئایدیالیزم، باوەڕ (ئایینی و دنیایی)، بزووتنەوە لە پێناو جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت و لە قوتابخانە، لێزانی لە بواری بەستنەوەی گەشەکردنی کەلتوورییەوە بە بزووتنەوە لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، هەڵوێستی رەخنەگرانە بەرامبەر بە واقیع، پێدانی گوزارشتی سیاسی بە نارەزایی سایکۆلۆگی، گەرانێکی عەقڵانی بە دوای رێگەی واقیعیی بەرەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بایەخدان بە گەشەکردنی سیاسی، یاسایی و کەلتوورییانەی دانیشتووان، ئینتەرناسیۆنالیزم (یان، بەپێچەوانەوە، ناسیۆنالیزم، شۆڤینیزم، "تایبەتمەندیی نەتەوەیی "، هەروەها هەست بەکەمیکردنی نەتەوەیی کە شێوەی نەخۆشیی (پاتۆلۆگی) وەرگرتووە.

ستڕوکتوری کەلتووری سیاسی بریتیی نییە لە تەنیا توخمەکانی هوشیاریی سیاسی. بەڵکو هەروەها، توخمی رەفتاریی یەکجار گرنگیشی هەیە کە خۆی دەردەبڕێ لە بەشداریکرنی هوشیارانەی هاولاتیان لە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە و بەڵگەنامەکانی حکومەت و حیزبەکان، لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەسەلاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، کارکردن لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەولەت و رێکخراوە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکان (لە ئاستی ناوچەیی یان گشتی)، لە چالاکییە شێوەکانیتری کۆمەڵایەتی- سیاسی، کۆمپانیا، کاروباریتر، ئەندامەتیی لەناو پارتە سیاسی و رێکخراو و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکاندا.

لایەنێکی هەرەگرنگی توخمی رەفتاریی کەلتووری سیاسی، رەوشی ئاسایی سیاسییە لە کۆمەڵگادا، رەوشی سیاسی — بریتییە لە هەڵوێستی تاکەکەس بەرامبەر بە دیاردە سیاسییەکانە؛ ئەم رەوشە یاریدەدەرە بۆ پیادەکردنی وێنا و بەهاکان لە بوارەکانی جێبەجێکردندا. نموونەیەکی رەوشی سیاسی کە تایبەتمەندیی هەندێ کەلتووری سیاسی دەردەخات — هەڵوێست بەرامبەر بە سەرکردە سیاسییەکانە. ئاراستەی کەلتووری سیاسیی بەریتانی بەرەو ئەوەیە کە خەڵك حیزبە سیاسییەکان هەڵبژێرن نەك سەرکردەی سیاسی. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمەریکیدا خەڵکی ئاراستەدەکرێن بەرەو کەسایەتیی پاڵێوراو بۆ ئەم پۆستە نەك بەرەو حیزبە سیاسییەکەی. بە کەسایەتیکردنێکی (Personification) بەهێزی دەسەلات لە کەلتووری سیاسیی هیندوستان دایە — لەوێ حیزبە سیاسییەکان خەڵکی ناودار دەکەن بە پاڵێوراوی خۆیان، بەتایبەتیش نمایشکارانی سینەما.



توخمێکی ستڕوکتووری و سەرەکیی کەلتووری سیاسی پێکهاتووە لە ئاراستەی گشتیی کەلتووری: جیهانبینی، هەڵوێست بەرامبەر بە دەسەلات و بەرامبەر بە هەندێ دیاردەی سیاسی. جۆر و تایبەتمەندیی ئاراستە کەلتوورییەکان جێگەی دیاردە سیاسییەکان لەناو ستڕوکتوری بەهاکانی کەسایەتی، گرووپە و کۆمەڵگادا دەردەخەن. بایەخی ئاراستەکانی جیهانبینی لەوە دایە کە پرەنسیپەکانی مرۆڤ، لە هەڵوێستی سیاسیدا، تاچەند بەهاکانی تاکەکەسی یان کۆمەڵیی دەردەبڕن : ئایا نۆرمەکانی شارستانییەتی رۆژئاوایی یان رۆژهەلاتی پیادەدەکات، کاریگەریی دنیایی یان ئایینی بەسەرەوەیە، هەڵوێستی بەرامبەر بە توندوتیژی، لەگەڵ یان دژی هەڵوێستی ئایدیۆلۆگییە؟.

مرۆڤ هەڵوێستی جۆراوجۆری دەبێت هەروەها بەرامبەر بە دەسەلات. هەر کەسێك کە دەچێتە نێو ژیانی سیاسییەوە، چارەی نییە، هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ دەسەلات دەبێت لە رووی تواناییەوە بۆ دەرکردنی یاسا، دادگاییکردن و تواناکانی لە ناچارکردنی خەڵك بۆ جێبەجێکردنی نۆرم. دیاردە سیاسییە جۆربەجۆرەکان، لەناو بەها سیاسییەکانی کەسێکدا، سەنگ و قورساییان وەکویەك نابێت؛ ژمارەیەکی زۆری تۆژینەوەکان ئەوە نیشاندەدەن کە زۆربەی هەرەزۆری ئەمەریکاییەکان بایەخێکی ئەوتۆ نادەن بە سیاسەت و چالاکیی سیاسی. بەپێی زانیارییەکانی هـ. ئالمۆند و س. ڤێربا، تەنیا ٢٧٪ ئەمەریکایی بەرێکوپێکی چاودێریی رووداوە سیاسییەکان دەکەن.

بەم جۆرە ئێمە لەسەر هەندێ لایەنەکانی توخمە ستڕوکتورییەکانی کەلتووری سیاسی وەستاین.

کەلتووری سیاسی، لە پرۆسەی کارکردنی خۆیدا، چەندین ئەرك جێبەجێ دەکات:

- ئەرکی مەعریفی - چەکدارکردنی هاولاتی بە زانیاریی کۆمەڵایەتی- سیاسیی پێویست و دارشتنی بۆچوون و باوەڕی سیاسیی شیاو؛
- ئەرکی گەیاندن — رادەستکردن و بلاوکردنەوەی زانیاریی سیاسی، بەها و ئەزموونەکان (بەشێوەی ئاسۆیی) لە یێوان کەسەکان و (بە یێوەی ستوونی) لە یێوان نەوەکانی بەشداربووانی پرۆسەی سیاسیدا؛
- ئەرکی پەروەردەیی — دروستکردنی هوشیاریی سیاسی و شارەزایی لە بواری چالاکیی سیاسیدا لای هاولاتیان؛

- ئەركی یەكخستن - دابینكردنی بنكەیەكی كۆمەڵایەتیی فراوان و پتەو بۆ سیستەمی سیاسی كە لەلایەن كۆمەڵگاوە هەڵبژێردراوە؟

- ئەركی رێكخستن — زامینكردنی هەڵوێستی كاریگەری هاوڵاتیان بۆسەر پرۆسە سیاسییەكان؛

- ئەركی بەهایی — چەسپاندنی بەها، نۆرم، ئامانج و بزوێنەری سیاسیی پێویست لە كۆمەڵگادا.

كەلتووری سیاسی لە پرۆسەی گەشەسەندنی خۆیدا ئەركێكی یەكجار گشتی جێبەجێ دەكات - ئەركی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتیی سیاسیانەی تاك. بە كۆمەڵایەتیكردن Sociolization ئەمە پرۆسەیەكی كارتێكردنی رێكخراو و نارێكخراوی كۆمەڵگایە بۆسەر تاكەكەس بە مەبەستی دروستكردنی كەسایەتییەك كە پێداویستییەكانی ئەو كۆمەڵگایە جێبەجێ بكات. زۆربەی زانایان لەوەدا یەكن كە پێگەیاندنی سیاسی هەمیشە بەستراوەتەوە بەوەی كە تاك دەبێ ئەزموونە كۆمەڵایەتی و سیاسییە كەڵەكەبووەكانی كۆمەڵگا وەرگرێ، ئەوانەی لەناو نەریتە كەلتوورییەكان و بەهای گروپ و كۆمەڵەكاندا بەچڕی خۆدەنوێنن. پێگەیاندنی سیاسی — ئەوە چوونی مرۆڤە بۆ ناو سیاسەت، ئامادەكردنی ئەوكەسە و پەیوەستكردنی بە دەسەڵاتەوە بە ئەنجام دەگات بەگوێرەی ئەوەی كە لە پرۆسەی وەرگرتنی نۆرمەكانی كەلتووری فەرمانڕەوا و بەها و شێوازەكانی رەفتاری سیاسیدا تاچەند سەركەوتوو بووە.

گرنگترین دەزگاكانی پێگەیاندنی سیاسیی مرۆڤ بریتین لە: خێزان، سیستەمی پەروەردە، راگەیاندن، رێكخراوەی فەرمی و حیزبی و ئایینی، هەروەها هەندێ لە رووداوە سیاسییەكان. رۆڵ و بایەخی ئەم دەزگایانە لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا پەپێی بارودۆخ و هەلومەرجەكان دەگۆڕێن، دامەزرانی سیستەمی فرەحیزبی لە رووسیادا كاریگەریی رێكخراوە حیزبییەكانی لەم پرۆسەیەدا كەمكردەوە.

پێگەیاندنی سیاسیی سەرەتایی و پێشكەوتووی مرۆڤ هەمیشە لێك جیادەكرێنەوە. یەكەمیان بەستراوەتەوە بە كەسایەتیكردنی سیاسەت كە تیایدا یەكێكی سەر بە دەسەڵات دەبێتە نموونەی باڵا بۆ ئەوكەسە و هۆی پەیوەندیكردنی بە سیستەمی سیاسەتەوە؛ دووەمیان پەیوەستە بە شێوازەكانی وەرگرتنی زانیاریی سیاسی و توانای كەسایەتییەكان لە داهێنانی بەها و نۆرم و رەوشی سیاسیی جۆراوجۆر.



مرۆڤایەتی لە مێژووی چەندین سەدەی خۆیدا تیپی جۆراوجۆری كەلتووری سیاسیی داهێناوە: لە روانگەی كۆمەڵایەتی ــ مێژووییەوە (قۆناغەكان) — كۆیلەداری، فیۆداڵی، سەرمایەداری، سۆشیالیستی؛ لە روانگەی كۆمەڵایەتی ــ چینایەتییەوە — بورژوازیا، زەحمەتكێشان (كرێكار، جوتیار، رۆشنبیران)، گروپی كۆمەڵایەتی؛ لە روانگەی ئاراستەی سیاسییەوە — باوكسالاری، چینداری، تەبەعییەت، ئەكتیڤیست، دیموكراتی؛ لە روانگەی مێژوویی ــ ناوچەییەوە — بەر لە پیشەسازی، ئەوروپی، ئەنگلۆ ئەمەریكایی و...هتد.

شانبەشانی تیپە جیهانییەكانی كەلتووری سیاسی لە كۆمەڵگایاندا، هەروەها كەلتووری سیاسیی هەندێ گروپەی كۆمەڵایەتی، ئێتنیكی، ئایینی و ناوچەیی دروستدەبن كە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە رووی پەرژەوەندی و بۆچوونەكانیانەوە؛ وەكو باوە، بەمانە دەڵێن وردە كەلتوور (Subculture)ی سیاسی. لە ئەدەبیاتی كۆمەڵایەتی ــ سیاسیدا وردە كەلتوور بریتییە لە كۆمەڵی ئاراستە سیاسییەكانی خەڵكێكی زۆر لە نێو قەوارەی كەلتوورێكدا كە، بەلای كەمەوە، جیاوازن لە ئاراستە كەلتوورییە باوەكانی ناو كۆمەڵگا. نموونەی وردە كەلتوور- ستایلی بیركردنەوە و رەفتاری سیاسییانەی خەڵكی شارەكانی مۆسكۆ و سانكت پێترسبۆرگ یان ریازان و تڤێر كە لەسەر بنچینەی هەندێ جیاوازیی كەم لە ئاراستە و چالاكییە سیاسییەكاندا دروستبووین؛ هاوكات وردە كەلتوورەكانی زۆربەی دانیشتووانانی دەوڵەتانی باڵتیك و ئاسیای ناوەڕاست كە جیاوازی و تایبەتمەندیی زۆریان هەیە. وەكو سیمایەكی وردە كەلتووری سیاسیی رەشپێستەكان تۆژەرانی ئەمەریكایی سەرنجیان داوە كە ئەمانە باوەڕی زێتریان هەیە بە حكومەتی فیدراڵی (بە بەراورد لەگەڵ باوەڕیان بە حكومەتانی ولایەتەكان)، هەروەها رەشپێستەكان زێتر و ئاشكراتر پشتگیریی بەرنامە كۆمەڵایەتییەكانی حكومەت دەكەن.

كەلتووری سیاسی لە هەلومەرجەكانی سەردەمی ئێستادا چۆن دروستدەبێ؟ بە رێگەی ئەو چالاكییانەوە كە لەلایەن دەوڵەت، حیزبی سیاسی، كەنیسە، راگەیاندن، رێكخراو و بزووتنەوە كۆمەڵایەتی ــ سیاسییەكانەوە ئەنجام دەدرێن بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی رۆحی ـــ ئایدیۆلۆگی، فێركاری و رۆشنبیركردن؛ كارتێكردنی رەمەكییانە بۆ سەر تاكەكەس دیاردەیەكی ئاسایی ژیانی رۆژانەیە لەلایەن خێزان، سەركار، دۆست و برادەرەوە روودەدات، تێكەڵكردنی هاوڵاتیان بە ژیانی كۆمەڵایەتی ـــ سیاسیی كۆمەڵگاوە. ئاشكرایە كە كەلتووری سیاسی شێوەیەكی كەلتووری گشتییە، نیشانگەلێكی ئەزموونی سیاسی و ئاستەكانی هەست و

هوشیاریی سیاسییە، نموونەی رەفتار و کارکردنی کەسانی سیاسییە کە رادەی یەکێتی و یەکبوونی شێوازی ژیانی سیاسیی ولات، چین، نەتەوە، گروپی کۆمەلایەتی، تاکەکەسان دەردەبڕن.

ستڕوکتوورِ و بینای کەلتوور لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەشیدا، کەچی ئەمە پرۆسەیەکە دەتوانرێ زانستانە ئاراستە بکرێ. لە بارودۆخی پەیوەندییەکانی بازاڕدا دەولەت دەبێ پرۆسەی کەلتووری، بێگومان، هوشیارانە بەڕێوەبەرێ، لەم حالەتەدا بەرِەللایی، رەمەکی، دەست وەرنەدان لە پرۆسەی کەلتووری نابێ لە ئارادابێ.

سیاسەتی کەلتووری بریتییە لە ئاستی جۆراوجۆری چالاکیی تیۆری و پراکتیکییانە لە ژیانی رۆحیی کۆمەلگادا، دەزگا جیاوازەکانی سیستەمی سیاسی دەتوانن پیادەی بکەن، وەکو: دەولەت، حیزبی سیاسی، رێکخراوەی کۆمەلایەتی ـــ سیاسی. سیاسەت لە بواری ژیانی رۆحیدا لایەنی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێ — سیاسەتی پەرەپێدانی زانست، پەروەردە و فێرکردن، داهێنانی ئەدەبی، دراما، هونەری سینەمایی، رەخنەی ئەدەبی، دەرکردنی کتێب، راگەیاندن. ئامانج و ئەرکی سیاسەتی کەلتووری لەلایەن پەیوەندییە کۆمەلایەتییە زالەکانی ناو هەر ولاتێك و هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانییەوە دیاریدەکرێن.

زانست، یەکێکە لە فۆرمەکانی کەلتووری رۆحی لەو کۆمەلگایەی کەلتووری سیاسیی تیادا پیادەدەکرێ و گەشەپێدانی دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ: بەرهەمهێنانی ماددی، پەیوەندییە کۆمەلایەتی ـــ ئابوورییەکان، ژیانی سیاسی. ئامانجە راستەوخۆکانی زانست — وەسفکردن، روونکردنەوە، پێشبینیکردنی پرۆسە و دیاردەکانی واقیع، بە مانایەکی فراوانتر - دەربڕینێکی تیۆریانەی واقیعە. لەبەر ئەوەی تەنیا دەولەت سیاسەتی کەلتووری بەڕێوەنابات، بەلکو هەروەها حیزبی سیاسیش، بۆیە مەسەلەی یەکگرتنەوەی زانست و سیاسەت لە ژیانی حیزبدا بایەخێکی گەورەی هەیە. لێکدانەوەی زانستیانە بنچینە و بنەمای سیاسەتە، ئەمەی دواییش، بە دەوری خۆی، بەراوردی راستیی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە دەکات.

سیاسەت لە بواری زانستدا، لە ولاتانی جۆراوجۆر پەیڕەوکراوە و پەیڕەودەکرێ. هەریەکە بەپێی ئامانجەکانی خۆی. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یابان، دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە بواری زانست و فێرکردندا دوو رێگەی جیاواز لەیەکتریان گرتەبەر. ئەمەریکا رێگەی "بەگەڕخستنی سەرمایە لە تەکنۆلۆگیا "ی هەلبژارد (مۆدێرنکردنی ئامێرەکانی



وێستگەکانیان، نوێکردنەوەی تەکنۆلۆگیا و... هتد). هەرچی یابان بوو سەرمایەکەی لە مرۆڤدا بەگەڕخست (پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤ لە بوارەکانی داهێنان و پیشەییدا). بەگوێرەی ئەو پێشکەوتنانەی کۆمەلگای یابانی بەخۆیەوە بینی، بێگومان، بەهۆی سیاسەتی "بەگەڕخستنی سەرمایە لە مرۆڤدا " بوو و بۆیەش سەرکەوتووتر بوو. لە ولاتی ئێمەشدا (مەبەستی رووسیایە — و.) لە ماوەی مێژووی خۆیدا هەلوێست بەرامبەر بە زانستانی سروشتی و کۆمەلایەتی هەمەجۆر بووە. جێگەی سەرنجە کە، بۆ نموونە، رێکەوتی ٥ی نیسان ١٩٥٢ وتارێك بەناوی " کیبێرنێتیکا — زانست دوژمنی پێشکەوتن " لە "رۆژنامەی ئەدەبیات" بلاوکرایەوە؛ ئەمە تەورێك بوو بە داری زانستەکەی لیسێنکۆڤشین کەوت. گێنێتیکا وەکو رێبازێکی زانستی بۆ ماوەیەکی درێژ ونبوو، نزیکەی سێ هەزارکەس لە پەیڕەوکەرانی ئاساییانە لەسەرکار دەرکران، زۆریتریشیان لەنێوبران.

لە کاتی ئێستادا زانست لە ولاتی ئێمە لەبارێکی سەخت دایە. جاران ملیۆن و نیوێك کارمەندی زانستی ئەرکەکانی پێشخستنی زانستیان جێبەجێ دەکرد کە دەیکردە ¼ ی ژمارەی گشتیی کارمەندانی زانستیی هەموو جیهان. ئەگەر ولاتانی رۆژئاوا، بۆ وەدەسهێنانی دەسکەوتەکانی پێشکەوتنی زانستی ـــ تەکنۆلۆگیی قۆناغی ئێستا، تواناکانیان یەك بخەن، ئەوا تواناکانی رووسیا لەبەرچاوان دەتوێنەوە، بەلام کارەسات ئەوەندە لە دابەزینی چەندایەتیدا نییە، ئەوەندەی لە چۆنایەتی دایە. سیمای رەوشی ئێستای زانستی رووسی لەوە دایە کە پشتگیریی دەولەت بۆی زۆر کەم بۆتەوە؛ ئەمەش تەنیا بە قەیرانی دڕندانەی ئابوورییەوە نەبەستراوەتەوە، بەلکو بەجۆرێکی سەرەکیش پەیوەستە بە چاوخشاندنەوە بە دەوری زانست لە کۆمەلگادا. ئەگەر جاران زانستە سروشتییەکان بە رادەیەکی زۆر خزمەتی یەکەی پیشەسازیی جەنگییان دەکرد و بەمەشەوە پێش دەکەوتن، ئەوا ئێستاکە هێز و شکۆداریی دەولەت، بەپلەی یەکەم، بە ئاستی چەکداریی پێوانە ناکرێ.

وەکوچۆن لە یەکێتیی سۆڤیەت، ئاواش لە رووسیادا گرنگترین دەزگا ئەکادیمیای زانستەکانە کە بە رادەیەکی زۆر سیاسەتی زانستی و ستاتووسی بالای زانستی دیاریدەکرد و ئێستاش هەر وایە. کەچی ئەکادێمیای رووسی، لەگەڵ زۆریی ئینستیتووت و سەنتەری زانستی، ئۆبسێرڤاتۆریا، شاندەکانی، کتێبخانە و چاپخانەکانی — بودجەکەی ٣ تا ٥ جاران کەمکراوەتەوە. لە ئەنجامی کەمبوونەوەی بودجە و هەروەها بە رەخسانی هەلومەرجی تازە لە بواری پرۆژەکانی وەبەرهێناندا شالاوێکی بەهێزی کادیرانی گەنج و دینامیك بەرەو بزنس

دەچێ. بەم جۆرە، ڕەنگە، $\frac{1}{4}$ ی زانایان پشت لە زانست دەکەن و $\frac{1}{4}$ ی تریش لە وڵات کۆچ دەکەن.

هەرچی زانستە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەوا لە بارێکی ئەوپەڕی غەمباری دان، چونکە هەموو ئەو سیستەمی ئایدیا و ئامانجەکانی خزمەتیان دەکرد رووخا؛ ئەم زانستانە خۆیان لە قەیرانێکی قووڵدا بینییەوە، لەبەر ئەوەی ئەمانە ڕەهەندی ئایدیایی و تیۆری، میتۆدۆلۆگی و کادیر و ڕێکخراوەییان هەیە.

بۆ ئەوەی زانست لەو قەیرانە دەربچێ، دەبێ بە ژیان ڕابگات. واتە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ دیراسەی پرۆسە بابەتییەکان بکەن کە ئەوا لە بوارەکانی ئابووری، سیاسەت، بینای دەوڵەت و ژیانی ڕۆحیدا ڕوودەدەن. ئەگەر بابەتەکانی فیزیا و کیمیا هەر وەکو خۆیانن (لە سەدەکانی نۆزدە و بیست و ئێستاکەش هەر هەمان بابەتن)، ئەوا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بابەتی لێکۆڵینەوە ڕۆژانە و لەبەر چاوان دەگۆڕێن؛ ئەو گۆڕانەی ڕۆژانەش دەخوازێ کە لە پرۆسە ڕاستەقینەکان بەئاگا بین. ئەمەش چەند حاڵەتێك کە دەرچوو، بەپێچەوانەی ئەوەی سەلمێنرابوو، دەمەتەقێ هەڵدەگرن: خەباتی چینایەتی وەکو بنچینە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگا؛ حەتمییەتی قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی کۆمەڵگاکان بەپێی ئەو قۆناغانە؛ دەوڵەت وەکو بەهای هەرە باڵا بە بەراورد لەگەڵ تاکەکەس؛ پێشخستنی ئابووریی مەرکەزی و پلان بۆ دارێژراو؛ تاك باوەڕی لە هوشیاریی کۆمەڵایەتیدا.

کۆمەڵێك کێشەی تیۆری و پراکتیکیی زۆر هەنووکەیی لە ئارادان: ڕێگەکانی زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەی ڕووسیا لە ڕووی — ئابووری، دەوڵەت و یاسا، نەتەوەیی و ڕۆحییەوە؛ ڕێگە و میتۆدەکانی چەسپاندنی بەها مرۆییەکان، بەرزڕاگرتنی مرۆڤ و سایکۆلۆگیا و کەلتوورەکەی، پێشخستنی کەسایەتیی تاك لە کۆمەڵگای ئێستا و داهاتوودا؛ میکانیزمی دامەزراندن و چەسپاندنی کۆمەڵگای مەدەنی، دەزگا دیموکراتییەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی؛ دابینکردنی ژیانی یاسایی، داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ؛ کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە، هاوکات ڕێبازە ستراتیجییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی SNG (کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت - و.)، گەشەدان بە تیۆریای ئاسایشی نەتەوەیی، هاوکاریی نێونەتەوەیی.

لە کاتی ئێستادا سیاسەت لە بواری زانستدا تاك میتۆدۆلۆگی ڕەتدەکاتەوە، زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سیاسەت و لە ئایدیۆلۆگیا دوور دەخاتەوە. هیچ گومان هەڵناگرێ کە بۆ



زانست جیاوازی لە ڕاوبۆچوون، لە قوتابخانە و ڕێبازی زانستی پێویستە. هەرچی ئاستی دووریی زانستە لە سیاسەتەوە، ئەوا دەبێ جۆراوجۆر بێت. دوورخستنەوەی زانستی سیاسی (پۆلیتۆلۆگیا) و سۆسیۆلۆگیای سیاسی لە سیاسەت ئاسان نییە و لە ڕووی پراکتیکییەوە ڕەنگە ڕێی تێنەچێ. بۆ نموونە، سیاسیکردنی بابەتێکی وەکو زمانەوانی هەرگیز لەجێی خۆیدا نییە.. ئەوپەڕی سیاسیکردن و ڕاگوێزانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناو سیاسەتەوە بە هەموو بۆنەیەکەوە زیانێکی گەورە بە زانست دەگەیەنێت. بەم جۆرە، ئامانجی ئیمڕۆکە خۆی لەوەدا بەرجەستە دەکات کە زانستە سروشتییەکان لە چەکدارییەوە و مرۆڤایەتییەکانیش لە ئایدیۆلۆگیاوە دووربخرێنەوە؛ لە جیهانێکدا کە بەپەلە دەگۆڕێ، دەبێ ئەولەویەتی تازە بدۆزرێنەوە.

ژیانی ڕۆحیی هەر کۆمەڵگایەك هەمیشە لە جوولانەوە و گۆڕان دایە. هەموو جۆرە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگاش هەمیشە بەستراوەتەوە بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی قوتابخانەوە. داخوازیی هەیە لەسەر خەڵك و هێزی تازە — قوتابخانەش ئەمانە ئامادە دەکات. لەهەر شوێنێك کۆمەڵگا فۆڕمی تایبەتیی خۆی وەرگرت، لەوێ قوتابخانەش ئەو فۆڕمە وەردەگرێ و لەگەڵ میزاجی کۆمەڵگادا دەگونجێ. بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەکەس، پێش هەموو شتێك، بەو سیستەمەی فێرکردنەوە دەبێت کە لە کۆمەڵگادا دروستبووە و پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە جێبەجێ دەکات، بەڵام کۆمەڵگا تەبا و یەك لایەن نییە: چین، گرووپەی کۆمەڵایەتی، نەتەوە — هەریەکە و پۆچوونی خۆی هەیە سەبارەت بە ناوەڕۆکی فێرکردن. هەر کاتێك قسە هاتە سەر ناوەڕۆکی بابەتێکی خوێندن، ئەوساکە جیاوازی لە بیروبۆچوونی سیاسی، زانستی، ئایینی و هیتر سەرهەڵدەدەن؛ جا لێرەدایە دەوری دەوڵەت لە ڕێکخستن و دانانی سیاسەتێك بۆ بواری فێرکردن.

کامانەن ڕێبازە سەرەکییەکانی سیاسی لە بواری فێرکردن لە جیهانی سەردەمدا؟

١) لەناوبردنی نەخوێندەواری. لە ڕۆژی ئیمڕۆدا لە هەر چوارکەس یەکێك لە خەڵکی سەر گۆی زەوی خوێندنەوە و نووسین نازانێت. لە هەمانکات هەڵپەی هەمووان بۆ وەدەسهێنانی خوێندەواری ئاستی چۆنایەتیەکەی دابەزاندووە.

٢) پیادەکردنی فێرکردنێکی شیاو بۆ پێداویستییەکانی سەردەم، واتە بەرزکردنەوەی ئاستی لە ڕووی چۆنایەتییەوە. بۆ ئەو مەبەستە لە وڵاتانی — وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، بولگاریا، هەنگاریا، یەکێتیی سۆڤیەت، فەرەنسا ریفۆرم ئەنجامدراون.

له ولاتانی پێشکەوتوودا، بە مەبەستی چاکترکردنی فێرکردن، پرۆسەی بەمرۆییکردن، مرۆڤایەتیکردن و نێونەتەوەییکردنی فێرکردن پەیڕەو دەکرێ. بە مرۆییکردنی پرۆسەی فێرکردن کۆمەڵگا بەرەو بایەخدان بە تاکەکەس ئاراستە دەکات، بەرەو سایکۆلۆگیا و پەرژەوەندی و پێداویستییەکانی. بە مرۆڤایەتیکردن واتە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو بایەخدانی زێتر بە بابەتە مرۆڤایەتییەکان (کۆمەڵایەتییەکان- و.) بۆ خوێندن کە گرنگیی زۆریان هەیە لە ژیانی مرۆڤی سەردەمدا، وەکو — تیۆریای ئابووری، سۆسیۆلۆگیا و پۆلیتۆلۆگیا. نێونەتەوەییکردن واتە دانانی سیستەمێکی فێرکردنی هاوبەش بۆ ولاتانی جۆراوجۆر. فێرکردن بەشێکە لە کەلتووری رۆحیی کۆمەڵگا بۆیەش پێکەوە دەکەونە بەر کاریگەریی نێونەتەوەییکردنەوە.

پێشخستنی پرۆسەی فێرکردن — سیمایەکی تایبەتیی سیاسەتی ناوەوەی ئەو دەوڵەتانەیە کە هەوڵدەدەن زێترین سەرکەوتن وەدەسبێنن لە بوارەکانی ئابووری، کەلتووری و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی دانیشتووانانیان.

لە چاودێریکردنی ئاسۆی گەشەکردنی پرۆسەی فێرکردن لە رووسیای فیدراڵدا، دەبێ هەندێ بارودۆخ لەبەرچاو بگرین. یەکەم، سیستەمی فێرکردن کە لە سۆڤیەت دامەزرابوو چەندین دەسکەوتی راستەقینەی بەدەسهێنابوو کە هەموو جیهان دانی پیانابوو، بۆیە رووسیای تازە کە سیستەمی فێرکردنی خۆی دادەنێ، نابێ واز لە میراتی پۆزەتیڤ بێنی. دووەم، رووسیا بە شێوەیەکی بەرفراوان سوود لە ئەزموونی نێونەتەوەیی لە بواری فێرکردن وەردەگرێ، بەڵام پرسیار لێرە ئەوەیە کە لەم ئەزموونانە کامیان دەبێ لەسەر خاکی رووسیا بڕوێنرێ. سێیەم، رووسیا لە هەلومەرجێکی یەکجار سەخت دایە؛ بە رەچاوکردنی ئەمە، بەڵام بەبێ پاساو هێنانەوە، دەتوانین لەوە بگەین کە بۆچی سەرکردەکانی رووسیا وەپێشخستن مەسەلەی فێرکردنیان نەخستۆتە نێو پلانەکانی سیاسەتی ناوەوەی ولات. ئەزموونەکانیش ئەوەیان سەلماندووە کە لەکوێ دەوڵەت بایەخی پلەی یەکەمیدا بە فێرکردن، ئەوا پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی و کەلتووریی کۆمەڵگای زامینکردووە. چوارەم، داهێنانی رەوشێکی تەواو نوێ بۆ فێرکردن دەبێتە پردی پەڕینەوە بەرەو پەیوەندییەکانی بازاڕ.

سیاسەتی کەلتووری لە بواری فێرکردندا پەروەردە (Pedagogy)ش دەگرێتەوە. هاوپەیوەندارێتیی پەروەردە و سیاسەت بە شێوەی جۆراوجۆر لە قۆناغە جیاوازەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئێمەدا دەرکەوتووە. لە سەردەمی پێش شۆڕشدا (مەبەست شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩١٧- و.) قوتابخانە بە دەزگایەکی ناحیزبی و ناسیاسی راگەینرابوو؛



جەخت لەوە دەکرایەوە کە قوتابخانە سەر بە هیچ حیزبێکەوە نییە، بەڵکو قوتابخانە بەرزترە لە حیزب و لەسەر بنچینەی یاسا هەمیشەیی و نەمرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دامەزراوە. بەسیاسیکردنی قوتابخانە، پەروەردە دەکاتە خزمەتکارێکی ئاسایی سیاسەت و مامۆستاش پەیامنێرێکی سیاسی. لە سەردەمی دوای شۆڕش پەروەردە بە روونی سیمای سیاسی و چینایەتیی وەرگرت؛ ئەم بۆچوونە نوێیە رایگەیاند کە قوتابخانە نابێ لە ژیان و لە سیاسەت دابڕێ، هەروەها دەیگوت ئێمە ناتوانین باوەڕ بە رێبازێك، پەروەردەیەك، فێرکردنێك بکەین تەنیا لەبەر ئەوەی خراونەتە قوتابخانە، کەچی لە ژیانی پڕ رووداو دابڕاون.

ئیمڕۆکە قوتابخانە زێتر بووە بە بابەت (Object)ی سیاسەت نەك خود (Subject)ی سیاسی. مافی دارِشتنی سیاسەت بەرامبەر بە قوتابخانە دراوە بە دەوڵەت نەك حیزبی سیاسی؛ ئەمەش لە یاسای تازەی رووسیای فیدراڵ دا "دەربارەی فێرکردن " چەسپێنراوە کە پرەنسیپەکانی سیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر بە فێرکردنی لەخۆگرتوون. یەکێك لەم پرەنسیپە سەرەکییانە بانگاشەی سیمای مرۆڤایەتیی فێرکردن دەکات، بەهای مرۆیی هاوبەش، ژیان و تەندروستیی مرۆڤ، گەشەکردنێکی ئازادانەی کەسایەتی، پەروەردەکردنێکی مەدەنیانە و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان. لە یاسادا قەدەغەکراوە دامەزراندن و کارکردنی ستڕ کتووڕی رێکخراوەیی و هەروەها دەزگا و بزووتنەوەی ئایینی لەناو دام و دەزگا و یەکەکانی حکوومی، فێرکردن و دەسەڵاتدا. رێگە نەدراوە بە ناچارکردنی قوتابی و مامۆستایان بۆ بەشداریکردن لە رێکخراوە کۆمەڵایەتی ـــ سیاسی، بزووتنەوە و حیزبەکان، هەروەها بەشداری پێکردنیان لە چالاکییەکانیاندا یان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و کاری سیاسیدا. لە هەمانکات، دەرفەتی فێرکردن بۆ هەموو هاوڵاتیانی رووسیای فیدراڵ، بەبێ رەچاوکردنی ئینتیمای سیاسی و بیروباوەڕ و هەڵوێست بەرامبەر بە ئایین...هتد، مسۆگەرکراوە.

بۆچوونمان سەبارەت بە یەکگرتنەوەی پەروەردە و سیاسەت راست دەرناچێ، ئەگەر حسێب بۆ جیهانبینیی مامۆستا، جێگە و دەوری لە چالاکییە کۆمەڵایەتی ـــ سیاسییەکاندا نەکەین. لێرە قسە لەسەر ئەوە نییە کە پەروەردە و سیاسەت تێکەڵ بەیەك بکرێن، یان مامۆستا دەبێ کاری پەروەردەیی بکات و سیاسیش— سیاسەت. هاوکات نابێ پەروەردە دژبە سیاسەت قووتبکەینەوە، ناشبێ لە بیربکەین کە لە سیاسەتدا توخمی پەروەردەیی هەمیشە هەیە.

ئەگەر لە قوتابخانە رێگە نەدرێ بە فێرکردن و چالاکیی حیزبە سیاسییەکان، بزووتنەوە و رێکخراوە کۆمەڵایەتی ـــ سیاسی و ئایینییەکان، ئەگەر قوتابخانە پڕوپاگەندەی سیاسی و ئایینیی نەکات، ئەوساکە مامۆستا مافی ئەوەی دەبێت بیروباوەڕی سیاسیی هەبێت و سەربە حیزبێکەوە بێت؟ هەرگیز ناکرێ سیاسەت بەلای مامۆستاوە گرنگ نەبێت و بەشداریی تیادا نەکات. مرۆڤ بە سروشت کۆمەڵایەتییە، سیاسەتیش لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتییە؛ ئەمەیە کە مامۆستا و سیاسەت بەیەك دەبەستێتەوە.

شیکردنەوەی پڕۆگرامەکانی حیزبە سیاسییەکانی رووسیای فیدراڵ ئەوە نیشان دەدات کە هەموویان، هەریەکە بە رادەی جیاواز، خۆیان لە مەسەلەی پەروەردە و فێرکردن داوە. مامۆستا، وەکو پڕۆفشیۆناڵ، بۆی هەیە و دەتوانێ ئەو حیزبە سیاسییە هەڵبژێرێ کە پڕۆگرامەکەی، دروشمەکانی و هەڵوێستە پراکتیکییەکانی بگونجێن لەگەڵ بۆچوونە پەروەردەییەکانیدا. لێرەشدا تێکنەکردنەوەی (Disharmony) بۆچوونە سیاسییە گشتییەکان و باوەڕە پەروەردەییەکان جێگەی مەترسی نابێ.

مامۆستا کە سیاسەتی فەرمی لە بواری فێرکردندا جێبەجێ دەکات و خۆشی سەربە حیزبێکی سیاسییە، پێویستە چەند لایەنێکی پەروەردەیی رەچاو بکات کە دەبێ لە رێکخراوە سیاسییەکاندا هەبن: راگەیاندنی ئەولەیەت بۆ فێرکردن، سروشتی مرۆڤانەی فێرکردن و پێشخستنی بەهاکانی مرۆیی، ژیان و تەندروستیی مرۆڤ، ئازادیی تاکەکەس، سیمای دیموکراتیانەی فێرکردن و ئۆتۆنۆمیی فراوان بۆ قوتابخانە، داننان بە پیرۆزیی قوتابخانە، بەڵام نەك پیرۆزیی ئایینی، بەرزکردنەوەی ئاستی ماددی و کەلتووریی مامۆستا.

بەم جۆرە، ئێمە وردبووینەوە لە هاوپەیوەندارێتیی کەلتوور و سیاسەت لە ئاستەکانی: شارستانییەتی، قۆناغی مێژوویی، وڵاتناسی. زێترین هاوپەیوەندارێتی نێوان کەلتوور و سیاسەت لە بوارەکانی کەلتووری سیاسی و سیاسەتی کەلتووریدا دەردەکەوێت.

* گۆڤاری (رامان) — ژمارەی (١٤٦)ساڵی ٢٠٠٩.



## بەهائی و ئایینەکەیان*

ئا. بۆ سانی

بەهائی پەیڕەوکەرانی ئایینێکی تازەن، دامەزرێنەکەی بەهائوللایە "باب" کە بەگوێرەی عەقیدەی ئایینی بەهائی رێخۆشکەری سەرهەڵدانی ئەم ئایینە بووە. عەباس ئەفەندی کوڕی بەهائوللا، کە لەناو خۆیاندا بە عەبدولبەها ناسراوە، دەسەڵاتداری هەرە گەورەی ئەم ئایینە و بڵاوکەرەوەیەتی لە ئەوروویا و ئەمریکادا. عەبدولبەها رۆژی ٢٣ی ئایار ١٨٤٤ لە تاران لە دایك بووە و هەمیشە لە خزمەت باوکیدا بووە لەهەموو گەڕان و تاراوگەکانیدا. دوای مردنی باوکی لەلایەن زۆربەی بەهائییەکانەوە، عەبدولبەها بەجێگری باوکی و لێکدەرەوەی نووسراوەکانی دانرا: ئەو بڕیارەش بە پێی ((مۆدیلی ژیانی بەهائی)) و وەسەتنامەی بەهائوللا خۆی وەرگیرا کە لەدەقی ((کتابی عەهدی))دا هەیە؛ کەچی محەمەد عەلی براکەی عەبدولبەها ملی بۆ وەسیەتنامەی باوکی نەدا و هەوڵی دەدا گروپەیەکی خۆی ئەم جێیە بگرێتەوە و گروپێکی ئەندامانی رێکخراوی بەهائی دابڕێ، لە هەمانکاتیشدا کەوتە فێڵبازی تا براکەی ناچارکرد بکەوێتە سەوداکاری و مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی کە دوژمنی بەهائییەکان بوو. عەبدلبەها ساڵی ١٩٠٨لە زیندان ئازادکرا بە بۆنەی ئەو بەخشینەی تورکە لاوەکان، دەسەڵاتدارانی تازەی عوسمانی، رایانگەیاند. لە ساڵی ١٩١٠ەوە سێ گەشتە دوور و درێژەکەی عەبدولبەها دەستی پێکرد بۆ بڵاوکردنەوە و پڕوپاگەندە بۆ ئایینەکەی؛ یەکەمین گەشتی بۆ میسر بوو ساڵی ١٩١٠، دووەمیان بۆ ئەوروپا (پاریس و لەندەن) ساڵی ١٩١١ و سێیەمیشیان بۆ ئەمریکا و ئەوروپا ساڵی ١٩١٢-١٩١٣. لەم گەشتی دواییدا عەبدولبەها هەموو ئەمریکای بە هەشت مانگ بڕی — هەر لە نیۆیۆرکەوە، تا لۆس ئەنگلس و سانفرانسیسکۆ- بە رێگەوە لە کەنیسە و سیناگوك و هۆڵێ ماسۆنییەکان دەوەستاو بانگاشە و پڕوپاگەندەی بۆ ئایینی بەهائی دەکرد. لە ئەیلولی ١٩١٢دا بۆ ئەوروپا دەگەڕێتەوە لە

* ئەم وەرگێڕانە لە گۆڤاری ((وەرگێڕان)) ژمارە (٢) ١٩٩٤ لە دانیمارك بڵاوکراوەتەوە.

بەریتانیاوە دەچێتە پاریس ئینجا ئەڵمانیا و نەمسا و هەنگاریا؛ کۆتایی ساڵی ١٩١٢ لە پاریسەوە دەگەڕێتەوە فەڵەستین.

یەکەمین گروپی بەهائی لە ئەمریکا ساڵی ١٨٩٤ دامەزرا و لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٨دا یەکەمین حەجکەرانی بەهائیی ئەمریکا بۆ ئاکرێ[1] چوون. گەشتەکانی عەبدولبەها، کە یەکێك لە ئامانجەکانی بەرپەچدانەوەی پڕوپاگەندەی براکەی بوو، لە هەمانکاتدا کۆمیۆنەکانی بەهائیی ئەمریکاشیان بەهێزکرد. سەرەڕای ئەوەش عەبدولبەها لەم گەشەتدا گروپەی بەهائی لەو وڵاتە ئەوروپیانەشدا دامەزراند کە پێیاندا تێپەڕی. ساڵی ١٩٢٠ بەریتانیا نازناوی (Knight of the order)ی ئیمپراتۆریای بریتانی پێ بەخشی و عەبدولبەها ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ کۆچی دوایی کرد و لە شاری حەیفادا لە ڕۆخ ((باب)) نێژرا و مەرقەدێکی گەورە بۆ هەردووکیان کرا کە لە ساڵی ١٩٥٧ تەواو بوو. عەبدولبەهای گەورە بۆ خەلیفایەتی خۆی، لە وەسیەتنامەکەیدا شەوقی ئەفەندی نەوەی خۆی (کوڕە گەورەی گەورەترین کچی خۆی) دەستنیشان کردبوو و ناوی ((وەلی ئەمروالله))ی پێ بەخشیبوو. شەوقی ئەفەندی، کە لە ٢٣ی تشرینی دووەمدا مرد[2]، لە حەیفا لە دوا ساڵانی سەدەی رابردوودا لە دایکبوو بوو و لە ئۆکسفۆرد خوێندنی باڵای تەواوکردبوو و ساڵی ١٩٢٦ ماری ماکسوێلی ئەمریکایی مارەکردبوو کە دواتر ناوی بوو بە ڕۆحییە خانم. شەوقی ئەفەندی لە ساڵی ١٩٢٣ وە لە حەیفا لە ئیسرائیل دانیشتووە کە مەڵبەندی جیهانیی بەڕێوەبردنی ئایینەکەی لێ بوو. ئایینی بەهائی لە کاتێکدا ئیدعای ((علمانیەت)) و دژایەتی دوگما دەکا، عەقاید و شێوە پەرستنەکانی بنچینەی تیۆلۆگیی و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتییان گەلێ بەهێزترن لەوەی هەندێ ڕۆژهەڵاتناسان بیری لێ دەکەنەوە، ئەوانەش بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە بیبلیۆگرافیادا نیشادراون برتیین لە:

**عەقیدەی ئایینی Doctrine:**

١- **خودا**. خودا جەوهەرێکی کامڵە و ناسینی لە توانادا نییە (unknowable) و هەموو ڕێگەیەکیش بۆ ئەمە گیراوە. بەهائی دژ بە پانتێیزمی دەروێشییە[3]؛ دەروێشەکان تەنها ئەو شێوە و فۆرمانەیان هەیە کە بەرهەمی خەیاڵی خۆیانن تەنانەت بەرزترین گیان و پاکترین دڵیش هەرچەندەی لە جیهانی زانست و دەروێشیدا بڵند هەڵفرین ناتوانن لەوەی لەناو خودی خۆیاندا هەیە تێپەڕن (ما خلق في انفسهم بانفسهم) لەوحی سەلمان))



٢- **خەڵق** جەوهەری نەناسراوی خودا خۆی ئاشکرا دەکا و هەموو ئەو شتانەتر خەلق دەکا کە خودایی نین. فیکری بەهائیی دەربارەی سەرەتا و دەسپێکی شت، لە نێوان خەلقکردن و پەیدابوون یان دەرکۆڵێن Emanation دایە، کاتێك دەبینین تێکستەکانی بەهائیی زاراوەی ((خەلق)) زۆر بەکاردەبەن و پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە لەبەر ئەوەی سیفەتی خەلق، وەك خودا خۆی جاویدان و ئەزلییە و ئەوساکەی جیهان نەبووە، نابێ ((کات))یش هەبووبێ کەواتە جیهانیش هەر ئەزەلییە و تێکستەکانی وەکو بلێی باسی خەڵقکردنی هەتاهەتایی Eternal دەکەن. (لەوحی حەکیم)

٣- **پێغەمبەران** شێوەی تایبەتی دەرکەوتنی خودان (بەهائی زاراوەی "مەزاهیری ئیلاهی" بەکاردێنن نەك "روسول و ئەنبیا") کەواتە فیکرەی "حلول" (واتە "تجسید") بە هەموو مانای ئەم وشەیەوە ڕەتدەکرێتەوە، بەم بۆنەیەشەوە نامەی بەهائوڵلا بۆ ناسیرئەلدین شاه (لە وحی سولتان) بە هەمان شێوەی "کیتاب ئەلشیخ" گەلێ بایەخدارە کە تیایدا ئەزموونی دەروێشیی خۆی لە بەندیخانەی سیامچاڵدا لە تاران باس دەکا.

پێغەمبەر دووحاڵەتی جیاوازی هەیە، لە لایەکەوە پیاوە، لەلایەکیتریشەوە ئاوێنەیەکی روون و پاکە یەزدانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، کەواتە هەڵە نییە پێغەمبەر بە خودا لە قەڵەم بدرێ. پلەی "پێغەمبەر" لە بنەڕەتدا جیاوازە لە هی پیاو و دەکەوێتە نێوان پلەی خودا و پلەی مرۆڤەوە؛ بە پێی عەقیدەی بەهائی هیچ پیاوێك هەرچەندە کامڵیش بێت، ناتوانێ بگات بە پلەی پێغەمبەر (یان ڕاستر پلەی مەزاهیری ئیلاهی)، هەروەکو چۆن ئاژەڵێك هەرچەندە کامڵ بێت ناگات بەپلەی مرۆڤ. دەرکەوتنی خودا بەشێوەی پێغەمبەر هەر بەردەوام دەبێ و کۆتایی نایەت و تەجسیدی ئیلاهی یەك لەدوایەك دەبێ

یەکەمین پێغەمبەر "ئادەم" بوو، ئینجا پێغەمبەرانیتری جولەکەیی و مەسیحییەت و ئیسلام هاتوون، زەردەشتیش بە پێغەمبەر دانراوە، بەڵام بودا و کۆنفۆشیوس تەنها پیاوچاکی بەرزی ژیانی ڕۆحین.

دوای محەمەد "باب" هاتووە (بەهائی باب بە تەجسیدی ئیلاهی راستەقینە دادەنێن و ماوەکەشی نۆ ساڵ و دوای ئەویش نۆرەی بەهاوڵلا بووە). بە هائییەکان ڕێگەدەدەن پێغەمبەرانیتر کە لە پلەی بەرزی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدان دوای بەهائوڵلا بێن، بەڵام نە پێش هەزار ساڵ (ئەقداس). ڕۆژگارەکانی پێغەمبەران بە زنجیرە سووڕەی گەورە کۆمەڵ ئەکرین، ئەو سووڕەی (دەورە cycle) بە ئادەم دەستی پێکرد، بە باب کۆتایی هات، ئینجا

سوورەی بەهائی دەستی پێکردووە و ئەمەی دوایی، بە پێی عەقیدەی بەهائی، بەلای کەمەوە ٥٠٠ هەزار ساڵ بەردەوام دەبێ؛ جا، کەواتە ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڕیاربدەین کە بەهائی ئایینێکی سینکرێتییە [٤]. هەرچەندە ئایینی بەهائی دانی ناوە بە هەموو ئەو ئاینانەی پێغەمبەریان هەبووە، بەڵام پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ کە خۆی باشترین ئایینە و زۆر چاك لەگەڵ رۆژگاری ئێستادا دەگونجێ و هەموو ئایینەکانی پێش خۆی وەخۆدا هەڵگرتووە.

٤- **مرۆڤ:** سایکۆلۆژیای بەهائی بە رادەیەك ئاڵۆزە، عەبدولبەها لە ((موفاویزات)) دا پێنج جۆر ((رۆح)) دەستنیشان دەکا: باوەڕ شتێکی جەوهەرییە بۆ ژیانی رۆحیی بەهائی. یەکەمین شێوەی دەقی ((ئەقداس)) بەمجۆرە دەدوێ- یەکەمین فەرمانی خودا بۆ پەرستیارانی خۆی زانینی دەرکەوتنی خۆی و کاتەکەیەتی، واتە هاتنی پێغەمبەر کە نوێنەری دیاریکراوی خۆیەتی لە جیهانی خەلقکراودا (فی عالم الامر و الخلق)؛ ئەو کە ئەوە دەزانێ، کەواتە لە جیهانی هەڵە و تاوانەوە نییە تەنانەت ئەو کارانەش کە ئەنجامیان دەدات هەموو چاکن))

باوەڕ بە خودا (کە بە پێی پێناسەکەی قابیلی ناسین نییە، دەبێ باوەڕ تەنها بە تەجیسدی ئەو واتە پێغەمبەر هەبێ) ژیانی جاویدانی بە ئیمانداراکە دەبەخشێ، ئەویش لە جیهانەکانی دوای ئەمە. گەشتەکەی بەرەو زانینی جەوهەری خودا بەردەوام دەبێ (بۆ بەهائییەکان بایەخدانی زۆر بەم جیهانانە رێگەی گیراوە بە توندی قەدەغەیان لێ کراوە بەشداری لە کۆبوونەوە و بۆنەی رۆحی بکەن) بەهەشت و جەهەننەم رەمز و سیمبولن، یەکەمیان سیمبولی گەشتی ئەوانەیە بەرەو خودا کە باوەڕی راستەقینەیان هەیە: دووەمیش، واتە جەهەننەم، هەنگاوێکە بەرەو لەناوچوون، چونکە ئەو کەسەی بۆ ئەوێ دەچی هوشیارانە بەرپەرچی باوەڕی داوەتەوە و کاری خراپی ئەنجامداوە. بەگوێرەی ئەوفیکرە پێشکەوتوخوازانەیان دەربارەی جیهانی ئەوبەر، بەهائییەکان ئامۆژگاری دەکەن کە نوێژ و دوعا بۆ مردوو بکەن، بە هەمان شێوەش فیکرەی زیندووبوونەوە لەسەر ئەم زەمینەدا بەتوندی رەتکراوەتەوە. ئایینی بەهائی سەبارەت بە دیاردەی مرۆڤ، باوەڕی بە تیۆریی گەشەکردن Evolution هەیە، بەڵام نەك بەو شێوەیەی داروین دایناوە، بەڵکو لە روانگەی سۆفیزمی ترادیسیۆنییەوە و زێتریش بە پێی مەسنەوییە (دوالیزم)ی مەولانا جەلالەدین رۆمی ((مرۆڤ هەمیشە هەر مرۆڤ بووە لە هەموو رەوتی پێشکەوتنیدا)) تەنانەت ئەگەر بە چەند قۆناغێکی پێشکەوتنیشدا تێپەڕبوو بێت.



## مەراڵ و پرەنسیپی کۆمەڵایەتی:

بەهائییەکان رازین بەو پێناسە کۆنەی لەلایەن (علی) یەوە دانراوەو کە: ((هەموو شتێکی شەخسی پەیوەندی بە لایەنی مرۆڤایەتییەوە هەیە، هەموو لایەنی کۆمەڵایەتیش بۆ خودا دەگەڕێتەوە))، لێرەوە بایەخی هەرە گەورەی بەهائی بە پێشخستنی کۆمەڵگا دێ و ئەمەش ئەرکی کۆمەڵگاکانی بەهائییە لە هەموو جیهاندا (بڕوانە دواتر)) پرەنسیپەکانی مەراڵ و کۆمەڵایەتی بەهائی لەلایەن عەبدولبەهاوە لە ١٢ خاڵدا بەم شێوەیەی خوارەوە دارێژراون.

١- یەکێتی رەگەزی ئادەمیزاد.
٢- پێویستی بۆ لێگەڕانێکی تایبەتی بەدوای راستیدا (حەقیقەت — Truth)
٣- هەموو ئایینەکان لە ناوەڕۆکدا یەکن.
٤- هەبوونی ئاین پێویستە بۆ بەهێزکردنی یەکێتی.
٥- ئایین و زانست دەبێ بەیەکەوە بگونجێن و دژ بەیەك نەبن.
٦- نێر و مێ لە ماف و ئەرکدا یەکسانن.
٧- بەرهەڵستی کردنی هەموو دیاردەیەکی زیانبەخش لەلایەنی نەتەوەیی، سیاسی، ئایینی، ئابووری... هتد
٨- وەدەستهێنانی ئاشتی لە جیهاندا
٩- زامنکردنی پەروەردە و خوێندن و بۆ هەمووان
١٠- چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنچینەی ئاین و نەهێشتنی دەوڵەمەندی و هەژاریی لە رادەبەدەر.
١١- بەکارهێنانی زمانێکی نێونەتەوەیی یاریدەدەر.
١٢- دامەزراندنی دادگایەکی نێونەتەوەیی خاوەن دەستوور.

رێکخراوەکانی بەهائی و جۆر و چۆنێتی بەڕێوەبردنیان، کە ئێمە ئێستاکە بە کورتی باسیان دەکەین، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانەن:

ئایینی بەهائی نە سەریمونیا (شەعایر)ێکی جەماوەریی و نە پەرستنێکی بە کۆمەڵ (کنائسی) یان تاقە کەسی هەیە، کە سیمای ئایینی هەبێ. تەنها ئەرکی ئایینی بەهائی ئەمانەن:

١- کۆبوونەوە بۆ ئاهەنگ گێڕان لە هەموو نۆزدەهەمین رۆژی ((باب))ی (بەهائوڵڵا پەیڕەوی رۆژمێری ((باب))ی دەکرد)، بەهائییەکانی رۆژئاوا بەمە دەڵێن "جەژنی رۆژی نۆزدە" و

لای فارسەکانیش ناوی "زیافەتی ڕۆژی نۆزدەهەم". ئەوەش برتییە لە خوێندنەوەی دوعا و تێکستی پیرۆز (تەنانەت هەندێ بەشی ئینجیل و قورئان و هیتریش)، دوای ئەمە ڕاپۆرتی ئیداری و دارایی دەخوێننەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکەن ئینجاجەمێکی بچووک پێکەوە دەخۆن. بەگوێرەی بڕیاری باب تەنانەت ئەگەر ئەو جەمە لەجامە ئاوێکیش زێتر نەبوو.

٢- ڕۆژووگرتن لەمانگی (ئەعلا))ی بابیدا، لە ٢هەتا ٢١ی ئازار کە ساڵی تازەی بەهائیین، دەستپێدەکات. ڕۆژووگرتنیان بە شێوەی ئیسلامییە لە ڕۆژهەڵاتنەوە تا ڕۆژ ئاوابوون دەست لە خواردن و خواردنەوە نادەن.

٣- وازهێنان لە هەموو جۆرە شەرابێکی کحولی.

٤- ڕۆژانە سێ جاران نوێژکردن: بەیانی- نیوەڕۆ - ئێوارە؛ نوێژەکانیش کورتن — دوعای ئیجباری هەن کە بەهائوڵلا بە عەرەبی دایناون و دەکرێ بکرێن بە زمانانی تریش، هەندێ لەم دوعایانە لەگەڵ دەستنوێژ هەڵگرتندا دەگوترێن، دەستنوێژ هەڵگرتنیشیان لەهی موسوڵمانان گەلێ ئاسانترە، بریتییە تەنها لە شووشتنی دەست و دەموچاو و گوتنی چەند دوعایەکی کورت.

بێجگە لەمە ((ئەقداس)) یاسای تەواوی بۆ بەشینەوەی میرات داناوە (بەشێکی میرات بەر مامۆستا دەکەوێ)، هەروەها دیاریکردنی ڕێژەی باج لەسەر موڵك و ماڵ ١٩٪، ڕێسا و یاسا و سزادانیتر و گونجاندنیان بەیەکەوە هی مەدەنی و ئایینی، بەهائیی ڕۆژهەڵات تەنها بەشێك لەم یاسایانە پەیڕەو دەکەن. خێزان و ژنهێنان مۆنۆگامییە [٥]، بەڵام ئەقداس ڕێگای بێگامیاشی[٦] داوە، هەرچەندە عەبدولبەها بەپێی ڕایەکی بەهائوڵلا، ئەو بڕیارەی لاداوە (بڕوانە — مۆدێلی بەهائی). بۆ ئەوەی ژنهێنان شەرعی بێت، دەبێ دایك و باوکی هەردوو لا ڕازی بن. لێك جابوونەوە (تەڵاق) ڕێگەی دراوە، بەڵام کارێکی ناحەزیشە. کۆنترۆڵکردنی خەڵك لەناو کۆمیۆنەکانی بەهائییدا بە دوو ڕێگە ئەنجامدەدەرێ - بە ڕێگەی ئیدارە و بە ڕێگە ئامۆژگاری (تەعالیمەکانەوە. یەکەمیان بە پێکهێنانی کۆمەڵی بەرپرسیارانی هەڵبژێردراو و دووەمیش بەو کەس و ڕێکخراوانەی لە سەرەوەرا دیار دەکرێن، هەر دووڵا لەمانە بە ناوی (ولی امر الله) سەرکردایەتیی کۆبوونەوەکان دەکەن. خەڵکی بەرپرسیار لەبەرێوەبردنی ئەمانەی خوارەوەن:



١- ئەنجوومەنی ڕۆحیی ناوچەیی بەناو (بیت العدل المحلي): لە هەر شوێنێکدا بەلای کەمەوە نۆ کەسی بەهائی لێ بێت ئەم دەزگایە پێکدێت. ئەم نۆ کەسەش لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا دیاردەکرێن. هەڵبژاردن لای بەهائییەکان وەکو کارێکی ئایینی (عیبادەت) تەماشا دەکرێ. بۆچوونی بەهائی دەربارەی هەڵبژاردن وەکو هی دیموکراتیای پەرلەمانتاری نییە، لە ڕوانگەی بەهائییەوە دەنگدەران بەرپرسیارنین بەرامبەر بە هەڵبژێردراون، چونکە دەنگدەران تەنیا ئامێرێکن بەدەست خواوە بۆ حەز و ئارەزووی خۆی، هەڵبژاردن ساڵانەیە و لە ماوەی ٢١ی نیسان تا ٢ ئایار ((ئاهەنگی ریزدان)) ڕوودەدات. لە کاتی ئێستادا لیژنەی ناوچەیی بەهائی لە زێتر لە ٢٠٠ وڵاتانی جیهاندا هەیە.

٢- لەو شوێنەی کە ژمارەی پێویست لە لیژنەکانی ناوچەیی هەبێت ئەوا کۆمیتییەك لە ١٩ کەس دێتە هەڵبژاردن، ئەمانەش ٩ کەس هەڵدەبژێرن و دەبن بە ئەنجوومەنی نەتەوەیی یان گشتی (بیت العدل میللی یا مەرکەزی)، مەرجیش نییە هەڵبژادنەکە هەر لەناو ئەو ١٩ کەسەدا بێت، بەڵکو هەموو بەهائییەکانی ئەو شوێنە بەشداری دەکەن، ئێستاکە زێتر لە ٢٠ لەم جۆرە ئەنجومەنە هەیە.

٣- کە کۆمەڵێك لەم ئەنجوومەنە نەتەوییانە پێکهاتن، ئەندامەکانیان ئەنجوومەنی ڕۆحیی گێتی universal هەڵدەبژێرن، لەم هەڵبژاردنەشدا هەموو بەهائییەکان بەشداری دەکەن.

ئەم ئەنجوومەنە پێی دەڵێن ((بیت العدل العمومی)) و سەرۆکەکەی دەبێتە پاسەوان Guardian، ئەم پلەیەش خاوەن دەسەڵاتی هەرە بەرزە بۆ ماوەی هەموو ژیانی هەڵبژێردراوەکە دەبێ. ئەرکی سەرشانی ئەنجوومەنی گێتی ئەوەیە کە وەکو ڕێکخراوێکی ئیداری هەرە بەرز و وەکو دادگایەك کاربکات، هەروەها دەبێ هەڵسی بەکاری یاسادانان بەگوێرەی پێویستییەکانی کات یان بۆ ئەو لایەنانەی لە ئەقداس و نووسراوەکانیتری دامەزرێنەردا چارەسەرنەکراون، ئەم یاسایانەش دەبێ دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێ شتیتر، ئەگەر پێویست بوو، ڕەشی (لغو) بکەنەوە.

بڕیارە یاساییەکانی ئەم کۆمیتە جۆراوجۆرانە کاریگەرن و گشت بەهائییەکان دەبێ پەیڕەویان بکەن لە ڕووی تیۆرییەوە بەهائییەکان دەبێ تەنانەت گیروگرفتی تایبەتیی خۆشیان بخەنە بەردەمم ئەم کۆمیتانە (لە پیشدا لیژنەی ناوچەیی سەیریان دەکات و ئەگەر چارەسەر نەکران، ئەوا دەچنە بەردەم ئەنجوومەنی نەتەوەیی).

شان بەشانی ئەو سیستەمە ئیدارییە هەڵبژێردراوانە، کە لەخوارەوەڕا هەڵبژێردراون، دەزگا راوێژکاری (استشاری) هەیە کە لەسەرەوەرا دانراوە و لە خەڵکی دیاریکراوەوە پێکهاتووە، لە سەرووی هەمووشیانەوە پاسەوان وەستاوە کە بەهەر حاڵ تەنها دەسەڵاتی روونکردنەوە و لێکدانەوەی هەیە نەك دەسەڵاتی تەشریعی و یاسادانان. دەسەڵاتی تەشریعیی پاسەوان تەنها لە چوارچێوەی ئەجوومەنی گێتیدا، وەکو هەموو ئەندامانیتری، خۆی دەنوێنێ. پلەی پاسەوان میراتگرییە، بەڵام مەرج نییە کوڕی گەورەی جێگەی ئەو بگرێتەوە، بەڵکو پاسەوان دەتوانێ خۆی ئەو کەسە دوای خۆی لە نێو بنەماڵەی خۆیدا دەستنیشان بکات. یەکسەریش دوای باسەوان دەستەکانی فەرمانی خودا دێن (أیاد امر الله) کە کۆمەڵێك لەوانە پاسەوان خۆی لە نێو خەڵکدا هەڵیاندەبژێری. ئەمانە لە نێو خۆیاندا کۆمیتەیەك لە نۆ کەس دادەمەزرێنن بۆ یارمەتیدانی پاسەوان لە هەڵبژاردنی خەلیفە خۆیدا. کۆمیتەی (ایاد امر الله) کەسانی یارمەتیدەر بۆ خۆیان دادەنێن بۆ یاردەدانیان لە بڵاوکردنەوە ئایینی بەهائی و رۆحی باوەڕ و کاروباریتردا.

بەهائییەکان وادادەنێن کە ئەم سیستەمە ئیدارییە ئاڵۆزەیان لە سەرچاوەی پیرۆزەوە هاتووە؛ ئەم سیستەمەش لە راستیدا لە ئەقداسەوە سەرچاوە هەلدەگرێ کە عەبدلبەهاش بۆی زێدەکردووە و چێتری کردووە، هەروەکو شەوقی ئەفەندیش پاسەوانی ئێستا لەبارەی دەستەکانی فەرمانی یەزدان پەرەیپێداوە. بەلای بەهائییەکانەوە، ئەم جۆرە سیستەمە تەنها بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی ناوەوەی کۆمەڵەکەیان ناگەیەنێ، بەڵکو ئەمە وێنەیە کە لە دەوڵەتی ئیدیالیی جیهانی داهاتووە کە، لە ئەنجامی پرۆسەی گەشەکردنێکی ئاشتیانەدا، مرۆڤایەتی پێی دەگات. بەهائییەکان دەوڵەت و ئایین لێك جیاناکەنەوە، بەڵکو پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بە نەبوونی پیاوی ئایینی و پەرستگا، یەکێتییە ئاینیی و ئیدارەییەکان شێوەیەکی جیاواز لە دەوڵەتە ئاینییە تەقلدییەکان وەردەگرێ. هەموو بەهاییەك قەدەغەی لێکراوە ببێت بە ئەندامی سیاسی یان کۆمەڵێکی نهێنی، لە هەمانکاتیشدا مرۆی بەهائی دەبێ سەر بۆ دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت بنەوێنێ. ئایینی بەهائی کە رێبازێکی ئاشتیخوازانەی بەهێزی هەیە ئامۆژگاری پەیڕەوکەرانی دەکات خۆ لە بەشداریکردنی سوپا و خزمەتی عەسکەری بەدوور بگرن یان هەر نەبێ لەم شوێنانەدا ئەم ئەرکە ئەنجامبدەن کە کەتیایاندا دەربڕینی را لەلایەن یاساوە دانی پیادانراوە. ئێمە هەروەها دەتوانین دیاردەی نەخواردنی گۆشت vegetarianism 7)) لە نێو بەهائییاندا بەدی بکەین ئەوەش بەپێی گوتەیەکی عەبدولبەها کاتێك خۆی لە



ئەمریکا بوو دەربڕیبوو کە باشترین شێوەی ژیان ئەوەیە تیایدا هیچ گیان لەبەرێکیتر بۆ خواردن نەکوژرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زۆری لە کەس نەکردووە بۆ وازهێنان لە گۆشت خواردن. بە هەمان ئاشکرایش عەبدولبەها رەخنە ئاراستەی راوکردن دەکا و جگەرەکێشان قەدەغە نییە بەڵام بەرهەڵستییەکی بەهێزی دەکرێ.

بەهائییەکان شێوەیەکی پەرستنی جەماوەرییان نییە، بەڵام (ئەقداس)) دامەزارندنی (مشرق الاذکار)، واتە ئەو شوێنەی بەیانیان ناوی خوادی لێ هەڵدێ بەباشی دەزانی؛ ئەوەش پەرستگایەکی بازنەییە و گومبەتێکی نۆ کوچکی هەیە و بۆ هەموو ئایین و باوەڕێکیش کراوەیە و هەر کەسێك لە هەر کاتێکدا بیەوێ دەتوانێ دوعا و نوێژی خۆی لێ بکا. بە قسەی عەبدولبەها هەموو پەرستگایەك دەبێ خوێندنگایەکی بەرزی تێدابێ بۆ فێرکردنی زانستی جیاواز، هەروەهاش خەستەخانە و جێگەی هەتیوان و دەرمانخانە و دەزگایتری پێویست و سوودبەخش بۆ کۆمەڵ

لە ١٠ی ئایاری ١٩١٢دا عەبدولبەها خۆی بەردی بناغەی (مشرق الاذكاري دانا لە Willnette نزیك شیکاگۆ. ئەم پەرستگایە زێتر لە دوو ملیۆن دۆلاری تێچوو و بەناوی ژنی پاسەوانی ئەوساکە کرا (حوزەیرانی ١٩٥٣). گەلێکیش پێش ئەوە ساڵی ١٩٠٣ لە عەشقابادی تورکمانستانی سوڤیەتی ئێستا (مشرق الاذکار) دروستکراوە، بەڵام هیچ زانیارییەکمان لەسەر ئەوە نییە ئاخۆ ئەم پەرستگایە ئێستا لە چ بارێك دایە. حەزرەت ئەلقدس ئەویش دەزگایەکیتری بەهائییە، بەڵام تەنیا سەنتەرێکی ئیدارییە. گۆڕی دامەزرێنەران، ئەمانیش لە مەڵبەندی جیهانی بەهائیدا نزیك چیای کارمیل لە ئیسرائیل هەموویان پێکەوەن. کۆڕی بەهائوللا لە Bahdjiدایە و هی باب و عەبدولبەهاش پێکەوە لە ناو مەرقەدێکی گەورەدان بە ناوی (مەقامی عالی) و لەسەر بنارەکانی چیای کارمیل دایە. بەهائییەکان باخچەی ((رەدوان))ی نزیك بەغداش بە پیرۆز دەزانن (بڕوانە: بابەتی بەهائوللا). سەختە بتوانین ژمارەی پەیڕەوکەرانی ئایینی بەهائی لە وڵاتانی جۆراجۆری دنیادا بدەین کە کۆمەڵەی خۆیانیان دامەزراندوون؛ مەڵبەندی سەرەکییان لە فارس دایە و ژمارەی جیاوازیان بۆ دادەنرێ کە زێتر لە ملیۆنێك و دادەبەزێ بۆ ٥٠٠ هەزار کەس، نزیکەی ٣٠ هەزاریان لە تاران دەژین. دوای ئێران، زێترین ژمارەیان لە ئەمریکا دایە (نزیکەی ١٠ هەزار کەس). لە ئەوروپاشدا ئەڵمانیا (هەزار کەس)، لە وڵاتانیتریشدا بە سەدان دەژمێردرێن. لە ئێران ئێستاش (واتە ساڵی ١٩٥٨) بەهائییەکان وەکو کەمایەتییەکی ئایینی دانیان پێدانانرێ و گەلێ

جاریش دەچەوسێنرێنەوە. جگەلە شتی تر، چاپەمەنی و دەرکردنی ڕۆژنامە و کتێبیان لێ قەدەغەیە. هەموو چاپەمەنییەکانی بەهائی لە ئێران بە ڕۆنیۆ دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە. ماوەیەکی کەم لەمەوبەر (١٩٥٥- ١٩٥٨) لە ئەفریقیادا بەهائییەکان پێشکەوتنێکی باشیان بەدەستهێنا (بەتایبەتی لە ئۆگەندا) ژمارەیان لە ٣ هەزار کەس تێپەڕی.

**تێبینی:**

ئەم وتارە لەم سەرچاوەی خوارەوە وەرگێراوە:

The Enclyclopedia of Islam

(A. Bausani p.915-918 V: 1, Leiden, 1979 (Bahais

مامۆستا بێجان عوسمان جێگەی ڕێز و سوپاسە بە وەرگێرانەکەدا چۆتەوە و لەگەڵ ئینگلیزییەکەیدا بەراوردی کردووە.



**پەراوێز:**

١- واتە شاری عەکا لە فەڵەستین، فەرەنسییەکان پێیان گوتووە Acre یۆنانییەکایش ptoleemais و لە تەوراتیشدا ناوی بە Acco هاتووە (وەرگێڕ)

٢- ساڵی مردنی شەوقی ئەفەندی دیارنەکراوە لەوە دەچێ هەمان ساڵی نووسینی ئەم وتارە بووبێ، واتە ١٩٥٨ (وەگێڕ)

٣- پانتێیزم ڕێبازێکی ئایینی فەلسەفییە خودا و سروشت بەیەکدادەنێ.

٤- سیکریتی کۆبوونەوە توخمی جیاواز و هاودژی یەکدی لە دیاردەیەکدا (وەگێڕ).

٥- مۆنۆگامیا (الزواج الاحادی) — ژنێك و مێردێك (وەرگێڕ).

٦- بیگامیا (الزواج الثنائي) — مێردێك و دوو ژن (وەرگێڕ).

٧- Vegetarian ئەو کەسەی خواردنی تەنها لە سەوزە و گیا و گۆڵ پێکهاتووە گۆشت ناخوات (وەرگێڕ).